# کورد عەرەب بەریتانییەکان

## بیرەوەرییەکانی کاپتن لاین لەمەڕ رووداوەکانی باشووری کوردستان

**١٩١٩ -١٩٢٩**

**راستەخۆ لە ئینگلیزییەوە : یاسین سەردەشتی**

**سلێمانی ٢٠٠٧**


ناوی کتێب: **کورد عەرەب بەریتانییەکان**

بیرەوەرییەکانی کاپتن لاین لەمەڕ رووداوەکانی باشووری کوردستان ١٩١٩-١٩٢٩

وەرگێڕ: دکتۆر یاسین سەردەشتی

پیتچنین ونەخشەسازی:دکتۆر یاسین سەردەشتی

چاپکردنی لەسەر ئەرکی: دکتۆر یاسین سەردەشتی

ژمارەی سپاردن: ( ١٠٧٩ )ی ساڵی ٢٠٠٧ ی بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوە

شوێنی چاپ : چاپخانەی (سیما) ، سلێمانی

تیراژ: ٥٠٠ دانە

**وا ئەچیتەوە بۆ وطنـــــــی خـــۆت**
**بەخوات ئەسپێرین ببێ بە خێر بۆت**
**چـــاکەی تۆ زۆرە بەســەر ئێمــەوە**
**بلێ انشــاءاللە دیســان دێمــەوە**
**ئێمــە مەشهـــورین بە قەدر زانـی**
**لە هەر کــوێ ببی هەر لە بیرمانــی**

قوتابیەکی کوردی هەڵخەڵەتێنراو

رۆژنامەی ژیان ، ژمارە ١٧١ ،٢٩ نیسان ١٩٢٩

**ئەم بەرهەمە پێشکەشە بە :**

**– مامۆستای ئازیزم ( مامۆستا ئەحمەد ) کە ٢٩ ساڵ بەر لە ئێستا لە قوتابخانەی کانێسکانی سەرەتایی یەکەم پیتی زمانی ئینگلیزیی فێرکردم.**

**– گیانی پیرەمێردی شاعیر و زانای پایەبەرزی کورد مامۆستا مەسعود محەمەد .**

**– یادی هەر سێ ئەفسەرەکە : مەحموود جەودەت ، حامد جەودەت ، کامیل حەسەن**

**– مامۆستای گەورە و نووسەری راستگۆ و بەهەڵوێست بەڕێز دکتۆر جەمال نەبەز**

# نێوەرۆك


گوتەی وەرگێڕ ٦

بەشی یەکەم: موسڵ ، دهۆك و راپەڕینی ١٩٢٠ ١٨

بەشی دووەم : هەولێر و هەڵبژاردنی مەلیك فەیسەڵ ٦٢

بەشی سێهەم: راپەڕینە خێڵەکییەکان و هەڵمەتی سەربازیی دژی تورك ساڵی ١٩٢٢ ١٠٣

بەشی چوارەم: سێر هێنری دۆبس ١٩٢٣-١٩٢٤ ١٤١

بەشی پێنجەم: سەردانی مەلیك فەسەڵ و کۆمسیۆنی کۆمەڵەی گەلان ١٩٢٤-١٩٢٥ ١٦٠

بەشی شەشەم: هێنانی سلێمانی بۆ ژێر فەرمانڕەوایەتیی عێراق١٩٢٥ -١٩٢٦ ١٨٢

بەشی حەوتەم: سلێمانی ،شێخ مەحموود و کۆمەڵگای نێوچەیی ٢٠٠


## گوتەی وەرگێڕ

ئاشکرایە پاش کۆتاییهاتنی جەنگی یەکەمی جیهانیی و تێکشکاندنی ئیمپراتۆری عوسمانیی ، ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە گشتیی و کوردستان بە تایبەتیی ، پێیان نایە قۆناغێکی مێژوویی نوێ وە . قۆناغێك کە هەڵوەشاندنەوەی سیستمە ئیمپراتۆرییە ئاینییە نیمچە دەربەگایەتییەکان و شکستی ئیدۆلۆژیای سیاسیی دەوڵەتی خەلافەت و هەوڵی نەتەوە تازە راچەنیو و بەخۆدا راپەرمووە جیاوازەکانی ناوچەکە بۆ دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی و بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی سیاسیی لە سەر خاکی نەتەوەییە مێژووییەکانی خۆیان ، روخسارێکی دیار و باوی سەردەمەکە بوو . ئەو هەوڵانەی کە تێکەڵ و هاوکات بوو لەگەڵ پرۆسەی دابەشکردن و پاوانخوازیی وڵاتە زلهێزە سەرمایەدارە ئەوروپاییە هاوپەیمانە سەرکەوتووەکان بە تایبەتیی (بەریتانیا و فەرەنسا) و ململانێیان بۆ دەست بەسەرداگرتنی میراتیی پیاوە نەخۆشەکە بە پێی پەیمانی ژێربەژێر و مێژوویی (سایکس–بیکۆ) . دیارە لەو رووەوە جگە لە گرنگیی و بایەخی جیۆسیاسیی و ستراتیژیی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ، دەرکەوتنی نەوت و بایەخی ئەو سامانە پڕبەهایە بۆ وڵاتانی زیان دیتووی سەرمایەداریی پاش جەنگ ،ئەوەندەی تر پرۆسەی دەست بەسەرداگرتن و ململانێکەی گەرموگوڕتر دەکرد کە چەند ساڵێکی ویست تا مەسەلەکان یەکالاکرانەوە و فۆرم و قەوارە نوێیەکان دەرکەوتن و نەخشەی سیاسیی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە چەشنێك کە هێز و بەرژەوندیی زلهێزەکان و دەوڵەتە کۆلۆنیالیستەکان ، نەك وەك ئەوەی مافی مێژوویی نەتەوەکان دەخوازێت ، بەوشێوەی کە تاکو ئێستاکە بەردەوامە، داڕێژرایەوە و کێشرایەوە.

گەلی کورد کە هەر لە سەرەتای قۆناغی مێژوویی نوێ وە لە نێوان رۆم و عەجەم دابەشکرابوو ، کوردستانەکەی بەهۆی ململانێی چەکداریی و لەشکرکێشی مێژینەی چەند سەدەیی پێکهەڵپرژاندنی ئەو دوو ئیمپراتۆرییە، هەروەها لە ئەنجامی هەڵمەتە

سەربازیی و لەشکرکێشییەکانی دەسەڵاتدارانی تاران و ئەستەمبوڵ وەك بەشێك لە بەرنامەکانی سەنترالیزەکردنی بەڕێوەبەرایەتیی لەو دوو دەوڵەتەدا و پاشتر تێكوپێکدانی دەسەڵاتی میرنشینە کوردیی و دەسەڵاتە میراتییەکان و جێگیرکردنی دەسەڵاتی بێگانەی تورك و فارس بە درێژایی نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم ، ئەوە و وێڕای جرتوفرت و پێکهەڵپرژانەکانی لەشکرەکانی روسیی و عوسمانیی و بەریتانیی و تەقاندنەوەی ناکۆکییە نێخۆییەکان بە درێژایی ساڵەکانی جەنگی یەکەمی جیهانیی و کوشتو کوشتاری ئەو دەورانە،هەموو ئەوانەکوردستانیان کردبووە گۆڕەپانێکی جەنگی هەمیشەیی ، کە وێرانییەکی کەموێنەی بەسەر کوردستاندا هێنابوو و برینێکی قوڵی لە جەستەیی نەتەوایەتیی گەلی کورد دا وێنا کردبوو .

هەر بۆیە لە سەروبەندی کۆتاییهاتنی جەنگی جیهانییدا ، بە تەواوی مانا کوردستانێکی وێران و گەلێکی کاس و شەکەت هەبوو کە خۆی لە رەوشێکی سەختدا دیتەوەو هێشتا وڕیی نەڕەوابۆوە کەوتە نێو ململانێیەکی نوێ‌وئاڵۆز تر و لە هەموو لاوەنەتەوەکانی دەوروبەر و زلهێزە چاوبرسییەکان وەك کەلاکێك تێیان دەڕوانی و دەمی لیکاوییان تێژەنی ، تەنانەت هێندێك لەو تاقم و کەمینە ئاینییانەی کە سەدان ساڵ بوو لە نێو کەژەسەختەکانی کوردستاندا خۆیان لە دوژمنە قەستە سەرەکانیان شاردبۆوە بە ئەجێندای سیاسییەوە دەرکەوتن و داوای دامەزراندنی دەوڵەتیان دەکرد و ناوی نوێیان بۆ خاکی کوردستان دادەتاشی .هەر بۆیە نەتەوەی کوردیش بە پەلەپرۆزێ بە بارێك گێروگرفت و کەموکوڕیی و ئاستەنگەوە و لە رێگای گەورەپیاوە نیشتمانپەروەرە غەمخۆرەکانییەوە کەوتەخۆو لە چەند لایەکەوە و بەچەندین شێواز ، لەسەرەتادا سیاسیی و دپلۆماسیی و دواتریش بە ناچاریی چەکداریی و رووبەڕوو بوونەوە ، هەوڵیاندا لەو دەرفەتە سوود وەرگرن و لەسەر خاکی مێژووییان دەسەڵاتی نەتەوەیی بگرنە دەست و دەوڵەتێکی کوردیی دابمەزرێنن .

لە باشووری کوردستان تێکۆشانی نەتەوەیی کورد بە رابەری کەسایەتیی ناودار شێخ مەحموودی بەرزنجی دەستیپێکرد. شێخ مەحموود جگە لەوەی لە بنەماڵەیەکی



ئاینیی و کۆمەڵایەتیی ناسراوی شاری سلێمانی بوو ، لە ساڵانی جەنگیشدا وەك فەرماندەیەکی ناسراوی بەرەکانی جەنگ و لە کۆتاییشدا واتە پێشەوەی بەتەواوی ئاگری جەنگ خامۆش بێت و ئینگلیزەکان بێنە ناوچەی سلێمانی لە لایەن (عەلی ئیحسان پاشا) ی سەرکردەی عوسمانییەوە پلەی مارشاڵی درایە و ئەرکی پاراستنی سنوری باشووری کوردستانی پێبەخشرا . شێخ پێش ئەوەی ئینگلیزەکان بەرەو باکوور بکشێن لە رێگای نوێنەرەکانیەوە پەیوەندیی پێوەکردن و هەوڵی دا بە پشتبەستن بە خەڵکی نیشتمانپەروەری کورد و لە سەر بنەمای بەیاننامەی جاڕنامەی ئازادی گەلانی بندەستی عوسمانیی کە هاوپەیمانەکان لە پاش گرتنی بەغدا ساڵی ١٩١٧بڵاویانکردەوە ، هەروەها بە پێی بەندی ١٢ی چواردە مادەکەی ویلسن ی سەرۆکی ئەمەریکا سەبارەت بە دەستەبەرکردنی مافی گەلانی بندەستی عوسمانی لە رێگای گفتوگۆ و رێکەوتن لەگەڵ ئینگلیزەکان مافی سەربەخۆیی نەتەوەیی کورد بە دەست بهێنێت. هەرچی ئینگلیزەکانە کە بەتەواویی سەبارەت بە ئایندەی ناوچەکە و رەوتی رووداوەکانی و ململانێی هێزەکان تێیدا لە لایەن بڕیاربەدەستان و ناوەندکانی لەندەن و هیند و قاهیرە و ئەستەمبوڵدا ساغ نەببوونەوە و دەیانویست بە خشکەیی بچنە پێش ، نەك هەربڕوایان بە دەوڵەتێکی کوردیی و جێبەجێکردنی داخوازییەکانی کورد و رێبەرایەتییەکەی کە شێخ مەحمووده نەبوو،بەڵکو بۆ کۆنترۆڵکردنی راستەوخۆی باشووری کوردستان و بەستنەوەی بە حکومەتێکی دەسەندەخۆری سونەی عەرەب لە بەغدا و دروستکردنی دەولەتێکی ناتەبا و ناوەندگەرا بە ناوی (عێراق) ،کاریان دەکرد ، لە راستیدا ئینگلیزەکان هەر لەسەرتاوە بۆ دەستخەڕۆکردنی کورد کەوتبوونەکار و دەیانویست شێخ مەحموود بکەنە دەستکێش و شەڕی تورکەکانی پێبکەن ، ئەوانەی ئامادە نەبوون بە ئاسانیی ویلایەتی موسڵی دەوڵەمەند بە نەوتی بۆ بەجێبێڵن . شێخیش ئامادە نەبوو بێ جێبەجێکردنی ئەو بەڵێن و گفتانەی درابوون سەبارەت بە مافی نەتەوایەتی کورد ،رەش و رووتی نەتەوەکەی بۆ ئینگلیز بە کوشت بدات.پاش ئەوەی ئینگلیزەکان زۆریان بۆ هێنا

ناچاربوو بەرگریی بکات و بە چەك رووبەڕوویان بێتەوە و روو لە دوژمنەکەیان واتە تورك بکات .شێخ مەحموود لە هاوکێشە سێ لایەنێکەدا لاوازترینیان بوو.دوای رێکەوتنی ئەو دوانە لە لۆزاندا لە ٢٤ تەموزی ١٩٢٣ ئاسایی بوو کە شکست ببێتە بەشی سێهەم. پاش ئەوە ئینگلیزەکان بۆ لێدانی شێخ مەحموود و جولانەوەی رەسەنی نەتەوایەتی کورد قۆڵیان لێهەڵماڵی و لە پەلامارو وێرانکار ی و بەکارهێنانی مۆدێرینترین چەکی کوشندە و ئەنجامدانی پاکسازی نەتەوەیی و کۆمەڵکوژی خەڵکی بێدیفاعی کورد درێغیان نەکرد و عارەبیان پاش چەندیین شەڕی وەك بازیان و وەیسە و تاریدەر و ئاوباریك ، بەزۆر بە سەر کوردا زاڵکرد و لە هەموولایەکەوە خوێنی کوردیان بۆ بەرژەوندییەکانی خۆیان کردە کاسەوە و بەو کارەیان لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا مەزنترین زیانیان بە گەلی کورد گەیاند و ریسواییەکی مێژوویيان بۆ خۆیان تۆمارکرد کە دەبێت هەموو کوردێك تا ماوە لەبیری نەکات .

هەڵوێستی دژەکورد و هەلپەرستانەی ئینگلیز زۆر بە روونی بۆ تێکڕای نیشتمانپەروەرانی کورد ئاشکرابوو ،لەو بارەیەوە ئەورەحمان بەگی بابان (١٨٧٨–١٩٦٧) لە هۆنراوەیەکدا ئەو راستییەی زۆر بە جوانی بەرجەستە کردوە کە دەڵێت:

صەد درێغ دەوری ئەسیریی قەومی کورد نەبڕایەوە
تاکو ئێستا ئەم گرێیە هەر بە کەس نەکرایەوە
میللەتی گەورە و بچوك گشتی بەسەربەستی ئەژی
میللەتی کورد هەر لە ژێر بارا بە دیلی مایەوە
تاکو ئێستا هەر دراوسێ بون عەدوی خاکی وەتەن
سەیری نەگبەت کەن کە ئینگلیز ، هاتە کۆڕ و کایەوە
سەر زمانی وەعدەیی شیرینی ئازادیی وەتەن
ژێر زمانی بۆ ئەسیری دام و دانەی نایەوە
سەر زمانی (حامی)یە بۆ قەومی لێقەوماوی کورد
ژێر زمانی زوڵمەکەی (ضەحاك) ی بیرهێنایەوە



سەر زمانی رەهبەرە بۆ قەومی بێچارە و زەبوون
ژێر زمانی زەهر ئەڕێژێ گەر یەکێ جولایەوە
مادە (١٤) ی مەنهەجی ویلسۆنی پێش خۆی خست و هات
مادەکەی بۆ قەومی کورد دیلی ئەبەد خوێنرایەوە
هەرچی قەومێ کەوتە ڕێ بۆ سەربەخۆیی سەرکەوێ
سیاسەتی ئینگلیز بە دوو پاشقول لە ڕێ گێڕایەوە
(بابە) ئینگلیز هاتە ناو ، ئومێدی سەربەستی نەما
رەحمی یەزدانی ئەبێ بمرین هەموو بەم غایەوە .

لەسەر ئەم شانۆیە مێژووییەدا هێزەکانی باشووری کوردستان بە گشتی بەسەر چەند بەرەیەکدا دابەش بوون ،تورکخواکان یان جلخوارەکان ئەوانەی بەهەر هۆیەکی ئاینیی بێت یان بەرژەوەندیی تایبەت لایەنگری هاتنەوەی تورکەکان بوون بۆ ناوچەکە و بۆ قازانجی تورك دژی ئینگلیز دەجولانەوە، لایەنگرانی جولانەوەی رەسەنی نەتەوایەتیی کورد و سەربەخۆخوازیی کورستان بە رابەری شێخ مەحموود .ئەوی دیکەش بەرەی داگیرکەرانی ئینگلیز و بەکرێگیراوەکانی کە بە ئەجندەیەکی سیاسی کۆلۆنیالیستی بۆ رێگرتن لە گەڕانەوەی تورك لە لایەك و بەمەبەستی شکستپێهێنانی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد و لەمپەردروستکردن لە بەردەم دامەزراندنی دەسەڵاتێکی کوردیی سەربەخۆدا لە لایەکی دیەوە ، تێدەکۆشان .

شایەنی باسە جگە لە بەشێك لە سەرەخێڵەخۆفرۆشەکان و موڵکدارە ناحەزەکانی شێخ مەحموود کە لەلایەن ئینگلیزەکانەوە پاداشتی ماددیی و نازناوی (کاپتن[1] و

[1] شێخ سەلامی شاعیر دەڵێت : تۆ ئەبێ بۆچی دڵت خۆش بێ بە تەرفیع و نیشان
زوو لە شانت لا ئەبا سەرزین نیشانی کاپیتان
گەر کەڕەنێڵ بی بە روتبە یەك کەڕەت عەرزت بکەم
وەك کەرە مێچکەت ئەزانێ سۆڵجەری ئینگلیزەکان .

خانبەهادور)یان درابوویە ،بەشێك لە قەڵەمبەدەستان و خوێندەوارانی ئەو سەردەمەش ئەوەندە دڵیان بە بەریتانیای مەزن خۆش بوو ، ئینگلیزیان پێ فریشتەی ئازادیی و پێشکەوتن بوو،وێڕای تاقمێکی بێ پرۆژەی نامۆ بە کۆمەڵگا و پەروەردەی ناز و نیعمەتی ئەستەمبوڵ و درەنگ دەستبەر بوو لە سوپای تێکشکاوی عوسمانی و عاشق بە پاڵدانەوە و روپیە و خۆهەڵواسین بە ئینگلیزە تازە هاتووەکان تا رادەی بوونە ئامراز دەستی کۆلۆنیالیزمی بەریتانی و حکومەتی عێراقی عەرەبی کە لەو بڵاوکراوانەی ئینگلیز بەناوی (پێشکەوتن) و(ژیانەوە) و (ژیان) بۆ عەوامفریبی خەڵکی ساکاری کوردستان و بۆ دووبەرەکی ریزەکانی گەل و ناکۆکی دروستکردن و ساردکردنەوە جەماوەر و دابەزاندنی ورەی تێکۆشەرە رەتکەرەوەکانی پرۆسەی دابەشکردن و کۆیلەکردنی کورد،بۆ تەشهیر بە سەرکردایەتی جولانەوەی رزگاریخوازی کوردستان دەریدەکرن بەشداربوون .ئەوانە توندتر لە دوژمن ، سەرکردایەتیی سەربەخۆخوازیی کوردیان دەکوتا،بەلێنی درۆیان دەدا،بە شان وباڵی داگیرکەر و دوژمنانی کورد و دەزگا کوردکوژەکانیاندا هەڵدەدا. لەم بارەیەوە بێ سوود نیە لێرەدا بۆ چاوروونیی هێندێك لەو دەقانە بخەینە بەرچاو :

یەك لەوانە ، هەروەك قەلەڕەشەکەی (مەزرای حەیوانەکان)ی (جۆرج ئۆروێل) لە ژمارە ١١ رۆژنامەی (پێشکەوتن) لە ١٩٢٠/٧/١٤ وەك خۆش خزمەتییەك و زەمینە خۆشکردنێکی نەفسییەتی گشتیی خەڵك بۆ قبوڵکردنی دەسەڵاتی داگیرکەری ئیمپریالیزمی بەریتانی نووسییەتی: " بۆچ بڕواناکەن کە تا چەند ساڵێکی کە شارەکەمان زۆر ئاوەدان ئەبێت و زیاد ئەکات ،ئەوەی نەمان دیوە و نەهاتوە بۆ ئەم شارە لە شەمەندەفەر و شتی تر کە هەمووی حەسانەوەی پێوەیە بۆمان دێت" .هەروەها لە ژمارە ١٣ی (پێشکەوتن) لە ٢٢/٧/ ١٩٢٠دا هاتووە:"حکومەتی بەریتانیا کە شفی هەموو ئەرزی کردوە،و هەرچەند میللەتی وەحشی هەیە یەواش یەواش بەعەقڵ و مەعریفەت هەموویانی کرد بە ئینسان" .لە ژمارە ١٢ی رۆژنامەی (ژیانەوە) دا یەك لەوانە قەومی کورد بە حەیوان لە قەڵەم دەدات و دەهۆڵ بۆ



بیرۆکەی(شارستانییەتی پیاوی سپی) دەکوتێت بەجۆرێك میللەتانی بێدەوڵەتی پێ گەل و نەتەوە نییە و لایەنگریی تواندنەوە لەنێو شارستانییەتی دەوڵەتی خاوەن قودرەتدا دەکات و هەموو ئۆباڵی نەهامەتییەکانی کوردیش ئەخاتە ئەستۆی کورد خۆی و داگیرکەرانی لێ دەکاتە فریشتە و ئەستۆپاکیان رادەگەیەنێت.لەو ژمارەیەدا هاتووە:"حاصڵی لەوساوە کە ئێمە کەوتووینەتە ژێر ئیدارەو حیمایەتی حکوومەتی فەخیمەوە بە هەموو نەوعە تەشەبوساتێ سەعی ئەکەن ئێمە بکەن بە ئینسان ،کەچی خۆمان لەقەی لێ ئەدەین...خۆمان خراپین بۆیە تووشی خراپەین".

ئەوانە پەلاماری سوپای ئینگلیز و بۆمبابارانی شارەکانی کوردستان و کاولکردنی دێهاتەکان و کوشتنی خەڵکی داماو ورەش ورووتی کوردیان بە خۆشییەوە پێشوازی دەکرد وهەواڵی شکستی جولانەوەی رزگاریخوازی کورد و گرتنی شاری سلێمانی و بریندارکردنی شێخ مەحموود و دادگایکردنیان بە مژدەوە بە گوێ دانیشتوانی غەمزەدەی کوردا دەدا وئەوانەیان بە شەمشەمە کوێرە ناودەبرد کە سەرکەوتنی ئینگلیزیان پێخۆش نییە.لەژمارە ١٢ ی پێشکەوتن دا لە ١٩٢٠/٧/١٥هاتووە:"هەندێ کەس ئەم رۆژەیان پێ ناخۆشە ،شەمشەمە کوێرەش رۆژی روناکی پێ خۆش نیە". .ئەویش لەبەر ئەوەی وەك لە ژمارە ٥٤ ی( ژیانەوە) دا هاتووە "حکومەتێکی گەورەی وەکو بەریتانیا لەوپەڕی دنیاوە خوا بۆی ناردووین".

ئەوانە دەتوانرێت بە یەکەمین دەستەی (عێراقچییە بەراییەکانی کورد) بدرێنە قەڵەم و لە نووسینەکانیاندا تۆوی بیرێکی نەزۆکی دەستکردی ئیستیعماری بەریتانیایان بە ئامانجی دژایەتی بیری سەربەخۆخوازیی کوردستان و هەڵخەڵتاندنی لاوانی کورد بڵاودەکردەوە و بەو کارەشیان مەزنترین زیانیان بە کێشەی نەتەوەیی گەلەکەیان گەیاند.ئەوانە سوپای بێگانەی دڕ و چنگاڵ بە خوێنی گەلەکەیان بە پارێزەری کورد دەدایە قەڵەم.بیری سەربەخۆیی کوردستانیان بە جوداخوازی وتاوان و جەنگاوەرانی رێگای ئازادیخوازی کوردیان بە"شەقاوە" و "جەردە" و"حیزودز" و "کەروگا" ناودەبرد و شێخ مەحموودی مەلیکی کوردستان و رابەری جولانەوەی

سەربەخۆخوازیی کوردیان بە "خائین" و" مەلیکی بێ موڵك" و" گورگ"و "بێشەرەف" ناودەبرد و هیوای سەرکەوتنی ئینگلیز و حکومەتی فەیصەڵی فاشستیان بەسەر کوردا دەخواست. بۆ نموونە: لە ژمارە ١٧ (ژیانەوە) دا هاتووە"بێ عێراق ژیانمان نابێ،هەرکەس غەیری ئەم فیکرە غایە و مەقصەدێکی دیکە تەعقیب بکا لەنەزەر جەمعیەت و عمومی میلەتی کوردا بە خائنی وەتەن و دوشمنی میللەت عەد ئەکرێ...ئەم مەملەکەتی ئێمە عێراقە ئەبەد جوێ نابیتەوە".هەروەها لە ژمارە ٢٤ی (ژیانەوە) دا هاتووە " ئوردووی موحتەرەمەی عێراق لە زەرفی ئەم ساڵەدا بۆ ئیسراحەت و سەعادەتی ئێمە شەو و رۆژ خەو وئسراحەتی لە خۆی حەرام کردوە بۆ دەفعی ئەشرار و دوشمنی مەملەکەتەکەمان تەحەمولی ئەنواعی مەشاق و زەحمەتیان کرد" .هەروەها لە ژمارە ١٥ ی( ژیان) نووسیویانە: "مەعلووم و موحەققە دەفعەیەکی تر ئەم شخصە(واتە شێخ مەحموود/سەردەشتی) بە هیچ شان و شرەفێکەوە نایەتەوە سلێمانی ...ئەوەی چاوی پێ کەووتبوو خەوبوو ،رابورد و هیچ وەختێ لە خەیاڵی حکومەتا نیە کە خائینێکی وا بە صورەتێ کە دیویەتی بهێنێتەوە سلێمانی و فیکری قەطعی وایە کە بە بم زوانە بە صورەتێکی قەطعی و نیهائی مەحو دەردەست بکا و خاتیمە بە حەیاتی شەقاوەتی بدا...ئێمەش لەسەر ئەم فیکرە تەمەننای مووەفەقییەتی حکومەت ئەکەین".دواتر لە ژمارە ٢٠ دا ژیانی هەمیشەیی بۆ بکوژانی گەل و داگیرکەرانی کوردستان دەخوازن و دەڵێن"هەربژی حکومەتی فەخیمە و حکومەتی عێراق". هەربۆیە حەمدی (١٨٧٨-١٩٣٦) لەمەڕ ئەمانە گوتویەتی :

قەومەکانی روپیەخۆرم دێنە بەرچاوم ئەڵێن

کەر بە جۆ بمرێ شەهیدە و سەگ بە گۆشتی لاکەوە

لاتن و لۆتی ، نەفامن بۆ نیشاطو مەنفەعەت

دەبنە قوربانی سەگـــێ بێ شك بە بـــاب و داکـەوە

خوێنەری ئازیز ، ئەم کتێبەی بەردەست وەرگێرداروی بەشێکن لە بیرەوەرییەکانی (کاپتن لاین) و تایبەتن بە باسی رووداوەکانی ئەو قۆناغە مێژووییەی



داگیرکاری بەریتانیا و داتاشینی دەوڵەتی عێراق و سەرکوتکردنی جوڵانەوەی نەتەوایەتیی کورد بە رابەریی شێخ مەحموود و بەستنەوەی باشووری کوردستان بە حکومەتی عەرەبی لە بەغدا .لێرەدا بۆ زیاتر بەرچاوڕوونی خوێنەر پێویستە بەکورتی نووسەری ئەم بیرەوەرییانەی پێ بناسێنین .

والآس لاین (١٨٩٢-١٩٧٧) لە بنەماڵەیەکی ئاینیی سکۆتلاندییە و لە ئێرلەندا چاوی بە دنیا هەڵهێناوە. کوڕە ناوەنجی باوکیەتی ، بەهۆی مەڕداریی و ژیانی دەشتەکیی بنەماڵەکەیانەوە هەر لە منداڵییەوە فێری ئەسپسواریی و نیشانشکێنیی و ڕاو بووە، خوێندن و نووسین لە قوتابخانەی کلێسایی لە دوبلن فێر بووەو پاشتر چۆتە زانکۆی نیشتمانیی بەڵام لەبەر بێتوانایی ماددیی هەر لە قۆناغی یەکەمدا وازی لە خوێندنەکەی هێناوە .لە ساڵی ١٩١٢ دا چۆتە هیند و لەوێ بۆتە بەڕێوەبەری لکێکی کۆمپانیای توتنی بەریتانیی-ئەمەریکیی . لەسەرەتای هەڵگیرساندنی جەنگی یەکەمی جیهانییەوە خۆبەخشانە چۆتە ریزەکانی لەشکری بەریتانیی لە هیند و سەرەتا لە هێزی هۆسارسی ١٩هەم و پاشتریش لە تیپی سنورپارێزی ٥٢هەمی سیخ دا بۆتە ئەفسەر . لەبەرەکانی جەنگدا لە فەرەنسا جەنگاوە و برا بچووکەکەشی هەر لە ریزی سوپای بەریتانیی لەوێ کوژرا. پاشتر لەساڵی ١٩١٨ دا رەوانەی میسۆپۆتامیا کراوە و لە رێگای ئاسنی نێوان بەسرە و بەغدا دانراوە . لەسەرەتای ساڵی ١٩١٨ دا بەشداری ئەو هەڵمەتە سەربازییەی کردووە کە بۆ دەرپەڕاندنی هێزەکانی سوپای تورك لە موسڵ ئەنجامدراوە ، لێرەشەوە چیرۆکی کاپتن لاین لەگەڵ میسۆپۆتامیا و باشووری کوردستان دەستپێدەکات .

کاپتن لاین بە بەراورد لەگەڵ ئەفسەران و کارمەندانی دیکەی بەریتانیی ، زیاترین ماوەی لە ناوچەکەدا بردۆتەسەر و تا کۆتایی ساڵی ١٩٤٤ تێیدا ماوەتەوە ، لەو ماوەیەشدا لە پلە و پۆستی جیاوازدا وەك ئەفسەری سیاسیی ، موفەتیشی ئیداریی، ئەفسەری یەکالاکەرەوەی موڵکایەتیی ، راوێژکاری سیاسیی لەشکر ، راژەی حکومەتی بەریتانیا و دەسەڵاتە وابەستەکەی بنەماڵەی داسەپاوی هاشمیی لە عێراقدا

کردووە و بەرنامە و کاری دەوڵەتی کۆلۆنیالیزمی بەریتانیی لە ناوچەکە راپەڕاندوە و لە دوای ساڵی ١٩٤٤ ەوە وەك کۆنسوڵی بەریتانیی لە هیراتی پایتەختی ئیثیوبیا خزمەتیی کردووە ، تا دواتر لە ساڵی ١٩٤٩ دا بە پلەی (لیوتینانت کۆڵۆنێل/موقەدەم) خانەنشین کراوە .

لاین بیرەوەرییەکانی خۆی وەك پێپەڕ لە نێوان ساڵانی ١٩٤٩-١٩٦٤ تۆمارکردووە و داوای لە (شەیلا) ی کچی کردووە کە پاش مردنی بڵاوی بکاتەوە ، چونکە ناوی چەند کەسێکی تێدا هاتووە کە ئەو دەمە لە ژیاندا مابوون و لاین پێیخۆش نەبووە لە ژیانیاندا بەو شێوەیەی کە لە بیرەوەرییەکانیدا ناویان هاتووە باسیان بکات و بڵاوی بکاتەوە .پاش مردنی لاین ، لە لایەن زاواکەیەوە (د.ك.فیدڵهاوس)ەوە پێپەڕەکان خوێندراوەتەوە ، ئەوەی سەبارەت بە مەسەلە خێزانییەکانە لێی جیاکردۆتەوە و مەسەلەکانی گەمە و راوەماسی و زیافەتکاریی و میواندارییەکانی کورتکردوونەتەوە و ئەوەی ماوەتەوە سەبارەت بە راژەی سیاسیی و بەڕێوەبەرایەتیی ناوبراو لە میسۆپۆتامیا و باشووری کوردستان لە کتێبکدا بەناوی

" KURDS , ARABD and BRITONS
The Memoir of Wallace Lyon in Iraq 1918-44

بلاویکردۆتەوەو لە ساڵی ٢٠٠٢دا لە لەندەن چاپی کردووە. لەراستییدا ئەم بیرەوەرییانەی کاپتن لاین زانیاری بایەخداری لەخۆگرتووە و دەکرێت بە تەواوکەری ئەو زانیاریی و نووسین و بیرەوەریی ئەو ئەفسەرە بەریتانییانەی دیکە لە قەڵەم بدرێت وەك ( س.ج.ئیدمۆندس ، دەبلیو .ئار.های ، ئەی.ئێم.هامیلتۆن) کە یادداشت کراون و تا ئێستا چاپ و بڵاوکراونەتەوە .

کتێبە چاپکراوە ئینگلیزییەکەی لاین لە بنەڕەتدا لە پێشەکییەکی دوور و درێژی ئامادەکەر واتە فیدڵهاوس و دوازدە بەش لە بیرەوەرییە پاکنووسکراوەکان پێکدێت، لە کاتێکدا ئەم کتێبەی بەردەست تەنها وەرگێڕدراوی حەوت بەشی کتێبەکەیە کە سەبارەت بە دەساڵی رووداوەکانی باشووری کوردستانە و تێیدا کاپتن لاین وەك



ئەفسەری سیاسیی و موفەتیشی ئیداریی لە لیواکانی موسڵ و هەولێر و سلێمانی هەڵسوڕاوە . سەبارەت بە کەسایەتیی لاین وا باشە کە خوێنەر خۆی لە رێگای خوێندنەوەی بیرەوەرییەکانیدا هەڵیهێنجێت و لێی تێبگات ، وێڕای ئەوەی زاواکەی لە پێشەکییە درێژەکەی چاپە ئینگلیزییەکەدا وا قەزاوەتی لەسەر دەکات کە کاپتن لاین دۆستی کورد بووە و لەکۆتاییشدا لەبەر جێبەجێنەکردنی ئەو بەڵێنانەی کە حکومەتی عێراق بە کوردی داون ، عێراقی بەجێهێشتووە . ئەز لەلای خۆمەوە ئەو بۆچوونانەی فیدڵهاوس بە ڕاست نازانم ، دەگونجێت لاین لەسۆنگەی بەسەربردنی ماوەیەکی زۆر لە شارەکانی باشووری کوردستان و بەهۆی پۆست و کارەکەیەوە هەروەها لە ئاکامی پەیوەندی بە بەشێك لە سەرەك خێڵ و ئەشرافەکانی کورد و زیافەت و ئامادەبوونی هەمیشەیی لەسەر خوانەکانیان ، دۆستایەتیی لەگەڵ بەشێك لەوانە پەیدا کردبێت ، بەڵام ئەوە هەرگیز دۆستایەتیی گەلی کورد ناگەیەنێت . لاین وەك ئەفسەرێکی ئینگلیز و جێبەجێکەری ئەجێندا و بەرنامەی دژبەکوردی دەوڵەتی کۆڵنیالیزمی بەریتانیی لە باشووری کوردستاندا هەڵسوڕاوە ، لە بەشێك لە پەلامارەکانی سوپای ئینگلیز و دواتر حکومەتی ئینگلیزگەرای فەیسەڵییدا دژی کورد بەشداری کردوە ، خێڵە عەرەبەکانی هانداوە بۆ تاڵانی گوندەکانی کوردستان ، لایەنگرێکی سەرسەختی بەکارهێنانی هێز و لەشکرکێشی بووە بۆ سەر جوڵانەوەی نەتەوەیی کورد بە رابەریی شێخ مەحموود . وێڕای ئەوەش ئەو ئەفسەرە ئینگلیزانەی کە دوژمنی قەستەسەری شێخ مەحموود و جوڵانەوەی سەربەخۆخوازیی کورد بوون وەك مێجۆر سۆن و ئیدمۆندس لای کاپتن لاین وەك کەسانێکی لایەنگری نەتەوایەتیی کورد و نەرم و میان و بوردبار و چاوپۆش لەقەڵەم دراون ، ئەوەندە بەسە بگوترێت کە لاین کەسایەتییەك بوو کاتێك گوێی لە دەنگی تەقینەوەی بۆمبای ٥٠٠ پۆوندی دەبوو کە بەسەر شارەکانی کوردستاندا بەردەدرایەوە لە ناخی دڵەوە هەستی بە نەشە و خۆشیەکی بێهاوتا دەکرد . ئەگونجا ئەویش وەك بەشێك لەو فرۆکەوانە ئینگلیزانەی کە لەو تاوانانەدا دەرحەق بە گەلی کورد بەشداربوون ، بە تێپەڕینی کات و تەمەن تووشی

ئازاری ویژدان بوون و وەك لەو دواییەدا دەرکەوت جۆرە پەشیمانییەکیان لە رابردووی خۆیان دەربڕیوە، رەفتاری بکردایە. بەڵام لاین لە بیرەوەرییەکانیشیدا کە پاش چەندین ساڵ لە رووداوەکان نووسراونەتەوە پێناچێت لەو ماوەیەدا هیچ بەخۆداچوونەوەیەك و راتەکانێکی ویژدانیی تێیدا روویدابێت ، کە خوێنەر باشتر دەتوانێت بە خوێندنەوەی ئەم کتێبە درك بەو راستییە بکات .

لەکۆتاییدا پێمخۆشە سوپاسی برای ئازیزم (کاکە پشکۆ حەمە تاهیر ) بکەم کە دانەیەك لە کتێبە ئینگلیزییەکەی بۆ هاتبوو ، خستییە بەردەستم و کۆپییەکم لێوەرگرت تا خەریکی وەرگێڕانی بم ، هەروەها سوپاسی خێزانە خۆشەویستەکەم دەکەم کە ماوەی کاری وەرگێڕانەکە و تایپکردنی ئەم کتێبەم لەسەر حیسابی ئەو ماوەیە بووە کە دەبوایە لەگەڵ ئەواندا پێکەوە بەسەری بەرین .ئەوە ماوە کە بڵێم ، راستە پێشتر هێندێك کاری وەرگێڕانی بابەتی مێژوویم لە زمانی ئینگلیزییەوە بۆ زمانی عەرەبیی و کوردیی کردووە و لە گۆڤارەکاندا بڵاومکردوونەوە بەڵام ئەمە وەك کتێب ،یەکەمین بەرهەمی وەرگێڕانی ئینگلیزییمە کە هیوادارم تێیدا سەرکەوتوو بوویم و چاپکردنی کتێبەکەش زانیارییەك بخاتە سەر مێژووی نەتەوەییمان و شوێنێکی شیاو لە کتێبخانەی کوردییدا بگرێت ، بەهیوای تەندروستیی و سەرفرازیی هەمووان .

پرۆفیسۆری یاریدەدەر . دکتۆر یاسین سەردەشتی
سلێمانی/ ٢٢ نۆڤەمبری ٢٠٠٧ زایینی



## یەکەم: موسڵ ، دهۆك و راپەڕینی ١٩٢٠

لە کۆتایی ساڵی ١٩١٨ دا دەبوایە لە سێ کاران دانەیەکی هەڵبژێرم : بگەڕێمەوە بۆ کۆمپانیای توتنی بەریتانیی–ئەمەریکیی ، لەگەڵ تیپەکەمدا بمێنمەوە یاخود خۆم بگوێزمەوە بۆ خزمەتی دائیرەی سیاسیی .بەدرێژایی جەنگ کۆمپانیای توتنی بەریتانیی–ئەمەریکیی (BAT) هاوکارییە مادییەکان و دەرماڵەیان بۆ خەرج دەکردم ، تا گەیشتە ئەوەی کە مانگانەکەم لە سوپادا وەك ئەوەی لێهات کە پێش خۆنووسین وەرمدەگرت . ئەوە کارێکی زۆر بەخشندانە بوو ئنجا داوایان لێکردم کە چاوەڕێی ئەوەم لێدەکەن بگەڕێمەوە ، لەوەڵامدا پێم راگەیاندن کە من زیاتر ژیانی سوپام پێ خۆشترە ، هەر بۆیە لەبەر ئەوە ناگەڕێمەوە و سوپاسی بەخشندەییانم کرد و پێمگوتن ئەوەی لەسەرمە ئامادەم بە قیست بیگەڕێنمەوە . بەڵام ئەوان گوتیان کە خەرجکردنی پارەکە نووسراوە و پیرۆزبایی وەدەستهێنانی شوێن و جێگیربوونمیان لە ئەرکە سەربازییەکانمدا لێکردم و هومێدی سەرکەوتنیان لەو کارە نوێیەدا بۆ خواستم.

جا نۆرەی ئەوە هات کە خۆم یەکلایی بکەمەوە ، تیپی سەربازیی یاخود کاروباری سیاسیی .قەت هیوای ئەوەم نەدەخواست کە ببمە جەنەڕاڵ لە بەشی سیاسییدا ، بەڵام لە لایەکی دییەوە مژدەی ئەو ژیانەی پێماندەدەرا سەرنجڕاکێش بوو بە تایبەت بۆ ئێمە کە وڵاتێکی نوێ بوو و هەموو شتێکیش تێیدا شایەنی روودان بوو. دیارە ژیانی جێگیر و نەگۆڕ لە هندستان بێ هاندەر و لەبەرچاوگرتنەکانی جەنگ دەگونجێت تەواو تاقەت پڕوکێن بێت . بە ئاشکرا هەستم بە بێزاری دەکرد لە دیمەنی دووپاتکردنەوەی هەمان ئەو راهێنان و مەشقە کۆنانە ، فەرمانکردن بەسەر ئەو دەرەجەدارانەی کە پێش لە دایك بوونی من جەنگاوەر بوون... لە کۆتاییدا بڕیارمدا

که راوێژ بە کۆلۆنێلەکەم بکەم ، ئەوەی کە بەگشتی پەیوەندییەکی باوکانەی لە گەڵمدا هەبوو و وەك کوڕی خۆی لێی دەڕوانیم.

ئەو بۆی شیکردمەوە کە کۆلۆنێل جی.ئی. لیچمان چ ئەفسەرێکی بەناوبانگ بووە کاتێك بە تیپەکەیەوە پێش جەنگ لە هندستان جێگیر بووە ، ئەو لە جیاتی ئەوەی مۆڵەت وەرگرێت و بچێتەوە ماڵ ، بە سواری حوشترێکەوە و وەك کابرایەکی نەناسراو بە بەرگی عەرەبییەوە ، بە ناوچە عەرەبییەکاندا دەسوڕایەوە . ئەو نەخشەیەی کە ڕێگاکانی نیمچە دوورگەی عەرەبی و هەروەها ناوچە بیابانییەکانی نێوان عێراق و دەریای سپی ناوەڕاست دیاریکردووە ، ئەو کێشاویەتی . ئەو پێش هەڵگیرساندنی جەنگ لە لایەن تورکەکانەوە وەك عارەبێکی کەبابچی مۆڵەت پێنەدراو زندانیی کرابوو. ئەو برایەکی هەقی خێڵی عەنزە بوو کە لە بیابانەکانی سەرووددا کۆچوباریان دەکرد ، هەروەها هاوڕێیەکی حەمۆ شێرۆی سەرۆکی یەزیدییەکانی چیای شەنگال بوو. ئەو لە سەرەتای هەڵگیرساندنی جەنگەوە هاوەڵی لەشکر بوو ، لە کاتی گەمارۆدانی کوت دا توانی خۆی دەربازکات و چەندین جاریش بە تەنیا لە پشتی سوپای عوسمانییەوە تێکۆشاوە. بەکورتی کەسێك ناتوانێت لەسایەی زیاتر لە ئەفسەرێکی بەرچاوی وەك ئەودا خزمەت بکات . ئەو واتە (کۆلۆنێل واینتەر) وای لە قەڵمدا کە من بە وریاییەوە لەگەڵ مەسەلە ڕۆژهەڵاتییەکاندا مامەڵەم کردووە و پێویستە لەو بوارەشدا هەوڵ بدەم . خۆ ئەگەر بەدڵیشم نەبوو و لێی بێزار بووم دەتوانم بگەڕێمەوە بۆ تیپە سەربازییەکەم ، بەڵام ئەو ئامۆژگاریی ئەوەی کردم کە ئۆفێسی بەڕێوەبەرایەتیی هەڵبژێرم ، نەك پۆلیسی ژاندارم و لیڤی عەرەبی یان پۆستێکی لاچەپی لابەلا. ئەو وای بۆ دەچوو کە سوپای هیند زۆری پێناچێ بە تەواوی ڕەگەزی هیندیی تێدا زاڵ دەبێت و من وەك ئەفسەرێکی بەتەمەن لە نێو تێکڕای ئەو ئەفسەرە هیندییە لاوانەی کۆمسیۆنی پاشایەتییدا دەرکەوم . هەر بۆیە لە هەمان کاتدا بەرەو ئەوە دەچم کە لە نێو ئەو دەستە کەمەی ئەفسەرە هاوکارەکانمدا خۆم ببینمەوە . پاشتر لە ئاکامدا دەرکەوت کە ئەو پێشبینییانەی



وێڕای ئەوەی دروست بوون ، بەڵام درەنگ هاتنە دی ، بەڵام من بە گشتی لای خۆمەوە ئامۆژگارییەکەیم بە هەند وەرگرت ، هەر بۆیە کارم پێیکرد .

پاش ماوەیەکی کەم ، کۆلۆنێل لیچمان فۆردێکی مۆدێل تی تەرخانکرد و جێگرەکەی ڕەوانەی زاخۆ کرد ، هەروەها ١٠٠ باری بە دووجار ، واتە هەر جارەی پەنجا ، ڕەوانەی کرد و ئۆتۆمبێلەکەش بە هێواشی ڕێگای بەرزاییەکانی گرتبۆبەر . من لە ئێوارەدا بە ڕاپۆرتێك ڕامگەیاند کە پەیوەندییم کردووە بە بەشی خزمەتی سیاسییەوە لە عێراق .

لەوێ جگە لە (کاپتن ئەی.سی.پێرسن) ، ئەفسەری سیاسیی زاخۆ ، هەروەها (مێجۆر جی.برۆمیلۆ) کە ئێستا ئەفسەری سیاسیی تەلەعفەرە ، تەنیا ئەفسەرێك لە بەشی خزمەتی سیاسیی دەمناسی (کاپتن ئێچ.سی.مینچن) بوو ، هاوکارەکەمان کە ئێستا ئەفسەری سیاسیی شاری موسڵە ، هەروەها (کاپتن سی.ئێچ.گۆوان) ئاجودانی لکی ١٣ کە ئێستا ڕێبەرایەتیی ژاندارمەریی دەکا ، هەروەها دکتۆر ماکدۆناڵ کە ئێستا بەرپرسی نەخۆشخانەی شارەکەیە ، ئەفسەرەکانی دیکەش (ئی.ئێچ.درۆوێر) کە پارێزەر بوو و لە میسر ئەو کارەی دەکرد و ئێستا بۆتە ئەفسەری سیاسیی هەرێمی موسڵ ، هەروەها کاپتن (کەی.ئاڕ.سکۆت) لە تیپی ٣١ی پنجاب کە یاریدەدەری شەخسی لیچمان بوو . من دەبوایە هاوکاری ئەوم بکردایە و لە کاتی ئامادەنەبوونی ئەویشدا شوێنم بگرتایەتەوە .

کۆلۆنێل لیچمان پیاوێکی باریکەلەی چاوڕەش بوو ، خۆر دەموچاوی بردبوو ، عارەبییەکی پاراوی شێوەزاری بیابانی سەرو قسانی دەکرد و بە کەڵتوری کۆچەریی ئاشنا بوو ، وەك ناپلیۆن بزۆز و هەڵسوڕ و بێئۆقرە بوو . دوای بەسەربردنی بەزمی مەیخۆریی تا ڕادەی مەستبوون و سەرخۆشیی لەگەڵ هاوەڵانییدا ، پاش هەموان دەچووە نێو جێ و هەر دوو ساتێکی تێدا دەمایەوە و زوو هەڵدەسایەوە بۆ ڕاپەڕاندنی کارێك بەرەو شوێنێکی نادیار دەچوو ، بێئەوەی بەکەس بڵێت کەی دەگەڕێتەوە . وێڕای دەستبلاوی خۆی ، کاتێك لیستی خەرجییەکان دەخرایە

بەردەست هەرایەکی لەسەر دەنایەوە و دوای پێکهێنانی لیژنەیەکی لێکۆڵینەوەی دەکرد تا ئەو کەسە دیارییبەکەن کە لەو زێدەخەرجییە بەرپرسیارە . هێندێك جار ستافەکەی خۆی لە ساتی ٤ی بەیانییدا وەخەبەر دەهێنا و سەبارەت بە مەترسییەکانی تاوبردن بۆیان دەدوا . جارێکیان فەرمانی بە مینچن دابوو کە سەرجەمی شەقام و خانووەکانی شارەکە ژمارەبەندیی بکات . تەنیا لەبەر ئەوەی فەرمانەکەی وەك پێویست جێبەجێنەکرا و رۆژی دواتر لێنەببوونەوە ، بانگی کۆبوونەوەی ئەنجومەنی شاری کردبوو ، لە کۆبوونەوەکەدا دوای لێکردبوون لیستێك ئامادەبکەن تێیدا تەواوی خانووەکانی شار و بەهاکانیان دیاریی و تۆمار بکەن ، دوای ئەوەی ئەو کارەیان بە ناچاریی ئەنجامدا ، وا تێگەیشتبوون کە مەسەلەکە بە مەبەستی سەندنی باجە ، ئەوان خانووەکانیان بە نرخێکی کەم قەبڵاندبوو ، ئەوان خانووەکانی خۆیان هەر بەنرخی تۆڵەکە دانابوو ، پاش ئەنجامدانی ئەو کارە ، ناردبووی بە دوای (کاپتن باوچەر) دا کە ئەندازیاری شارەکە بوو ، هێڵێکی راستی بە ناوەراستی نەخشەی شارەکەدا هێنا بوو کە لە پردەکەی رۆژئاواوە دەستپێدەکرد تا دەروازەکەی رووی شەنگال ، ئەو بە راوێژکارەکەی گەیاند کە مۆڵەتی یەك مانگ بداتە ئەو خاوەنماڵ و کرێچییانەی دەکەونە سەر ئەو هێڵە ، پاش ئەوە خانووەکان دەبێت بروخێنرێت و بەو نرخە قەرەبووبکرێتەوە کە لە لیستەکەدا قەبڵێنراوە . شەقامێکی پانیش بەسەر داروپەردوی خانووەکاندا بکێشرێت .

کاتێك ئێمە چووینە نێو موسڵەوە ، گرتووخانەکان پڕبوون ، دەزگای دادوەریی تورك ئەوەندە گەندەڵ و خاووخلیچك بوو ، زیندانیی وا هەبوون چەندین ساڵ چاوەڕێی دادگاییکردن بوون . هێندێك لەوانە هەرگیز دەرفەتی ئەوەیان بۆ نەدەرەخسا تەنانەت دادوەر ببینن ، بۆ نمونە ، گەر یەکێك باخێکی رازاوەی هەبوایە و ئامادە نەبوایە بە پاشایەکی چاوبرسیی بفرۆشتایە ، زۆر ئاسایی بوو بەزمێکی بۆ



دروستکەن تا دەستبەسەر بێت یان هەر زیندانییکەن تا ئەو دەمەی ئامادە دەبێت باخەکەی بە پاشا بفرۆشتێت [2].

ژمارەیەکی زۆر لەو حاڵەتانە هەبوو ، بۆ چارەسەرکردنیان لیچمان هات تێکڕای دادوەرە خۆماڵییەکانی کۆکردەوە و هەموویانی لە زیندان راگرتن تا تەواوی ئەو کێشە و گرفتانەی پێتەواوکردن ، ئینجا هات هەموویانی پێکەوە بەرەڵاکرد ، دادوەرەکان ،گیراوەکان ، تاوانبارەکان و بەوشێوەیە .

لەسەردەمی دەسەڵاتی تورکدا کۆمەڵکوژی دژی ئەرمەنەکان ئەنجامدرابوو ، دیارە لە کاتی جەنگدا ئەو کارە توندوتیژتر ببوو و هەموویان بە گومانلێکراو دادەنران . کۆمەڵکوژییەکە دوو جۆر بوو ، سوور کە خوێناوی بوو ، تا رادەیەکیش لەناکاو بوو ، لەگەڵ سپی کە شێوازی راگواستنی قوربانییەکانی دەگرتەخۆ تا تەواو شەتەك ئەبوون و هێزیان لەبەر دەبڕا .لە ئاکامدا ژمارەیەکی زۆر هەتیوی ئەرمەنی هەبوون کە لە نێو ماڵە عارەباندا پەنا درابوون . گێڕانەوەی ئەوانەش بۆ ئەو کەس و خزمانەی بەر کۆمەڵکوژییەکە نەکەوتبوون ، گرفتێکی دیکەبوو کە بەخێرایی چارەسەرکران . بەڵام ئەوەی لیچمانی زۆر بەختەوەر دەکرد دۆزینەوەی ئەو گەنجینانەبوو کە دەوڵەمەندەکان بە مەبەستی خۆ دەوڵەمەندکردن دانەوێڵەیان تێدا حەشار دابوو . ئەو گەنجینانە دەستیان بەسەردا گیرا و دانەوێڵەکەشیان بە خۆڕایی بەسەر خەڵکیدا بەخشرایەوە .خواستی ئەو ملکەچکردنی بەهێز و پشتگیرکردنی لاواز بوو . ئەو بە بڕوابەخۆبوونێکی مەزنەوە و بەو گۆچانە کورتەی بەدەستییەوە بوو تەواوی یاخییبووەکانی دامرکاندەوە ، هەروەك (مارشاڵ نێی) ئەویش پاڵەوانی

[2] شێخ رەزای تاڵەبانیی(١٨٣١-١٩١٠) سەبارەت بەو رەوشە پڕ گەندەڵیی و بێدادییەی ئەوسای دەوڵەتی عوسمانیی دەڵێت:"

قازی رەئیسی ئەووەڵ ، تۆش موددەعی عومومی

ئەم کارە چۆن سەرئەگرێ ، لەعنەت لە بابی رۆمـــی.

گۆڕەپان بوو ، بە پێچەوانەی لۆرانسی عارەبیشەوە دراوی زێڕینی هیچ کام لە باجدەرە ئینگلیزییەکانی بەفیڕۆ نەدا .

کاتێك کێشە و گرفتێکی گوێ لێ دەبوو ، هیچ تێبینییەکی نەدەنووسی ، بەڵام کاتێك هەردوو لا کێشەکەی خۆیان دەخستە بەردەستی ، وەك تیسکەی تفەنگ بڕیاری خۆی لەسەر دەدا ، بڕیارەکانی لە دە کێشەدا نۆی ڕاست دەردەچوو ، چونکە خۆی لە نێو عارەباندا ژیابوو و دەیناسین . پێدەچێت مەسەلەکە سەلیقە بێت ، لە دەورانی جەنگدا ئەفسەرێکی سیاسیی باڵادەست بوو ، بەڵام وەك بەڕێوەبەر و ڕێکخەرێك تەنیاباڵ بوو ، وەك نمونەی ماملۆستایەکی ئەفسەرە لاوەکانیش ، کارەسات بوو ، بە تایبەتی لەگەڵ کوردەکاندا ، کە ڕەگەزێکی چیایی بوون و بۆ ئەو و بۆ ئێمەش یەکەمین جار بوو لەو دەمەدا پەیوەندییمان پێیانەوە کردبێت . هەروەك لە دواییدا بەرچاو دەکەوێت ، ژمارەیەکی زۆر لەو ئەفسەرە لاوانە بێئەوەی هەمان پێشینە و ئەزموونی لیچمانیان هەبێت ، خوازیاری ئەوە بوون شێوازی ئەو کۆپی بکەن وەك ئەو هەڵسوڕێن . هەربۆیە بەپیر مەرگەوە چوون ، وێڕای ئەوەی زیاتر لە ساڵێکی بەسەردا تێپەڕیی کە خۆشی سەری تێداچوو [3] .

کۆلۆنێل لیچمان داوای لێکردم کە پەیوەندی بە دەستەی سیاسیی ژمارە (١)ەوە بکەم . بەڵام هەروەك لە مینجن ی هاوڕێم سەبارەت بە دەستبڵاویی و ئەو ژمارە زۆرەی ئەو دەستەیەم بیستبوو ، داوای لێبوردنم کرد ، بە بیانوی ئەوەی پێویست ناکات کەسێکی دیکەش تێکەڵ بەو بنکە جەنجاڵە بکات ، لە کاتێکدا بنکەکەی خۆم

---

[3] لیچمان لە پاش هەڵگیرساندنی ڕاپەڕینی هاوینی ساڵی ١٩٢٠ و لەبەرواری ١٩٢٠/٨/٢ دا لە لایەن شێخ ضاری الممحموذی سەرۆك عەشیرەتی زۆبەع کە لە نێوان بەغدا و فەلوجەدا نیشتەجێن ، کوژرا .پاش ئەوەی لیچمان سوکایەتیی بە شێخ دەکات و بەوە تاوانباری دەکات کە دەستی لە ئاژاوە و پەلاماردانی جەردە عەرەبەکاندا هەیە بۆ سەر پۆستەکانی ئینگلیز لە ناوچەکە .لە ڕاستییدا شێخ ضاری پێشتر ٧٥٠ روپیێ لەلایەن ئینگلیزەکانەوە بۆ بڕدرابۆوە و پاش ئەوەی ماوەیەك پارەکەیان بڕی ئینجا بۆیان کەمکردەوە و بۆیان کرد بە ٥٠٠روپیێ .بۆ زیاتر:
عبدالحمید العلوجي و عزیز جاسم الحجیة، الشیخ ضاري، بغداد ، ١٩٦٨.



کە تایبەت بوو بە سەرۆکایەتیی تیپی سیخی پەنجاودوو ، ژوورێکی فراوانی هەیە کە چەند دەرگایەکی لەوانەوە دوورە ، ئەمەی پەسەند کرد ، بەڵام دواتر کە ژمارەی کەسەکان زێدەبوو تیپەکەمان لە شوێنی خۆی نەما ، پەیوەندییم بە دەستەی سیاسیی دووهەمەوە کرد کە لە ماڵێکی وەك ئەوەی یەکەمدا لە ڕۆخ و زیاتر لە بەرزایی ڕووبارەکەدا نیشتەجێبووین . لەوێ پەیوەندیم کرد ، کە دادوەرێکی کەمێك بەتەمەن پیرتری لێبوو و بیری لە ژیانێکی هێمنتر دەکردەوە ، دکتۆرێکی سیڤڵ ، ئەندازیارێك ، هەروەها کارمەندێکی کشتوکاڵیی .

شوێنی کارەکەم بۆ من نوێ بوو ، کە تێیدا زۆر هەستم بە نائارامیی دەکرد ، زانیارییم سەبارەت بە زمانی عەرەبیی زۆر سەرەتایی بوو . تەنانەت بەشە ئینگلیزییەکەی کارەکەمان دوور بوو لە هەموو شێوازێکی ڕێكوپێکی . وێڕای ئەوەی زۆرم شت دەبینی کە ڕوویان دەدا ، بەڵام زۆر بە کەمیی دەمتوانی لەوە تێبگەم ئەو کارانە بۆچی دەبێت ئەنجامبدرێن ئاخود هۆکارەکانی چین . چەندم کرد هەوڵمدا هاوکاریی سکۆت بکەم ، بەڵام بە درێژایی ئەو ماوەیە هەستم بە بێزاریی و ناکامیی خۆم دەکرد .تەنیا لە یەك شتدا هەستم بە دڵنیایی دەکرد ، ئەویش ئەوە بوو کە لە کاتی کاری ڕۆژانەدا لە کۆلۆنێل لیچمانەوە نزیك بووم ، بێئەوەی شەویش بە تەواوەتیی لێی دابڕێم . دۆستایەتییشم لەگەڵ دادوەرەکەدا هەبوو ، هەربۆیە خۆشحاڵبووم کە لە دەستەی ژمارە ١ نەبووم .

لەم ڕۆژانەدا (ئەبریلی ١٩١٩) شەش مانگێك دەبوو ئاگربەست لەگەڵ تورکەکاندا مۆرکرابوو ، تێڕوانینی گشتی وەك ئەوەی لە ئەورووپاوە پێمان دەگەیشت ئەوە بوو کە چیدیکە شەڕنابێتەوە . چەندە ساکار بووین ! چەندە بە هەڵەدا چووبووین! بۆ ئێمە کە ئەفسەرێکی سیاسیی بووین لەسەر سنوری تورکیا ئاگربەست نەبوو ، چونکە ئەو ناوچەیە بۆ ماوەی زیاتر لە شەش ساڵ و تا ئەو کاتەش ئاشتی ڕانەگیرا و ناوبەناو دەبووە مەیدانی جەنگ . تەنانەت پاش چەندین هەڵمەت و هێرشی لە ناکاو

و ململانێ لە گەڵ پیاوانی خێڵەکی سەرکەش و گێرەشێوێن لە هەریەك لە چیا و دەشتەکانی ویلایەتی موسڵدا .

بە هاوەڵیی ئەفسەرانی کارامە و بە هاندانی ئاینییە دەمارگیرەکان کە بانگی جیهادیان دەدا ، هێزە غەیرە نیزامییەکانی (باش بوزوق) ی تورکەوە و هەروەها بە هۆی سوپایەکی غەیرە نزامیی لە هەموو تیرەیەك ، تورکەکان کەوتنە هاندانی خێڵەکان و چەندین بەڵێنیان دانێ لەگەڵ هێندێك چەك و نەختێك پارە تاکو راپەڕن . پرۆپاگندە ، کوشتن ، پەلاماری سەربازیی ، ئەو شێوازانە بوو کە تورکەکان دەیانویست ئێمەی لە ناوچەکە پێدەرپەڕێنن . وێڕای بنیاتنانی حکومەتێکی مەدەنیی وا کە یاسا و هێمنی بپارێزێت . دەبوایە رووبەڕووی ئەم هەرا و هۆریایەش ببووینایەتەوە . کە لەگەڵ ئەوەی بۆ ئێمە مەسەلەکە سەرنجراکێش بوو ، بەڵام لەوە کەمتر هەست بە ئارامیی و ئاشتیی دەکرا کە ژیانی سەربازێکی لە هیند تێدا دەگوزەرا .

ئەو کاتە گرفت دەستیپێکرد کە لە ئەبریلی ١٩١٩ دا (کاپتن ئەی. سی.پێرسن) ی ئەفسەری سیاسیی ئینگلیزی (APO) ، بە فەرمانی لیچمان و بەنیازی گەڕان بە دوای منداڵە پەرتەوازە ئەرمەنییەکان و کۆکردنەوەیان ، سەردانی ناوچە گردۆڵکە سنورییەکانی کرد کە خێڵی گۆیانی لێ نیشتەجێیە. لە کاتی گەڕانەوەیدا کەوتبووە تەڵەوە [4] ، لاشەکەیان شێواندبوو ، گوێچکەشیان بڕیبوو و ناردبوویانەوە بۆ لیچمانی

[4] پێرسن ئەفسەرێکی سەرەڕۆ و دڕ و توندوتیژ بوو ، لە ١٩١٩/٤/٤ دا بەدەستی مصطو شهو کە یەکێك بوو لە پیاوەکانی حەسەدینۆی سەرخێڵی گۆیان لەگوندی بیجو کە گوندێکی سنورییە و پاش دیارییکردنی سنوری نێوان تورکیا و عێراق کەوتە نێو سنوری تورکیا ، کوژرا و رۆژی دواتر لە زاخۆ ناشتیان .شایەنی باسە لەبەر سەختی ناوچەکە و بێ ڕێگایی ، بەریتانییەکان لەو کاتەدا نەیانتوانی پەلاماری سەربازیی بکەنە سەر ناوچەی گۆیان ، بەڵام لیچمان دڵی ئاوی نەخواردەوە لە ١٩١٩/٤/٦ دا بە خۆی و چوار فڕۆکەوە پەلامارێکی توندوتیژیان کردە سەر خێزان و ماڵوحاڵی خێڵی گۆیان و زیانێکی زۆریان پێگەیاندن ، ئەوەی بووە هۆی زیاتر تووڕەبوونی سەرۆکەکانی گۆیان بە تایبەتی نیعمەت شەریف و یوسف لاوەند کە لە ١٩١٩/٥/١٤ دا بە هێزێکی تفەنگدارەکانی گۆیانەوە پەلاماری بنکەیەکی پۆلیسیان دا لە گوندی شرانش ی سنوری و نزیك بە ٥٠ پۆلیسێکیان



مامۆستای . ئەوە ئەو پەلامار و ململانێیە بوو کە لیچمان لە رووبەڕوو بوونەوەیدا خاوەخاوی نەکرد . سەبارەت بە پێرسن ئەو یەکێك بوو لە باشترین و بە ئەزموونترین ئەفسەرەکانی لیچمان ، وێڕای ئەوەی ئاینی پێۆریتانیی بوو کە خزمەتی سەربازیی رەتدەکەنەوە ، ئەو لە گەڵ هەڵگیرساندنی جەنگدا یەك لەوانە بوو کە ئامادەیی خۆی بۆ راگەیاند و رووبەڕووی تەواوی مەترسییەکانی بووەوە. لیچمان دەستبەجێ خۆی کەوتە لێپێچینەوە و کەوتە سۆراغی مەسەلەکە. هەر چەندە لە کاتی راپەڕاندنی ئەو کارەیدا لە لایەن چەکدارێکی کوردەوە تەقەی لێکرابوو . ئەو بە پەلە لە هێرشبەرەکەی نزیك کەوتبۆوە و تفەنگەکەی لێوەرگرتبوو و لە پشتیدا شکاندبووی و پاشتر بە پەککەوتەیی لە کەناری رێگاکە بۆ چاوترسێنی خەڵکی ناوچەکە جێیهێشتبوو . ئەوە یەکێك بوو لە تایبەتمەندییەکانی لیچمان کە چاوی لە نەیارەکانی دەپۆشی و تەنانەت بایەخی بەوەش نەدەدا قۆڵبەستیان بکات . بەڵام ناتوانرێت چاوپۆشیی لە پیاوکوژ بکرێت و لێخۆشبوون بۆ ئەوان نیە ، هەر بۆیە هێزێك نێردرایە سەر گۆیان تاکو بە ئاگر و ئاسن لێیانبدەن .

ماوەیەکی کەم پاش ئەوە ، بەیانیەکی رۆژی یەکشەممە ، لە کەناری رۆژهەڵاتی رووباری دیجلە خەریکی راوەماسی بووم ، هەر لەبەرامبەر بارەگای ئیداریی ، لە کاتێکدا ئەفسەری ئێشکگر هات و نامەیەکی دایە دەستم کە سەردانی کۆلۆنێل لیچمان بکەم . ئەو رۆژەشمان فت ، ئەو لە ئۆفیسەکەی خۆی چاوەڕێی دەکردم و گوتی :" سەرۆکێکی کورد هەیە ناوی شێخ نوری یە و لە گوندی بریفکان دادەنیشێت کە نزیکەی ٢٠ مایلێك لە رۆژهەڵاتی دهۆکەوە دوورە ، برۆ پێی بڵێ کە زۆرم لە بارەی جرتوفرتەکانی ئەم دواییەی بیستۆتەوە ، بڵێ پێی هەر گرفتێك دروست بکات ، لە نێو ماڵەکەی خۆیدا هەڵیدەواسم " .

بە ئەفسەرە عارەبە بەغدادییەکەشیانەوە بە دیل گرتن و تفەنگ و هێسترەکانیان لێسەندن و بەپێ رەوانەی زاخۆیان کردنەوە . بۆ زیاتر :
عبدالمنعم الغلامي ، ثورتنا في شمال العراق ، بغداد ، ١٩٦٦ .

مەیتەرەکەم بانگکرد و پێمگوت ئەسپەکان زین بکات ، ئەوەکەی خۆی و ئەوەکەی منیش . هەروەها جەندرمەیەکم لەگەڵ خۆم برد کە شارەزای ڕێگاکە بوو ، کەوتینە ڕێ و دەمی ئێوارە زۆری وامان نەمابوو بگەینە گوندی ئەلقوش ، کە جێنزرگەی نەبی ناحومە وەك لە تەوراتدا ئاماژەی پێکراوە ، ئەم ڕێگایە دەکەوێتە دامێنی یەکەمین زنجیرە گردۆڵکەکەوە کە ٢٥ مایل لە موسڵەوە دوورە . من کە ئامانجێکی دیاریکراوم هەبوو بێ بایەخانە ملی ڕێگام گرتۆتەبەر تا گەیشتینە نیوەی ڕێگاکە کە ئیدی ناوچەیەکی شاخاویی بوو ،لە بەر ئەوەی ئەو شەوەم لە کڵێسایەك بە شێوەیەکی شاهانە بردە سەر کە چەند مایلێك لە ڕێگە سەرەکییەکەی زاخۆوە دوور بوو ، من یەکەم ئەفسەری بەریتانیی بووم کە لە ساڵی ١٩١٤ ەوە سەردانی ئەو شوێنەم کردبێت .

پاش خەوێکی ئارام و بەرچاییەکی بەتام لە نان و کەرە و هەنگوین و هێلکەی کولاو ، لەگەڵ مەیتەر و جەندرمەکە ملی ڕێگامان گرتەبەر و بەرەو گەلییەکە کەوتینە ڕێ کە لە ژووروی یەکەمین زنجیرە گردۆڵکەکانەوە بوو ، جەندرمەکە کە پاسەوانمان بوو لە پێشەوە دەڕۆیشت ، من لەپاش ئەو و مەیتەرەکەش لە دوای منەوە بوو ، جەندرمەکە تفەنگێکی تورکی پێبوو ، مەیتەرەکەش سیندەرێکی کۆن و خۆشم دەمانچەیەکی کۆڵت . گەیشتینە بەرزاییەك و لەوێوە داگەڕاین بۆ بەری ئەوبەر کە دۆڵێك بوو تێیدا داربەڕوو و مێو ملیان بە یەکدا کردبوو . لەناکاو لە لای گۆشەیەکەوە کوردێکی خێڵەکی چەکدارمان بینی ، فیشەکدان و تفەنگ و خەنجەری هەڵگرتبوو . کۆلۆنێل لیچمان ئەو کاتە بڕیارێکی بڵاوکردبۆوە کە هیچ کەس بۆی نەبێ لەسەر ڕێگاکان چەك هەڵگرێت . هەربۆیە هاوارم لە کابرای خێڵەکیی کرد بوەستێت . کەچی لە جێی وەستان میلی هێنایەوە و بەسەر گردەکەدا سەرکەوت و لە ڕێگا سەرەکییەکە لایدا ، منیش وەدوی کەوتم و زۆری لێ دوور نەبووم ، مەیتەرەکەش بەدوامدا . کابراکە ئاوڕی دایەوە و بۆی دانیشت و کەوتە تەقەکردن ، منیش دەمانچەکەم راکێشا و کەوتمە تەقە ، مەیتەرەکەش لەسەر زینەکەوە کردی بە تەقە



و بە گردەکەدا هەڵگەڕاین . لە کاتێکدا نێچیرەکەمان لە ناکاو تفەنگەکەی لەدەست تراز و کەوتەسەرلا . رامانکردە سەری و تفەنگەکەمان هەڵگرتەوە و تەماشامانکرد برینێکی قوڵ لە لاڕان و پشتیدایە و پارچەیەکمان لە کراسەکەی دڕاند و برینەکەمان بۆ پێچا . تاکە ئەوڕۆش نەمانزانی چی بەرکەوتبوو ، گوللەی سیندەر هەروەك دەمانچەی کۆڵتی ٤٥٥ ی ئۆتۆماتیك ،هەمان زام لە جەستەدا جێدەهێڵێت . بە هەرحاڵ پێکرانی کابرا بۆ ئێمە خۆشبەختییەکی گەورە بوو ، ئێمە دەمانویست سەری لێبشێوێنین تا بە تەواوی لێی نزیك دەبینەوە و دەوری دەگرین . مەیتەرەکە بە ویستی خۆی تەقەی لە کابراکە کرد ، پاسەوانەکەمان کە بەرو خواری ڕێگاکە هەڵاتبوو ، کاتێك تەقە وەستا و زانی سەرکەوتووین ، سەروکەلەی دەرکەوت و هات بەرەو لامان .بە بەراورد لە گەڵ مەیتەرەکەدا ، لەخۆمەوە ئاکاری جەندرمەکەم زۆر پێناخۆش بوو . بۆیە لەسەر ئەسپەکەی دامبەزاند و کابرای بریندارم خستەسەر زینەکە و ئەویش با بە پێ بیکوتێت . گەیشتینە گوندێك لەوێ کابرای بریندارم لە کۆڵکردەوە و خۆشمان لە ڕۆیشتن بەردەوام بووین .

ئەوەی بەردەوام ئەو کاتە بیرم لێدەکردەوە و تێیگەیشتبووم ئەوەبوو کە چ ڕێنوێنییەکی پوچ و سەرەڕۆیانە کرابووم ، ئەوەی کاری لیچمان بوو ، بۆ کابرایەکی خێڵەکیی گەر بێ چەکەکەی بگەڕێتەوە ماڵ دەبێتە گاڵتەجاڕ و نیشانەی تیر و توانج و تەشەری کوڕوکاڵ . هەرچەندە ناتوانرێت لەوە زیاتری لەگەڵدا بکرێت . دوای ٦–٧ مایلێکی دیکە گەیشتینە دوا نشێوی ڕێگای بریفکان . جەندرمەکەم پێش خۆم نارد تا لە هاتنم ئاگاداریان بکاتەوە .

شێخ نوری ماڵێکی گەورەی زۆر دڵگیری هەبوو ، خۆی پێشوازیی کردم بۆ ژوری میوان . لەبەر ئەوەی نیوەڕۆیەکی درەنگ بوو داوای لێکردم شەو بمێنمەوە . پاش ئەوەی وەك باوە چای شیرین و سیغاریان پێشکەشکردم ، شێخ بە ڕێزێکەوە پێیخۆش بوو بزانێت کە بەهۆی سەردانەکەمەوە ماندووبووم یاخود چەندم وڵاتی کوردان پێخۆشە کە زۆر لە ناوچە دەشتاییەکان جیاوازە ، پێمگوت چ گەشتەکە و چ

دیمەنی ناوچەکەمان پێخۆش بووە ، بەڵام ئەوەی ئاڵۆزیی هێنایە ڕێگامان و شتێکی لەناکاو بوو ، کوردێکی چەکدار بوو کە بە پێچەوانەی ئەو دەستورەی بڵاوکراوەتەوە تفەنگێکی هەڵگرتبوو . ئەوەی تووشی سەرسامیی کردم ئەوە بوو کە شێخ پێیگوتم کە لە تەواوی ڕووداوەکە ئاگادارە و ئەو کوردەش یەك لە پیاوەکانی خۆیەتی . لەوەڵامدا پێمگوت زۆر بەداخم ئەوە ئەبیستم ، ئەگەریش پێیخۆش بێت دەتوانین ئەو پیاوە بنێرینە موسڵ و لەوێ باشترین چارەسەریی بۆ بکەین ، لەوبارەیەوە هیچ شتێکی دیکەی نەگوت . لێرەوە زانیم کە هەواڵ لەم ناوچەیەدا زۆر بە خێرایی بڵاو دەبێتەوە ، دیارە پێش ئێمە یەکێك خۆی گەیاندۆتە گوندەکە و باس لە ڕووداوەکە کردووە . شێخ سوپاسی کردم و گوتی مەسەلەکە ئەوەندە ناهێنێت جێگای نیگەرانیی نیە ، لێرەدا بە بیرم هات کاتی ئەوە هاتووە ئامانجی سەردانەکەی خۆمی پێبڵێم و قسەکەی کۆلۆنێل لیچمانی بە شێوەیەك پێ ڕابگەیەنم .شێخ زۆر مەسەلەکەی بە ئاسایی وەرگرت و داوای لێکردم بچمە سەر خوان . خێرا خواردن خرایە بەردەممان ،برنجوگۆشتی کولاو بە ڕۆنی خۆماڵی ، هێلکەوڕۆن ، سپێناخ و میوەی وشکە . دوای ژەمێکی بەتام و خزمەتێکی چاك ، شێخ جێیهێشتین و منیش خۆم بۆ نووسین ئامادەکرد .

سەرلەبەیانی چالاکانە زوو لەخەو ڕابووم ، ئامادە بۆ خواردنی بەرچایی کوردیی ، هێلکە کولاو و کەرە و هەنگوین و نانی تیریی . پاش ئەوە ماڵاواییم لە شێخ نوری کرد و گەڕامەوە . لەگەڵ ئەوەی ترسێکی ئەتۆم نەبوو کە ڕێگاکە لە هەردوو لاوە خەڵکانێکی لێبوون ، بەڵام نەوەکا لە بەرزاییەکاندا بۆمان دانیشتبن ، بە لای باکوور بامداوە بەرەو دهۆك ، تا لە چاویش ونبووین من هەر پیادە دەڕۆیشتم و سواری ئەسپەکەم نەبووم ، وێڕای ئەوەی تووشی هیچ بۆسەیەك نەبووین و بێهیچ ڕووداوێکی نەخوازرا و گەڕامەوە شوێنەکەی خۆم . کە گەڕامەوە موسڵ ڕاپۆرتێکم دایە لیچمان و باسی ئەو ڕووداوەشم کرد هاتبووە ڕێگامان و لەو بارەیەوە چاوەڕێی



ئاگادارکردنەوەم دەکرد ، بەڵام وەك دەرکەوت لیچمان زۆر خاترجەمە و گوتی :هەمووی بەرەو ئەوە دەچێت نیشانی بدەین ئامانجەکانمان لا مەبەستە .

بۆ ماوەی هەفتەیەك یان زیاتر لەو ئۆفیسە بەردەوام بووم و دواتر بۆ سکۆتم ئاشکراکرد کە من بۆ ئەو کارە کەسێکی نەشیاوم و لەگەڵ هاوکارانمدا هەماهەنگییەکم نیە ، ئەویش پێیگوتم وا چاکە بچم بە کۆلۆنێل بڵێم ، مەسەلەکە هەستیار بوو ، نەمدەویست هەستی ئەو ئەفسەرانە بریندار بکەم کە منیان بۆ کارکردن لەگەڵ خۆیاندا بانگهێشت کردبوو . سکۆت چاوپێکەوتنێکی بۆ وەرگرتم و کاتێك چووم سەرم سوڕما ،(مێجۆر ئێل.ئێف.ناڵدەر) لە ژوورەکە دانیشتبوو . هەرچەندە ئەوە کاری کۆلۆنێل بوو داوا لە ناڵدەر بکات ژوورەکە جێبهێڵێت ، ئینجا بنێرێت بە دوای مندا ، بەڵام وام بە باش زانی کە بدوێم ، پێمگوت لەو بڕوایەدانیم بۆ کارکردن لە ئۆفیسەکەی ئەودا دەستبدەم ، هەربۆیە داواملێکرد بمگێڕێتەوە بۆ بۆ تیپەکەی خۆم . کۆلێنێل هیچ شتێکی نەگوت ، بەڵام بەوە سەرسام بووم کە ناڵدەر کەوتە قسان و گوتی :" گەورەم گەر بفەرموویت من لە ئۆفیسەکەی خۆم دەرفەتێکی دەدەمێ ، ئەگەریش هەر دڵی بەوەوەیە بگەڕێتەوە تیپەکەی خۆی ، لێیگەڕێ بابچێت." بۆ ئەمەیان پێمخۆش بوو .

لەم کاتەدا ناڵدەر سکرتێری تایبەتی (لۆرد نۆرشکلیف) بوو ، ناڵدەر ئەفسەری هەرێمیی لە دەزگای بەڕێوەبەرایەتیی سودان و کەسێکی بە ئەزموون و شارەزا بوو ، کابرایەکی سارد و سڕ و هێمن و کۆکراوە بوو . هیچ شتێکی بێ بەڵگە و هۆکار نەدەکرد ، لە هەمووی چاکتر ئەوەبوو هەمیشە ئامادەبوو هەر شتێك ڕوونبکاتەوە بۆ کەسێك بیەوێت لێیەوە فێربێت ، وەك مامۆستا ، وەك پیاو ...هەموو ستافەکەی خۆشیان دەویست . ئەفسەری خەزێنەکەی ئەمجەد ئەلعومەریی بوو کە ئەریستۆکراتێکی خۆماڵی و لە گشت لایەکەوە ڕێزلێگیراو بوو . وەرگێڕەکەی حوسێن ئەفەندی گەنجێکی عارەبی ماقوڵ و خوێنشیرین بوو ، دەرکەوانەکەشی ریسکۆ ئەرمەنییەك بوو هەموو زمانە هەرێمییەکانی دەزانی و بۆ چەند ساڵێك وەرگێڕی

کۆنسوڵی ئەڵەمانی بووە و هەروەها لە نێو تەواوی سەرادا شارەزاترین و زۆرزانترین کەس بوو . بارودۆخەکە بە تەواویی گۆڕدرا ، دەستبەجێ هەستم بە دڵخۆشیی و ئاسوودەیی کرد . لە تەنیشتیەوە دانیشتم و زۆری لێوە فێربووم . نەك تەنیا ئەوەی کە دەبێت بکرێت ، بەڵکو ئەوەشی کە نەدەبوایە ئەنجامبدرێت . لەگەڵ زۆربەی ئەفسەرەکانی دیکەشدا لەسەر دەستی ئەو فێری نەخشەکێشان بووین ، ئەوانەی کە دانیان بەو راستییەدا نەدەنا .هێدی هێدی بوومە کەسێکی هەڵسوڕ و هاوکار ، پاش دوومانگ بڕیاری ئەوە درا وەك یاریدەدەری ئەفسەری سیاسیی بچمە دهۆك ، ئەفسەرەکەم (چارلس لێتڵدل) بوو کە هەر لەو کاتەوە دەمناسی کاتێك پێکەوە لەسەربازخانەی سامەڕا بووین . هەردووك پێکەوە لە ئۆفیسی بەرێوەبەرایەتییەوە کارەکانمان هەڵدەسوڕاند و چونکە مەلارییایەکی زۆر هەبوو ، شوێنی خۆمان لە جێگایەکی پڕمێوی سەرگەرووی رووبارەکە گرت و پێمان وابوو گەر لەژوورووبانەوەبین بەوە خۆمان لەو مێشولانە دەپارێزین . بەڵام لە لایەن هیچ کەسێکەوە پێشوازیی و بەخێرهاتن نەکراین و هیچ کەسێك بایەخی پێنەداین . پاش ئەوە گەڕاینەوە خێوەتەکەمان و چایەکمان خواردەوە و چووینە لێژنە . پێویستە شتێك بکرێت ، ئایا ئێمە سەر بەو سوپایە نین کە تورکیان شکاند ، ئەو تورکانەی کە چەندین ساڵ کوردیان کۆیلە کردبوو . پێویستی بە نمونەیەك دەکرد تا دواتر ئەم کوردانە بزانن کێ هاتۆتە شارەکەیانەوە .پاش ئەوە گەڕاینەوە بازاڕ ، یەکەمین کەس کەلەسەر شۆستەکە چوارمەشقی لێی دانیشتبوو ، نەیتوانی لەبەرمان هەڵسێت ، چارلس شەقێکی توندی لە لاکەکەلەی دا و خستی و لەسەر رێگاکە تەختی کرد ، کابرای تێهەڵدراو پیاوێکی بەساڵاچوو بوو ، مەندیلێکی سپی بەسەرەوە بوو ، ئەو شەقە وەك بروسکە کاری خۆی کرد ، تەواوی خەڵکی ئەو ناوە لەبەرمان هەستان و دەستیان بۆ بەسنگەوە گرتین . هەرچەندە ئەوەمان نەزانی کە ئەو کابرایەی تێمانهەڵدا یەك لە پیاوە ئاینییە دەستڕۆیشتووەکانە . کارەکەمان زۆر سەرەڕۆیانە بوو ، من دڵنیابووم لەوەی کە ناڵدەر ئەو کارەی پەسەند نەدەکرد . هیچ کات بیرم لەوە نەدەکردەوە کە



جارێکی دی کارێکی بەو چەشنە دووبارە بکەینەوە ، بەڵام ئێمە گەنج بووین ، حاڵەتەکەش لەو دەمەدا بوو یان هەرگیز ، من دڵنیام کە ئەوان وایان نیشاندا کە ئێمەیان نەبینیوە ، بەڵام ئێستە ئیدی ...کرا .

لەنێوان هەرێمی دهۆك و سنوری تورکەکان ، هەرێمی ئامێدیی هەبوو ، لەم هەرێمەدا کورد نیشتەجێ بوو ، لەگەڵ کەمێك تیاری کریستیانی کە ئاسوریان پێدەگوتن . ئەو ئەفسەرەی کە بۆ ئەم ناوچەیەیان دانابوو (ئاڕ.ئێف.جاردین) بوو ، کە لەدەورانی جەنگدا پەیوەندیی بە دەزگای سیاسییەوە کردبوو . بەهۆی رۆیشتنی، شوێنەکەی درایە (کاپتن.دی.ویلی) کە لە لایەن کاپتن ئێچ.ماکدۆناڵدەوە هاریکاریی دەکرا . شارۆکەکە دەکەوتە دۆڵێکەوە لە باشووری سەرای ئامێدی (لوتکەی زنجیرە چیای ئامێدی) کە قەڵایەك یان سەرایەك بەسەریاندا دەڕوانێت کە لە لاپاڵێکی بەردەڵانی سەختدایە بە بەرزی ٥٠ یارد بنیاتنرابوو ، کە ئۆفیسی بەرێوەبەرایەتیی و کارمەندانی بنکەی سەرەکی ئەفسەری سیاسیی تێدا بوو . جا نازانم چەندە ئاگاداری پرۆپاگەندەی دوژمن بوون ، بەڵام ئەوەندە بەسە کە بگوترێت لە شەوێکی گەرمی مانگی تەباخدا (١٤ی ژونی ١٩١٩) دا ، بکوژێك خۆی خزاندبووە شوێنی خەوتنی بنکەی ئەفسەران و (ویلی) لە شیرینی خەودا دابووە بەر خەنجەر . ماکدۆناڵد کە لە دەنگەدەنگەکە وەخەبەر هاتبوو دەستبەجێ میلی تفەنگە ئۆتۆماتیکەکەی راکێشابوو و کەوتبووە تەقە ، بەڵام جێگای داخە کە تفەنگەکەی جووتە ئەکات و جام دەبێت ، هەر بۆیە لە پەلاماردەرەکەی نزیك دەبێتەوە و باوەشی پێدا دەکات و لێیدەئاڵێت و لەگەڵ خۆی بەرەو مەرگی دەبات پاش ئەوەی لە بەرزایی ١٠٠ پێوە بەردەبنەوە . ئەو تەنیا هاوەڵە ئینگلیزییەی کە سەر بە هێزی نەخشەدانان و هەڵگرەوەی مین بوو، ئەویش کوژرا [5].

**[5] دوای ئەوەی لیچمان ئەو هەواڵەی بیستەوە کە ژمارەیەك لە سەرۆکە کوردەکانی ناوچەی ئامێدی وەك : حاجی شەعبان ئاغای سەرۆکی شارەوانیی ، حاجی عەبدوللەتیف ئاغا، حاجی رەشید بەگی بەرواری ، نیازی راپەڕینیان هەیە لە دژی ئاکاری سەرەرۆیانە و بێ رێزییەکانی کاپتن ویلی ،**

ئەم رووداوە بە دڵنیاییەوە هێزی سزادەری وروژاند ، کەلەم کاتەدا بە گشتی بەشێك بوون لە تیپەکەی من ، هێزی سنوری ٥٢ ی سیخ . لەگەڵ چەند چەکی چیایی و دوو ئەمبولانس . ئەوان وەك پێویست دەکات لە موسڵەوە کەوتبوونە رێ و پەلاماری خێڵی حاجی رەشید بەگ و ئەو گوندانەیان دابوو کە بەرپرسیارێتی ئەو تاوانەی خرابووە ئەستۆ . بەڵام هەروەك باوە لە کاتێکدا کە خێڵەکان لەگەڵ هێزێکی

---

سەرۆکە کوردەکانی بانگ کردە موسڵ و سوکایەتیی پێکردن و هەڕەشەی لێکردن . پاش گەڕانەوەیان ، کاپتن ویلی نیازی گرتنی حاجی رەشید ئاغای دەبێت و بانگی دەکات بێت بۆ ئامێدی ، ئەویش بە هێزێکی چەکدارەوە دێتە ئامێدی و دەکەوێتە پیلان داڕشتن بۆ کوشتنی کاپتن ویلی و لەنیوە شەوی ١٥ی ژوئیەی ١٩١٩دا جگە لە ویلی و ماکدونالد و تروب ، دکتۆرێك و دوو کارمەندی تەلەگرافی هیندیی و بیست و سێ کەس لە هێزی پاسەوانی بارەگای حاکمی سیاسیی دەکوژن و بۆ ماوەی بیستودوو رۆژ واتە تا ٦ی ئووت کۆنترۆڵی ئامێدی دەکەن .بەریتانییەکان کە ئەم کارەیان بە دەستی شێخ بەهائەدینی نەقشبەندیی بامەڕنیی دەزانی ، لە ٣ی ئووتدا هێزێکیان ناردە سەر بامەڕنێ کە لیچمانیشیان لەگەڵدا بوو ، بۆسەر خانەقای شێخ و دوای سووتاندنی ماڵ و خانەقاکەی کۆتیان کردە دەست و پێی شێخ بەهائەدین و براگەورەکەی واتە شێخ عەلادین ، هەروەها چەند کوڕێکی و بەرەو زیندانی موسڵ راپێچیان کردن . هەواڵی دیلکردنی شێخ و سووتانی خانەقای نەقشبەندیی بووە توڕەبوونی بەشێك لە سەرەك خێڵەکانی ناوچەکە و جاڕی راپەڕینیان دا، وەك:جەمیل ئاغای عەبدی سندیی، صالح ئاغای عەبدی ، صادق برو گولیی ، سلیمان ئاغا گولیی ، تاهیرئاغای دۆسکیی ، حەسەدینۆی گۆیانیی . ئەمانە لەگەڵ حاجی شەعبان ئاغا و حاجی رەشید ئاغا رێکەوتن کە هێزەکانی ئینگلیز کە لیچمانیشیان لەگەڵدا بوو راکێشنە قوڵایی چیاکانەوە و لەوێدا گورزی کاریگەریان لێ بوەشێنن ، ئەوەبوو پاش ئەوەی هێزەکە تەمبێکەرەکەی ئینگلیزیان راکێشایە (گەلی مزوریکا) هەڵمەتێکی پڵنگ ئاسایان کردە سەر سوپای داگیرکەر و شەڕێکی خەست بۆ ماوەی دوو رۆژ قەوما کە کوردەکان زۆربەی جار بە خەنجەرە بچووك و تیژەکانیان کەلاکی دوژمنیان دادەپاچی . لە راستییدا شەڕی گەلی مزوریکا بۆ بەریتانییەکان شکستێکی ئابڕووبەرانە بوو ، لەو شەڕەدا کوردەکان زیانی زیاتر لە ٣٠٠ کوژراو و ٢٠٠ بریندایان لە سوپای پڕچەکی ئینگلیز دا ، لیچمان ناچار بوو خۆ بشارێتەوە و بە پێی پەتی بەرەو موسڵ رابکات و دوای چوار رۆژ گەیشتەوە شوێنی خۆی ، جگە لە دەستکەوتنی دەیەها شەستتیر و دوو تۆپی گەورە و چوار تۆپی چیایی و چوارسەد هێستر .بڕوانە :

السر أرنولد ويلسن ، الثورة العراقية ،ترجمه و علق عليه: جعفر الخياط، الطبعة الاولى ، ١٩٧١،ص ٢١٠-٢١٩ .



گەورە و تۆکمەدا تووشی شەڕدێن پاشەکشەدەکەن و ئەوەی زیاتر دەکەوێتە بەرگورزەکە و زیانیان وێدەکەوێت ماڵومولك و خێزانەکانیانە . پاش ئەوەی هێزەکە گەڕایەوە موسڵ و ئاهەنگیان گێڕا ، لەبەر چەند هۆیەك کە ئێستا لەیادم نیە ، هێزێکی بچووکمان گێڕایەوە . ئەمە لە دەستەی B هێزی ٥٢هەم بوو ، بەشێکی چەکی چیایی ، هەروەها دەستەیەکی سەر بە نوژدارانی سوپای پاشایەتی ، پۆلێکی پیادە لە لایەن لویسەوە سەرکردایەتیی دەکرا ، کە ئەفسەرێکی گەنجی قۆز و سەرکەوتوو بوو ، خەڵکی دیڤۆن بوو . سەرکردایەتیی ستونەکە کەوتە ئەستۆی میجۆری هێزی ئەندازیاری مین هەڵگرەوە کە هیچ شارەزاییەکی لە جەنگی شاخدا نەبوو . ئەویش چونکە سەرکردەی ستون مۆڵەتی وەرگرتبوو ، ئەو میجۆرەش ئەفسەرێکی باڵا بوو لە بۆشایی ئەودا شوێنی دەگرتەوە . مەسەلەیەکی وا کە بۆ خۆی هەڵەیەکی گەورە بوو .

ستونە بچکۆلەکە لە هەمان رێگاوە گەڕایەوە کە پێشتر ستونە گەورەکەی لێوە هاتبۆوە . ئەم ستونە بەسەر بەرزاییەکانی گەلی مزوریدا سەرکەوت ، گەرووەکە دەکەوێتە ژورووی سەرای ئامێدی ، ئەو هێزەی پێشڕەویی دەکرد دەستەیەك بوو کە سەرکردایەتییەکەی بەدەست دۆست و هاوڕێی دێرینم جێمدار عەبدوڵڵا خانەوە بوو ، کەکەسێکی چاوتیژی هەڵۆئاسای شارەزا بوو لە جەنگی ناوچە شاخاوییەکاندا . پاش ئەوەی دەستەکە گەیشتە دەمی گەرووەکە کە ئەملاولای پێدەشت بوو و گردەکەیان دەبڕی ، ئەو چاوی بە ژمارەیەك خێڵەکی کەوتبوو کە وا پێدەچوو چەکداربن ، هەربۆیە هێزەکانی دواوەی لەو مەسەلەیە ئاگادارکردبۆوە و داوای کردبوو ستونەکە تێنەپەڕن تا لەو بارەیەوە بۆی روونەبێتەوە کە چی لە پێشەوە دەگوزەرێت . بەڵام سەرکردەی ستونەکە زۆر گوێی بەو هەواڵە نەدابوو ، گوتبووی لەوانەیە ئەوانەی بینراون جووتکار بن و بێڵ و پیمەرەکانیان هەڵگرتبێت ، هەربۆیە نابێت کات بە فیڕۆ بدەن و پێویستە بجوڵێن . تێکڕای هێزەکە لە نێودۆڵەکەدا کۆببوونەوە ، تەنیا دەستەیەکی پاشقەڕەوڵ نەبێت ، ئەو هێزەی لە پێشەوە و لە هەردوو لاوە کەوتبوونە

بەر تەقە . قوربانییەکان دڵتەزێن بوون ، تەواوی ئەفسەرە هێندیی و بەریتانییەکانی ستونەکە کوژران . تەنیا کەس کە رزگاربیبوو ئەفسەرێکی نوژدار بوو کە لەگەڵ پاشقەڕەوڵی ستونەکەدا بوو ، ئەو خۆی گەیاندبووە قولەیەك و سەرکەوتووانە بەرگریی لە خۆی کردبوو تاکو هێزی فریاکەوتن لە ئامێدییەوە هاتبوون و گێڕابوویانەوە دواوە . لە راستییدا ئەم رۆژە رۆژێکی رەش بوو بۆ هێزی ٥٢هەم و بە تایبەتیی بۆ من ، چونکە لویس و عەبدوڵلا هەردووکیان دوو هاوڕێی نزیکی من بوون و بوونە قوربانیی هەڵەی سەرکردەیەکی بێئەزموون .

لەو کاتەدا رێگای ئۆتۆمبێل لە دهۆك بەولاوە تێپەڕی نەدەکرد . هەربۆیە ئەرکی کۆکردنەوە و رێکخستنی کوردە نەفەر گوێزەوەکان کەوتە ئەستۆی من تا بریندارەکان داگرینە خوارەوە کە گشتیان سەر بە تیپەکەی من بوون ، کە بە راستی ئەرکێکی نارەحەت وبێمانا بوو .

سەبارەت بەم قۆناغە (سەرەتای ساڵی ١٩١٩) پرۆپاگەندەی تورکەکان و نائارامیی کوردەکان دەستی بە بڵاوبوونەوە کرد لە تەواویی ناوچەکانی کوردستاندا کە لە ژێرداگیرکاریی بەریتانییەکاندا بوو . راپەڕینێکی دی لە سلێمانی روویدا کە دەکەوێتە رۆژهەڵات بە درێژایی و حکومەتی بەریتانی دەیویست لە رێگای شێخ مەحموودەوە کە کەسایەتییەکی ئاینیی و دنیایی و کوڕی پیاوێکی ئاینیی پیرۆز بوو کە قوربانیی دەستی تورکەکان بوو ، بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ، ئەو ناوچەیە بەڕێوەبەرێت .

شێخ مەحموود سودی لەو دەرفەتە وەرگرت کە بەهۆی مۆڵەت وەرگرتنی (مێجۆر ئێم.بی.سۆن) و چۆڵکردنی شوێنەکەی لە سلێمانی هاتە پێش ، مێجۆر سۆن شێخ مەحموودی بۆ ماوەیەکی زیاد لە پێویست لە شوێنەکەی خۆی هێشتبۆوە . ئەو لەناکاو ئەفسەرەکانی سۆنی بەدیل گرت و وەك مەلیکی کوردستان سەربەخۆیی خۆی



راگەیاند [6]. هەرچەندە زۆری نەخایاند کە لەلایەن (ژێنراڵ فرێزەرەوە) کە بە شەختە ناسرابوو ، لەگەڵ (مێجۆر سی. ئەوچنلیك) ئەمێستا (فایلد مارشاڵ) مێجۆری هێزەکەی بوو ، لە دەربەندی بازیاندا شێخ مەحموودیان بەزاند کە لە نێوەڕێی رێگای سلێمانی و کەرکوکدایە . ئەو لەلایەن ئەفسەری سیاسیی ستونەکەوە (مێجۆر سی.جی.ئەدمۆندز) دۆزرایەوە کە لە لای جگەرییەوە پێکرا بوو ، لەلایەن نوژدارانی سوپای پاشایەتییەوە برینەکەی سارێژکرا و دادگای سەربازیی فەرمانی کوشتنی بەسەردا دا ، جێبەجێکردنی فەرمانەکە دواخرا [7] و پاشان بۆ هیند دوورخرایەوە کە نزیکەی پێنج ساڵێك بە دوورخراوەیی ژیانی بردەسەر [8]. من خۆم راستەوخۆ لەم رووداوەدا تێوەنەگلام ، بەڵام بۆیە باسم لەو مەسەلەیە کرد تا ئاماژە بە ئاستی ئەو

---

[6] لە راستییدا شێخ مەحموود دوای ئەوەی بەتەواویی بۆی ئاشکرابوو ئینگلیزەکان درۆ لەگەڵ کورد دەکەن و لێبڕاوانە کەوتوونەتە خۆ بۆ لێخستنی و مێجۆر سۆن یان ناردووە بۆ تێکدانی حوکمدارییەتیەکەی و سەرۆك خێڵە گوێ لە مستەکانی کوردی لێ هاندەدەن و بوونی هیچ دەسەڵاتێکی کوردییان پێ هەرس ناکرێت ، دەستپێشکەری خۆی کرد و بە هاوکاریی مەحموودخانی دزڵی کە یەکێکە لە سەرۆکە نیشتمانپەروەرەکانی کوردی هەورامان لە ١٩١٩/٥/٢١ دا راپەڕینی کوردی راگەیاند و ئەفسەرە ئینگلیزەکانی چەك کرد و ئاڵای بەریتانیای لە سلێمانی داگرت و ئاڵای کوردیی هەڵدا ،بەڵام لەم قۆناغەیدا وەك مەلیك خۆی رانەگەیاند .

[7] ئارنۆڵد ویلسنی نوێنەری فەرمانڕەوای پاشایەتیی گشتی دەڵێت:" لەگەڵ ئەوەی هاوسۆز بووم لەگەڵ ئەو هەستەی ئەم بڕیارەی دا کە دڵنەرمیی پێوەدیار بوو ، بەڵام بە فەرمیی من دژی وەستام لەبەر ئەوەی تا ئەو کاتەی شێخ و هاوەڵەکانی بە زیندوویی لە کوردستانی باشوور بمێنن ئەو لە کۆتاییدا بە هیوای گەڕانەوە بۆ دەسەڵات دەژی ، دوژمنەکانیشی لە ترس و دڵەڕاوکێی گەڕانەوەی ئەودا ژیان دەگوزەرێنن ، مردنی لە هەموو شتێك زیاتر دەبێتە هۆی گەڕانەوەی نەزم و دڵنیایی بۆ وڵات . ..لە خەستەخانە سەردانم کرد و بە شێوەیەکی مانادار ماڤ دادگای سەربازیی لە دادگاییکردنی رەتکردەوە ، بەندی دوازدەهەمی ویلسنی بۆم خوێندەوە ، هەروەها بەیاننامەی ئینگلیزیی فەرەنسیی کە لە هەشتی نۆڤەمبەری ١٩١٨ دا دەرچووە، کە وەرگێڕانە کوردییەکەیان لەسەر پارچە کاغەزێك بۆ نووسیبوو هاوپێچ لەگەڵ دانەیەك لە قورئانی پیرۆز کە وەك دوعا بە قۆڵیدا هەڵیواسیبوو ".بڕوانە : السیر أرنولد ویلسن ، سەرچاوەی ناوبراو ، ل ١٩٥ .

[8] ماوەی دوورخراوەیی شێخ مەحموود لە ناوەراستی هاوینی ساڵی ١٩١٩ بۆ کۆتایی هاوینی ساڵی ١٩٢٢ بوو کە سێ ساڵ و دوو مانگ دەکات نەك پێنج ساڵ .

نائارامییە بکەم کە لەو کاتەدا لە ناوچەکەدا بەرپابوو . هەروەها وەك دەروازەیـەکیش بۆ باسکردنی شێخ مەحموود کە لـە دوای گەڕانـەوەی بـۆ کوردسـتان ، پەیوەنـدیی و بیرەوەرییەکی زۆرم لە گەڵیدا هەبوو ، چ تاڵ و چ شیرین .

ئـەو قۆناغـە سـاڵانێکی زۆر ئـاڵۆز و پـڕ مەترسـیی بـوو لەسـەر ژیـانی ئێمـەی ئەفسەرانی سیاسیی . (سێر پێرسی کۆکس) لەو کاتەدا لە ئێران بوو ، (سـێر ئارنۆڵـد ویسڵی) لەو دەمەدا شوێنی گرتبۆوە و وەك حـاکمی مـەدەنی لـە بەغـدا هەڵدەسـوڕا . ئەو ئەوەی تۆمار کردووە کـە لیـچمان بـەو شـێوەیە لـە کـورد تێنەگەیـشتووە کـە لـە عارەب تێگەیشتووە . هەربۆیە ئەوەندە لە مامەڵەکردنی کوردەکان سەرکەوتوو نەبوو کە لە بنەڕەتدا تەواو جیاواز بوو لە عارەب لە رووی رەگەز و زمانەوە ، وێڕای ئـەوەی ئاینیـان هاوبـەش بـوو . بەهـەر حـاڵ لیـچمان بـۆ ناوچـەی فـورات گواسـترایەوە و لـە شوێنی ئەو (مستر.جی.ئێچ.بێل) کە پێشتر جێگری کۆمیسێری (بانیو) بوو لە سنوری رۆژئـاوای بـاکووری هینـد ، دەسـتبەکار بـوو . دیـارە ئـەوەی لـە سـنوری بـاکووری رۆژئاوای هیند ژیابێت یاخود لەو بارەیەوە خوێندنەوەی هەبێت دەزانێت کە سروشـتی ئەو ناوچەیە چەندە زبر و سـەختە و خێڵـەکانیش چـەندە سـەرکەش و یاسـابەزێنن . مستەر بێل ئەفسەرێکی باڵا و بەئـەزموون بـوو . هـەروەها ئەسـتەم بـوو بزانیـت چـی روویداوە و بۆچی . دان بەو راستییەدا دەنێم کە هەر کاتێـك مەسـەلەی کوشـتن دێتـە پێشەوە یاد و بیرکردنـەوەم لاواز دەبێـت . بـەڵام بـە هـەر حـاڵ بێـل لەگـەڵ سـکۆتدا هەڵدەسـوڕان و هەڵومەرجەکـەیان تـاوتوێ کـرد . سـەرخێڵەکانیان دەبینییـەوە و سەردان و میوانداریيان دەکردن . رۆژێـك دواتـر لەسـەر رێگـای ماڵـەوە هـەر دووکیـان کەوتنە بۆسەوە و کوژران لە ٢ی نۆڤەمبەری ١٩١٩ دا . ئەوەش بەکارهێنانێکی خراپ و ئاشکرای زیافەتکاریی و میوانداریی بوو [9].

[9] مستەر بێڵ لەگەڵ کاپتن ئاڕ .سکۆت لـە گونـدی (پیرەکـەپرە) کـە گونـدی بابـەکر ئاغـای زێبارییـە لـە ١٩١٩/١١/١ دا کەوتنە بۆسەوە و کوژران . بێڵ کاتێك سەردانی ئاکرێی کردبوو سزای بابەکر ئاغا و فارس ئاغای زێباری دابوو ، سەرانەیەکی زۆری خستبووە ملیان ، ئەوەش ببووە هۆی توڕەبوونیان



چەند کاتێکی خایاند تاکو هەواڵەکەمان بیست ، چونکە رێگای ئۆتۆمبێل زیاتر لـە ئاکرێ تێپەڕی نەدەکرد . لەوێشەوە دەشتێکی فراوانـە و دواتـر بـە هێـستر بـە چـیای ئاکرێ دا هەڵگەڕانە ، لەوێشەوە بە دۆڵەکـەدا دادەگـەڕێ و ئینجـا سـەرکەوتنی چـیای پێرسیشی دێتە پێش . ئەو رێگا سەختە کە تانوکە لە تێکڕای رێگاکانی تر سەختتر و خوێناوی ترە وەك پلیکانەیە ، گوێدرێژ و هێستری داماو تا دەگەنە سـەرێ خـوێن بـە پاشویاندا دادەچۆڕێت . رووباری زێ هەم فراوانە و هەم خوڕە و پەڕینـەوە بـە بەلـەم پیایدا تەواو جێگیر و جێی متمانە نیە . ئەوان لە پـشتی زێـوە کەوتبوونـە بۆسـەوە و چەند رۆژێکی خایاند تا پاشماوەی تەرمەکانیان گێڕایەوە . چـەند ئێـسك‌وپروسکێك و جلوبەرگی خوێناویی لە گەڵ چەند خڕەبەردێك بۆ هاوسـەنگی تابوتەکـەیان ، کـە بـە رێورەسمێکی سەربازیی بە خاك سپێردران . دواتر ستونێکی دیکە بۆ گەڕان بـە دوای تاوانبارانـدا بە رێکەوت و درەنگتر لە کاتی خـۆی گەیـشتبوون و کەوتبوونـە پـەلاماری ناوچەکە کە رووداوەکـەی تێـدا قـەومابوو ، کـەمێك پـاش ئـەوە لـە ٢٦ی نۆڤەمبـەردا (کاپتن ئیف.ئاڕ.والکەر) کە ئەفسەری سیاسیی بەریتانیی بوو ، لە ئاکرێ بـە لـەرزوتا مرد .

بەڵام بە درێژایی ئەو کاتە ، ئەوەی بۆ ئێمەی سەربازی ساکار نـەزانرابوو ، تـاقمی بیرۆی عارەبی بوو لە میسر کە چەند کەسایەتییەکی وەکو (دکتۆر دی.جی.هـۆگراس، مس.گێرترۆر بێل ، هەروەها تی.ئی.لۆرانس کـە زۆر دەمارگیرانـە خـۆی بـۆ کێـشەی ئازادی عارەب وەك تاکە ئامانجی تـەرخان کردبـوو . پـاش ئـەوەی (ژێنـڕاڵ ئـەلێنبی) تورکەکانی لە فەلەستین و سـوریا دەرپـەڕاند . لـۆرانس بـێ هـیچ بڕیـار و فـەرمانێکی بـاڵا، مـیر فەیـسەڵی لـە دیمەشـق دابەزانـد و بـە پاشـای راگەیانـد و دوور لـە هـەموو

و پەیوەندییان کردبوو بـە شـێخ ئەحمـەدی بارزانـەوە ، ئـەویش بڕیـاری دابـوو هاوکارییـان بکـات و هێزێکی بە فەرمانـدەیی شێخ محەمـەد سـەدیقی بـرای ناردبـوو .دوای کوشـتنی بێڵ و سکۆت و دوو لـە پاسـەوانەکانیان ، زێبارییـەکان پـەلاماری ئاکرێیـان داو شـارەکە لەسـەر دەسـتی شـڕەخۆرە خێڵەکەییەکان تووشی تالانیی بوو .

هەماهەنگییەکی نێوان هەر دوو سەرەك وەزیرانی بەریتانیا و فەرەنسا هەڵدەسوڕا . کە بە ڕاستی یان بە هەڵە (بەبڕوای من بە هەڵە) ماندێتی سوریای بە فەرەنسا بەخشی ، دواتر زۆری پێنەچوو کە فەرەنسییەکان لە هەڵسوکەوتی فەیسەڵ بێزار بوون و بە شەق لە سوریا کردیانە دەرەوە . بەڵام ئارەزووی دەسەڵات و بەدەستهێنانی سامان لای هیچ کەس وەك عارەبی چاوڕاکەر مەزن نیە . هەربۆیە دوای ئەوەی لە سوریا دۆڕان ، ڕوویان بە ئاراستەی ڕۆژهەڵات وەرگێڕا ، ئەوان کە لە سوریا دۆڕابوون ، بۆ بەختی خۆیان لە عێراق تاقینەکەنەوە؟ کە وڵاتێکە زۆر لە سوریا دەوڵەمەند ترە ، چ لە ڕووی بەپیتی خاکەکەیەوە یاخود ئاوە زۆرەکەی ، وێڕای بوونی توانای نەوتیی عێراق .هەروەها ئەگەر تۆڕێکی ئاودێری بەرفراوان کە بە پراکتیك لە لایەن (سێر.ولیەم.ویلۆکس) کە شارەزایەکی بەناوبانگی بواری ئاودێری بوو ، تاقیکرابۆوە . لەوەش زیاتر خەڵکەکەی هەرچەندە کەمتر فێڵباز و پیلانگێڕن ، بە سانایی لە لایەن سورییە چاوڕاوکەرەکانەوە لێدەخوڕان . دروستە کە بەریتانییەکان بڕیاری ئەوەیان دابوو کە ئەوان لە ستەم و کۆیلایەتیی تورکەکان ڕزگاربکەن و کردیشیان . بەڵام مەسەلەکە زۆر دواکەوت تا حاڵو دۆخەکە جێگیر بوو،ساڵونیوێکی بەسەر ئاگربەستەکەدا تێپەڕاندووە هێشتا خەڵکەکە قسەیەکیان لەسەر حکومەت و فەرمانڕەوایی نێو وڵاتەکەی خۆیان نەبوو . بەریتانییەکان ، چ هێزی سەربازیی و چ لایەنی مەدەنیی نزیکەی باشترین خانووەکانی بەغدایان کردبووە موڵکی خۆیان و بە گشتیی هەڵوێستی بەریتانییەکان لەمەڕ دانیشتووان بە هەمان شێوە و زێدەتریش بوو کە لە هیند هەبوو ، کە بەریتانییەکان بەسەر خۆیاندا داخراوبوون و لە نێو خەڵکدا شوێنێکی ئەوتۆیان نەبوو ، خێڵەکییەکان لەوانەیە زیاترین خەڵکی چەکخواز بن لە جیهاندا ، ئەشرافیش لە بەرهەمی کاری فەرمانڕەوایەتیی و پشتی مێز بێبەشکرابوون . وڵاتەکە بە تەواویی ئامادەی هەڵسان و ڕاپەڕین بوو .



ئەو کاتەی بۆ یەکەمجار شاری موسڵ مان داگیر کرد ، مێجۆر برۆمیلۆ وەك ئەفسەری سیاسیی ئینگلیزیی چووە قەزای تەلەعفەر کە نزیکەی ٤٥ مایلێك دەکەوێتە ڕۆژئاوای ڕووباری دیجلەوە ، جگەلە شارۆکەی تەلەعفەر کە بە زۆری تورکمانی لێ نیشتەجێ بوون ، مەڵبەندەکە بە تەواویی عارەبی تێدا بوو ، مژدەیەکی خۆش بوو بۆ ئەو عارەبانەی شانازییان بە سوارچاکیی خۆیانەوە دەکرد . برۆمیلۆ مامۆستایەك بوو ، ئەو پاڵەوانەی ڕاوەبەرازی هیند و یاریزانێکی نایابی پۆڵۆ (یارییەکە لە هیند باو بوو ، بە دارێکی کورت و تۆپێکی بچووك دەکرێت/سەردەشتی) بوو . زۆری نەبرد برۆمیلۆ ئەو یارییانەی فێری شێخ و سەرعەشیرەتەکانی عارەب کرد ، ئەوانەی وردە وردە بەو یارییە نوێیانە ئاشنا دەبوون و چێژیان لێوەردەگرت و شارەزاییان تێدا پەیدا دەکرد ، هەر بۆیە نەیاندەتوانی پێزانین و سەرسامیی خۆیان بەو مامۆستا نوێیە و ئاکار و هەڵسوکەوتی سەرنجڕاکێش و کەم وێنەی بشارنەوە. بۆ نمونە ، کۆیلەیەکی ڕەش هەبوو ناوی بیلابل بوو ، پێشتر توانیبووی خاوەنەکەی خۆی کە سەرۆك عەشیرەتی جبوور بوو وەلانێت و شوێنەکەی بۆ خۆی زەوت کردبوو ، برۆمیلۆ زوو هەستی بە کارە نایاساییەکانی ئەم کابرایە کردبوو ، هەربۆیە دەستوبرد لە گرتووخانەدا توندی کرد . بەڵام بیلابل یاریزانێکی باشی یاری پۆڵۆ بوو ، ئەو بۆ یاریکردن دەهێنرایە دەرەوە ، لە پشتی پیکابەکەی برۆمیلۆیان دەکرد و دەیانگەیاندە موسڵ بۆ یاریکردن . چەندە جوانتر یارییبکردایە ، هێندە بەختی بۆ کەمکردنەوەی ماوەی زیندانییەکەی یارتر دەبوو .

هەروەها هیچ شتێك لای عارەبەکان هێندەی ململانێ و کێشمەکێشە بێکۆتاییەکان سەرنجڕاکێش نەبوو ، ئەوەی برۆمیلۆی بێزار دەکرد و ئەو کاتەی شەکەت دەبوو کێشەکەی دوادەخست و داوای لە هەموان دەکرد کە بۆ یاری ڕاوەبەراز دەست لە کاروبارەکانیان هەڵگرن و ئامرازی ڕاوی وەك نێزە و ڕمی دەخستە بەردەستیان . جارێکیان شێخێك لە یەکێك لە یارییەکانی ڕاوەبەرازدا نەیتوانیوە خۆی بگرێت و میلی تفەنگی لە یەکانەیەك هێنابۆوە و کوشتبووی ، بە

پێی یاسای برۆمیلۆ ئەوە زۆر نەگونجاو و لەوە نالەبارتر بوو کە مالۆسێك بداتە بەر نێزە . بەڵام برۆمیلۆ ئەفسەرێکی سەربازیی بوو نەك سیاسیی ، هەربۆیە لە سەرەتای ساڵی ١٩٢٠ دا گەڕایەوە شوێنەکەی خۆی وەك سەرکردەیەکی تیپ ، لە جێگای ئەو (مێجۆر جی.ئی.بارلۆ) هات کە ئەفسەرێکی لاوی لێوەشاوە بوو ، بەڵام پیاو بە بێ ئەزموونی ژیانی رۆژهەڵاتی کە بۆتە بەشێك لە چارەنووسی ، دەبێتە یەکەمین قوربانی راپەڕینی عارەبەکان ، کە پێویست بەوە دەکات بۆ خامۆشکردنی ، هێزێکی زیاتر لەوە بنێردرێتە سەریان کە بۆ دەرکردنی تورکەکان لە میسۆپۆتامیا بەکار هاتووە .راپەڕین بێهیچ ئاگادارییەك و لەناکاو روویدا کاتێك لە حوزەیرانی ١٩٢٠ دا کوتوپڕ پەیوەندییەکان لەگەڵ تەلەعفەردا پچڕان .دوو ئۆتۆمبێلی زریپۆش بۆ هەڵسەنگاندنی رەوشەکەی تەلەعفەر رەوانەکران و شارۆکەکەیان لە حاڵەتێکی نائارامدا بینیبوو ، کاتێك هەوڵی ئەوەیان دابوو کەلێنێك بدۆزنەوە تا خۆیان بگەیەننە سەرا ، لە شەقامێکی تەسکدا بێ هیوا گەمارۆدرابوون و کەوتبوونە بۆسەوە و نەیانتوانیبوو بێنەدەست .لە کۆتاییدا ناچاربوون خۆیان بدەن بە دەستەوە و تەواوی تاقمەکە لە لایەن یاخیبووانە کوژران . وا پێدەچێت ئەم کارە بارلۆ و یاریدەدەرەکەی (لیۆتیناند ستیوارت) ی هاندابێت بۆ خۆرزگارکردن بیریان لەوەکردبێتەوە بەشەو لە سەرا بێنە دەرەوە ، بەڵام گیرابوون و لە ٣ی ژونی ١٩٢٠ کوژران . ئەوانەی مابوون (سێرجنت والکەر) و سەربازێك بوو ناوی (لاولەر) بوو ، ئەوانیش ویستبوویان لەسەربانی سەراوە هەڵبێن ، بەڵام گەوزێنرابوون ، بەشێوەیەك قەسابخانەکە شێوەی کۆتایی خۆی وەرگرت .

لەپاش ناڵدەر ، مستەر بیل بووە ئەفسەری سیاسیی هەرێمی موسڵ ، منیش بووم بە ئەفسەری سیاسیی ناوچەی موسڵ . (مێجۆر ژێنڕاڵ فرێزەر) سەرکردەی سوپا و (کاپتن گۆوان) یش بوو بە سەرکردەی جەندرمە . ستونێك کە هاوتی لەشکرێك بوو ، دەستوبرد پێکهێنرا و رەوانەی (هەگنا) کرا کە لەسەر رێگای تەلەعفەرە ،ژێنڕاڵ فرێزەر سەرکردە و گۆوان ئەفسەری سیاسیی بوو ، زانیارییەکان



کەم بوون ، ژێنڕاڵ فرێزەر بڕیاری دا چاوەڕێ بکات تاکو هەواڵێکی زیاتر کۆدەکرێتەوە و لە هەمان کاتدا دەرفەت بداتە یاخییەکان تا لە ژمارەیەکی زیاتردا کۆببنەوە و ببنە ئامانجێکی دیاری پەلاماری سوپا .لەکۆتاییدا پاش چەند رۆژێکی کەم پێشڕەویی دەستپێکرد و دوژمنانمان لە شوێنە جیاوازەکاندا بێهیوا بوون . خێڵەکان لەماوەیەکی کەمدا و پاش قوربانییەکی کەم پەرتەوازە بوون . هەروەها سەرکردەی بەرهەڵستکاران و لایەنگرانی کە دەرکەوت جگە لە جەمیل مەدفەعی کەسێکی دیکە نەبوو ، ئەو جەمیلەی کە یەکێك بوو لە هەتیوە زۆڵەکانی لۆرانس لە سوریا . هەروەها چەند پارچە چەکێکی ئینگلیزی کۆکرایەوە دەرکەوت بەشێکە لەو چەکانەی کە چەند مانگێك پێشتر بۆ لۆرانس نێردرابوون و لەویشەوە درابووە عارەبەکان . لێرەوە دەتوانرێت هەستی ئێمە سەبارەت بە لۆرانس و پیاوەگرگنەکانی بهێنرێتە پێش چاو .

لە کاتی ئەم هەرایەدا ، موختاری گوندی تلکێف هاتە لام و هەواڵی تالانکردنی مێگەلی گوندەکەی لە لایەن کوردە گەرگەرییەکانەوە پێڕاگەیاندم ، ئەو مەسەلەیە جێی بایەخ بوو ، بەڵگەی ئەوە بوو کە مەسەلەی بێ یاسایی و نائارامیی بەئانقەست و بە هۆی دەستێکەوە هاندەدرا و پێویستی بەوە بوو رێگەی لێبگیرێت پێش ئەوەی لەوە زیاتر پەرەبیسێنێت . تلکێف گوندێکی کریستییانی بوو ، دوازدە مایل دەکەوێتە باکووری شاری موسڵەوە ، نزیکەی ١٠٠٠ دانیشتووانی لەخۆی گرتبوو و گەورەترین گوندی کریستیانییەکان بوو لە تەواویی وڵاتدا . هەربۆیە دەبوایە بەپەلە کارێك بکرێت ، بەڵام سوپایەك کە بتوانرایە لەم کاتەدا کۆبکرایەتەوە پەلێکی سوارەی هیندی بوو کە فەرماندەکەی دەرەجەدارێکی دووخەت بوو . هەروەها دەستەیەکی هێزی ئەندازیاری سەربازیی کە ئەفسەرێکی پلەیەك فەرماندەی بوو و لەگەڵ چەند پۆلیسێکی سوارە کە زۆر جێگای متمانە نەبوون . ئەمانەم لەگەڵ دەستەیەك سوارەی چەکداری کریستیانی و هەروەها ٢٠ چەکدارێکی سوارەی ئێزیدی کە سەبری بەگی میریان رابەری دەکردن ، ئەمانە پێکەوە کۆکرانەوە ، تێکەڵەیەکی

نارێك كه هەرچەندە لێی رادەمام (سوارە بێهیواكەی كەرەبۆر / گۆرانیەكی میللییە لە ئێرلەندا لەسەر زمانی خەڵكی دەگوترێت –فیدڵهاوس) م دەهاتەوە یاد ، هەرچەندە زۆر تێكۆشابووین تا ئەو هێزەمان كۆكردبۆوە و بێئەوەی گوێ بدەینێ كەوتینە رێ . بەرنامەكە بەو شێوەیە بوو كە تەواوی گوندەكانی گەرگەری پشكنن كە دەكەوێتە نێوان بەرزاییەكانی رۆژهەڵاتی كەناری دیجلەوە. هێزەكانی سوارەو پۆلیس وەك پاسەوانێك لە هەردوو قۆڵەوە پێشرەویی بكەن . گوندەكان یەك بە دوای یەكدا گەمارۆ بدەن ،هەر كەسێك بیەوێت هەڵبێت بیگرن . هێزەكەی ئەندازیاریی سەربازیی لە پێشقەرەوڵەوە كاریگەر دەهاتە بەرچاو ، سوارە كریستیانی و ئێزیدییەكانیش پاشقەرەوڵی هێزەكەی پێكدەهێنا . دوای گەمارۆدانی گوندێك بانگی موختارەكە كرا و دە خولەكی درایە بۆ ئەوەی خەڵكەكە ئاگادار بكاتەوە هەركەسێك چەكێكی گرداری هەیە پێویستە ئاشكرای كات و بیدات بە دەستەوە ، بەپێچەوانەوە هێزەكانی ئەندازیاریی سەربازیی ماڵەكان دەپشكنن و هەر ماڵێك لەو جۆرە چەكەی تێدا حەشار درابێت دەیسوتێنین . كاتێك پشكنین كۆتایی هات ، موختارەكە گیرا و ستونێك بەرەو گوندێكی دی كشا و گەمارۆیدا . لەراستییدا خێرایی مەسەلەیەكی بنەرەتی بوو، زۆر بە باشی دەچووینە پێش و زۆری نە مابوو پشكنینی ئەو گوندەش لێبینەوە، كاتێك پیاوێكی پۆشتەی ئەفەندی كەوەك خوێندەوارێكی شارنشین دەچوو، لێم هاتە پێش و پێیگوتم كە سوپا ساكێكی چنراوی بردووە كە ١٠٠٠٠ لیرەی توركی تێدایە . قسەكەی وەك درۆیەك هاتە بەر گوێم ، بەڵام وەك ئەركێك كە پەیوەندیی بە منەوە هەبوو بە ئەفسەرەكەم گوت ، ئەویش دەستەكەی كۆكردەوە و ریزییكردن و پێیگوتن :" ئەو سەربازە هیندییەی كە ساكێكی پڕ زێڕی لە لایە با هەنگاوێك بێتە پێش "، ئەوەی زیاتر جێگای سەرسامیم بوو ئەو سەربازە بوو كە هەنگاوێك هاتە پێش و ساكەكەی لە نێو كەلوپەلەكانی دەرهێنا و داینا . دواتر دەستمان بە جوڵە كردەوە ، بەڵام بە وریاییەوە لە ترسی تاڵانی و شەڕەخۆریی ، بە تایبەتی خشڵی ئافرەتان . لە تەواوی گوندەكاندا كە نە پشكنرابوون داوامكرد كە بە



مەبەستی پاراستنی شتە بەنرخەكانیان با پێش پشكنین لە ماڵیان بێننە دەرەوە ، دوای ئەوە پشكنینەكە بە تەواویی جێبەجێبكرێت .

پرۆسەكە زۆر سەركەوتوو بوو . بە هێمنی چەند تفەنگێكمان خڕكردەوە ، سەربازانی هیندی زۆر چالاكانە بە دوای تفەنگە حەشاردراوەكاندا دەگەڕان و دەیاندۆزییەوە . ژمارەیەك خانومان سووتاند و سەرخێزانەكانیشمان قۆڵبەست كردن. سزاكەیان ئەوە بوو كە تا گێڕانەوەی ئاژەڵە دزراوەكان لە نێو گرتووخانەكاندا بن و لەوەشمان ئاگادار كردنەوە كە هەر رۆژێك دواكەوتنی گەڕانەوەی مێگەلەكە ، یەكێك لەو سەرخێزانانە دەدرێنە بەر قامچی . ئەوانە تێكرا پازدە دانە بوون ، ئێمە هێشتا لە نیوەیان نەبووبووینەوە كە موختارەكەی تلكێف هات و پێیڕاگەیاندین كە تەواوی مێگەلەكەیان ، هێستر و گوێدرێژ و مەڕ و بزنەكانیان ، ئەو بەیانییە لە دەرەوەی گوندەكەیان دۆزیوەتەوە . ئێمەش موختارە گەرگەرییەكەمان بەردا و پەروەندەكەمان داخست .

پتر لەو دڵەڕاوكێیەی چاوەڕێمان دەكرد ، گرفتی دیكە نەقەوما ، بەڵام یاخیبوونەكە بەرەو راست داگەڕا و لە خوارەوەی فورات و بەرەو سەرەوەی دیجلە و رووباری دیالە ، تا لە ساڵی ١٩٢٠ دا لە هەولێر كۆتایی هات . بەم چەشنە بە تەواویی وڵاتدا خولی خوارد ، زیانێكی گیانی و ماڵی زۆری بەدواوە بوو ، ژمارەیەكی زۆری لە ئەفسەرانی سیاسیی ، لەوانە كۆڵۆنێل لیچمان (١٤ی ئووتی ١٩٢٠) كوژران . هەروەها ژمارەیەكی دیاریكراو لە یەكەكانی هێزی بەریتانیی دوای جەنگ ئەو ناوبانگەیان بۆ نەمایەوە كە چیدی لە خزمەت بەرەدا رابگیرێن .

بڕیاردان لە ئایندەی عارەب زۆر زیاتر لە پاش بەستنی پەیمانی ڤێرسای خایاند ، سێر پێرسی كۆكس لە ئێران بەمەبەستی گرێدانی پەیمانێكی یەك لایەنە لە گەڵ حكومەتی ئێراندا تێدەكۆشا . هێزەكانی پاشایەتیی لە ئێران چووبوونە باكووری وڵات و ناوچەی كەرەند و لە زیان دوور بوون . بە گشتیی تەواویی ئەو هێزانەمان كە پێشتر لە جەنگدا بەشدار بوون ئێستا دوور لە حاڵەتی ئامادەباشییدا بوون ، هەواڵ و

زانیارییەکانمان نادروست بوون ، ئەو گرفت و هەرایە شتێکی پێویست نەبوو . عارەبەکان بە هەرحاڵ سەربەخۆیی خۆیان دەست دەکەوێت . بەڵام ئەوان ئێستا وا بیر دەکەنەوە کەوا بە زۆر و هێز سەربەخۆییان وەدەستهێناوە ، داخی گەورە ئەمە بوو . وێڕای ئەو کێشمەکێشە هەمەجۆرانەی بە دوایدا دەهاتن ، ژیانی ئەفسەری سیاسیی لێرەدا سەرنجڕاکێش و ویلایەتی موسڵیش تا رادەیەکی زۆر لە چەندین رووەوە باشترینیان بوو . بۆ رابواردن و راو و کات بەسەربردن ، دەشتەکانی عێراق :ئاسك ، بەراز ، چێرك ، پۆڕ ، سۆنە ، مریشکی کێوی ، پۆڕ و کێشکەیان تێدایە . بە رووی رۆژهەڵات و بەرەو چیا بەرزەکان کە ١٢٠٠٠ پیٚ بەرزە ، بەفر هیچ کات بە تەواوی ناتوێتەوە ، کەش و دیمەنێکی هەمەرەنگ و کەم وێنەی هەیە بە بەراورد لەگەڵ دوو ویلایەتەکەی دیکە . زێی گەورە و بچووك ، رووباری دیالە و لقەکانی ، رووباری گەورە و خوڕن و ماسیان تێدایە کە زیاتر لە ٢٠٠ پۆوند قورساییان هەیە . لە هەر جێگایەك دەتوانی ئەسپی باش بەنرخێکی ئاسایی ببینیەوە . بۆ شوێنەوارناسە بایەخدارەکان بەهەشتێك بوو ، یەکەمجار لە لایەن (ئەی. ئێچ.لایارد) ەوە شوێنەواری سەدان ساڵ بەر لە ئێستا دۆزرایەوە .تائێستاش چەندین چەندین سەرچاوەی نەدیتراو و بەکارنەهاتووی شارستانیەتی کۆنی لە خۆگرتووە . هەروەها ئەوەی پتر سەرنجی ئەفسەری سیاسیی رادەکێشا بریتیبوو لە هەمەرەنگی خەڵك ، زمان و ئاینی جیاواز لە هەرێمەکەدا. عارەب ، کوردە کۆچەریی و نیشتەجێکان ، ئاسورییە کۆچەر و نیشتەجێی بەرزاییەکان ، کلدانییە نیشتەجێکانی پێدەشتەکان ، لەگەڵ تاقمی بچووك بچووك و پەرتەوازەکانی تورکمانەکان کە دەگوترێت نەوەی شوێنکەوتە و سەربازەکانی تەیمورلەنگن کە بە درێژایی رێگای هەڵمەتەکەی بۆ ناوچەکە نیشتەجێبوون . هەروەها لەشارەکاندا ژمارەیەکی کەم جوو و هێندێك صائیبیی یان پەیڕەوانی یوحەنای مەعمەدان هەبوون ، هەر یەکە و زمانی خۆی ، لەگەڵ بوونی چەندین ئاین و ئاینزای جیاواز ، بە تایبەتیی لەنێو کریستیانییەکاندا ، کە هێندێکیان بە زمانی ئارامیی زمانی عیسای خوداوەندمان دەدوان ، دیارە ئێزیدییەکان لەوانی



دیکە کەمتر سەرنجیان رانەدەکێشا .ئەوەی سێرمۆنیای نهێنییان ئەنجامدەدا و هەربۆیە بە شەیتانپەرستیان ناودەبردن [١٠]، ئێزیدییەکان زۆریان چەوساندنەوە و ستەم بەدەست تورکەکانەوە چەشتبوو ، هیچ کاتێك لەوە دوودڵ نەبوون کە پەنای کریستیانییەکان بدەن کاتێك لە رەشەکوژیی رایانکرد و هەڵاتنە سنجار کە دەسەڵاتی میری ئێزیدی تێدا بەهێز بوو .

ئەو دەمە هەرێمی موسڵ هەزار گوندی دەبوو کە ئامانجم ئەوە بوو لەو ساڵەدا سەردانی زۆربەیان بکەم ، لەو رێگایەوە پیاو دەتوانێت پتر خەڵکە بناسێت و ئەوانیش دەرفەتێکیان دەبێت ئازادانەتر سەبارەت بە گوندەکان و کاروبارەکانیان

---

[10] ئێزیدییەکان خواوەندی تاك و تەنیا دەپەرستن کە ناوی (سوڵتان ئێزی) یە ، شەیتان لای ئێزیدییەکان بوونێکی نیە ، مەلەك تاوس سەرۆکی فریشتەکان چونکە جگە لە خودا کڕنۆشی بۆ هیچ بوونێکی دیکە نەبردووە و یەکتاپەرستی نیشاندوە پلەیەکی زۆر بەرزی دراوەتیٚ ، سوڵتان ئێزی ئافەریدەگارە و کاروباری گەردون و جیهانی بە فریشتەکان سپاردووە کە لە بنەڕەتدا حەوتن و توانای ئافراندنیان هەیە ، هەر بۆیە ئێزی زۆر خۆی لەو کاروبارانە هەڵناقورتێنێت . ئێزیدییەکان بڕوایان بە دۆنادۆنی رۆح هەیە ، ئاینەکەیان بەشێکە لەو ئاینە دێرینانەی دانیشتوانی کۆنی زاگرۆس و رەگەزی ئاینەکانی زۆرانیی و میترایی و زەردەشتیی تێدا دیارە و بە توندیش لەژێر کارتێکردنی ئاینی کریستیانی و ئیسلامدایە . کتێبی پیرۆزیان (مەسحەفا رەش ) و (جیلوە) یە .شێخ ئادی کوڕی موسافیر کە رابەرێکی سۆفیگەراییە و لەسەدەی دوازدەهەمدا ژیاوە ، شوێنێکی زۆر پیرۆزی لای ئێزیدییەکان هەیە و شوێنی مردنەکەی کە چیای لالشە پیرۆزترین جێگایە لایان و سەردانی دەکەن و جەژن و بۆنەکانیانی لیٚ ئانجامدەدەن .ئێزیدییەکان هەموو سێرمۆنیا و تێکستە ئاینییەکانیان بە زمانێکی کوردی پاراو و گۆرانی و بلوێرلێدان ئانجامدەدەن و ئاین کاریگەرییەکی قوڵی بەسەر ژیانی کۆمەڵایەتییانەوە هەیە و بۆ چەند چینێکی کۆمەڵایەتیی دابەشکردوون .ئێزیدییەکان بەگشتی خەڵکانێکی هەژار و بەڕێز و بێدەنگ و دڵپاکن و بەدرێژایی مێژوو لەلایەن دراوسێکانیان و دەوڵەتە تیۆکراتییەکانی ناوچەکە ، بە تایبەتی عوسمانییەکان ، بەتوندی چەوسێنراونەتەوە و چەندین جار پەلاماردراون و ناوناتۆرەی جیاوازیان بۆ هەڵبەستوون ، هەر بۆیە قوربانییەکی زۆریان داوە لە پێناوی پاراستنی ئاینەکەیان ، وێڕای ئەوەی ئێزیدییەکانی چینەکانی خوارەوە وەك مورید تووشی چەوسانەوەی کۆمەڵایەتیی هاتوون لە لایەن میر و شێخەکانەوە ، بەچەشنێك باری شانیانی زۆر گران کردوە . بۆ زیاتر :
خدریٚ سلێمان ، ئێزدیایەتی لبەر رۆشنیا هندەك تێکستی ئایینیٚ ئێزدیان ، بەغدا ، ١٩٧٩ .

بدوێن ، بەشێوەیەك كە لە بارەگای سەرۆكایەتییدا هیچ كات ناوێرن بەو ئازادییە ئاماژە بۆ بۆچوونەكانیان بكەن . ئەوان زۆر پەرۆش بوون هاوەڵیم بكەن و شەویش وەك خانەخوێیەك میواندارییم بكەن . هەروەها ئەوەش دەرفەتێكی مەزن بوو تا باشترین و لەبارترین چەم بۆ راوەماسی و مەلەكردن بیبینینەوە .

لەوێ بۆم دەركەوت كە سێ‌قۆناغ لە ژیانی ئەفسەری سیاسییدا هەبوو ، یەكەمیان بریتیە لە خۆبردنە پێشەوە لە ئەفسەری سوپایەكەی سەركەوتوو ، قۆناغی دووەم بێ‌هومێدی كە هەمیشە بەدوایدا دەهات ، سێهەمیش دركپێكردنی ئەوەبوو كە لە نێو هەر رەگەزێكدا چاك و خراپی تێدایە . هیچ كەس بە رووخسار نابێت قەزاوەتی لەسەر بكرێت ، بەڵكو پێویستە مەسەلەكان بۆ ئەو كاتە دوابخرێت كە ئەو بەڵگە گرنگەكان دەردەكەون و كێشەكە دەچێتە ئەودیوی گومانەوە .

حەوانەوە ئەو كاتە بوو كەلە فەرمانڕەوایەتییەكی توندی ئەو خەڵكە هەڵبێت كە ئاستەنگێكی پێكهێنابوو و تێكەڵییەكی ئاسایی لەگەڵ هیندیەكاندا هەبێت . لەنێو خەڵكی ئەم هەرێمەدا كەسانێكی سەرنجڕاكێش هەبوون كە تا ئێستاش ئەتوانم یادیان بكەمەوە . شێخ عجێل یاوەر هەبوو كە شێخی گەورەی هەموو شەمەرەكان بوو . باڵای نزیكەی ٦پێ‌و ٥ئینچ دەبوو ، پیاوێكی پتەو و قۆز بوو ، دەنگێكی هێمن و پیاوانەی هەبوو ، زۆر زیرەك و وریاش بوو ، لە زۆر كاردا كارامە و گورج‌وگۆڵ بوو .بەتایبەتیی لە ئۆتۆمبێل لێخوڕین و دابینكردنی دەفتەری چەك و كڕین و فرۆشتنی موڵك و ماڵ . لە دەرەوەش ، لە بیابانی ژوورودا میوانخانەیەكی میرئاسای هەبوو . لە پایتەختیش لەوە زیاتری پێدەكرا كە پیاوێكی قۆز و راوچییەك پێیهەڵدەسوڕا . رۆژێك وا رێكەوتبوو لە دەرەوەی شارۆكەكە چاوی بە سەركردەی پۆلیسی بەریتانیی كەوتبوو ، پاش چاك‌وخۆشییەكی ئاسایی ، ئەفسەرە پۆلیسەكە پێیگوتبوو :" یاشێخ ئەمڕۆ بە چ كارێكەوە سەرقاڵی ". شێخ لەوەڵامدا گوتبووی :"ئەچم بە تەقەمەنی راوەماسی دەكەم ".ئەفسەرەكە گوتبووی :" مەگەر نازانی بەم زووانە بانگەشەی قەدەغەكردنی كارێكی وایان كردووە و ئەوەی تۆ دەیكەی دژی



یاسایە".شێخ وەڵامی داوەتەوە و گوتویەتی :" بەڵێ من دەزانم بەڵام ماسیەكان شتی وایان نەبیستووە و نازانن ، رێكە با پێكەوە بچین ".

لە خوارەوە لە شەرگات دوو شێخی جبوور هەبوو كە حەزیان بەوەبوو لە نزیك ئەو گەنجینانەی خواردەمەنیی و پێویستییانەوە بن كە پیاوەكانیان بە بەردەوامیی دزییان لێدەكرد . جگە لەوەی حەزیان بە دۆستایەتیی و نزیكایەتیی ئەفسەری گەنجینە دەكرد . یەك لەو شێخانە ناوی عەلی ئەلحەمادە بوو كە بەوە بەناوبانگ بوو یەكەمین و تەنیا پیاوی خێڵەكە بوو كە گۆرەوی لە پێدابوو . یەكێكی دیكەیان شێخ شێلاش بوو ، كاتێك میوانداری كرابوو لە لایەن تاقمی ئەفسەرانەوە ، یەكسەر داوای (جنی) كردبوو بە ئاوی گوژاڵكەوە كە لای عارەبەكان وەك سۆدە بەكاردێت . كاتێك دزییەكان چەندبارە دەبوونەوە ، هەردووكیانم دەگرت تا بە قودرەتی قادر سندوقە شەكر و چا دزراوەكان دەگێڕدرانەوە شوێنی خۆیان . ئەو مەسەلانە كاری لە دۆستایەتییان لە گەڵ ئەفسەرە بەریتانییەكاندا نەدەكرد .

دوورتر لە رۆخی چەپی خوارووی رووباری زێوە دەرفەتم بۆ هەڵكەوت شەوێك لە ماڵی شێخ نواحی جبوور میوان بم ، ئەو خواردنەی بۆ شێو ئامادەبوو ، تەنیا بریتیبوو لە جۆی كوڵیو و خورما و پێچكەبزن . دوای ئەوەی تەواو بوو ، لەجێی ئەوەی بانگی لەگەن و ئاو بكات بۆ دەستشۆرین ، بانگی كوڕە گەورەكەی كرد كە لاوێكی قژدرێژی پازدەساڵانە بوو ، هەردوو دەستی بەقژی كوڕەكەیدا سڕی ، ئەو قژە ئاڵۆزكاوەی بەسەر شانیدا شۆڕببۆوە . بۆ ساتێك منیش نەمزانی چیبكەم ، بەڵام وا روویدا منیش لاسایی خانە خوێكەم بكەمەوە ، هەربۆیە پرسیارم كرد گەر كوڕێكی دیكەی هەیە بانگی كەن با بێت . ئیدی هات و منیش دەستم بە قژەكەی سڕی . جبوورەكان تا خوا حەزكات پیس‌وپۆخڵن ، هەموویان ئالودەی جۆرە سۆزەنكێكن كە (بەجلەی) پێدەڵێن .

هەروەها ماجیدبەگ هەبوو ، كوێخای گوندی خۆرساباد بوو ،ئەو گوندەی كە پێشتر پرۆفیسۆرێكی ئەمەریكی كاری هەڵكەنینی شوێنەوارناسی تێدا ئەنجامدابوو ،

ئەو پێش ئەوەی ماڵاوایی لە ماجیدئاغای خانەخوێی بکات ، لەسەر پارچە خشتێك و بە شێوازی ئاشووریی ستایش و پیاهەڵدانێکی زۆری پیاوەتیی و لێهاتوویی ماجیدئاغای کردبوو و پێی گوتبوو لە کوێدا ئەو پارچە خشتە بشارێتەوە . پێویست ناکات بگوترێت کە چەند ساڵێك دواتر دووبارە کاری هەڵکەنینی شوێنەوار لە لایەن دەستەیەکی دیکەوە لەو ناوچەیەدا ئەنجامدرابوو ، ئەو پارچە خشتە دۆزرابۆوە کە بە تەواویی هەرا و سەرسامییەکی گەورەی لە نێو ئەو پرۆفیسۆرانەدا خولقاند ، هەرایەك کە مایەی خۆشحاڵیی ماجیدبەگ بوو کە دواتر راستیی مەسەلەکەی بۆ درکاندبوون .

١٦مایل لەولای موسڵەوە و لەسەر ئەو رێگایەی کە بەرەو هەولێر دەڕوات ، کڵێسای خدر ئەلیاسی هەیە کە لە لایەن مەزنە کەشیشی سوریی کاسۆلیکەوە بەڕێوەدەبرا . ئەم کەشیشە رۆڵێکی باشی لە بەدەمەوەچوونی ئەو دیلە نەخۆش و بریندارانەدا هەبوو کە لە دوای گەمارۆی کوت—ئەلعەمارەدا بەرەو تورکیا راپێچکرابوون . هەربۆیە سروشتیی بوو ئەو کڵێسایە لە لایەن ئێمەوە رێزێکی تایبەتی لێبگیرێت . هەروەها لەکاتی پێدانی هاوکارییدا لە پێشەوەی لیستەکەدا شوێنی بۆ دانرابوو . وێڕای ئەوەی لەکاتی کەمکردنەوەی گۆلکە زیادەکانی سوپادا ، بانگی کەشیشم کرد کە دوو جووتی باشی بۆ کڵێساکە لێ هەڵبژێرێت کە زەوییەکەی باشی بەدەورەوە بوو جووتی تێدا دەکرا . کەشیش بە راستی سێ دانەی باشی هەڵبژارد ، بەڵام چوارەمیان هێندێك لەڕ بوو . ئەمە سەرسامی کردم ، ئەو پیاوەخۆ شارەزایە لە ناسینی ماڵات و جۆری ئاژەڵدا ، پێیگوتم :" راستە ئەوەی چوارەمیان بچووك و لەڕە ، بەڵام پێموایە گایەکی باشی لێدەردەچێت و وادەکەم لەگەڵ هێندێك لە مانگاکانماندا کەڵ بگرن ، ناویشی لێدەنێم ئەنوەر پاشا ، ئەو ژێنراڵە تورکە بەدناوەی کە تورکیای ناچار کرد لە جەنگەوە تێوە بگلێت و خۆشی لە بەرەی روسیادا کوژرا . هەوڵمدا ئەوەی بۆ روونبکەمەوە کە وێڕای ئەوەی چوارەمیان دەبێتە گا ، بەڵام ئەوەی ئەو چاوەڕوانی دەکات ئەستەمە رووبدات ، چونکە لەلای هیندییەکان باوە کاتی خەساندنی ئاژەڵ گونەکەی نابڕن بەڵکو دەیساونەوە ،



هەربۆیە هێندێك جار وێڕای ئەوەی گونەکان دەمێنن بەڵام سوودێکیان نابێت و تۆو نادەن . لەگەڵ ئەوەش هێشتا کەشیش دەستبەرداری بۆچوونەکەی خۆی نەبوو ، ئەوەی کە ساڵانی دوایی و بە لەدایك بوونی گۆلکێکی نێر سەلماندی .

لە موسڵ کەسایەتییەکی دیکەی مەزن هەبوو ناوی (ئیبراهیم جیسر) بوو . ئەم کابرایە شارەزایەکی بواری دانانی پردی کاتیی بوو بە درێژایی رووباری دیجلە لە موسڵ ، هەروەها وەستایەکی لێهاتووی بواری دروستکردنی کەڵەك بوو ، مەلەوانێکی مەزن بوو ، خانەخوێیەکی چاوتێریش بوو . هێندێك جار کە ئاستی ئاوەکە لەکاتی لافاودا دەگۆڕدرا ، ئەو خۆی دەچوو پردەکەی دەقرتاند پێش ئەوەی ئاو بیبات .کاتێك یەکێك لە فڕۆکەوانەکانی هێزی ئاسمانی پاشایەتیی بە نزمیی فڕیبوو و خۆی دابوو بە تەلی تەلەگرافدا ، ئەوە ئیبراهیم بوو کە لە قوڵایی دیجلە دەریهێنابۆوە ، ئەو بە ژێرەمەلە و گەڕانی بن ئاودا ناوبانگی دەرکردبوو ، ئەو چووبووە بن ئاوەکەوە و بە دەمی پشتوێنی فڕوانەکەی کردبۆوە و هەر لە ژێر ئاوەکەدا کاتژمێری فڕۆکەوانەکەی ماشیبۆوە .. دەمی هاوین ئاهەنگ و بەزمی خۆشی دەسازاند و کاتێك ئاوەکە لە ئاستی خۆی دادەبەزی ، میوانەکانی بە بەلەم دەبردە دورگەیەکی دیاریکراو ، لەوێ تاقمێك ئافرەتی عارەبی سەماکەری لێبوو بە تەواوی دەستەی مۆزیقاژەنانەوە . خواردن تەواو خۆماڵیی بوو ، وەك ماسی برژاو ، گۆشتی برژاوی بەرخ لەسەر برنج ، شووتی و کاڵەك و تێکڕای ئەوانە پێکی عارەقی بێ کۆتاییان دەکرا بەسەردا ، کە جۆرێك کحولی خۆماڵی بوو وەك ئۆزۆی یۆنانی لە خرمای ترشاو دروست دەکرا و کاتێك ئاوی تێدەکرا رەنگەکەی سپی دەبوو . شەرابێکی دیکە هێندەی عارەق شك نابەم هێندەی عارەق پیاو سەرگرم و مەست بکات ، بە تایبەت ئەوەکەی ئیبراهیم خۆی دروستی دەکرد . کاتێك مارشاڵی هێزی هەوایی کاتژمێرێکی وەك پاداشت پێشکەش کردبوو ، ئیبراهیم ئەوەی درکاندبوو کە ئیدی دەبێتە خاوەنی دوو کاتژمێر ، یەکێکیان ئەوەی پێیانبەخشیوە و ئەوەکەی ترشیان کە دزیویەتی . جارێکیان لە لایەن سەعید بەگی میری ئێزیدییانەوە میوانداریی کرام بۆ سەردانی

جەژنەکەیان کە ساڵانە لە دەشتێکدا ئەنجام دەدرێت ، ئەو دەشتەی رێك دەکەوێتە خوار عەین سیفینەوە ، لەم بۆنەیەدا تەواوی ئێزیدییەکانی شێخان و ژمارەیەکی زۆری دیکەی ئێزیدییەکانی شەنگال لە خێوەتگایەکی گەورەدا کۆدەبنەوە . لەوێ شێخ و پیر ئامادە دەبن و هیچ دەرفەتێك بۆ کۆمەك کۆکردنەوە لە کیس خۆیان نادەن . هێندێك جاریش نوێنەرێکی خۆیان لە گەڵ پەیکەری تاوسی پیرۆز دەخەن ، کە دەگوترێت لە زێڕ دروستکراوە . قەبارەکەی هەر هێندەی کۆترێکە کە ماچکردن و دەستلێدانی دەبێتە کۆکردنەوەی دراوێکی ئەوتۆ هێندەی ئەوەیە کە موسوڵمانەکان لە کاتی سەردانی مەککەدا دەستیان دەکەوێت . تەنیا کەسێك کە ئێزیدیی نەبێت و هەمیشە لەو جەژنەدا بەشدارە کریستیانییەکە بە ناوی (ئیبراهیم قەرەگولە) کە چەند ساڵێك دواتر لەلایەن دادگایەکی دەمارگیری حکومەتەوە کوژرا . سەماو هەڵپەرکێیەکی زۆر لەسەر دەنگی دەف و شمشاڵ بەرێوە دەچوو . ئینجا سەرەی ئەسپسواریی و دواتریش خوانی رازاوەی شێو و مەینۆشیی . باشم لەیادە کە قەواڵێك بە بەرگە رەشەکەیەوە سواری یەکێك لە ئەسپەکانی میر بوو ، بەدەستێکی بوتڵێك ویسکی و قاپێك عارەقیشی بە دەستەکەی دیکەیەوە گرتبوو ، بە دەوری خۆیدا دەسوڕایەوە تاکو هەردوو بوتڵەکەی قەترەبڕکرد . من چاوەڕێی ئەوە بووم هەر لە نیوەیدا گێژبێت و لەسەر ئەسپەکەی بەربێتەوە ، ئەوە بۆچوونەی کە رای دکتۆر نیکۆڵسنیش بوو کە ئەو دەمە لەگەڵمدا بوو ، بەڵام ئەو بەردەوام بوو ، ئەوەش مایەی چەپڵەلێدان و ئافەرینێکی گەورەی ئامادەبووان بوو ، بەڵام ئەگەر دواتر تووشی هیچ جۆرە ناساغییەك هاتبێت ئەوەیان کەس هیچی لەبارەوە باس نەکرد .

میر کەسێکی جوانخاسی کەم وێنە و تەمەنی بیستوپێنج ساڵێك دەبوو ، باڵابەرزێکی باریکەلە، لوتێکی درێژ و باریك و چەماوەی هەبوو ، پرچێکی چین چین بەسەر شانیدا هاتبۆ خوار و دەستێکی بچووکی وای هەبوو کە هیچ کات دەستی وام بە پیاوەوە نەدیوە . ئەوەی نیکۆڵسنیش بۆ ئەوەی گێڕایەوە کە مەسەلەکە بۆ ماوەییە و باوانی میر کەسانێك بوون لە تەمەنیاندا کاری گرانیان نەکردووە . ئەو زۆر



شانازیی بەو ئەسپە رەسەنە نوێیەوە دەکرد کە لە عارەبەکانی خێڵی شەمەری جەزیرەوە دەستی کەوتبوو . داوای لێکردم کە بۆ سەرلەبەیانی رۆژی دواتر پێشبڕکێیەك بکەین . من ئەو کات ماینێکی باشم لە ژێردا بوو کە ماینی سەرکردایەتیی هێزی سوارە بوو و چەند پێشبڕکێیەکی سەربازییشی بردبۆوە . ئەوەشم دەزانی کە لە بەرامبەر ئەسپی عارەبییدا تەنیا ئەم ماینەی ژێرم توانای ململانێی هەیە ، هەربۆیە بێ دواکەوتن داواکەی میرم پەسەند کرد . بەڵام کاتێك بەیانیی هات و خۆر دەرکەوت ، میر لە هیچ کونێکەوە دیار نەبوو ،هەر بۆیە چووینە بارەگای میر تا بزانین مەسەلە چییە ، لەوێ میرمان بینی لەنێو کەژاوەیەکدا پاڵکەوتبوو و ژنەکانیشی هەموویان دەویان لێدابوو ، لەوەڵامی دکتۆر نیکۆڵسۆندا گوترا کە ناونەبراو (مەبەست لێی جنۆکەیە ، چونکە ئێزیدییەکان خۆیان لە هێنانی ناوەکەی دەپارێزن ) چۆتە سەرێوە . وا دەردەکەوت کە میر هێندەی قەواڵەکە بەرگەی مەینۆشیی نەگرتبێت . لەژێر کەژاوەی میر دا چەند قاپەشەرابی لێکەوتبوو ، دەستوبرد نیکۆلسۆن دوو دەنك حەپی ژمارە ٩ی سوپا و دەستەیەك حەبی ئەسپرینی دایە و لەوەشی دڵنیاکردەوە کە پاش کاتێکی کەم ناونەبراو هەم لە سەر و هەم لەژێر کەژاوەکەیدا دەردەپەڕێت . بۆ زیاتر میرم دڵنیا کردەوە کە نیکۆڵسۆن پزیشکی تایبەتی جۆرجی پاشای بەریتانیا بووە و زۆر جار ئەو کارە ئەفسوناوییانەی بە سەرکەوتووییەوە ئەنجامداوە . هەر بۆیە بە پەرۆشەوە ژمارەیەکی زۆری لە حەبەکان قووتدا و ئێمەش کە گومانمان لەوە هەبوو ئازارەکەی تا ماوەیەکی زۆر بەردەوام دەبێت ، داوای مەرەخەس و ماڵاواییمان لێکرد . هەفتەیەك پاش ئەوە شوانێکی ئێزیدیی لە دەرەوەی بارەگای سەرۆکایەتیی لە موسڵ دەرکەوت چەند مەڕ و کارژۆڵەیەکی دەلەوەڕاند ، لەومان بیست کە تەندروستی میری ئێزیدییان بەرەو باشتر چووە و چاکبۆتەوە .

کاری ئەفسەری سیاسیی لەو رۆژانەدا زۆر سەرنجراکێش و ئاڵۆز و ناڕەحەت بوو، بە بەردەوامیی سەرپەرشتیی باج و کۆکردنەوەی، فێرکردن ، کشتوکاڵ ،

کۆنترۆڵکردنی پۆلیس و جەختکردنەوە لەسەر چەسپاندنی نەزم و ئارامیی . وەك دادوەرێکیش کێشەی زۆر هەبوو ، پێویستی بە گوێگرتن بوو ، داواکاری نووسراو دەبوایە بەڕێبکرێت ، ئەو کاتەش یەکێك لە سێدارە دەدرا ، وەك ئەندامێکی دەستەی دادگا کە لە سێ کەس پێکدێت و سەرۆکەکەی پارێزەرێکی پسپۆڕ دەبێت ئامادە بێت . ئیستیخبارات دەبوایە وەڵامی پرسیاری سەرجەم جێگاکان و سەبارەت بە تەواوی بابەتەکانی لابووایە و لەگەڵیاندا لە پەیوەندییدا بووایە ، هەر لە بابەتی هەڵکەنین و پشکنینی شوێنەوارەوە تا بایەخدان بە زانستی ئاژەڵ و گیاندران . هەروەها بە بەردەوامیی و ئەو کات و دواتریش پەلاماری خێڵەکان و ململانێ و کێشمەکێشی سنور پێویستیی بە وریایی و تێبینی خێرا و شەخسیی هەبوو . خێڵە عارەبەکان هیچ کاتێك ئەوەندەی ئەو کاتە پڕچەك نەبوون ، هەر بۆیە شتێکی سروشتیی بوو بە مەبەستی یەکالاکردنەوەی کێشەو رقەبەرایەتییە کۆنەکانیان پەنای بۆ بەرن . هاوکات لە باکوورەوە و لەناوچە بەرزاییە کوردییەکاندا تورکەکان خەریکی ئاژاوەنانەوە و هاندانی نائارامیی بوون .

جارێکیان لە راوەدونانی تاقمێکی چەتەدا کە لە سوریاوە پەلاماریان دەدا و لە ژێر رێبەرایەتیی نیجریس ئەلجوادی سەر بە عەشیرەتی عەگیدات بوون ، بە زریپۆشێك وەدویان کەوتین تا گەیشتینە کۆنە شارێکی وێرانەی سەردەمی پارسەکان ناوی (حەزرە) بوو ، ئەو شارە دەکەوتە دۆڵی سەرسارەوە و نزیکەی ٦٠ مایل لە رۆژئاوای شەرگاتەوە بوو . دیواری شارەکە بەردچن بوو ، بەردەکان هەشت گۆشە بوون و نەخشیان لەسەر هەڵکەندرابوو و بە جوانی رازێنرابوونەوە . چاڵەئاوێکی سوێری گەورە و مێرگێکی بچووکی لێبوو کە ئاوی شیرینی هەبوو ، لەوە زیاتر هیچی دیکەی لێنەبوو ، جگەلەوانەی کە ٦٠ کم دوور لە دیجلەوە دەژیان ، شوێنێکی نزیکتر لەو ناوەوە نەبوو .

هەروەها لە ناوچە بەرزاییە کوردییەکاندا ، پیاو ناتوانێت تەواو دڵنیابێت کاتێك نەخشەی هەڵکۆڵراوی ئاشوورییە کۆنەکان لە لایەن شوانە خۆماڵییەکانەوە



دەردەهێنران . ئەوەی توانیمان ئاشکرای کەین کاتێك بۆ راوەکەرویێشك سەردانی ئەو ناوچەیەمان کرد .

زریان و بارانێکی زۆر بەو دواییە دامێنی سەرچاوەی چەمی بەستۆرەی رامالیبوو، کە لە دووری ١٥ مایل ی باکووری هەولێر دەڕژایە زێی گەورەوە . بەوەش تابلۆیەکی بەردینیی گەورە دەرکەوتبوو کە بە ئاشووریی کۆن لەسەری هەڵکەندرا بوو . شوێنەکە دیارییکراو لە رۆژی دواتر پرۆفیسۆرێکی ئیتاڵی شوێنەوارناسیی برایە سەری تاکو نووسینەکە لێکبداتەوە ، ئاکامی نووسینەکە ئەوە بوو کە پاشای ئاشووری زانیویەتی خەڵکی ناوچە چیاییەکان راپەڕیون ، هەر بۆیە لەشکری خۆی ناردۆتە سەریان تا لێیان بدات ، ئەم مەسەلەیە زۆر کاریگەرتر لە حاڵەتی ئاسایی ئەنجامدەدرا، پیاوان کوژرابوون ، منداڵان کرابوونە کۆیلە ، خانووەکان سووتێنرابوون، موڵك و ماڵەکانیش دەستیان بەسەردا گیرابوو . لە کۆتاییدا تابلۆکە بۆیە هەڵبەسترابوو تا ببێتە پەند بۆ خەڵکانی دیکە و چاوترسێنیان بکات . بەگشتیی پیاو ناتوانێت وا بیر بکاتەوە کە لە هێندێك شێوازدا لە ماوەی ئەو ٣٠٠٠ساڵەدا بەرەوپێشچوونێك نەهاتبێتە دی .

لە دوا قۆناغەکانی جەنگدا ، پێش شۆڕش بە ماوەیەکی کەم ، روسەکان لە رۆژهەڵاتی تورکیا و رۆژئاوای ئێراندا لە سێ قۆڵی جیاوازەوە پێشڕەوییان کرد ، بە ئامانجی ئەوەی لە گەڵ هێزەکانی ئێمەدا یەکبگرنەوە کە تازە بەغدایان گرتبوو ، ئەوان لە باکووری رۆژهەڵاتەوە هاتبوون . قۆڵی رۆژئاوایان لە هەرێمی وان دا جێگیر ببوو . قۆڵی ناوەڕاستیشیان لە رەواندز تێپەڕیبوو ، کە ناوچەیەکی سەختی شاخاوییە و نەیتوانیبوو رێگەی خۆی بەرەو دەشتی هەولێر ببڕێت ، هەر بۆیە ناچار پاشەکشەی کردبوو ، قۆڵی رۆژهەڵات لەگەڵ ئەوەی ئامادەکاریی کردبوو تا بگاتە خانەقین .

لەوێ توانییان لەگەڵ ئێمەدا یەکبگرنەوە کە تیپی ١٣ بۆ پێشوازیان رەوانە کرا ، سەرکردەی هێزی پێشڕەوی روسی پەلێکی قەوزاقیی سوارە بوو کە دەستبەجێ

بەرەو بنکەی سەرکردایەتیی لە بەغدا ملی نا ، لەوێ بە ئامادەیی سەرکردەی ستاف بینرابوون . کاتێك بە زمانی فەرەنسیی سەرکردە روسییەکە دوێندرابوو ، سەرەتا هێندێك پەشۆکا بوو ، بەڵام دواتر بە ئینگلیزییەکی رەوان وەڵامی دابۆوە ، ئەو ئەوەی باسکرد کە کاتی خۆی پیترۆسی مەزنی تزاری روسیا ، باو و باپیرانی لە سکۆتلاندەوە رەوانەی روسیا کردوون . بێگومان ئەو ئەفسەرە بەریتانییەی کە لە خانەقینەوە ئەوی لەگەڵ خۆی بردبووە بەغدا ئەوەی بە چاکی دەزانی بەڵام بۆیە ئاشکرای نەکردبوو تا وەك شتێکی لەناکاو جێگای سەرسامیی ئامادەبووان بێت .

پێش ئەوەی کۆتایی بەم بابەت و رووداوانە بهێنین ، پێویستە بگوترێت کە هەڵسوکەوت و ئاکاری سوپای روس لە خانەقیندا بە شێوەیەك نەبوو کە خۆشەویستی خەڵك بۆ خۆیان و هێزەکانی هاوپەیمانان وەدەستبێنن . ئەوان بە بیستنی هەواڵی شۆڕش تا دەهات خراپتر دەبوون ، هەر بۆیە سێر پێرسی کۆکس جەختی لەسەر پاشەکشەی هێزەکانی روس کرد .

ئەمێستا ئەو وڵاتەی کە هێزەکانی روسیای پێداهاتبوون و تێیدا دەرکەوتبوون ، کە بریتیبوو لە هەرێمی هەکاریی و تەواوی ئەو ناوچە شاخاوییە سەختانەی کە کەوتبوونە هەردوو دەریاچەی وان و ورمێوە و خێڵەکانی کورد و ئاسوریی تێدا نیشتەجێ بوون . تاقمێکی پاشماوەی رابردوو و دابڕاو هەبوون کە زمانەکەی خۆیان پاراستبوو و ئاینی کریستیانیان لە قۆناغە سەرتاییەکاندا وەرگرتبوو ، ئەوانە ئێستا سەر بە کڵێسای ئینگلیکانیی بوون . لە راستییدا ئەوان لە سوودی نوێنەرایەتیی سەرپەرشتیاریی کڵێساکان لە کانتەربری و لەسایەی دکتۆر ویگرامدا بەهرەمەند بوون. ئەو ویگرامەی کە بەدیدەنی شەرەفمەند بووم و کتێبەکەی (لانکی مرۆڤایەتیی) کارێکی زۆر پڕ زانیارییە لەسەر ئەو خەڵکە ناوازەیە . لێرەدا پێویستە بگوترێت کە ئەو پاشماوەیەی ئاشوورییە کۆنەکان نزیکەی ٥٠٠٠٠ کەسێك دەبوون کە لەنێو گوندە سەختە چیاییەسەختەکاندا دەژیان و لە دەوروبەر دابڕابوون ، ئەوانە لە لایەن



رابەرێکەوە فەرمانڕەوایەتیی دەکرا کە ناونیشانی (مارشیمۆن) ی هەبوو ، کە لە هەمان کاتدا رابەری باڵای ئاینییان بوو .

لە گۆشەیەکی دوور دەستی ئیمپراتۆری عوسمانییدا کە بە خێڵی موسوڵمانی پەرتەوازەی دەمارگیر دەورەدرابوون . ئەوان پابەندی ئاین و دابونەریتی خۆیان بوون و رێزی خێڵەکانی ناوچەکە و دەزگا فەرمییەکانی تورکیشیان بۆ خۆیان بەدەستهێنابوو . کاتێکیش جەنگ هەڵگیرسا و لە ناوچەکانیان نزیك بووەوە ، زۆر ئاسایی بوو کە لەگەڵ هاوسێکەیاندا بکەونە راز و نیاز گۆڕینەوە و بڕیاری پەیڕەوکردنی سیاسەتێك بدەن کە بەرژەوەندیی هەردوولایانی تێدا بێت . تورکەکان چەندین شۆڕشی کوردەکانیان سەرکوتکردبوو بە چەشنێکی زۆر دڕندانەتر لەوەی کە لە کێشەی سەرکوتی ئەرمەنەکاندا گرتبوویانەبەر . لەکاتێکدا ئاسورییەکان لە سۆنگەی هاوئاینییەوە زیاتر لایەنگریی هاوپەیمانەکانیان کرد ، روسەکان کریستیانیی بوون ، لەوەش گرنگتر ، هەردوولا واتە روسەکان و بەریتانییەکان وەك لایەنی سەرکەوتوو لە جەنگەکەدا دەهاتنە پێش چاو . هەربۆیە زەمینەی هاوبەش بۆ رێکەوتن لەبار بوو کاتێك مارشیمۆن بە هاوەڵی نزیکەی پەنجا سوارێکەوە چووبوون بەدەم بانگهێشتی ئیسماعیل خان سەرخێڵی شکاك کە لەنێو خەڵکدا بە (سمکۆ) ناسرابوو ، تاکو لە گوندەکەی سمکۆ کۆببنەوە ، لە کاتی گەیشتن دا مارشیمۆن لەبەر پلەوپایەکەی مامەڵەیەکی جیاوازی لەگەڵدا کرا ، خوانیان راخست و وتووێژیان لەسەر رەوشەکە کرد و لە کۆتاییدا رێکەوتن پاڵپشتی هاوپەیمانەکان بکەن . بەڵام کاتێك هەڵدەستێت بڕوات و لەدەرەوەی ماڵەکە لەلایەن خانەخوێکەیەوە گەمارۆ دەدرێن و مارشیمۆن و پاسەوانەکانی جگە لە چەند دانەیەك ، بە تەواویی کوژران [11].

[11] کوشتنی بنیامین مارشیمۆن و پاسەوانەکانی بەدەستی سمکۆ و چەکدارەکانی خێڵی شکاك لە ١٩١٨/٣/١٧دا رووداوێکە سەرنجی مێژوونووسانی راکێشاوە ، شایەنی باسە زۆربەی نووسەرە کوردەکانیش لە رووی نەخوێندنەوەیەکی قووڵی رووداوەکانی ئەو سەردەمەوە و هێندێکیشیان بۆ ئەوەی سیفەتی پێشکەوتنخوازییان بخرێتە پاڵ ، بە توندی ئەو کارەی سمکۆیان سەرزەنش کردوەو بە رەفتارێکی ناجوامێرانە و پەڵەی رەش ..هتد ناوبردوە . شایەنی باسە نەستورییەکان

یـان وەك پێـان دەگوترێـت ئاسـورییەکان ،کـە لـە کـاتی جەنگـدا دایانـە پـاڵ روسـیا و لەلایـەن تورکەکانـەوە بە توندی لێدران و لـە ناوچـەی هـەکاری دەرپـەڕێنران ، پـاش هاتنـەوەی روسـەکان و هاتنـەوەیان بۆ ناوچـەی رۆژئاوای دەریاچـەی ورمـێ ، کوشتارێکی گـەورەیان لـە خـەڵکەکـە کرد کـە دەچـێتە قـاڵبی پاکتـاوی رەگـەزییـەوە ، بـە هـەزارەها کوردیـان کوشـت و ژنـەکانیان تـالان کـردن و خانووەکانیان سوتاندن ، چالاکی سیاسیی ئاسورییەکانیش لەم قۆناغـەدا بەتوندی بۆ دامەزراندنی (دەوڵەتی ئاشووریی) دەستپێکرد کە نەخشەکەی وەك دایاننابوو لـە ئەسکەندەرونەوە بۆ کەنداوی فـارس بـوو ، کـە تـەواوی خـاکی کوردسـتانیان خـستبووە سـەر و لـەو رووەوە بـۆ یەکخـستنی ئاسورییەکانی هەکاری و ورمێ هەڵدەسووڕان . دوای کشانەوەی روسـەکان ، ئاسـورییەکان خـۆیـان بـە بـەریتانیادا هەڵواسـی ، ئـەویش لـە بەرژەوەندییـدا نـەبوو کـە عوسمانییـەکان ئـەو بۆشـاییەی روسەکان بە جێیانهێشتووە پڕی بکەنەوە ، هەر بۆیە داوایان لە رابەری ئاینیی و سەربازیی گشتی ئاسورییەکان کرد بۆ نەهاتنەوەی تورکەکان تێبکۆشن ، ئەوانیش کە وەك هێزێکی چەکدار خۆیان بە تەنیا دیتەوە ، کەوتنە سەر ئەو فیکرەی بۆ ماوەیەکی کاتیی لە دوژمنەکانی دوێنێیان نزیك بنەوە و هاوپـەیمانێتییان لەگەڵدا ببەستن ، لـەم رووەشـەوە سمکۆیـان هەڵبـژارد ، چونکە سمکۆ هـەم هێـزی هـەبوو ، هـەمیش زۆر لـە عوسمانییەکانـەوە نزیـك نـەبوو و بگـرە دوژمنایەتییـشی کردبـوون ، بەریتانیاش ئەم بۆچوونەی پێ پەسەندبوو ، بەڵام سمکۆ ئاکامی بەستنی هاوپەیمانیەتییـەکی وا بـە زیانێکی گەورە دەبینیی لەسەر دەسەڵاتی خۆی و ئایندەی ئامانجە سیاسییەکانی کە دامەزراندنی دەوڵەتی یەکگرتووی کوردستان بوو ، ئەو کوردستانەی کە چ ئەو کات و چ ئێستاش لە لایەن ئەو ئاسورییە توندڕەوانەوە هەرگیز دانی پێدا نەنراوە ، پشتگیریی بەریتانییەکان و فەرەنسییەکان و دەوڵەتانی هاوپەیمان لە ئاسورییەکان لە رووی بەرژەوندیی تایبەت و بە هۆی دەمارگیری ئاینییەوە ، ئەوەندەی تر سمکۆی خستە دڵە راوکێ ، هەر بۆیە سمکۆ بەو کۆنە قینـەی کوشتاری ساڵانی جەنگ وتۆڵەسەندنەوە ، هەروەها لە پێناوی زاڵبوون بەسەر هەڕەشەی ئاسورییەکان بە کەمترین زیان و وەشاندنی توندترین گورز ، ئەو داوایەی پەسەند کرد کە مارشیمۆن بۆ دیدەنی سمکۆ ناردبووی ، دیدەنییەکەش لە گوندی (کۆنەشار) ئەنجامدرا کە گوندی تەیمورئاغا بوو ، یەکێك بوو لە دۆستەکانی سمکۆ . ئاکامەکەشی کوشتنی مارشیمۆن و پاسەوانەکانی بوو.ئارنۆڵد ویلسن لە ل ١٧٤کتێبەکەیدا دەڵێت :"ئەوان (واتە کوردەکان/سەردەشتی) تووشی دەردەسەریی و ئازارێکی زۆر هاتن بە دەست روسە هاوپەیمانەکانمان و ئەو ئەرمەنیی و ئاسورییانەی پێی هەڵەخەڵەتابوون ، کاتێکیش کوردەکان دەرفەتی گونجاویان دەست کەوت بە توندی و بێ ئەوەی هیچ خۆیان تووشی مەترسییەکی راستەقینە بکەن لە هاوینی ١٩١٨دا تۆڵەی خۆیان لە ئاسورییەکان کردەوە ". لە راستییدا کوشتنی مارشیمۆن لە کاتی دیدەنیو گفتوگۆدا لە گەڵ ئاکاری جەنگاوەرانەی سمکۆدا نایەتەوە ، بەڵام کاتێك خوێن و تۆڵە بەرچاوی مرۆڤ دەگرن و هەموو هەوڵەکان بۆ یەکتر سڕینەوە



ئاسورییەکان پێکەوە کۆبوونەوە و کەوتنە راوەدونانی سمکۆ و لـە پێـنج گوندەکـەی دەریانکرد و ماڵەکـەیان سـوتاند ، بـەڵام ئـەم سـەرکەوتن و تۆڵەسـەندنەوەیان کـەمی خایاند ، چونکە سمکۆ یلانێکی باشی ئامادەکردبوو ، لە ئاکامدا ئاسورییەکان خۆیـان دژی تەواوی خێڵە کوردەکانـدا دیتـەوە کـە لـە چـواردەوریان بـوون . هەربۆیـە تێکـڕا پێکەوە کۆبوونەوە ، پیاو ، ژن ، منداڵ ، تەواوی ئاژەڵـەکانیان هەرچییەکیان هـەبوو لە کەلوپەلی نێوماڵ و خـواردن و ئـەوەی بۆیـان هـەڵگیرا ، لـەژێر رێبەرایـەتیی ئاغـا بیترۆسـی سـەرکردەیان ، بـەرەو شـوێنی پەنابـەریی و سـەربازخانەی سـەرەکیی بەریتانیا ملیان نا ، ئـەوەی لـە کۆچـەکەی موسا دەچـوو کـە کـوڕانی ئیسرائیلی لـە میسرەوە گواسـتەوە بـۆ زەوی گفتپێدراو . ئاسـورییەکان بـەهۆی دوژمنایـەتیی ئـەو خێڵەکییانـەی بەدرێـژایی رێگاکـە لـە هـەردوولاوە هێرشـیان دەکردنەسـەر ، زۆریـان چەشت و زیانێکی گەورە بە خۆیان و ماڵ و ماڵاتەکانیان گەیشت . بـەڵام تیپـی ١٣ی هێزەکانمان فریایان کەوتن و گواستنیاننەوە بۆ خانەقین و دواتر بۆ باقوبـە کـە لـەوێ کەمپێکی پەنابەرییان لەسەر کـەناری رووبـاری دیالـە و ٢٠مایـل دوور لـە بەغـداوە بـۆ ئامـادەکرا . ئاسـورییەکان لـەو شـوێنەدا لـە کـاتی شۆڕشـی سـاڵی ١٩٢٠ لـە لایـەن عارەبەکانەوە پەلاماردران . ئەو عارەبانەی هەر زوو بۆیان دەرکـەوت کـە ئـەم خەڵکـە لە مەعدەنێکی دیکەی جیاوازن لەو کریستیانیە لاوازانەی دەشتی موسڵ کـە دەسـتو قامکیان لەگەڵ نەهامەتیی ژیان و چارەڕەشییدا نەرم کردووە .

دوای ئاگربەست ماوەی شەش سـاڵێکی خایانـد پـێش ئـەوەی ئاشـتی بـۆ دواجـار لەگەڵ تورکەکاندا بێتەدی ، ئەو تورکانەی کە بە درێژایی ئەو ماوەیـە و بـە مەبەسـتی دەرکردنی ئێمە لە ویلایەتی موسڵ لە هیچ کارێك کەمتەرخەمییان نـەکرد و دەسـتیان

دەخرێنە گەڕ و ناکۆکیی و پارادۆکسە سیاسییەکان و خۆسەپاندن باڵادەست دەبێت ،بنەمایـەك بۆ تێگەیشتن نابینرێن ، لایەنە رەوشتییە نمونەییەکانیش شوێنێکیان بۆ نامێنێتەوە . بۆ زیاتر :

یاسین خالد سردشتي ، صفحات من تأريخ آثوريي كوردستان ابان الحرب العالمية الاولى /تحقيق تأريخي حول أغتيال الزعيم اللآثوري بنيامين مارشمعون من خلال النصوص التأريخية ، دهوك ، ١٩٩٩.

نەپاراست . ئەو ویلایەتەی کە کە سێیەکی ، لەراستییدا باشترین سێیەکی تەواویی میسۆپۆتامیای پێکدەهێنا ، ئەو ناوچەیەی کە دواتر بە عێراق ناوبرا . هەرچەندە ئێمە لە جەنگەکە براوە بووین ، بەڵام هەموو هەوڵێکمان بۆ سەپاندنی مەرجێك کە ئاسورییەکانی پێ لە سنورەوە بگێڕینەوە ناوچەکانی خۆیان شکستی خوارد . ئەو گەلە چیاییە کە لە باقوبە بێزاربوون ، وا باشتر دەبوون کە ئەگەر لە وڵاتەکەی خۆیانەوە بوونایە و بەرەو باکوور ببرێن . هەربۆیە وەك ئەرکێك دەبوایە شوێنێکیان بۆ هەڵبژێرم تا تێیدا هەڵدەن . ئەمەش یەکەمین ئەزموونم بوو لەگەڵ ئام پیاوە ئازایانە بەڵام بەدبەختانەدا . لە تەواوی ئەو گەلانەی کە لە ساڵەکانی جەنگی ١٩١٤–١٩١٨ دا چوونە پاڵ هاوپەیمانەکان و لایەنگریان بوون ، تەنیا ئەم گەلە بوو زێدی خۆیان لەدەستدا . لەئاکامدا شوێنەکە هەڵبژێردرا کە دەکەوتە سەر رووباری خازەر و لە باشووری رۆژهەڵاتی لوتکەی چیای مەقلوب و ٣٠ مایل رۆژهەڵاتی موسڵ و لەسەر رێگای ئاکرێ . ئەوان لێرەدا لە چیاکانی زێدی خۆیانەوە نزیك بوون و لە دەرەوەی رێگای سەرەکیی هاتووچۆدا بوون .

پاتریارکی نوێی ئاسورییەکان کە لە بنەماڵەی پاشایی هەڵبژێردرابوو ، پیاوێکی گەنجی نەخۆش بوو ، لەو کاتەدا بە ئازاری سیلەوە دەیناڵاند و بۆ هەوای پاك وەرگرتن رەوانەی لوتکەی چیای مەقلوب کرابوو ، لە ژێر چاودێری سورماخانمی پوری . بۆ زیاتر شارەزایی و ئاگادارییی ، لە یەکێك لەو سەردانانەدا چوونە کڵێساکەم بە پێویست زانی ، پیرە کەشیشی ئەو کڵێسایە کابرایەکی زۆر میواندۆست بوو ، ئەو میوانداریییەکی بەوە کۆتایی پێهێنا داوای لێکردم سەردانی ژێرزەمینەکە بکەم . لەوێدا تەختێکی داری نیشاندام کە لە هەر شوێنێکیەوە تەرمێکی لەسەر بوو ، بەچەشنێکی وادانرابوون کە هەر یەکەو بەرگێکی کەشیشیان لەبەر کرابوو ، بۆگەنی ئەو کەلاکانە ژێرزەمینەکەی پڕکردبوو ، هەریەك لەوانە بە شێوەیەك دانرابوون کە هاتنی یەك بەدوایەکی ئەوانی نیشاندەدا ، پیرەکەشیشیش بە شانازییەوە ئەو جێگایەی نیشاندام کە بە ئاواتەوە چاوەڕێی دەکرد پێیبگات . من لە دەورانی جەنگدا



زۆرم دیمەنی مردوو و تەرم و شتی وا بینیوە ، بەڵام ئەمە یەکەمین جارم (دواجاریش) بوو کە یەکێك لێمبگێڕێتەوە دیمەنێکی سەرسوڕهێنەری وا ببینم ، هەربۆیە خۆشحاڵم بووم کە ماڵاوایی لێبکەم و بێمەدەرەوە تا هەناسەیەکی پاکی چیا هەڵمژم .

مارشیمۆنی گەنجی نەخۆش زۆر نەژیا ، پاش مردنی ،جێگرەکەی لە کاتی خۆیدا هەڵبژێردرا ، وا دەهاتە پێش چاو کە هەر ئافرەتێکی بنەماڵەکەی ئەو شیاوی ئەوە بێت کە میراتگرێك بۆ ئەو پۆستە پیرۆزە بەرهەم بهێنێت بە مەرجێك پێش ئاوسبوونی واز لە گۆشتخواردن بهێنێت و بە میوە و سەوزە بیگوزەرێنێت . مارشیمۆنیش رێگرییەکی فیزیکی و مەزنی لەسەرە ، نەك هەر لەبەر ئەوەی بە ڕەبەنی دەیباتەسەر،بەڵکو لەبەر ئەوەی هەر لەناو لانکەوە تا ناو گۆڕەکە دەم لە گۆشت نادات .

مەسەلەی گەڕانەوەی ئاسورییەکان بۆ زێدی خۆیان لە تورکیا بەشێوەیەکی دپلۆماسیی رێی تێنەدەچوو . تەنیا ئاگربەس لەگەڵ تورکیا دا هەبوو و تا شەش ساڵی دیکەش ئاشتیی نەچەسپا . لەو ماوەیەدا تورکیا رێگای شۆڕشێکی ریشەیی گرتبۆبەر ، سەڵتەنەت پوچەڵکرایەوە ، یۆنانییەکان لە لایەن (مستەفا کەمال) ئەتاتورکەوە بەزێنران ، کۆماری تورکیای نوێ بە مەسەلەی گەڕانەوەی ئەو خەڵکەی کە لە دەورانی جەنگدا دژی تورکیا وەستابوون بە توندی رەتکردەوە . لەوەش زیاتر پشتگیریی لویدجۆرج بۆ یۆنانییەکان و مامەڵەی ناشایستەی لۆردکرزن وەزیری دەرەوەمان لەگەڵ تورکەکان کە زیاد لە پێویست حیسابی بۆ دەکردن و تێکڕای ئەوانە بارودۆخەکەیان ئاڵۆزتر دەکرد . تەنیا رێگە بەو ئاسورییە خۆبەخشانە درا کە خۆیان دەیانەوێت بۆ تورکیا یان بۆ ئێران بگەڕێنەوە . لەوێش لەگەڵ دانیشتووانی کورددا لەسەر سنورەکان تووشی پێکدادان و ناکۆکی هاتن و پرۆسەکە شکستی خوارد ، تەنیا بۆ ئەوانە نەبێت کە ماڵەکانیان کەوتبووە ئەم دیوی سنوری ئێمەوە ، گەلی ئاسوریی بێوڵات لە کەمپەکاندا فڕێدران . بەڕێوەبەرایەتیی بەریتانیی زۆرینەی

پیاوەگەنجەکانی لە هێزی لیڤییدا کۆکردەوە ، کە زۆر بە لێهاتوویی خزمەتیان دەکرد. بەگشتیی ئەوانە بەسەر سێ بەتالیۆندا دابەشکران کە لە لایەن ئەفسەرانی بەریتانییەوە فەرماندەیی دەکران و لە سایەی بەڕێوەبەرایەتیی هێزی ئاسمانی بەریتانیادا بوون و پاشتر لە ئۆکتۆبەری ١٩٢٢ لەشکری بەریتانی ئەرکی بەرگریی لە عێراقدا گرتبووە ئەستۆ . باقی دیکەیان بەشوێن کاردا کەوتن لە ڕێگای ئاسن ، کۆمپانیای نەوتی عێراق ، لە میوانخانە خۆماڵییەکاندا وەك خزمەتکار و بەردەست هەڵدەسوڕان . ئەوەش سەرەتای کۆتایی گەلێکی کۆن و ئازا و جەنگاوەری چیایی بوو . ئەوان دوازدە تا پازدە ساڵی دیکە ناویان بزر کردبوو کە دواتر زیاتریان لەبارەوە بیسترا . بەڵام راستییەکەی ئەوە بوو ئەوان پەیوەندییان بە هاوپەیمانە سەرکەوتووەکانەوە کرد و هەموو شتێکیان لەدەستدا ، ئەوەش سەرەتای هەموو نەهامەتییەکانی پاشتریان بوو . بێگومان ئەستەمە زۆر لە مێژوونووسان بتوانن چاو لە هاوپەیمانەکان بپۆشن سەبارەت بەو چارەنووسەی لێرەدا بەسەر ئەو گەلەدا هات .

هێندە سەرقاڵ بووم لە کاتێکدا (سێپتەمبەری ١٩٢٠) بیست و یەك مانگ بەسەر ئاگربەستدا تێپەڕیبوو ...بەوەش سێ‌ساڵ و نیو بەسەر هاتنەدەرم لە ماڵ تێپەڕ بوو. هەر بۆیە کاتێك گوتم ئیدی سەرەی منە تا مۆڵەت وەرگرم ، زۆر بەختەوەر بووم کە بڕۆم .

گەڕانەوە بۆ میسۆپۆتۆمیا بەهۆی کەشتی بارهەڵگرەوە بوو لە جێنەواوە ، باوکم بە کۆلۆنێلێکی ناساندبووم کە چەند توتکێکی بۆ فرۆشتن هەبوو ، دانەیەکم لێکڕی و لە پێشی کەشتییەکە لای بەرپرسی قەسابەکان دامنا . هەروەها تاقمی کەلوپەلەکانیشم لە لایەکی کەشتییەکەدا کە تێکڕای ئامرازە پێویستەکانی تێدابوو ، زینێکی نوێ ، لەگەڵ تاقمێکی نوێ داروقولاپی راوەماسی . لە هەموویان بەنرختر تفەنگێکی نوێی ٤٠ جونەیهی بوو کە بەتایبەتیی لە قوتابخانەی تیرئەندازیی لەندەندا ئامادە و تاقیکرابۆوە . خەرجی ئەمانە تێکڕا پارەی مانگانە و پاداشتەکانی بردم و دەوروبەری دە رۆژ پێش سەری ساڵ (کریستمس) ی ١٩٢٠ ماڵاواییم کردو بە قەتار بەرەو جێنەوا کەوتمە رێ ، سەفەرەکەم خۆش و بێ‌گرفت بوو ، نزیکەی مانگێك دواتر گەشتمە بەغدا .



## بەشی دووەم : هەولێر و هەڵبژاردنی مەلیك فەیسەڵ

وەك لە کەمپی حەوانەوەی سەربازیی لە بەغدا پێیان راگەیاندبووم ، بۆ بەری ئەوبەر رۆیشتم بۆ میوانخانەی مەوەددە کە ئەفسەرانی سوپا زیاتر لەوێ دادەبەزین . لەوێ نالدەرم بینی کە ئەو دەمە ببووە جێگری کۆلۆنێل . ناوبراو تەواوی هەواڵەکانی ئەو دواییەی بۆ باسکردم .

سێر ئارنۆڵد ویڵسن جێگری کۆمسیۆنی مەدەنی لە بەغدا بووە قوربانیی شۆڕشەکە و ناچارکرا کە بەڕێوەبەرایەتیی لە ٤ی ئۆکتۆبەری ١٩٢٠دا جێبهێڵێت و وەك بەڕێوەبەری کۆمپانیای نەوتی ئەنگلۆ —ئێرانی بچێتە عەبادان و دەستبەکار بێت. کۆکس کە ئیدی بووە کۆمیسێری باڵا ئەرکی دامەزراندنی حکومەتێکی کاتیی بە پێی پرنسیپێکی داهێنراو کە منداتە خرابووە ئەستۆ ، ئەوەی کە بەریتانیا لەبەرامبەر کۆمەڵەی گەلاندا سەبارەت بە پارێزگاریی ، فێرکردن ، سەروەریی و سەربەخۆیی تەواویی دەوڵەتی تازەدامەزراوی عێراق بەر پرسیاردەبێت ، کە پێشتر لەکاتی داگیرکردنی بەریتانیادا بە میسۆپۆتامیا ئاماژەی بۆ دەکرا .

هەموو ئەوانە دەبووە هۆی کەمکردنەوەی ژمارەی ئەفسەرە بەریتانییەکان و شوێنەکانیان لەهەر کوێیەك بگونجایە بە ئەفسەری عێراقیی پڕدەکرایەوە ، ئەمە جگە لەو ئەفسەرە تەکنیکییانەی بەرپرسی کایەکانی تەندروستیی ، رێگەی ئاسنین ، تەلەفۆن ، ئاودێری ، ئەرکی گشتیی و پۆلیس ..هتد ، تەنیا ژمارەیەکی کەمی ئەفسەرانی سیاسیی ، ئەوانەی سەرپەرشتیی بەڕێوەبردنی لیواکان و قەزاکانیان دەکرد ، لە شوێنی خۆیان دەمانەوە . ئەمەش پشتی بە توانای راوێژکارییان دەبەست .

لەم نێوەدا تەنیا شوێنێك لەم حاڵەتە بەدەر بوو ، سلێمانی ، کە لیوایەکی تەواو کوردنشین و لەو کاتەدا لە سایەی شێخ مەحموود دا بۆ سەربەخۆیی تێدەکۆشا، پاش هەڵگیرساندنی شۆڕشەکەی تێکشکا و دواتر دوورخرایەوە . ئەو لیوایەی کە پێشتر و

دوای شۆڕشەکەش دەبوایە لەلایەن ئەفسەری سیاسیی بەریتانییەوە فەرمانڕەوایی بکرێت .دانیشتووانەکەی چیایی بوون ، بەڕەگەز ئارییایی و بە زمان و ناسنامە نەتەوەیی کورد بوون ، ئەوان لە رووی ئاینزاوە سوننە بوون کە ئاینزایەکی ئاینی ئیسلامە ، تێکڕای ئەوانە وای لێکردبوون کە جیاوازبن لە زۆرینەی عێراقییەکانی دیکە ، کە دەشتەکیی و سامی رەگەز و لە رووی زمان و ناسنامەی نەتەوەییەوە عارەب و لەرووی ئاینزاشەوە شیعە بوون .لە چاوەڕێی ئامادەکارییەکانی داهاتوودا کە ئەگەری هێنانەدی هەبێت ، ئەم لیوایە کە پێکەوەژیانی لەگەڵ عارەبدا رەتدەکردەوە ، دەبوو لە لایەن نیودەستە ئەفسەری بەریتانییەوە بەڕێوەببرێت کەمن یەکێکیان بووم . هەرچەندە لیواکە کە ناوچەیەکی چیایی سەختە و لە زۆر رووەوە جێگای بایەخ بوو . بە تایبەتیی لە بواری راو و گەشت و گەمە و رابواردندا ، بەڵام لە دڵەوە حەزم بەو شوێن و پۆستە نەدەکرد ، چونکە قبوڵکردنی بەواتە خزمەتکردن لە ژێر فەرماندەیی سەرۆکی ئەفسەرانی سیاسیی کەلە سلێمانی بوو واتە (مێجۆر ئی.بی.سۆن) . ئەو ئەفسەرێکی زۆر بەتوانا بوو ، شارەزایەکی باشی زمانی فارسیی بوو ، پشتگیرییەکی بەهێزی ئەوانە بوو کە سەربەخۆیی کوردستانیان لاپەسەند بوو . ئەو پێش هەڵگیرساندنی جەنگ ، بانکی ئیمپراتۆری لە ئێران بەجێهێشت و ناوی خۆی بۆ غولام حوسێن گۆڕیبوو ، ئەو بە پێی داب و نەریتی خۆماڵی هەڵدەسوڕا و وەك سکرتێری فارسیی عادیلە خانمی وەسمان پاشای جاف  سەرۆك و فەرمانڕەوایی خێڵی جاف کە یەکێکە لە گەورەترین خێڵەکانی ئێران و عێراق و لە ناوچەیەکی فراوانی هەردوو وڵاتدا نیشتەجێن . ئەزموونەکانی سۆن لە کتێبەکەیدا " گەشتێکی پەنهان بە نێو کوردستان " دەردەکەون . ئەو دوای هەڵگیرساندنی جەنگ کارەکەی لای خانم بەجێهێشت و پەیوەندی کرد بە هێزە هەڵمەتبەرە بەریتانییەکانەوە ...ئەو وێڕای ئەوەی وەك ریتچارد بێرتۆن پیاوێك بوو خوێنی قەرەجیی بە دەمارەکانییدا دەڕۆیی ، ئاکارێکی توندوتیژ و دڵرەقانەی هەبوو ، بەدەست ئاسەوارەکانی نەخۆشی سیلەوە دەیناڵاند ، مامەڵەشی لەگەڵ ئەفسەرەکانیدا دیکتاتۆرانە و هێندێك جاریش



ستەمکارانە بوو [١٢]. وێڕای ئەوەش ئەفسەرێکی بەنەزم و تەرتیب نەبوو . هەربۆیە ئەگەر باشی لێگوتم ئەوە کێشێکی ئەوتۆی نابێت ، بەڵام ئەگەر خراپی لێگوتم زیان بە پۆست و شوێنەکەم دەگەیەنێت . هەربۆیە دژی ئەوە بڕیارمدا و لەسەر ئامۆژگاریی ناڵدەر چووم بۆ وەزارەتی ناوخۆ کە (ئێچ.جۆن.پی.فیلپی) وەك راوێژکار دامەزرابوو . بڕیارەکەی خۆمم پێگوت و هۆکارەکانیشم بۆ روونکردنەوە ، پاش ئەوەی کۆتاییم بە قسەکانم هێنا ئەو تەواو لێم گەیشتبوو و پێی گوتم ئەگەر پێمخۆشە ئەو پۆستە لە هەولێر وەرگرم . ئەوە لیوایەك بوو کە ٨٠ لەسەدی دانیشتووانەکەی کورد بوون ، کەمێك تورکمان و کریستیانی و تاكوتەراش عەرەب . ناوچەکە نیوەچیاییە ، تارادەیەك دەشتە ، ئەکەوێتە نێوان دوو رووباری زێ وە کە دەڕژێتە ناو دیجلە ، هەروەها نێوان سنوری تورکیا و عێراق . لێرەدا بۆ خۆم دەبمە

[12] ئەم گوتەیەی لاین راسترین دانپیانە بە کەسایەتیی توندوتیژ و ستەمکارانە و دڵرەقانەی مێجۆر سۆن دا ، جگە لەوە مێجۆر سۆن تا بڵێی کابرایەکی قین لە دڵ و کینەتۆز بوو .یەکێکی بەدڵ نەبوایە بێ هیچ هۆیەك دەکەوتە بیانووپێگرتنی و چی خراپ بوایە پێیدەکرد ، ئەوەی وای کردووە کە لاین بەو جەربەزەیی و توندییەوە لێی بسڵەمێتەوە .ئەوەشی گوایە مێجۆر سۆن لایەنگری جوڵانەوەی سەربەخۆخوازیی کورد بێت راست نیە و سەرنجێکی هەڵەیە ، سەرچاوە و دۆکیومێنتە مێژووییەکان ئەوە روون دەکەنەوە کە سۆنی تێکدەری حوکمدارییەتەکەی کورد بەڕابەری شێخ مەحموود ، گەورەترین و دڕترین دوژمنی جوڵانەوەی سەربەخۆییخوازی نەتەوەیی کورد بووە ، ئەو دوژمنایەتیی خۆی بۆ شێخ مەحموود و بنەماڵەی شێخان تێکەڵ بە جوڵانەوەی نەتەوەیی کورد کردبوو ، راپۆرت و نووسینەکانی لەو قۆناغەدا کارتێکردنێکی زۆر خراپیان کردە سەر ئاراستەی سیاسەتی بەریتانیا لە هەمبەر کێشەی کورد و دژ بە بوونی دەسەڵاتێکی نەتەوەیی کوردیی .هەربۆیە بایەخە زمانەوانییەکانی مێجۆر سۆن و بڵاوکردنەوەی چەند رۆژنامەیەکی کوردیی بۆ مەبەستی تایبەتی سیاسیی و لە بنەڕەتدا دژ بە ئامانجی نەتەوەیی کورد و سەرکردایەتییەکەی ، ئەوە ناسەلمێنێت کە سۆن چ هاوسۆزییەکی لەگەڵ جوڵانەوەی سەربەخۆییخوازی کورددا هەبێت . لەم رووەوە مامۆستای خوالێخۆشبوو (م.ر.هاوار) زۆر بە رێكوپێکی ئەم راستییەی روون کردۆتەوە و باسێکی بۆ مێجۆر سۆن تەرخان کردوە .بڕوانە:
شێخ مەحمودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان ، بەرگی یەکەم ، لەندەن ، ١٩٩٠،ل ٤٥٤-٤٧٧ .

کەڵەبەرپرسی ئەم تەپۆڵکانە و راستەوخۆش پەیوەندییم بە وەزارەتەوە دەبێت لە بەغدا . بۆ ئەمەیان یەکسەر پەسەندم کرد . ئەویش فەرمانێکی سەبارەت بە کارەکەم دەرکرد . ئیدی جانتا هیندییەکەم تێکپێچا و خۆم گەیاندە ئەو قەتارەی کە لە هیندییەوە دەچێت بۆ کنگربان کە دواخاڵی هێڵی ئاسنینە بۆ کفری کە دەروازەی ناوچە گردۆڵکە کوردییەکانە و ٨٠ مایل لە بەغداوە دوورە .

جانتا قورسەکە دوو بەستەی پێچراوی کەلوپەل و تاقمێکی قوتووی تێدابوو کە لەگەڵ جانتا هیندییەکەمدا خرابووە گەنجینەی کەلوپەلی قەتارەکەوە و کابرای گەنجینە لەپاڵیان یاخود لەسەریان دەنووست . توتکەکەش رۆپێرت و تاقمی یاتاغەکەم تێکڕایان لەگەڵ خۆم بوون لە لۆچەکەدا . دوای ئەوەی قەتارەکە شەوی بە گۆڕینی هێڵەکانی ئاسنی دەوروبەری بەغدا تێپەڕاند ، بەیانی بەخەبەرهاتم تا ببینم گەیشتووینەتە نزیك باقوبە و تەنیا ٣ مایلمان ماوە . کاتێك سەردانی گەنجینەکەم کرد دیتم چۆڵە . هەموو هەوڵێکم لەگەڵ پۆلیسە جیاوازەکان و بەرپرسانی هێڵی ئاسنی و شار و هەرێمەکە دا بۆ دۆزینەوەی کەلوپەلەکانم بە فیڕۆ چوو و هیچ کام لەوانە نەیانتوانی روونکردنەوەیەك پێشکەش بکات کە یارمەتیدەر بێت . لەوەدەچوو یان فارگۆنی گەنجینەکە لە قەتارەکە نەبەسترابێت یاخود تەواوی کەلوپەلەکان دزرابێت کاتێك کابرای گەنجینە خەوی لێکەوتووە . لە راستییدا هیچ زامنکردنێك نەبوو ، هیچ کۆمپانییایەکیش نەبوو لەو رەوشە مەترسییدارەی میسۆپۆتامیادا سەرەڕۆیی بکات . وڵاتێکی بەو شێوە ئاڵۆز و مەترسییدارەی کاتی جەنگ ، پاش شۆڕشەکەی ئەو دواییەش شلۆقتر ببوو . دوای شەشە ساڵونیو واتە پاش ئەوەی لە ساڵی ١٩١٢ دا چوومە هیند ، یەکەم جار بوو ببمە خاوەنی چەند کەلوپەلێك بەو هیوایەی لە ئایندەدا خۆشیان لێوەربگرم ، تاقمە نوێیەکەم ، زینەکە ، داروقولاپی راوەماسی ، تفەنگەکە کە پارەیەکم بۆ کۆکردبۆوە ، تێکڕای ئەوانە تێداچوون . لە لایەکی دیکەوە توانیبووم قەرزەکەی نەنکم لەبەرامبەر ئەو هاوکارییەی خاڵمدا بدەمەوە و ئەو سێ ئەستێرەیەی سەرشانیشم تەنیا شت بوو کە لە تەواوی



رێگاکەدا دڵی خۆمم پێخۆش دەکرد و هەتا قەتارەکە گەیشتە دوا خاڵی هێڵی ئاسنیین . لەوێ چاوم بە (مێجۆر .جەی. پریتچارد)کەوت کە سەرۆکی دادگای شارۆکەیەك بوو لەوناوە کفری پێ دەگوترا .

وەك ئەوەی ئەم ناوچەیە دواناوچە بێت کە لە شۆڕشەکەی ئەم دواییەدا پاککرابێتەوە ، لەدەوروبەری ناوچەکە هێشتا نائارامیی زۆر مابوون ، ژمارەیەك کێشەی زۆر مابوون کە چاوەڕێی دادگایی و یەکالاکردنەوەیان دەکرد . دادوەری هەرێمیی کە لە دەستپێکردنی دادگایکردن و دانیشتنەکان دەترسا ، چونکە من شێوە و دەسەڵاتێکی باڵا و بەسامم هەبوو ، پریتچار رایکێشامە سەر کورسییەك و خۆی و دادوەر ، بەوەش لەرووی یاساییەوە ژمارەی دادوەرەکان تەواو بوو ، دادگاکە لە هۆڵەکەی سەرەوە بوو ، لەو شوێنەی هۆڵی گیراوەکانی لێبوو . هەرچیم دەکرد نەمدەتوانی ئەوە لەبیربکەم کە تەنیا پێنج مانگ لەوەوپێش (٢٨ی ئووتی ١٩٢٠) ، کاپتن سالمۆن لەودیو شیشەکانی ژووری زیندانەوە بەفیشەك کوژرا [١٣]، دیمەنێکی وا زۆر لە شێرەکەی باخی ئاژەڵانی میسر دەچوو کاتێك بیست ساڵ دواتر لەلایەن مەلیك فاروقەوە پێکرا ، تۆ بڵێی ئەو دەستە بکوژەش بە من بگات ؟ پاش دزینی

[13] راپەڕینەکەی کفری لە ئابی ١٩٢٠ دا بەڕابەریی ئیبراهیم خانی سەرخێڵی دەلۆ کە سەرەڕمی راپەڕنەکە بوون، هەروەها خۆرشید بەگ، ئیسماعیل بەگی داودە ، وەیسی بەگ دژی هێزەکانی بەریتانیا تەقییەوە و هۆکارەکانیشی باج و سەرانەی زۆر و سیاسەتی چەوسانەوەی ئینگلیز و هەوڵییان بۆ ناکۆکیی و ئاژاوەنانەوە لە نێو خێڵە کوردییەکان ، وێڕای ستەم و دڵرەقی کاپتن سالمۆن و سارجن مێجۆری یاریدەدەری کە کابرایەکی کوتەك بەدەستی داپڵۆسێنەر بوو بە (ئەبو چۆماغ) ناوی دەرکردبوو .دوای رزگارکردنی کفری لەلایەن راپەریوەکانەوە داواکارییەکانی خۆیان پێشکەشی بەریتانیەکان کرد کە گرنگترینیان بریتیبوو لە گێڕانەوەی دەستبەجێی شێخ مەحموود لە هیندەوە بۆ کوردستان و ئازادکردنی و دامەزراندنەوەی دەسەڵاتدارێتی کوردستان بەرابەری شێخ . ویلسن لە کتێبەکەیدا باس لە کوشتنی سالمۆن دەکات و تارادەیەکی زۆر گلەیی لە ژێنەڕاڵ ئۆلمەر دەکات کە خاوەخاوی کردوە لە رزگارکردنی ئەو ئەفسەرە و کێشانەوەی بۆ دواوە و بەوەش بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئۆباڵی ئەو کوشتنە ئەخاتە ئەستۆی هۆڵدین .هەروەها باس لەوە دەکات کە چۆن پاش کوشتنی سالمۆن ، خەڵکی کوردی ناوچەکە ژنەکەی سالمۆنیان پاراستووە و گەیاندویانەتەوە خێوەتگای سەربازیی بەریتانییەکان .بڕوانە : سەرچاوەی ناوبراو ، ل ١١٤–١١٥ .

کەلوپەلەکانم ، هەربۆیە درکم بەوەکرد کە من لە هەلومەرجێکی نەفسیی وادا نیم بتوانم وەك دادوەرێکی بێلایەن کاربکەم ، بە تایبەت کە چەند کێشەیەك لەوانەی مابوونەوە کێشەی کوشتن و دزیی و چەتەیی بوون . وێڕای ئەوەی کە پاش چەند رۆژێك کۆتایی پێهات و لەگەڵ پریچارد دا چووینە کەرکوك ، کە پایتەختی لیوا بوو نزیکەی ٧٠ مایل دەکەوتە باکوورەوە .لەوێ لە ناو ئەوانەی پێیان ناساندم (ستیڤن لۆنگریگ ) بوو کە زووزوو سەردانی (کاپتن ئەی.ئێف.میللەر) ی دەکرد ، هەروەها لەوێ (دکتۆر.دەبلیو.کۆرنەر) هەبوو کە سەرۆکی بەشی تەندروستیی لیواکە بوو .

لۆنگریك توێژەر و ئەفسەرێکی سیاسیی بەتوانا بوو ، ئەو پاشتر زیاتر ناسرا پاش ئەوەی پۆستەباڵاکەی خۆی رەتکردەوە . مارشاڵ ئەفسەرێکی بەتەمەنی سوپابوو ، چەند ساڵێك لە سودان خزمەتی کردبوو ، عەرەبەییەکی سەرەتایی دەزانی ، ئاکاری بەرز و کەسایەتییەکی خۆشەویستی هەبوو ، تەنانەت بۆ ئەوانەشی کە لە عەرەبیەگێڕ و شکستە جوان ددانپێدانەنراوەکەی نەدەگەیشتن . میللەر زۆر لە لۆنگریك بەتەمەنتر بوو ، کەچی لەژێر دەستی ئەودا وەك یاریدەدەر خزمەتی دەکرد ، ئەو تورکییەکی رەوانی دەزانی ، قەڵەو بوو ، زۆر حەزی لە خواردن و خواردنەوە دەکرد . چاوتێر و دڵفراوان بوو ، لە کۆبوونەوە و ئاهەنگەکانیشدا زۆر تێکەڵاوی گەورەپیاوانی دەکرد . کابرایەك بوو ماندوبوونی نەدەزانی ، حەزی دەکرد کار بۆ هەر یەکێك بکات کە لە کن وی رێزێکی هەبووایە ، ئامادەش بوو هەر داوایەکی لێ بکرایە لە شوێنی خۆیدا بۆت جێبەجێ بکات . کۆرنەر ئەفسەرێکی جیددی بەتوانا و بوێر بوو ، نمونەیەکی بەرز و کەم وێنە بوو ، دکتۆرێکی سکۆتلاندی بە ناوبانگ لە تەواوی جیهاندا .

ئەو وڵاتەی نێوان کفری و کەرکوك و بەرەو ژوور بۆ هەولێر ،موسڵ ، هەروەها بە درێژایی سنوری تورکیا تا باکوور ، چەند ناوچەیەکی دەشتیی گرتۆتە خۆ کە لە لای راستەوە یاخود رۆژهەڵاتەوە گردە کوردییەکان و لەلای چەپیشەوە رووباری دیجلە سنورەکەی دیاری دەکەن . چەند سەرچاوەیەکی ئاو ئەم ناوچەیە لە یەکتری جیادەکەنەوە ، لەوانە هەردوو رووباری زێی گەورە و بچووك ، هەروەها بەدرێژایی



رێگا بەرەو موسڵ و بەرەو ژوور تا تورکیا ، چەندین گوند هەن کە خەڵکەکەی بە رەسەن تورکن و بەزمانی تورکی قسان دەکەن . کە بە تەواوی لە دانیشتووانی هەردوو بەر جیاوازن . وا پێدەچێت ئەمانە پاشماوەی ئەو هێڵە تورکییە کۆنەی پەیوەندییە بازرگانییە بن لەگەڵ بەغدا . بەڵام ئاکار و کەلتوریان وا نیشان دەدات کە ئەوانە نەوەی خەڵکانی سەربازخانە بەجێماوەکانی تیمورلەنگ بن . بەهەرحاڵ کەرکوك و هەولێر دوو نمونەی نایابن . پاش یەك دوو رۆژ لەگەڵ مێجۆر مارشاڵ بەرەو هەولێر کەوتمە رێ کە ئەرکی بەڕێوەبردنی ئەوێی لە کاپتن های وەرگرت پاش ئەوەی شۆڕشەکەی ئەم دواییە سەرکوتکرا [١٤].

هەرچەندە ماوەی رێگاکە زیاتر لە ٧٠ مایل نەبوو ، نە شەقامێکی تەخت ، نە پردێك لەسەر رووبار و دۆڵە یەکتربڕەکان لە کەشێکی تەڕوتووشیدا ، هەریەك لەو شوێنانە چەند کاتژمێرێکی دەوێت تا دەپەڕیتەوە یان هەر ناتوانی خۆتی لێبدەیت و

[14] ویلسن نووسیویەتی:"ئاڵۆزی لە لیوای هەولێر بەرپا بوو ، کاپتن دەبلیو ئاڕ های لە گەرووی رەواندوز (گەلی عەلی بەگ) لە ١٢ ی ئووتدا پەلاماردرابوو بە هەرزارحاڵ خۆی رزگارکردبوو، کاپتن ئیف سی کیرك لە ٣ی ئەیلولدا بە ناچاری کۆیسنجەقی جێهێشتبوو ...کوردەکان بە هیچ چەشنێك بایەخیان بەو بیر و بۆچوونانە نەدەدا کە عەرەبە نیشتمانپەروەرەکان بانگەشەیان بۆ دەکرد و هاوسۆزیان نەدەنواند ...گرفت و ئاستەنگەکانمان لەم ناوچانە تا دەهات زێدەتر دەبوو بەوەی نەمانتوانی هیچ بۆچوونێك سەبارەت بە ویلایەتی موسڵ یان کوردستانی باشوور بڵاو بکەینەوە ...رەوشەکە بەو چەشنە بوو کاتێك لە رۆژی ٨ی سێپتەمبەردا بە فڕۆکە لە بەغداوە چوومە هەولێر...دیدەنی چەند شاندێکی سەرۆکەکانی کوردم لە سەرا کرد و بە باوەڕبەخۆبوونێکەوە کە لە ناخەوە زۆر دوور بووم لەوەی هەستی پێبکەم ، خۆم نیشاندا . سەبارەت بە هەوڵیان لە پێناوی پاراستنی نەزم و هێمنییدا سوپاسم کردن ، هەڕەشەی ئەوەشم لێکردن کە بە پێچەوانەوە سزای ئایندەیی توند چاوەڕێیانە . دووان لەوان بەناوی تێکڕاوە وەڵامێکی کورتیان دامەوە ، ئەوانیش خۆرشید ئاغا و ئەحمەد ئەفەندی بوو ، ئەوان بە جەختکردنەوە لەسەر پاراستنی هێمنیی و لایەنگیریی بەڕێوەبەرایەتیی مەدەنیی دڵنیایان کردمەوە ، بەڵام ئەو قسەیەشیان هاویشتە سەر :"یەکەم زامنکردنی رێگەنەدان بە گەڕانەوەی تورکەکان و رێگەنەدان بە عارەب کە حوکمی ئێمەی کورد بکەن ، دووەمیش ناردنی دەستبەجێی هێزێك لە سوپا بۆ هەولێر". بڕوانە : سەرچاوەی ناوبراو ، ل١١٩– ١٢٠ .

بپەڕیتەوە . لە نیوەی ڕێدا شارۆکەیەکی بچووک هەبوو کە ئاڵتون کۆپری یان پردی زێڕین بوو ، کە لەسەر زێی بچووک بنیاتنرابوو ، کە سنوری نێوان هەردوو لیواکە بوو. ئەو شوێنە لە بنەڕەتدا پردێکی بەردینی هەبوو کە ساڵانە وەرگرتنی باجەکەی دەخرایە مەزادەوە . ئەو سامانە خەیاڵییە وا باسی لێوە دەکرا کە لە لایەن کرێگرتەکانەوە پێکدەهات ناو و ناوبانگیانی بەرز دەرکردەوە ، هەروەها ئەو پردە بۆ بەریتانیاش مایەی خۆشبەختیی بوو ، بەهۆی ئەوەی کە ببووە شوێنی چەند کارێکی توند و تیژ لە دەورانی جەنگدا .

ئەوەی ڕوویدا دوای گرتنی بەغدا لە ساڵی ١٩١٧ بەریتانیەکان قۆڵی راستی هێزەکانیان بە ئاراستەی باکوور بەرەو خانەقین نارد بەمەبەستی پەیوەندی بەو ستونە بچووکەی روسیا کە پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد ، لەوێشەوە بە نێو ئێراندا بەرەو تاران، بەڵام کە بۆیان دەرکەوت ناتوانێت ڕێگای هاتووچۆیان پاڵپشتیی بکرێت و هاوکاری پێویستیان بگاتێ ، بڕیاردرا کە لە کەرکوك پاشەکشە بکەن . بەڵام هەمیشە پاشەکشە هانی دوژمن دەدات بەدواتبکەوێت ، لەبەر ئەوە واباش بوو کە ئامادەبییەکی باش بۆ ڕێگرتن بکرێت تا هێزەکانمان بە شێوەیەکی گونجاو دەست بە پاشاکشە بکەن . لەسەر ئەو بنەمایە پەلێکی هێزی سوارە رەوانەکرا تاکو وا نیشان بدەن کە بەتەمای پەلاماردانی ئاڵتون کۆپرین . ئەمە زۆر بەباشی کاری خۆی کرد ، هەر زوو تورکەکان هێزەکانی ئێمەیان بینی لە پێش ئاگری تۆپخانەکانەوە بڵاوبوونەتەوە ، هەستان بە تەقاندنەوەی پردەکە و بەوەش ئاستەنگێکی نایابیان دروستکرد ، کە پاشتر زۆر داخیان بۆ خوارد کاتێك پێشڕەویی ئێمە بە تەواوەتیی دواکەوت ، لەکاتێکدا سوپاکەمان بێ‌پەلەپروزێ و هیچ ئاستەنگێك بەرەو توزخورما تو کشایەوە کە ٨٠ مایل لە پشتەوە بوو .

شاری هەولێر کەوتۆتە دەشتێکی بەرینەوە ، لە ڕۆژهەڵاتەوە بە چیاکوردییەکان و لە ڕۆژئاواشەوە بە گردەکانی کەندیناوە دەورەدراوە ، لەسەرەوەی ڕووباری زێی گەورە و لە خوارویشەوە زێی بچووك هەیە . کۆنترین بەشی شارەکە پێی دەگوترێت



"قەڵا" . کە لەسەر بەرزاییەك بنیاتنراوە نزیکەی ٩٠ پێ لە ئاستی تەختاییەوە بەرزە و بەوەش دەناسرێت کە کۆنترین شاری نیشتەنیی بەردەوامە لە جیهاندا . دەگوترێت ناوی شارەکە واتە ئەربیل لە (ئەربی ئیل/چوار خوداوەند ) وە هاتووە ، بەڵام بە کوردیی هەولێری پێدەڵێن . دەگوترێت کە لەسەردەمی ئاشوورییە کۆنەکاندا خوداوەندی عەشتار چاودێری ئەو شارەیان کردووە ، لەوانەیە بەهۆی ئەوەشەوەبێت کە لەسەر دەستی ئەسکەندەری مەزن و پاش شکستی دارا ، خوداوەندی عەشتار لەو شارە هێڵرایەوە . پێدەچێت کە سامانێکی مەزن بۆ شوێنەوارناسیی لە ئایندەی ئەم شوێنەدا هەبێت ، بەڵام بوونی دانیشتووان و ماڵەکانیان لە قەڵادا بە تەواویی ڕێگرن لەبەردەم پشکنینێکی گونجاوی زەوییەکە . هەرچەندە لەسەردەمی مندا چەند هەڵکۆڵینێکی ساکاری شوێنەوار ئەنجامدراوە ، کە ڕووپێوەکەی هەر هێندەی نیوەی ستادیۆمێکی یاری تێنسە . بۆ هەڵکەندنی حەوزێك بۆ دەستەبەرکردنی ئاوی پاك بۆ شارەوانی ، ژمارەیەکی زۆر دراوی سەردەمی ئەسکەندەر دۆزرایەوە کە مێژووەکەی بەراورد دەکرێت لەگەڵ ئەو دراوانەی کە لە دەورانی ئاشوورییدا دەرکەوتوون یان تاکو ئێستا هەر لە ژێر چینەکانی زەویدا ماونەتەوە .

بارەگای ئەفسەری سیاسیی کە بۆ ماوەی زیاتر لە سێ‌ساڵ دەبوو ببووە ماڵی من نزیکەی کیلۆمەترێك لە باکووری شارەکەوە بوو . خانوویەکی لاچەپی یەك قاتی خشتیین کە لە هۆڵێکی فراوان و دوو هەیوان پێکهاتبوو . سەربانەکەی گڵ و بنمیچەکەشی سپیدار بوو کە لەکاتی وەرزی گەرمادا بۆ خەوتن راحەت بوو ، لە دەوری خانووەکە حەوشێکی فراوان هەبوو کە بە دیوارێکی خشتیین کرابووە دووبەشەوە . ئەو بەشەی کە نزیکی دەرگای حەوشە بوو چەند ریزە ژوورێکی تێدابوو کە بریتیبوو لە لە ژووری خزمەتکاران ، تەویلە ، گەراج و ژووری چێشتلێنان . بەشەکەی تریان بارەگاکە و ژووری پاسەوانەکانی گرتبووەخۆ ، دیوارەکە کەلێنێکی لێوارتیژی تێدا بوو کە بۆ مەبەستی بەرگریی و تەقەکردن بە ئاراستەی دەرەوە دانرابوو . کاتێك یەکەم جار چووبوونە ناو بارەگاکەوە هیچ دیوارێکی نەبوو

بیپارێزێت. هەولێکی بۆ کوشتن درابوو ، لە پەنجەرەکەوە تەقەیان لە (مێجۆر .دەبلیو.ئاڕ.های ) لە کاتی خەوتندا . لەبەر ئەوەی ئەمە دووهەمین هەوڵ بوو بۆ کوشتنی های ، بڕیارییدابوو دیوارێك بە دەوری بارەگاکەدا بکێشێتکە بەتەلی دڕکاویی و کەلێنی بەرگریی پارێزراوبێت هەروەها دانانی پاسگایەك کە دەستەیەکی هێزی ١٥ی سیخی لێبوون . فەرماندەی پاسگاکە (مێجۆر.جەی.ئی.بارستۆ) بوو ، یەکێك بوو لە باشترین ئەو ئەفسەرانەی هەرگیز پێشتر بەدیدەنیان شاد نەببووم ، وێڕای ئەوەی هاوەڵێکی کەموێنە بوو ، فەرماندەیەکی بەڕێز و قسەرۆیشتوو و گوێلێگیراو بوو لە نێو ئەفسەرەکانی هاوەڵ و سەربازەکانیدا . جگە لەو (دکتۆر ئیچ ولیامسۆن) هەبوو پزیشکی مەدەنی بوو ، هەروەها (کاپتن چارلس لیتلّدیل) کە فەرماندەی پۆلیس بوو . هەروەها سێ ئەفسەری دیکەی لێبوون کە هەرێمەکانیان بە قایمقام یاخود ئەفسەری خۆماڵی شوێنیان گیرایەوە و خەریکبوون دەست لە کارەکانیان بەردەن بەوەی بگەڕێنەوە بۆ تیپە سەربازییەکانیان یاخود بە تەواویی کۆتایی بە راژەی سەربازییان بهێنرێت . یەکێك لەو ئەفسەرانە ئەوندە دڵچاك بوو کە تفەنگەکەی خۆی پێفرۆشتم کە لەو بارەیەوە زۆر سوپاسی دەکەم . هەروەها ئەسپێکی عارەبیی باشیشم دەستکەوت . مارشاڵ دوای ئەوەی منی بە ئەفسەرە بەریتانییەکان و پیاوماقوڵانی شارەکە ناساند ، هیوای سەرکەوتنی بۆ خواستم و گەڕایەوە کەرکوك . ئەو دەمە توانیم رەوشی لیواکە هەڵسەنگێنم ، ئەو لیوایەی لە چوار قەزا پێکهاتبوو : هەولێر و دەوروبەری ، قەزای مەخموور ، کۆیسنجەق و رەواندز . رێگاکە خۆڵ بوو کە تەنیا لە کەش و هەوایەکی باشدا دەتوانرا پێیدا بگوزەرێیت . یەکێکیان بۆ کەرکوك و ئەوی دیکەیان بۆ موسڵ ، درێژەی هەریەك لەمانە نزیکەی ٧٠ مایل بوو . کە ماوەکەی نیوسات بۆ سێساتی دەخایاند ، بە پێی ئاستی ئاوەکە کە هێندێك جار بواری پەڕینەوەی ئاوەکە نەدەبوو . رێگای ئۆتۆمبێل بۆ هیچ یەك لە قەزاکان نەبوو ، کە دووانیان لە ناوچە چیاکییەکاندا بوون ، تەلەگراف بۆ موسڵ نەبوو ، دانەیەك بۆ کەرکوك هەبوو کە زۆر پشتی پێنەدەبەسترا . جگە لە نیوەی دانیشتووانی شارەکە



کە تورکمان بوون ، تەواوی باقی دیکەی دانیشتووانی لیواکە کوردی خێڵەکیی بوون و تەنیا دڵسۆز و ملکەچی سەرکردەکانیان بوون ،ئەوانەی وەك نوێنەرێك تەواویی کاروبارەکان ئەوانیان رادەپەڕاند و نێوەندبوون لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتییدا . دوو خێڵی کۆچەریی تەواو هەبوون کە هەرکیی و خێڵانیی بوون . ئەمانە خاوەن ماڵات و مێگەلی گەورەی مەڕ و بزن بوون و بە بەردەوامی ساڵانە کۆچیان دەکرد لە دەشتەکانەوە کە وەرزی زستانیان تێدا بەسەر دەبرد ، بەرەو چیا بەفرییینەسنوریەکانی تورکیا —ئێران ، لەوێ دەمانەوە و دەوارە رەشەکانیان تا وەرزی پایز هەڵدەدا .

متەسەرفی شارەکە ئەحمەد ئەفەندی عوسمان بوو ، کە پێشتر وەك سەرۆکی شارەوانی هاوکارێکی دڵسۆزی مێجۆر های بوو ، ستافێکی تەواویی بەڕێوەبەرایەتیی لە هەرسێ قەزاکە هەبوو ، تەنیا رەواندز بوو کە لەدوای راپەڕینەکەوە سەرلەنوێ داگیرنەکرابۆوە و کاتێك ئەفسەری بەریتانی قەزاکە ناچاربوو چۆڵی کات ، لە راستییدا گشت ناوچە دووردەستەکان لەدوای راپەڕینەکەی ئەو دوایییە بە ئەستەم راگیرابوون ، کەس نەیدەزانی ئەم وڵاتە بەرەو کوێ دەڕوات و کێ فەرمانڕەوایی دەکات. پێم گوترا کە لەو ناوچانە ئاڵا هەڵکەم ، هەربۆیە کاتم بە فیڕۆ نەدا و بەسوارییی گەشتێکم بۆ ئەو قەزایە کرد و سەرخێڵەکانم ناسی و زۆربەی شەوانم لەگەڵیاندا بەسەر برد . بۆ ئەوەی تووشی خەرجی ناپێویستیان نەکەم ، یاتاغ و تاقمی کەلوپەلکانم لەگەڵ خۆم بردبوو کە نیو دەستە پۆلیسی لەگەڵ بوو . ئەوانەی لە ژێر فەرماندەیی لیتلّدیل ی فێرکار و بە توانادا بوون . ئەوانەی لەئاستێکی بەرزی توانای سەربازیدا بوون و لە کاتی راپەڕینەکەدا هەمیشە شیاوی خۆیان لە چەندین رووبەڕووبوونەوەدا سەلماندبوو . هەرچەندە ئەوانە بە پۆلیس ناسرابوون ، بەڵام بە هەموو مانایەك پیادەی چیایی بوون ، ئەوانە لە دەشتدا سوارەن ، ئەوانەشی لە ناوچە گردنشینەکاندا جێگیرن ، ماین بەکاردێنن . دیارە پۆلیسی پیادە لە ناوەندی لیوا و قەزا و ناحیەکانیش هەبوون ، ئەوانیش بە هەمان شێوە چەکداربوون و تفەنگیان پێبوو ، هەروەها لەسەر

جەنگی چیایی ڕاهێنرابوون . وێڕای ئەو دەستەیەی هێزی سیخ کە لە حەوشەکەدا هەڵیاندابوو ، لکێکی سوارەی لیڤیی هەبوو کە ئەفسەرێکی بەریتانیی فەرماندەی هەبوو ، ئەم لکە بە شێوەیەکی گونجاو لەسەر پارچە زەوییەك نیشتەجێ بوون کە نزیکەی کیلۆمەترێك لە پشتی بارەگاکەی ئێمەوەبوو .

لە خانووەکەدا دکتۆر ولیامسۆن دەژیا کە بەرپرسی گشتیی تەندروستیی بوو ، مەدەنیی و سەربازیی پێکەوە. چارلس لیتڵدیل و من . چێشلێنەرێکی باش و دەستەیەکی سوارەی ڕاهێنراوی پلەیەکی هیندیی و مەیتەرێکی کوردم بە میرات بۆ بەجێمابوو . نزیکترین گەنجینەی پێویستییە خۆراکییەکان پتر لە ١٠٠ مایل لێمانەوە دوور بوو ، لە کەناری دیجلەوە لە شەرگات ، سێ حوشترمان هەبوو کە ماوە ماوە سەفەرێکیان دەکرد و دەرۆژێکیان دەخایاند و دەگەڕانەوە . بە لەبەرچاوگرتنی ئەو جارانەی چەتە بۆسەی بۆ حوشترەکان دەنایەوە ، یان مەترسی پەڕینەوەی ڕووباری دیجلە بە بەلەمی خۆماڵی . زۆر خۆشبەخت بووین کە ٧٥ لە سەدی ئازوقەکەمان بە ساغی دەگەیشتە دەست . چەندین جار داوای مانەوەی ناوبەناوی کاروانەکامان کردبوو بەڵام لە هیچ جێگایەکی دی نێوان کەرکوك و موسڵ کارمەند یاخود ئەفسەری سوپا ناتوانێت بوەستێت . وێڕای بەشی تایبەتی خۆمان لە ئازوخە ، بوتڵێك ویسکیش هەبوو کە ئەفسەرانی هێزی سیخ مانگانە وەریاندەگرت .

وەك باو بوو هەفتانە ئاهەنگ دەگێڕدرا ، ئەفسەری سوپا کە سوپادارێکی مەزنی ڕیشن بوو ، بەهاوەڵی یەك دوو ئەفسەری لەشکری هیندیی بەریتانیی کە جامدرایان پێدەڵێن ، لە کەژاوەیەکی ڕێك و پێکدا و بە شێوەی نمایشێك بەمەبەستی ڕێزبەخشین بە حاکمی سیاسیی کە من بووم بە نەزمێکەوە دەڕۆیشتن . منیش لە حەوشەکە پێشوازییم لێدەکردن و لەسەر مێزێك لەگەڵیان دادەنیشتم کە بە بوتڵێك ویسکی ڕازێنرابۆوە ، لەگەڵ چەند پێکێك بۆ هەمووان . سەرەتا خۆم پێکێکم تێکرد و پاشان ئەوانیش بە دوای مندا ، ئینجا پێکمان بە تەندروستی هەمووان هەڵدا و بەو شێوەیە تا بوتڵەکە قەترەبڕ دەبوو . ئینجا هەڵدەستان و سڵاویان دەکرد و



دەڕۆیشتن . ئەم مشتەرییانەم خەڵکی شکۆدار و نایاب بوون ، هاوڕێیەتی و دۆستایەتییان لە پاشدا زۆر قازانجیان پێگەیاندم . لەو ڕۆژانەدا لە نێو شارەکەدا نە سەرچاوەی ئاوی خواردنەوە هەبوو ، نە کارەبا ، نە ڕادیۆ ، نە کەرەی خۆماڵی کە لە ماستی خاو دروست دەکرێت ، بەڵام ئێمە بەشێك لەو پێویستییانەمان بە شێوەیەك پەیدا دەکرد ، وەك هێنانی ئاوی شیرین لە کوندەدا ، بە گوێدرێژ . ڕۆنی گامێش لە جیاتی کەرە ، شیری مانگا و بزن گەر دەستکەوتایە ، هێنانی بەفری شاخی سەفین بۆ ساردکردنی خواردنەوەکانمان ، لالەی نەوتی بۆ ڕووناککردنەوە ، تەختە و خەڵوزیش بۆ چێشتلێنان ، گرامافۆن و هەر کتێبێك کە دەستکەوێت بۆ تێپەڕاندنی شەوی درێژی زستان و کات بردنەسەر . بەڵام هەمیشە بەرۆژ ئەوندە سەرقاڵ و ماندوو دەبووین کە شەو دادەهات زۆر کەم پاش شێوخواردن خۆمان بە پێوە ڕادەگرت . نامەکانی وڵات هیچی نەخایاندایە شەش هەفتە بۆ دوو مانگی دەخایاند ، لە بەسرەوە بۆ بۆمبای دەچوو .

خزمەتکارەکان بەختیاربوون ، شەو و ڕۆژ بە باشی هەڵدەسوڕان ، ئەوان گرفتێکی ئەوتۆیان نەبوو یەکێکیان زوو بهاتایە یان درەنگ ، زیاد لە سێ بوونایە یان دوو یاخود کەمتر لە سێ ، هەموو کاتێك بە ڕێك و پێکی و دەم بەخەندە کاری خۆیان ڕادەپەڕاند . ئەوەی ئەوان زۆر حەزیان لێیبوو ، ئەو کاتە بوو کە لە نێوان بەرچایی و فراویندا بوو ، تێیدا دەچوونە بازاڕ بۆ شتکڕین ، سەرێکی چایخانەیان دەدا و قسەو باسیان هەڵدەگرتەوە . دیارە کاتی ئەوتۆش هەبوو کە بە ناخۆشی بەڕێدەکرا ، وەك ئەوەی کاتێك قادرۆك تووشی بەلهارزیا ببوو لە ئەنجامی بەکارهێنانی دەرمانەکانیدا تووشی ژاراویی بوون هاتبوو ، یاخود کاتێك ژنەکەی حەمید بەسەر منداڵبوونەوە مرد و یەکێکی دیکەمان لەجیاتی بۆ هێنا . بەڵام بەگشتی ئەوان پێڕێکی بەختیار بوون ، بڕوایەکی پتەویان بەکارەکانیان هەبوو زیاتر لەوەی بۆ بەرژەوەندی تایبەت مل بکوتن .

زۆر نەبوو لە هەولێر بووم کە هێندێك ڕێگای ئاسانم بۆ گەمە و رابواردن دۆزییەوە، زۆر شت هەبوون کە راوکردنیان خۆش بوو ، هەر لە بزنەکێوییەوە بەرەو خوار تا دەگاتە پۆڕ و کەنەسمە . هەروەها راوڕاوێن بە دوای چەقەڵ و رێوی و گورگ و راوکردنیان . لە هاوینیشدا لە هەردوو رووباری زێدا ماسیگرتن هەبوو ، لە دەشتیش پۆلۆ دەکرا .

گەورە پیاوانی خۆجێ تێکەڵەیەك بوون لە رەسەنە تورك زمانەکان ، کەوەك زۆربەی سەرەك خێڵەکان جێگای سەرنج نەبوون ، لە رووی سیاسییەوە لایەنگری هاتنەوەی تورك بوون بۆ ویلایەتی موسڵ ، ئەو چارەنووسەی کە تا سێ بۆ چوار ساڵی دیکەش دوا بڕیاری لەسەر نەدرابوو . لە رووی کەلتورییەوە شتێکی سەرنجڕاکێشیان نەبوو ، لە رووی جەستەییشەوە لاوازبوون . بەگشتی هەموو شتێکیان بۆ خۆیان دەکرد . کاتێك کیژێکیان شووی دەکرد ئیدی لە چواردیواری ماڵەمێردیدا زیندانیی دەبوو هەرگیز ڕێگەی هاتنەدەرەوەی پێ نەدەدرا ، هەربۆیە ئەو کیژانە منداڵی ناتەندروستییان دەخستەوە کە زۆربەی جار بە نەخۆشی سیل دەمردن .

دەستڕۆیشتووترین پیاوماقوڵ لە هەولێردا ئەبوبەکر بوو ، کە زانایەکی ئاینیی پیرۆز بوو ، بە مەلائەفەندی بانگدەکرا ، ئەو زۆر بە بایەخەوە هەواڵە جیهانی و هەرێمییەکانی وەردەگرت ، هەروەها زانیاریی لە زۆربەی بوارەکاندا ، هەر لە ئەستێرەناسییەوە تا گژوگیاناسیی هەبوو ، بە لەبەرچاوگرتنی ئەو راستییەی کە لە ژیانییدا لە لیواکە نەچووبووە دەرەوە کابرایەکی نائاسایی بوو ، پاش ئەوەی یەکەمین ژنی لەو ژنانەی کە هەیبوون بە نەخۆشی سیل مرد ، ئەوەندە بەهەست بوو کە قەڵای بەجێهێشت و خانوویەکی گەورەی لە شوێنێکدا دروستکرد کە با دەیگرتەوە و هەر نزیکەی مایلێك لەخوارەوەی شارەکەوە بوو . لەوێ مزگەوتێکی بنیاتنا ، هەروەها کتێبخانەکەشی کە کتێبی فارسیی و تورکیی و عەرەبیی تێدابوو ، لەگەڵ باخێك و دیوەخانەکەی . ئەو زۆر بە کەمی ئەو شوێنەی جێدەهێشت ، مەگەر



بۆ نوێژی هەینیی کە لە مزگەوتەگەورەکەی قەڵا دەکرا . لەو کاتانەدا کە لە مۆڵەت دەگەڕامەوە ، یاخود زۆر گوم دەبووم و لە چیاکان بە ململانێی سنورییەوە سەرقاڵبووم ، یان لە بۆسەیەك رزگارم دەبوو ، مەلا ئەفەندی دەهاتە ئۆفیس و داوەتی دەکردم بۆ میوانداری لە خانووەکەی خۆی . ئەو وتووێژکەرێکی نایاب و کابرایەکی چاوتێر و دەست و دڵفراوان بوو . خوانەکەی تا بڵێی رازاوەبوو ، نزیکەی تەواوی خواردنە تورکیی و فارسیی و عەرەبییەکانی لەسەر بوو . کە لەلای ئێمەوە جێگای پێزانین بوو .

جاری وا هەبوو بانگی دەکردم تا لەوە ئاگادارم بکاتەوە کە لە ئایندەیەکی نزیکدا وەك سەرگەورەیەك لەگەڵ تاقمێکدا دێت تا داوای چاپۆشین لە چەند تاوانبارێکی بەدناو بکەن ، پێی دەگوتم تۆ بەڕێزەوە پێشوازییمان لێبکە و گوێمان لێبگرە ، بەڵام هەرگیز رێگە مەدە کە هاتنی ئێمە کار لە بڕیارەکانت بکات سەبارەت بە خەڵکی خراپ و تاوانکار . ئەوانەی هەرچییەکیان کردبێت پەنا دەبەنە بەر ئەو بۆیانبپارێتەوە. من تێگەیشتم کە ئەو وەك دەمڕاستێکی ڕیشسپی پێویستە ئەرکەکەی خۆی بەجێبهێنێت ..هتد .

ئەو کاریگەرییەکی زۆری لەسەر سەرخێڵەکان هەبوو ، ئەوانەی زۆربەی جار دەهاتنە لای بۆ ئەوەی راوێژی پێبکەن ، دێرێك لەوەوە بەس بوو بۆ دڵنیاکردنەوەی خەڵکی مێشك پووت و دەمارگیر و داخراو ، ئەو توانی ئەوانە قایل بکات کە لەو سەرچاوە ئاوە پاکە بخۆنەوە کە ماتۆڕی کافران بۆ سەر قەڵای هەڵدەدات ، کاتێك سەربازگیریی بۆ یەکەمین لەشکری دیدەوانی لاوان بە شێوەیەکی گوماناویی تەماشای دەکرا ، ئەوە مەلا ئەفەندی بوو بە کوڕەکەی خۆی گوت پەیوەندیی بکات ، باقی دیکە وەك مەڕ دوای کەوتن .

لەکاتەدا (ئۆکتۆبەری ١٩٢٠) سێر ئارنۆڵد ویڵسن ئیدارەی مەدەنیی بەجێهێشت و وەك بەڕێوەبەریی کۆمپانیای نەوتی ئەنگلۆ ئێران چووە عەبادان . ئەو کوڕی قەشەی (ۆرسێتەر) بوو ، توێژەرێکی مەزن و دلێرترین مرۆڤ بوو ، کەسایەتییەکەی بۆ تێکڕای

ئەفسەرەکان ئیلهامبەخش بوو . هەموومان بە رۆیشتنی خەمبار بووین . پاشتر (لەساڵی ١٩٣٣) بووە ئەندامی پەرلەمانی (هێنجن) ، پاشتر لە دەورانی جەنگی دووەمی جیهانیدا وەك بۆمباوێژ پەیوەندیی کرد بە هێزی ئاسمانی پاشایەتییەوە و لەسەر کەناڵ تیاچوو .

لە شوێنی ئەو ، سێر پێرسی زاکاریا کۆکس هات ، کە زیاتر دپلۆماتێکی واقعبین بوو ، بەشێکی زۆری راژەی خۆی لە ئێران و کەنداو بردبووەسەر ، پێش ئەوەی وەك سەرۆکی گشتی ئەفسەرانی سیاسیی هێزی هەڵمەتبەری میسۆپۆتامیا دابمەزرێت . ئەو تا ئاگربەستەکە لە تاران بوو ، دانوساندنی لەسەر رێکەوتنێکی یەك لایەنەی جیددی لەگەڵ فەرمانڕەوایانی ئەو وڵاتەکرد کە پاشتر پشتگوێ خرا لە لایەن لەشکرەکانی بەریتانیا و تورکیا و روسیا پێی لێنرا . هەرچەندە ئێرانییەکان سەبارەت بەو مەسەلانە ئەزموونی باشیان هەبوو ، لەکاتی وتووێژی گشتییدا ، سێر پێرسی کۆکس نیوملیۆن پاوەندی زێڕینی خەرجکرد تا رەزامەندیی بەشێك لە نوێنەرە بنەڕەتییەکان بەدەستبهێنێت ، کە دواتر بە رێکەوتنێك ئەو ئەندامانە دەستیان لەکارکێشایەوە و دووبارە خۆیان هەڵنەبژاردەوە ، بەوەش پەرلەمانی نوێ یەکلایەنە رێکەوتنەکەیان رەتکردەوە و ئامادە نەبوو پەسەندی بکات ، ئەم جارە سێر پێرسی کۆکس کشایە دواوە و لە بەغداوە دەستیپێکرد . بەڵام ئەمجارەیان بە مەبەستی دامەزراندنی حکومەتێکی کاتیی لە سایەی نەقیبی بەغدا وەك یەکەمین هەنگاو لە پێناو دامەزراندنی دەسەڵاتێکی خۆجێ بۆ عێراق .

ئەو وڵاتە کە لە بندەستی تورکدا بوو لە سێ ویلایەت پێکدەهات ، بەغدا ، بەسرە و موسڵ ، ئێستا بۆ سیازدە لیوا دابەشکراوە ، هەریەکەیان لەسایەی متەسەریفێکدا و بە هاوەڵی ئەفسەرێکی سیاسیی بەریتانیی کە ئەرکی راوێژکاریی و پشتگیریی و هاندانە ، گەر پێویست بوو . وەزیری ناوخۆ بە کاری بەرێوەبردندا رادەگەیشت و وەك هەر وڵاتێکی رۆژهەڵاتی ناوەراست کە هێمنی و سەپاندنی یاسا بە پلەی یەکەم



دێت ، ئەو وەزارەتە گرنگترین وەزارەت بوو لە کابینەکەدا ، لانیکەم بەهۆی ئەوەی کە هەڵبژاردنەکان لە ژێر کۆنترۆڵی ئەودا بوو .

ویلایەتی موسڵ لە چوار لیوا پێکدەهات :موسڵ ، هەولێر ، سلێمانی و کەرکوك کە لە چارەم نووسرابوو لە هەر یەکەیاندا چەند ساڵێك بمێنمەوە .

لەگەڵ تورکیادا هیچ رێکەوتننامەیەکی ئاشتیی نەبوو ، ئەو تورکیایەی لە سایەی مستەفا کەمالدا توانا و هێزی بە بەردا هاتەوە . بە گوڕ سەرکەوتنی گەورەی بەسەر یۆنانییەکاندا بەدەستهێنا . ئامادەش نەبوون داگیرکردنی ئێمە بۆ ویلایەتی موسڵ قبووڵبکەن . هەرچەندە دوو راپەڕینی کوردیی و شۆڕشێکی عەرەبیی سەرکوتکرابوون ، بەڵام هێشتا چەککردنی خێڵەکان ئەنجام نەدرابوو . لەشکری بەریتانی لە درێژکردنەوەی راژەی سەربازیی لە وڵاتێکدا بێزاربوون کە ئاسانکاریی ئاسایی بۆ خۆشی و رابواردنیانی تێدا نەبوو ، هەروەها رێگای خێزانیش نەدەدرا ، حکومەتی بەریتانیا لەسەر بنەمای ئابوریی دوای جەنگ بە شێوەیەکی سروشتیی پەرۆشی کەمکردنەوەی خەرجی و بەڵێنەکانی و سەرشانی بوو . خەڵکەکە زانیارییەکی متمانەپێکراویان سەبارەت بە چارەنووسی ئایندەیی وڵاتەکەیان نەبوو ، یان ئەوانەی هاوکارییان کردن بۆ فەرمانڕەواییکردنی ناوچەکە . ئەم مەسەلەیە بە تایبەت حاڵەتی چوار لیواکەی ویلایەتی کۆنی موسڵ بوو کە هێشتا ململانێی لەسەر مابوو . ئەگەر هەلومەرجەکە زۆر بەرەو خراپیی رۆیی ، ئێمەی بەریتانییەکان دەگەڕێینەوە وڵاتی خۆمان ، بەڵام ئەی ئەوان کێوە بچن ؟ تورکەکان لە کوت ئەلعەمارەدا یەك بە یەکی ئەوانەیان هەڵواسی کە بە شێوەیەك لە شێوەکان هاوکارییەکی ئێمەیان کردبوو . ئەوەش تا ئێستا بە ئاسانیی لەبیر نەچۆتەوە .

سەید تالیب پاشای بەسرە کرایە وەزیری ناخۆ ، ئەو هەر لەو کاتەوەی لەشکر لە بەسرە دابەزیبوو هەمیشە دۆستانە مامەڵەی لەگەڵ ئێمەدا دەکرد . داستانی کوشتنی سێ فەرمانڕەوای تورکی لە بەسرە ، لە حاڵی حازردا تەواوی هونەر و شانازییەکەی بوو ، هەروەها کابرایەکی دەوڵەمەندیش بوو . تەواوی هەر سیازدە متەسەریفەکە

كارمەندی پێشووی رژێمی تورك بوون و بە رەسەن خەڵكی ناوچەكە بوون ، ئەوانە بەرێز ، دابپارێز و پیاوانێك بوون بە بەردەوامیی هەر لە ساتی دەرچوونی هێزەكانی توركەوە لە ناوچەكە ، لە بەڕێوەبەرایەتییدا وەك كارمەند خەریكی راژە بوون . بە مەبەستی راوێژ و پشتگیریی و هاندانیان ئەفسەری سیاسیی بەریتانییان بۆ هەر یەكەیان دانابوو ، كە راوێژكار یاخود موفەتیشی ئیدارییان پێدەگوتن ، ئەوان دەسەڵاتێكی وایان بۆ دیاریی نەكرابوو ، بەڵام لە پراكتیكدا ئەوە ئەفسەرانی بەریتانیی بوون كە قورمیشی كاتژمێرە نوێیەكەیان دەسوڕاند . جاری وا هەبوو گەر پێویستی بكردایە كەسایەتییەكی سیاسیی یان سەرۆك عەشیرەتێك دەست بەسەر بكرایە ، داوایەكی زۆر لە متەسەرف دەكرا كە بە مەبەستی خستنەبر مەترسیی رقوكینەی ئایندەیی خێزانیی هەنگاوی پێویست بنێت . راوێژكارانی بەریتانیی دەستیان لە مەسەلە وەردەدا و كاریان بۆ دەكرد . هەروەها پۆلیس هێشتا لە لایەن ئەفسەرانی بەریتانییەوە فەرماندەیی دەكرا پشتگیریی كۆتایی دامەزراندن لە هێزی سوپایی یان ئاسمانیی لە لایەن ئەفسەرانی سیاسییەوە پەردەكرایەوە و پاشتر لە لایەن سەركردەی ئەو هێزانە یاخود كۆمیسێری باڵای بەریتانیا بۆی دەسەلمێندرا .

لە دەورانی جەنگدا بەشێكیان لە قاهیرە بە ناوی بیرۆی عەرەبیی دامەزراندبوو ، كە ئامانجی بنەڕەتیی بریتیبوو لە هاندانی عەرەبەكان بۆ یاخیبوونێكی چەكداریی لە پێناوی ئاستەنگ دروستكردن لەبەردەم ئۆپەراسیۆنی توركەكان و تێكدانی پەیوەندیی هێزەكانیان ، لەبەرامبەر بەڕێوەچوونی كارەكانی خۆمان ...لەپاش ئاگربەست ، وێڕای ئەوەی كە ئامانجی دامەزراندنی ئەو بیرۆیە هاتبووەدی و هۆكارێك نەبوو بۆ مانەوەی ، هۆگراس گەڕایەوە بۆ ئۆكسفۆرد ، مس بێل و لۆرانسی بەجێهێشت تا بەرگریی لە كێشەی عەرەب بكەن . مس بێل وەك سكرتێری نوێنەرایەتیی مەدەنی بۆ كاروباری رۆژهەڵات لە ساڵی ١٩١٧ هاتە بەغدا و پاشتریش بووە سكرتێری كۆمیسێری باڵا . سێر پێرسی كۆكس و لۆرانس وایان هەستكرد كە



كەوتوونەتە ژێر باری بەڵێن و پەیمانەكانیان كە پێشتر بە میر فەیسەڵیان دابوو ، ئەو فەیسەڵەی لە لایەن فەرەنسییەكانەوە لە سوریا فڕێ درایە دەرەوە .

مس بێل كە بە گەرمیی لایەنگری فەیسەڵ بوو ، بە شێوەیەكی ناجۆر و تا رادەیەكی زۆر بووە لایەنگرێكی سەختی فەیسەڵ و دۆزەكەی ، ئەوە بوو حكومەتی بەریتانیا بە داواكاریی و پاڕانەوەی لۆرانس و هۆگراس ، هاتە سەر ئەو باوەڕەی كە فەیسەڵ لە عێراق بێننە سەرتەخت . لە كاتێكدا مس بێل وەك یوحەنای مەعمەدان خۆی گەیاندە بەغدا تا زەمینە بۆ مەسەلەكە خۆش بكات .هەر چەندە ئەو ئەو بڕیارە بۆ خەڵكی عێراق و ئەو ئەفسەرە بەریتانییانەی كە لەوێ راژەیان دەكرد نەدركێندرابوو .لەجیاتی ئەوە بەیاننامەیەكی فەرمیی بڵاوكرایەوە كە باس لەوە دەكات وڵات لە لایەن پاشایەكەوە فەرمانڕەوایەتیی دەكرێت كە خەڵكەكە خۆی هەڵیدەبژێرێت . سەید تالیب پاشا وێڕای ئەوەی وەزیری ناوخۆ بوو ، بەتەواویی لەو پیلانە بێئاگابوو ، ئەو بڕیاریدا بۆ لەسەرنانی تاجی پاشایەتیی بچێتە ناو ململانێكەوە و بۆ ئەو مەبەستەش ئێوارەخوانێكی بۆ كەسایەتییە ناسراوە عێراقییەكان و بەریتانییەكان ئامادەكرد كە پەیامنێری (تایمز) یشی لێ بوو . ئەو ئامادەبووانی لە مەبەستەكەی ئاگاداركردەوە و هیوای پشتگیرییشی لێ خواستن .

مس بێل هەر زوو ئەو هەواڵەی بیست ، بە پەلە خۆی گەیاندە سێر پێرسی كۆكس. ئاكامەكەشی ئەوە بوو كە دوانیوەڕۆی رۆژی دواتر (١٧ی ئەبریلی ١٩٢١) ، لە كاتێكدا سەید تالیب پاشا پاش خواردنەوەی كوپێك چا و وتووێژێكی دۆستانە لە ماڵی مس بێل دەچووە دەرەوە ، قۆڵبەستكرا و بە پەلە خستیانە ناو زرێپۆشێك و بێ زۆر بڵێی لە وڵات دوورخرایەوە . پێویستە سەبارەت بە فیلیپی بگوترێت كە ناوبراو كاتێك هەواڵی دوورخستنەوەی وەزیرەكەی بەر گوێ كەوت بەپرتاو هەوڵی دیدەنی سێر پێرسی كۆكسی داوە . ئەمە چ كار و رەفتارێكە ؟ وەزیری ناوخۆ بێهیچ ئاگادارییەكی راوێژكارەكەی دوور بخرێتەوە ..هتد ، بەڵام هەموو ئەوەی كە سێر پێرسی كۆكس گوتبووی ئەوە بوو :" گەیشتوومەتە ئەو بڕوایەی كە لەم وڵاتەدا

ژوورێکی وای تێدا نیە جێگای هەردووکمانی تێدا بێتەوە " . دوای ئەو فیلپی جێیهێشتبوو . بڵاوکردنەوەی بەیاننامە دواتر ئەو راستییەی روونکردەوە کە میر فەسەڵ هەڵبژێردراو و دەستنیشانکراوی بەریتانییەکان بوو . هەروەها تەلەگرافی زۆر نهێنیی بۆ تەواوی ئێمەی ئەفسەری سایسیی نێردرا کە فەرمانمان پێدەکات تەواوی توانای شەخسیی و فەرمیی خۆمان تەرخان بکەین تاکو خەڵکەکە بێنینە سەر ئەو باوەڕەی فەیسەڵ هەڵبژێرن .

مەسەلەکە بۆ من ئەرکێکی زۆر گران بوو ، زۆرینەی خەڵکەکەی ئێرە کورد بوون کە بایەخێکی ئەوتۆیان بە میرێکی عارەب نەدەدا ، هەروەها وەك وەك هەر پیاوێکی چیایی کە دانیشتووانی دەشتەکانی پێسووکە . لەگەڵ چوونە تەمەنەوە پتر ئەزموونم پەیدا کرد ، تەنانەت زانینی ئەو کاتەی کە رێگای ئاڵۆز و ژێربەژێر دەگیرایەبەر تا خواستەکانی (هۆبسن) لە بەرامبەر خەڵکییدا ببرێتە پێش . وام هەست دەکرد و بە پێویستم دەزانی کەنارگیر بم ، بەڵام ئەو دەمە ئەفسەرێکی لاوی سوپا بووم بۆ جەنگ دەستمان دەدا و فەرمانەکانمان بێ سێودوو جێبەجێ دەکرد . بەڵام لە بواری فڕوفێڵی سیاسەتدا بێئەزموون بووم .

سەرخێڵەکان و پیاوماقوڵانی شار کۆککرانەوە و داوایان لێکرا ئیمزا بۆ فەیسەڵ کۆبکەنەوە . کە میرێکی عەرەبە و نەوەی پێغەمبەرە و لە ساڵەکانی جەنگدا هاوکاریی ئێمەی کردووە دژی ئەو تورکانەی ئەمێستا ئێوە لە دەستیان رزگارتان بووە ..هتد ، ئەوان دژ بەو مەسەلەیە وەستان و داوای هەڵبژێردراوێکی دیکەیان کرد. ناچار بووم کە پێیان رابگەیەنم کە جگەلە فەیسەڵ کەسێکی دیکە نیە . بەڵام فەیسەڵ کاندیدی لویس جۆرجە ، کێ لەو باشتر دەزانێ ؟ ئایا بەریتانییەکان دەوروژێن و لەوانەیە دەستەیەکی سەربازیی بنێرن ئەگەر بێتو بۆ فەیسەڵی ئیمزا نەکەین ؟ گوتم نازانم بەڵام پێدەچێت ناڕازیی و بێهومێدبن . لە کۆتاییدا پاش رۆژێکی زۆر درێژ و گەرم و ماندووبوونێکی زۆر گەڕامەوە بارەگاکەی خۆم و بینیم دوو کۆڵۆنێڵی بەریتانیی نەناسراو بۆ ئێوارە گەیشتبوون .یەکێکیان کۆلۆنێل کینهان



کۆرنوانلیس و ئەوی دیکەیان کۆڵۆنێل پی.جۆیسی بوو . هەردووکیان پێشتر ئەندامی بیرۆی عەرەبی بوون . مەبەستی هاتنەکەیان بۆ ناوچەکە هەڵسەنگاندن و زانیاریی کۆکردنەبوو . دواتر یەکێکیان کە کۆرنوالیسە شوێنی سەرۆکەکەمی (فیلپی) گرتەوە ، ئەوی دیکەشیان جۆیسی ، سوپای عێراقی دامەزراند . پاش ئەوەی پێناس و بەرگەی باوەڕپێکردنیانم بینی ، لێیانپرسیم کاروباری هەڵبژاردنەکە چۆن بەڕێوەدەچێت ، منیش گوتم کە زۆربەی دانیشتووانی ئەم ناوچەیە کوردن هەروا مەسەلەیەکی ئاسان نیە ئیمزای نوێنەرەکانیان بە قازانجی فەیسەڵ وەربگیرێت ، وێڕای ئەوەی پاش رازییکردن و گفتدان توانیم سەرکەوتن بەدەستبهێنم و ئیمزایان بە قازانجی فەیسەڵ لێوەرگرم . پاش سەرقاڵییەکی زۆر هەڵبژاردنەکە کۆتایی هات . پاشتر بیستم کە مێجۆر مارشاڵ بەکارهێنانی شێوازی رازییکردنی لە لیوای کەرکوك رەتکردۆتەوە ، لە ئاکامدا خەڵکەکەی ئەوێ کە زۆربەیان بە رەگەز تورك و کوردن ، هەڵبژاردنی فەیسەڵیان رەتکردۆتەوە .

ئەو لە من بەتەمەنتر و بەئەزموونتر بوو ، ئەو راست و لە کاتێکدا من هەڵە بووم . لیوای سلێمانی کە بە تەواویی کوردییە و چەقی ناسیونالیزمی کوردە ،وەك لیوایەك لە سایەی کۆمیسێری باڵای بەریتانیا فەرمانڕەوایەتیی دەکرا ، بەوشێوەیە لە هەڵبژاردنەکەیان دەرهاویشتبوو ، هەرچەندە پاشتر کە خەون و خواستەکانی کورد کاڵکرانەوە (بە پشتگیریی بەریتانیا) ،ئەم لیوایە لە چوارچێوەی عێراقدا مایەوە .

پاش هەڵبژاردنەکە بە خێرایی ئاهەنگی تاج لەسەرنان رێکخرا . نەقیبی بەغدا ، کە پیاوێکی پاك و لەخواترس بوو ، زۆر پەرۆش بوو کە سەرۆکایەتیی حکومەتە کاتییەکەی تەسلیم بکاتەوە . لە کاتی دیاریکراودا مەزنە پیاوانی وڵات بانگکرانە بەغدا تاکو ئاهەنگی تاج لەسەرنانی فەیسەڵ ببینین . لەنێو عەرەبدا هیچ شتێك لە تاج لەسەرنان بە بایەختر نیە . ئاهەنگەکە بریتیبوو لە دانیشاندنی مەلیك لەسەر تەخت ، ئەوەش لەلایەن نەقیبەوە و بە سەرپەرشتیی سێر پێرسی کۆکس ئەنجامدرا . فەیسەڵ بە ئامادەبوونی تێکڕای ئەو پیاوماقوڵانەی مەراسیمی تاج لەسەرنانەکەیان

بيني و بەيعەتيان دايە ، لەسەر تەختي پاشايەتيي دانيشت (٩ ی ئووتی ١٩٢١) مەليك جگە لەوەی دەيناسين و بۆ عێراق هاوەڵی بوون كە بريتيبوون لە كۆرنوانليس، جۆيس و ئەفسەرانی سوپای توركی بەڕەگەز عەرەب ، ئەوانەی لە دەورانی جەنگدا لەلايەن ئێمەوە ديلكران و پاشتر هەڵبژێردران تا ببنە پاڵپشتی ياخيبوونەكەی شەريف حوسێن كە فەيسەڵ سەركردايەتيی دەكرد ، گرنگترين كەس لەوانە جەعفەر ئەلعەسكەری و نوری پاشا سەعيد بوو ، هەروەها وێڕای ئەوەی هەميشە لە پشتی ديمەنەكانەوە بوو ، واتە مس بێلی بەباوەڕ و هەميشە ئامادە .

هەر زوو پاش كۆتايی ڕێ و ڕەسمی ئاهەنگەكە ، تيمێكی كاركردن بەمەبەستی هەڵوەشاندنەوەی تەخت و شانۆی ئاهەنگەكە ئامادەبوون ، كاتێك كە پارچە پەڕۆ ئاڵا و ئاڵاكەيان لە تەختەكە راماڵيی ، دەركەوت كە عەرشی مەليك لە چەند پارچە سندوقێكی بيرەی يابانيی دروستكراوە كە بە پەلە خستويانەتە سەريەك و هێشتا نيشانەی كارگەكەی پێوەماوە كە ASAHI و NAFFI بوون . ئەمەش ئەو ئەفسەرە لاوە بەريتانيیانەی كە لەپشتی كارەكەوە بوون بە جۆرێك شڵەژاند و ڕێ و ڕەسم و بۆنەكەی ناخۆش كرد ، وێڕای ئەوە پێشبينييەكی وا كە لێكدانەوەی بۆ بكرێت ئەوەيە كە ئەم مەسەلەيە پتەوی پێشبينيی دەسەڵاتخوازيی دامەزرێنەری بنەماڵەی هاشميی نيشاندەدات وەك لە پابەندبوون بە هەڵوێستی راستەقينەی ئيسلام لەمەڕ مەی و بادە خواردنەوە. ئەفسەرە لاوە بەريتانييەكان كە لە ئەنجومەنی باڵادا نەبوون زۆر بايەخيان بە پێشبينييە سياسييەكان نەدەدا ، ئەوان ئاگاداريی ئەو راستييە نەبوون كە مەليك لە ڕێگای فرتوفێڵی حكومەتی بەريتانياوە و بێ ويست و ئارەزووی خەڵكەكە بە زۆر بە سەر عێراقدا سەپێنراوە . ئەوان نەياندەزانی كە پێش هەڵبژاردن هەموو پێش وەخت كراوە و لێبۆتەوە ، تا ئێستاش كەمن ئەوانەی دەتوانن ئەو راستييە بهێننە بەرچاويان كە تەواوی هەڵبژاردنەكانی دوايی پێش وەخت ئامادەكرابوون و برياريان لێدرابوو ، تا دوا ساتی روخاندنی ئەو ديموكراسيەە درۆيينە كە بە كوشتنی ئەندامانی خێزانی هاشميی و لايەنگرە سەرەكييەكانی كۆتايی



هات (لە ١٩٥٨) دا ...هەر زوو پاش ئەوەی مەليك تاجی لەسەرنا ، فەرمان هات كە بە مەبەستی نيشاندانی يەكێتی خاكی وڵاتەكە ئاڵا هەڵبكرێت .

چەند ساڵێك بەسەر ئاگر بەستەكەدا تێپەڕيبوو ، هێشتا لەگەڵ توركيا ئاشتييەك بەدينەهاتبوو . ئەو توركيايەی لە لايەن مستەفا كەمالەوە و لە ڕێگای سەركەوتنەكانی بەسەر يۆنانييەكاندا گيانی بەبەرداهاتبۆوە ، ئەو يۆنانييانەی كە مستەفاكەمال لە ئەنەدۆڵ كردنيە دەرەوە ، هەروەها تا ئەو كاتەش توركيا داوای ويلايەتی موسڵی دەكرد و دەستی لێ هەڵنەگرتبوو . لە هەمان كاتدا دوو هەڵمەتی سەربازيی دژی چەكدارە كوردەكان لە ناوچەی ئامێدی و ليوای سلێمانی چەقی نەتەوايەتيی كورديی ، ئەنجامدرابوو ، هەروەها ياخيبوونی چەكداری عەرەبەكان لە ساڵی ١٩٢٠دا...ئەمەش ئەوە نيشان دەدات كە حاڵەتی سياسيی وڵاتەكە هێشتا دوور بوو لە جێگيرييەوە ، بە تايبەتی لەو ناوچانەی كە دوای ئەو ڕووداوانە سەرلەنوێ داگيرنەكرابوونەوە ، وەك ئەو ناوچە بەرفراوانەی هەرێمی ڕەواندز لە ليوای هەولێر . لێرەدا بوو كە قەوزاقەكانی سوپای روس نەيانتوانی لەو زنجيرە چياييە تێپەڕن كە ناوچەكە لە دەشتی هەولێر جيا دەكاتەوە ، ئەو ناوچەيەی كە دەكەوێتە گۆشەيەكی باكووری رۆژهەڵاتی عێراق و لەگەڵ توركيا و ئێراندا هاوسنورە .

نزيكترين ناحيە لە ڕەواندزەوە دەشتی حەريرە ، كە نزيكەی پەنجا مايل لێوەی دوورە و بەشێكی فراوانی دانيشتووانەكەی سەر بە خێڵی سورچين . هەروەها نامەيەك ڕەوانەی عەلی بەگی سەرۆكەكەيان كرا و پێی راگەيەنرا كە من سەردانێكی دەكەم ، ياوەرانم بريتيبوون لە لكێكی سوارەی كورديی كە فەرماندەكەی (كاپتن ئۆ كۆنۆر) و جێگرەكەی ئەفسەری پلەيەك (بۆيس) بوو . وێڕای دەستەيەك پۆليسی چيايی ، لە دەشتی هەولێر پەڕينەوە و شەومان لە دێرە لەگەڵ ماجد ئاغا بردەسەر كە يەكێكە لە سەرۆكەكانی خێڵی گەرديی و ٢٥ مايل لەولای هەولێرەوەيە لە پشتی يەكەم گردە شاخ . سەرلەبەيانی سبەی دەستەيەك لە ديوگردەكەدا كەوتە جوڵە بەرەو گەرووی دوێن قەڵا ، ئەو شوێنەی بە پێی باوەڕی خۆماڵيی جێگای لەدايك

بوونی سەلاحەدینە ، کە بەرهەڵستکار و نەیارێکی بەناوبانگی ریتچار شێردڵە . لە پشتی قەڵای دوێنەوە رێگاکە بە دۆڵێکی تەسکدا دەڕوات کە داربەڕووی چڕ ئەوندەی دیکە بواری هاتوچۆی لێبڕیوە و دەگاتە سەر دەربەندێکی دیکە کە بە بابەچیچك ناودەبرێت . لە پشتی ئەویشەوە دەشتی حەریر دێت . هەموو شتەکان باش بەڕێوە دەچوون هەتا پێشقەڕەوڵ کە بۆیس فەرماندەی بوو لە گەرووەکە نزیك بوونەوە ، لە ناکاو ئەو هێزە لە پێشەوە و لە هەردوولاوە بووە ئامانجی ئاگری تفەنگی پەلاماردەران . ئەم پەلامارە لە ناکاو و چاوەڕوان نەکراوە ، سەرەتا بووەهۆی شڵەژان ، بەڵام پاش خولەکێك دوو خولەك بۆیس پێشقەڕەوڵی خستبووە شێوازی کاری پیادەیی ، ئۆ کۆرنەریش لە پێشەوەی هێزە سەرەکییەکە کاتێك گوێی لە تەقە بوو دەست و برد حاڵەتی بەرگریی لە پاڵ ئەسپەکەیەوە وەرگرتبوو و لە کاتێکدا منیش رۆیشتم تا بزانم بە گشتی چی روویداوە .

کاتێك گەیشتمە پێشقەڕەوڵ بینیم گەرووەکە بە توندی گیرابوو دوژمن خۆشبەختانە تەقەی لە پێشەوەی هێزەکە کردبوو پێش ئەوەی لولەی تفەنگەکانیان ئاراستەی پاسەوانانی پێشقەڕەوڵ بکەن ، کە لە شوێنە شاراوەکانی خۆیاندا چاوەڕێ بوون و تەقەیان وەستاندبوو هەتا دەستەکە گەیشتبووە نیوەڕێی گەرووەکە بەمەش کارەساتێکی دیکە روویدا هەروەك ئەوەکەی گەلی مزوریکا لە ساڵی ١٩١٩ دا ، لەوێدا سێ تا چوار قوربانیی لە کۆی کەمتر لە دەستەیەك پیاو هەبوو ، لەوانە ئەفسەری پلەیەك بۆیس کە دەستی پێکرابوو ، ئەسپەکەشی لەدەستدابوو . سەبارەت بە دوژمن کە پیاوە خێلەکییە پیادەکان بوون ، ئەوان بە توندی خەریك بوون دەهاتنە پێشەوە و لەژێر گابەرد و دار و لە سەرەوەی گردەکەوە و هەموو لایەکی دۆڵەکەووە بوون . ئەگەرێکی کەم هەبوو بۆ کردنەوەی رێگای گەرووەکە بە بەکارهێنانی لەشکری سوارە، بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی مەترسیی خۆبەدەستەوەدان لە کۆتاییدا ، لەبەر ئەوە بۆیسم خستە سەر ئەسپەکەم و گەڕاینەوە بۆ پێشەوەی دەستەکە و کەوتینە بەر تەقە ، ئەمجارە ئۆکۆرنەر بە مەبەستی رێگرتن لە دوژمن و پاشاکشەی دەستەکە



قۆڵێکی پیادەی لەسەری بەرزاییەکەوە و لە هەردوو لای دۆڵەکەوە دەرکرد . ئەم هەنگاوەش پاش بەخشینی چەند قوربانییەکی کەمی دیکە سەریگرت ، ئەم پاشەکشەیەش ناخۆشترین وەڵام بوو بە پەلەماردەران ، بەڵام لەو هەلومەرجەدا جگە لە پاشەکشە چارەیەکی دیکە نەبوو ، تاکو جارێکیتر بچینەوە سەریان و زانیارییەکی زیاتر سەبارەت بە نەیارەکانمان کۆبکەینەوە.

لە کاتێکی دیارییکراودا هەواڵ هات کە ئەفسەرێکی تورك لەگەڵ ژمارەیەك سەربازی تورکی باش بوزوقدا بەمەبەستی هاندانی یاخیبوونی خێڵەکان و ئاسانکاریی گەڕانەوەی ویلایەتی موسڵ بۆ تورکیا ، هاتوونەتە رەواندز . ئەو توانیبووی پشتگیریی شێخ عوبەیدوڵڵا و هەروەها شێخ رەقیبی سەرۆکی بەشێکی خێڵی سورچیی بە درێژایی روباری زێ لە قەزای ئاکرێ بەدەستبهێنێت . هەروەها وێڕای سورچییەکانی عەلی بەگ و ئەو تاقمە یاخیبووە لەو پیاوە خێلەکییانەی کە بەرپرسیاربوون لە پەلاماردان و هاتنەسەر رێگامان .

دوای هەڵسەنگاندنی رەوشەکە ، بڕیارماندا کە بەکارهێنانی لەشکری سوارە لەو ناوچە تەنگەبەر و چیاییەدا گونجاو نیە، لەجیاتی ئەوە بڕیارماندا پۆلیسی پیادە بەسەرکردایەتیی چارلس لیتڵدیل بەکاربهێنین بە پاڵپشتیی پۆلێکی هێزی ئاسمانیی پاشایەتیی لە موسڵ . دوای چەندین گفتوگۆ و دارشتنی پلان ، چۆنیەتیی بڵاوکردنەوەی هێزەکانمان لە خوارەوەی دەشتی حەریرەوە لە سایەی هێزی ئاسمانییدا دەستپێکرد . لیتڵدیل بە باشی شارەزای ناوچەکە بوو ، ئەو لە راپەڕینەکەی ساڵی ١٩٢٠ و شەڕەکانیدا بەشداربوو ، پەیوەندیی و هاوکاریشمان لەگەڵ پۆلەکەی هێزی ئاسمانیدا نایاب بوو . من وەك خۆم هەموو ئەفسەرەکانم دەناسیی و تێکڕایان بەجۆشەوە تامەزرۆیی بەشداریی بوون . هەروەها لە کۆتاییدا کۆمیسێری باڵا و سەرۆکایەتیی گشتیی لەشکر هیوای سەرکەوتنیان بۆ خواستین. ئەمجارەیان وێڕای ئەوەی سەردانەکەمان نهێنی و تەمبێکارانە بوو ، پێشتر ئاگاداریی لەوبارەیەوە نەدرابوو و نامەی سڵاوئامێزیشی تێدا نەبوو ، لە شوێنی ئەوە خۆمان بە

چەند جۆری چەکی گرِدار ئامادەکرد و ئاگاداریی ساکاریشمان دەگەیاندە فرۆکە پاڵپشتییکەرەکان .

لە ئێوارەی دیارییکراودا و لەژێر پەردەی تاریکییدا کەوتینە جوڵە و بێ رووبەڕووبوونەوە لە کەناری دەشتەکە نزیك بووینەوە و لەوێڕا کەوتینە بڵاوبوونەوە و لەگەڵ ئەو دەە فرۆکەیەی کە بە ئاسماندا دەسوڕانەوە ، ئامانجی یەکەممان دیارییکرد کە گوندی باتاس بوو ، ئەو گوندەی کەوتبووە سەر نزمە بەرزاییەکەوە و لە پشتی ئەویش ، نزیك بە کیلۆمەترێك ، گوندی حەریر بوو کە لە قەدپاڵی چیایەکی سەختدابوو بە حەریرداغ ناودەبرا . کاتێك زیاتر نزیك بووینەوە بە تەقەی لابەلای چەند تفەنگێك پێشوازییمان لێکرا .هەروەها فرۆکەکان ئیشارەیان پێدرا کە بە بۆمب و شەستیرەکانیان چەترێکیان بۆ پێکهێناین تاکو خۆبکوتینە ناوەوە ، پیاوەخێڵەکییەکان لە ژێر ئاگری هاوبەشی هێزەکانمان ناچاربوون بەرەو حەریر بکشێنەوە . ئێمە خۆمان رێکخستەوە و چاوەڕێی فرۆکەکانی دیکەمان کرد تاکو پاڵپشتیمان بکەن و ئامادەکارییمان بۆ جێبەجێکردنی هەنگاوی دووەم کرد کە حەریر ئامانجەکەی بوو . ئەمەش ئەوەی دەگەیاند کە مەسەلەیەکی سەختترمان لەپێشە ، چونکە پیاوەخێڵەکییەکان چەندین جێگایان بۆ خۆحەشاردان هەبوو ، لە نێو باخەکاندا ، لە پشتی دیوارەکانەوە ، لەوەش زیاتر لەبەر ئەوەی ئەوان زۆر نزیك بوون لە قەدپاڵی شاخەکەوە و فرۆکە نەیدەتوانی بە نزمیی بفڕێت ، ئەوەش زیاتر تفەنگدارەکانی دەپاراست . لە ئاکامدا یەك لە فرۆکەکان پێکرا و ناچار بوو لە چەڵتووکجارێکدا ، لە پشتی شوێنەکەی ئێمەوە بنیشێتەوە . فرۆکەوانەکە (ئێف.ئۆ.تیگال) و هاوکارەکەی زیانیان وێنەکەوتبوو ، بەڵام زانیبوویان ناتوانرێت فرۆکەکە رزگاربکرێت ، هاوکارەکەی مەترەلۆزەکەی پشتی فرۆکەکەی دەرهێنابوو ، لە دووری ٢٠ یاردەوەکەوتبووە تەقەکردن لە تانکیەکەی و تەقاندبوویەوە . بەوەش پریشکی بەنزینەکەیان بەرکەوتبوو ، چەند بۆمبێکی فرۆکەکەش کە بەرنەدرابۆوە تەقیبۆوە و هاوکارەکەی بریندار کردبوو . هەرچەندە وا دەردەکەوت کە برینەکەی



مەترسیدار نەبێت بەڵام ئەمە زیاتر ئێمەی شڵەژاند و وای نیشاندا کە قوربانی زیاتر هەبێت . هەرچەندە توانیمان ئەو دووانە لە رێگای هێزی ئاسمانییەوە بگێڕینەوە ، بەڵام کاتێك تیگال گەیشتبۆوە ، زۆر گوێی بەر برینەکەی نەدابوو و چارەسەریی رەتکردبۆوە ، هەربۆیە لە رۆژی دواتردا تەندروستیی خراپ ببوو و لە رۆژی سێهەمیشدا مرد . دیمەنی فرۆکە سووتاوەکە دڵی پیاوەخێڵەکییەکانی قایمترکرد . ئەوانەی پاش ئەوە دژە هێرشی توندی خۆیان دەستپێکرد . لە ئاکامدا و پاش ئەوەی نیوەی گوندەکەمان سووتاند دەبوایە پاشاکشە بکەین . قۆناغی دووەم پاشەکشە بوو لە گوندی باتاس پاش ئەوەی تەواوی بنمیچەکانمان گڕتێبەردا . بۆ رۆژی دواتر گەڕاینەوە هەولێر ، ماندوو بەڵام دڵنیا لەوەی کە پەڵەی پەلامارەکەی بابەجیجکمان شۆردۆتەوە و نیشانی پیاوەکانی عەلی بەگیشمان دا کە خیانەت نرخی خۆی هەیە . بەڵام بە تێپەڕینی کات هەواڵەکان وایان نیشاندا کە گرفتەکە زۆر لەوە گەورەترە کە بیریان لێدەکردەوە . وردە وردە وێنەکە روونتر بۆوە و دیمەنی لکی پێنجی هەڵمەتبەری سوپای تورك ئاشکراتربوو ، ئەو لکەی لەلایەن (کۆلۆنێل عەلی شەفیق ) ناسراو بو ئۆزدەمیر ەوە سەرکردایەتیی دەکرا . ناوبراو پارە و چەك و بەڵێنی پاداشتی دەبەخشیەوە بۆ هەرکەسێك ئاژاوە بنێتەوە . مەسەلەیەکی وا کە بە زوویی بۆ لیوا کوردییە هاوسێکەمان ، سلێمانی ، بڵاوبووەوە .

لێرەدا بەریتانییەکان کە ئەزموونێکیان هەبوو لەگوڵ خۆبەڕێوەبردنی کوردەکان لە سایەی رێبەری سیاسیی شێخ مەحموود دا ، بە پشتگیریی میجۆر سۆن کە لە لایەن چەند ئەفسەرێکی بەریتانییەوە لە چەندین هەرێم هاوکاریی دەکران کە چاوەڕێی ئەوەیان دەکرد جۆرێك لە بەڕێوەبەرایەتییەکی دیموکراتیك[١٥] دابمەزرێنن . مێجۆر سۆن کەسێکی بەپەرۆش بەڵام دڵڕەق و توندوتیژ بوو و حەزی بە شێخ

[15] لەوە دەچێت لاین لێرەدا ئەوەی لەبیرکردبێت کە پێشتر سەبارەت بە مێجۆر سۆن گوتویەتی و بە دیکتاتۆری ناوبردوە ، کەسێکی دیکتاتۆر هیچ کاتێك دەتوانێت بناغەی بەڕێوەبەرایەتییەکی دیموکراتیك دابمەزرێنێت ؟!!.

مەحموود نەدەکرد . ئەفسەرەکان خۆی دەستنیشانی کردبوون ، چەند دانەیەکیان نەبێت ، باقی دیکەیان دەتوانرێت بە توند و رەق وەسفبکرێت .

شێخ مەحموود یەکەمین ئاژاوەگێڕ و ستەمکارێکی تاکڕەو و لە بنەماڵەیەکی خۆسەپێنی سەیدەکانی بەرزنجە بوو کە بنەماڵەیەکە گوایە خۆیان بە نەوەی پەیامبەر موحەمەد دەزانن . ئەو بە گشتی لە کاروباری ئابوریی و بەڕێوەبەرایەتییدا بێئەزموون بوو ، رقی لە سۆن بوو ، ئەو دەرفەتی مۆڵەت وەرگرتنی سۆنی قۆزتەوە و ئاڵای یاخیبوونی لە ساڵی ١٩١٩ دا بەرزکردەوە [16]. پاشتر تێکشکا و لەلای

[16] ئاساییە کە کەسانی نیشتمانپەروەر و شۆڕشگێڕ و راپەڕیو لای داگیرکەران و نووسەرە بیانییپەرستەکان بەو چەشنە ناوناتۆرانە ناوزەد بکرێن و ناویان بهێنرێت کە لاینیش یەکێکە لەوانە لەراستییدا شێخ مەحموود نە ئاژاوەگێڕ و نە خۆسەپێن بوو ، بەڵکو مرۆڤێکی ئازادیخوازیی کوردستانیی و نەتەوەییەکی سەربەخۆیی خواز بوو .لەو بارەیەوە (مێجەر نۆئێل) لە ٨ی ١٠ی ١٩١٨ دا لە سلێمانیٚ وە راپۆرتێکی بۆ دەسەڵاتدارانی بەریتانی ناردووە.بە پێی ئەو راپۆرتە:شاری سلێمانی لە کۆتایی فەرمانڕەوایی عوسمانییەکاندا ئاڵۆزترین ناوچە بووە،شێخان نارەزایەتی خەڵکیان دژی عوسمانییەکان رێبەرایەتی کردووە کە ناوەرۆکەکەی بەرگری لە ستەملێکراوان بووە.شێخ مەحمود گەنجێکی گرانبەهایە،کەمترین نەیار و زیاترین لایەنگری هەیە کە لە ٥کەس ٤ی لایەنگرین و ١کەسیش نەیارێتی ،ئەو رێژەیەی لە ولاتێکی سروشت خێلەکی و بنەماڵەیی کە دوژمنایەتی کۆنیان پێکەوە هەیە زۆر کەمە". بڕوانە:د.احمد عثمان ابوبکر ، کردستان في عهد السلام (بعد الحرب العالمية الاولى) ، کردستان /اربیل، ل ٣٧٣-٣٧٤ .

هەروەها شێخ مەحموود راپەڕین و شۆڕشی بەمەبەستی مافی نەتەوەکەی و سەربەخۆیی کوردستان هەڵگیرساندووە ، جگە لەوەی تەواوی سامان و موڵکەکانی لەو پێناوەدا خەرجکرد ،چەندجارێکیش مەردانە بەرەوڕووی مەرگ بۆتەوە. لەو لایەنەوە راگواستنی بەشێك لەو تەلەگرافەی کە شێخ مەحموود بۆ سمکۆی شکاکی ناردووە و لە ژمارە ٧ ی( رۆژکوردستان )ساڵی ١٩٢٢ئۆرگانی حکومت کوردستان جنوبی بلاٚوکراوەتەوە، کارێکی خراپ نیە .

شێخ مەحموود دەڵێت:"امرو حقیکی رسمی ندراوە بە ملت کورد ایمە کە ببیتە سبب جنبش و مدافعە ء دشمنان خارجی (مەبەستی تورکە /سەردەشتی).هرچند ایمە داوای لطف و حقوقمان کردبی بە نوع وعد و بهانە امهال کراوە.٣ مانگ لمو پیش حکومت فخیمەءبریتانیا او معاونتە کە وعدی فرموە لە صد یکیکی بجی نەهیناوە تاوەکو منیش ملت کورد بە استقبالەوە طماعداریان بکم.بۆ حقی شرو شۆرم پی خۆشە،بلاٚم بۆ ناحقی پیم خۆش نیە کە خوینی مسلمانانی کورد



جگەرییەوە ئەنگێورا ، لە نەخۆشخانەی سەربازیی بەریتانیی چارەسەرکرا و بڕیاری مردنی بەسەردا سەپێنرا ، بڕیارەکەیان دواخست و بۆ هیند دوورخرایەوە ، بەڵام سۆن گەڕایەوە وڵات تا لەویٚ بە دەردی سیل بمرێت . ئەمێستا شوێنەکەی ئەو (مێجۆر .ئێچ.ئەی.گۆڵدسمسی ) پڕی کردۆتەوە ، ئەویش ئەو دەردەی چەشت و لە کۆتاییدا بە نەخۆشی سیل مرد . ئەو بەپێچەوانەی سۆنی مامۆستای، هێمن و لەسەرخۆ بوو ، ئەوەش هۆکاری ئەوە بوو کە لەگەڵ ئەفسەرە پلەیەکە دڵڕەقەکەی سۆندا نەگونجێن و بە رێزێکی کەمەوە یان بێرێزانە لە فەرمانەکانی بڕوانێت .

(کاپتن جی.جەی.کوك) لە قەزای خواغەزەب لێگیراوی مەلاریالێدراوی رانیە بوو کە ٨٠ مایل لە رۆژهەڵاتی هەولێرەوە بوو ، ئەو قەزایەی کە تاکە رێگای پەیوەندیی کوێرەڕێی هێستر بوو لەگەڵ تەلەفونێکی لاواز . کینە تۆزی کوك لەگەڵ سەرۆکە خۆجێیەکانی ناوچەکەدا جێگای باوەڕکردن نەبوو ، تورەییەکەی بە پلەیەك بوو جارێکیان لە نێو بارەگاکەی خۆیدا دانەیەکی لێدابوونە بەر گوللە...هێندێك جار زەنگی بۆ لێدەدام بۆ هەولێر داوای پۆلێك سەربازی دەکرد و هەموو جارێکیش ئەوندە بەڵگەی بەدەستەوە نەبوو بۆ ناردنی ئەو هێزە . لە کۆتاییدا شوێنەکەی لە لایەن مێجۆر سی.جی.ئەدمۆندزەوە گیرایەوە ، کە ئەفسەرێکی توێژەری دەزگای راوێژکاریی رۆژهەڵات بوو کە ماوەیەکی زۆر کەم مایەوە (مایۆ —ئۆکتۆبەری ١٩٢٢).

بریژم.اگر لطفا حق خۆمان پی ببخشری حاضرین بۆ همو فداکاری و دفع و دورخستنەوەی معترضە کانمان".

هەروەها شێخ مەحموود لە تەلگرافێکی دیکەدا بەئاشکرا و زۆر ئاگایانە دەڵێت:"غیری حکومت بریتانیا اوی حق حیاتمان بداتی و امید سعادتی لی بکری کس شك نابم .وەکو قیام کردن لە مقابل معترض‌او حقوقەمان کە بە زحمت پیمان ابخشری بە مشروع دەزانم بەبی سبب چونە مجادلشەوە اوەندە بە غیر معقول ازانم.همو ملتی کرد بی تردد حاضرە بۆ دفعی دشمنی خۆی بشرط وەکو حکومت بریتانیا وعدی داوە وعدکەی بجی بینی اعتراف بە ملیتمان بکا و بە مرحمت تقدیری حقەقمان بفرموی لە حرکاتیکدا کە برامبر دشمنانمان اکری بەمادة یاریەمان بدات بلام امرو معترض وطن ودشمن ملیتم ناناسم .کی حقمان اداتی و کی تعرض حقمان اکات .

لە قەزای هەڵەبجە (کاپتن جۆرج لیس) ی لێبوو ، کە ئەفسەری تۆپخانە بوو ، لە ساڵانی جەنگدا پەیوەندیی بەهێزی هەڵمەتبەریی پاشایەتییەوە کردبوو . ئەو ئارەزووی شوێنەوارناسیی هەبوو . ئەرکی ئەوبوو کە تۆپێن لەگەڵ شازادەی هەڵەبجە (عادیلە خانم ) بکات . کە بێوەژنی عوسمان پاشای سەرۆکی خێڵی جاف بوو ، ئەو بە دەستێکی ئاسنین فەرمانڕەوایەتیی خێڵەکەی دەکرد . لە کاتێکدا پێش جەنگ سۆنی کردبووە سکرتێری شەخسی کاتێك سۆن وەك فارسێك خۆی گۆڕیبوو . ئەمێستا تا رادەیەك لەوە بێزار بوو لەوەی لە لایەن ئەفسەرێکی لاوی ئەوەوە لغاو بکرێت . عادیلەخانم لە فرت و فێڵدا وریا بوو ، لە هیچ تەڵەیەك نەدەسڵەمییەوە ، ئەو لیسی لەوە ئاگادار کردەوە کە حامید بەگی هەنەزای کە حەزی پێی نەدەکرد ، دەیەوێت لەناوی بەرێت ، بەدوای ئەوەدا چەند چەکدارێك دەنێرێت تاکو بەشەو تەقە لە ماڵی لیس بکەن ، ئەویش لە لای خۆیەوە ئاگاداریی کردەوە کە ئەگەر نەیەت بەدوای سۆن دا نەچێت ئەوا لەوانەی هێزی ئاسمانیی پاشایەتیی بنێرێت ماڵەکەی بۆمباران بکەن . پاش ئاراستەی ئاگادارییەکە ، لیس دەچێت فڕۆکەیەك لە هاوڕێیەکی هێزی ئاسمانیی وەردەگرێت و بەدەوری ماڵەکەی عادیلە خانمدا بە بەرزایی دارەکان دەسوڕێتەوە و ژمارەیەکی زۆر هەڕەشە بە زمانی کوردیی بەردەداتەوە و چەند فیشەکێکیش لە حەوتیرەکەیەوە دەتەقێنێت . لە کۆتاییدا لیس ، کە ئەفسەرێکی زۆر وریا و شارەزا بوو ، تێگەیشت کە ئەو گەمەیە شایەنی قوربانیی نیە ، هەربۆیە گەڕایەوە بەریتانیا و خۆی وەك جیۆلۆجیستێك پێگەیاند . دواتر بووە سەرۆکی ئەو بەشە لە کۆمپانیای نەوتی ئەنگلۆ ئێرانیی (ئێستا بەریتانی ئێرانیی) ، پۆستی هەڵەبجەش کەسی لێدانەنرا . بەڵام وەك خێڵی جاف کە دژی تورك و دژی عارەب و دژی شێخ مەحموود بوون ، دژی هەموو کەس بوون تەنیا خۆیان نەبێت ، شتێکی ئەوتۆ نەبوو .

(کاپتن ئێل.ئۆ.بۆند) لە ناوچە گردۆڵکەییەکانی چەمچەماڵ بوو کە دەکەوێتە نیوە رێگای کەرکوك و سلێمانیەوە ، ئەو کوڕی کابرایەکی کەشتی دروستکەرێکی



ئەستەمبوڵییە و لە رۆژهەڵاتی ناوەراست چاوی بەدنیا هەڵهێناوە و پەروەردە بووە ، ئەو شانازیی بە خوێنە بەریتانییەکەیەوە دەکرد ، هەروەك باوە ئەو جۆرە پیاوانە توند و رەقن و بڕوایەکی زۆریان بە خۆیانە . ئەرکی بۆند مامەڵەکردن بوو لەگەڵ هەمەوەند دا ، ئەو خێڵەی ناوبانگیان بە جەردەیی رۆیشتبوو ، مەیدانی هاتوچۆیان لە رابردوودا لە موسڵەوە لە باکوور تاکو دەرگاکانی بەغدا بوو ، ئەوان بە شێوەیەك هێڵی بازرگانیان لەگەڵ ئێراندا شێواندبوو کە تورکەکان تیپی سەربازییان ناردەسەریان و گەمارۆیان دان و پیاو و ژن و منداڵیان رەوانەی دەرەوە کردن و بۆ تەرابلوسی لیبیا دووریان خستنەوە کە ٢٥٠٠ مایل دوورە . بەڵام تەنانەت لەوێش نەتوانرا بهێنرێنە ژێر بار . ئەوان هەر زوو ئەوندەیان چەك و بارگیر دزیی بوو کە توانیبوویان هەڵبێن ، ئینجا خێزانەکانیان لە سایەی عەرەبەکانی خێڵی شەمەردا لە بیابانی سوریا بەجێهێشتبوو ، خۆشیان گەڕابوونەوە ناوچەکانیان و دیسان هەڵاو ئاشووبیان دەستپێکردبوو ، تاکو حکومەتی تورکیایان ناچار کردبوو لێیان خۆش بێت .

بەڕێوەبەرایەتیی گشتی کە لە لیوای سلێمانی دامەزرابوو وا ئێستا دەکەوێتە بەر فشارێکی پەرەگرتوو و بەرەو ئەوە دەڕۆیی بناغەی هەموو کارەکان هەڵوەشێنێتەوە ، کە دەبووە ئەوی بە زیان بەسەرماندا بشکێتەوە و سەرلەنوێ لەسەرەتاوە تێهەڵچینەوە ، بەڵام وەك دواتر هات من لەم رەوشەدا گەڕامەوە سەر هەمان ئەزموونی شەخسیی لە لیوای هەولێر .

لێرە ، وێڕای ئەوەی وانەیەکمان دابووە نەیارەکانمان تاکو بە خۆیاندا بچنەوە ، بەڵام هەل و مەرجە سیاسییەکە هێشتا نائارام بوو . هەردوو شێخی سورچی ، رەقیب و عوبەیدوڵڵا ، کە بەشێك بوون لە قەزای ئاکرێ و ئەو مەجەیان پێشێلکردبوو کە لە پاش راپەڕینەکەی ساڵی ١٩٢٠ لەگەڵ ناڵدەر دا لەسەری رێکەوتبوون و لە زێ پەڕیبوونەوە و بە مەبەستی نیشتەجێبوونی هەمیشەیی روویان کردبووە دەشتی حەریر . هەروەها مانەوەی بەردەوام و پڕوپاگەندەی ئۆزدەمیر لە رەواندز ، سەرنجی

یاخیبووان و یاساشکێنەرانی رادەکێشا کە لە هەموو ناوچەکانی دەوروبەرەوە روویان لە رەواندز دەکرد . پاشتر هەواڵێکم بیست کە دوو سەرۆکی دزەیی پەیوەندییان بە ئۆزدەمیرەوە هەیە و دەیانەوێت بەو هێزەوە پەیوەست بن کە کار بۆ دابڕینی هەولێر دەکات لە رێگای رووخاندنی ئەو پردەی دەکەوێتە سەر زێی بچووك ، لەسەر هێڵی پەیوەندی بە کەرکوك و بەغداوە . چونکە هیچ پردێك لەسەر زێی گەورە لە باکوور نەبوو ، هەروەها لەسەر دیجلەش لە رۆژئاواوە ، ئەوەش هەڕەشەیەکی مەترسیدار بوو ، شایەنی لێکۆڵینەوەی زیاتر بوو . بە زووی لەسەرچاوەی باوەڕپێکراو و هەروەها ئەحمەد ئەفەندی متەسەرفی ئێستا و سەرۆکی شارەوانی پێشوو ، راستیی هەواڵەکەم بۆ دەرکەوت . ئەحمەد ئەفەندی لەناخەوە حەزی بەوە نەدەکرد خۆی لە گرفتەکان دوورەپەرێز بگرێت ، بەڵام ئەوەشی پێخۆش نەبوو بۆ خۆی کارێکی وا بکات ببێتە مایەی ناڕەزایی ژمارەیەك لەو سەرخێڵانەی کە لە نێویاندا دەژیا ، دیاریش نەبوو داخۆ لیوای هەولێر لە دواییدا بۆ عێراق جێدەهێڵرێت یاخود دەگەڕێتەوە بۆ تورکیا .ئەو پێیگوتم ئەحمەد پاشا، کە نمونەی سەرۆکێکی زۆر بلێ و دەنگ زلی دڵرەق و توندوتیژ بوو ، بە ئاشکرا شانازیی بەو کارەیەوە دەکات کە دەیکا و جیرانەکەشی کە حاجی پیر داودە پشتگیریی لێدەکات . من پێشنیازی ئەوەم کرد متەسەریف پێویستە سەرۆکەکانی دزەیی بە دۆست و گومانلێکراویانەوە بانگێشت بکاتە بارەگای سەرکردایەتیی لە سەرا و ئەوەی دەمێنێتەوە بۆ منی جێبهێڵێت .

حەوشەی سەرا تەنیا دەروازەیەکی هەبوو کە دەرگایەکی تەختەی مەزن بوو ، وێڕای چەند ئۆفیسێك کە لە هەر چوار لادا بنیاتنرابوون و تێکڕای دەرگا و پەنجەرەکانیان رووی لەناوەوە بوو . لە بەیانی رۆژی دیارییکراودا ئەفسەری بنکەی پۆلیس چارلس شیپارد وەك باوە لە حەوشەکەدا راهێنانی بە پۆلیسەکانەوە دەکرد ، بەڵام لەو جارەشدا دەبوایە پشکنینی تاقم و تفەنگ و کەلوپەلەکان بکرایە . چارلس دەبوایە بە زووترین کات دوای گەیشتنی سەرۆکەکانی دزەیی ، دەرگا گەورەکەی بە



کلیلو کلۆم دابخستایە و بەردەوام بوونایە لە راهێنان ، تا ئیشارەیەکم دەدایە ، ئینجا چارلس لیتڵدیل فیشەك دەخاتە بەر تفەنگەکەی . سەرۆکەکانی دزەیی دەبێت رێنوێنی بکرێت بۆ ئۆفیسەکەی من ، لەوێ دوای چاك و خۆشیەکی ئاسایی ، ئاماژە بە هەلومەرجی سیاسیی دەکەم و هەروەها ئەحمەدپاشا ئەوروژێنم ، دوای ئەوەی کە بەشێوەی هەڵچوون وەڵام دەداتەوە و بێزاری دەردەبڕێت ، ئەو و حاجی پیرداود بە تۆمەتی خیانەت تاوانبار دەکەم . پەنجە بە زەنگی ژێر مێزەکەمدا دەنێم ، ئەوەش ئاماژەیەك دەبێت بۆ چارلس کە بێت و لە دەرگای ژوورەکەم بدات و بێتە ژوورەوە ، پاشان منیش فەرمانی گرتنی سەرۆکە گومانلێکراوەکان دەدەم . ژمارەیەك زرێپۆش کە دەبێت لەو چۆڵاییە ئامادەبێت کە چارەکە مایلێك لە خوارەوەی رێگای موسڵەوەیە و لەدەرەوەی بینینی شارەکەوەیە . ئەو دوو سەرۆکە پێویست بوو بەرەو موسڵ رەوانە بکرێن و لەوێشەوە بۆ دەرەوە دوور بخرێنەوە . تەواویی وردەکاریی کارەکە بە وریایی بیرمان لێکردبۆوە و جێبەجێکردنەکەی بۆ ئێمە وەك نواندنی شانۆیی لێهاتبوو ، مەسەلە زۆر سەرنجڕاکێشەکانیش کەوتبووە سەر پیاوە خێڵەکییەکان . بۆ دڵنیابوون لە روونەدانی هیچ هەڵەیەك ، چارلس گەڕا هەرچی زەنگێك هەبوو لە ژوورەکانی دیکە کۆیکردەوە ، تەنیا ئەوەکەی من نەبێت ، لەو باوەڕەشدا بووین کە تەختی شانۆکە زۆر باش ئامادەکراوە .

لە کاتی خۆیدا سەرۆکەکان گەیشتن و لە پێشدا لەگەڵ متەسەرف سڵاو و تەوقەیان کرد و پاشتر بەروە ژوورەکە رێنوێنی کران ، لەوێ منیش چاوەڕێ بووم و لە حاڵەتی ئامادەییدا بوو تا بزانم رووداوەکان بە کوێ دەگەن ، هەموو شتەکان بە پێی پلانەکە بەڕێوە دەچوو . تازە خەریك بوو لە ورووژاندنی ئەحمەد پاشا گەرم دەبووم ، لەپڕ زەنگێك لێدرا ، دوای ئەوە خڕەی مەخزەن و فیشەك هێنانەوەو زرمەی پێی هاتە بەرگوێ و لە ناکاو چارلس لیتڵدیل خۆی بە ژووردا کرد و دەستی لەسەر کیفی دەمانچەکەی دانابوو . من کەسەرم لەو مەسەلەیە سوڕما لەو حاڵەتە هێمنییەدا سەرۆکەکان رەش داگەڕابوون و ترس بە روویانەوە دیار بوو ، لیتڵدیل

چاوی راستی خێل بوو ، وێڕای ئەوەی نەیدەنینی ، بەلاَم وادەردەکەوت کە هەموو ئامادەبووانی خستۆتە ژێر چاودێری چاوەکانی ، ئەمە و ئەو ناوبانگەی هەیبوو لە بەکارهێنانی دەمانچە سێتیرەکەیدا بەس بوو بۆ ئەوەی ترس بخاتە دڵی هەموو ئەو دلاوەرانە . ئەو بە شێوەیەکی وا تێیڕوانیم کە تێگەیشتووە کە زەنگەکە من لێمدابێت، من زۆر تورە و بێزاربووم لەوەی ئەو ئەو ئیشارەتە پێشوەختە دیمەنی نمایشە شانۆییەکەی تێکدا ، بەلاَم نمایشەکە دەبوایە بەردەوام بێت ، هەربۆیە بە خێرایی گوتارەکەم بە تاوانبارکردنی ئەو دوو خەتابارە کۆتایی پێکهێنا و فەرمانمدا قۆڵبەستیان کەن . مەسەلەی زەنگەکە نەبێت ، هەموو شتەکانی دیکە بە پێی بەرنامەکە بەڕێوەچوو . زرێپۆشەکان وەستان و بەخێرایی ئەو جووتە سەرۆکەیان خستە ناوی بەرەو موسڵ و لەوێشەوە بۆ فەلەستین .سەرئەنجام پاش ئەو رووداوە پلەی کەش و هەوای سیاسیی دابەزینی بەخۆوە دیت.

سەرئەنجامی ئەم نمایشە ئەوە بوو پاش سالێك یان هەژدە مانگ دواتر ، کاتێك ولایەتی موسڵ درایە عێراق و رێکەوتنی ئاشتیی لە گەڵ تورکیادا لە سالّی ١٩٢٦ دا مۆرکرا ، ئەحمەد پاشا و حاجی پیر داود لە تاراوگە گەڕانەوە و ئەوەندە بەرامبەرم دڵنەرم بوون رێز و لوتفێکی زۆریان نیشان دەدا . ئەوان خۆیان دانیان بە هەڵەکەیاندا نا و تەنانەت پێیان گوتم کە بە کارەکەی من خۆشحاڵ بوون چونکە خێڵەکانیانم لە بۆمبارانکردنی توند دوور خستۆتەوە . ئەوان وەختایەکی دوورخرابوونەوە دەرفەتی ئەوەیان بۆ رەخسابوو کە بچنە حەج و سەردانی مەککە بکەن و لە ئاوی پیرۆزی زمزم بخۆنەوە ، کە ئەحمەد پاشا –ئەمێستا حاجی ئەحمەد پاشا– گوتەنی تامەکەی لە تامی میزی حوشتر ئەچێت . دیارە ئەم لێکچواندنەبەلای زۆربەی موسوڵمانانەوە بە کوفر دادەنرێت ، هەرچەندە بۆ ئەو تەنیا را دەربڕینێك بوو لە شتێك کە بەدڵی نەبوو . ئەو بە هاوکاری قادری کوڕی کە شۆفێرێکی زۆر شارەزا و قاچاخچی ئالّتون بوو ، ئەو سەردانەیان زۆر بەخۆشی کردووە کاتێك لە دەرەوە بوون . ئەو بەوە کۆتایی بە مەسەلەکە هێنا کە تەسحێبێکی دەنك زەردی پێشکەش کردم . بەلاَم کێ



زەنگەکەی لێدا ؟ زەنگەکە لە لای تایپێستی نووسەرە هیندییەکەم بوو لە ژوورەکەی دواوە .

دوای ئەوەی مەترسیمان لەسەر هێزەکانی پشتەوە دوورخستەوە ،ئەمێستا (کۆتایی سالّی ١٩٢١) لە دەسەلاّتدارانی بەغداوە بڕیاردرا جارێکی دیکە پەلامارێکی دەشتی حەریر بدەین ، بەسەرکردایەتیی ئەفسەرێکی نوێ کە (پۆل سالدێر جاکسۆن) بوو ، کە ئەفسەرێکی سوارەی زۆر بەرچاو بوو ، ئەفسەری ئازا (مارشاڵ نێی) لەگەڵ پاڵەوانی سەربازیی لەخۆڕازیی (کۆلۆنێل ئەتینا جیرارد) کە زۆر نەبوو لە باکووری روسیاوە هاتبوو و تامەزرۆبوو تا لەشکر لەژێر فەرمانڕەیی نوێی خۆیدا تاقی بکاتەوە. ئەو گەیشتە هەولێر و لەگەڵ خۆیدا تیپێکی بەهێزی کوردیی پیادەی لەگەڵ خۆیدا هێنا کە لە کەرکوك جێگیر بوو ، لەوێ چاوی بە دوو تیپەکەی دیکە کەوت و دەستی بە پلاندانان کرد . بەتالیۆنێکی لیڤیی ئاسوریی دەبوایە لە عەقرەوە بەرەو بیجێل بکشێت . کە ماڵی دوو شێخەکەی لێبوو ، عوبەیدوڵلاّ و رەقیب ، کە دەبوایە پەلاماربدرێن و بسووتێنرێن . پاشتر بە کەڵەك لە رووباری زێ وە دەپەڕێنەوە و لە باکوورەوە دەچنە دەشتی حەریرەوە ، پاش ئەوە کێوماڵی قەدپاڵەکانی سپیلك و چیای حەریر کەن ، دواتر پەیوەندی بە لیڤییە سوراەکانەوە دەکەن ، ئەوانەی لە رۆژهەلاّتەوە پێشڕەویی دەکەن ، لە شەقلاوە و سیساواوە .بەم شێوەیە لە ئێوارەی ١٣ی دیسامبەری ١٩٢١ دا بۆ شێو لە بارەگای سیاسیی کۆبووینەوە ، سیازدە ئەفسەر بووین ، لە نێوماندا دکتۆر کۆرنەر وەك سەرپەرشتیاریی ئامادەباشی پزیشکیی لە کەرکوکەوە هاتبوو .

وەك خانەخوێیەك هەر لەسەرەتاوە تێبینی ژمارەکەم کرد ، لە ترسی ئەوەی نەك کەسێکی دیکە هەبێت هەست بەو ژمارە و مێژووە بکات و تووشی دڵەڕاوکێ بێت ، هەر لە سەرەتاوە داوام لە بەرپرسی خزمەتکارەکان کرد کە دوو مێزی جیاواز دابنێت، یەکێکیان شەش کورسی و ئەوی دیکەیان حەوت دابنێت . بەلاَم لەگەڵ ئەوەش هەر لە سەرەتاوە بە گشتی بەدبەختیی باڵی بەسەر چالاکییەکەماندا کێشا .

پاش شێوخواردن ،دانیشتنەکەمان لە تاریکییدا بوو ، ئۆ کۆرنەر لەگەڵ گاردی پێشڕەویی ، سالدێر جاکسۆن و من لەبەردەم دەستەی بنەڕەتی ، چارلس لیتڵدیل و دکتۆر کۆرنەر لەگەڵ چەند پۆلیسێك و تاقمی فریاگوزاریی لە پشتەوە بوون .

زۆر نەبوو کەوتبووینە ڕێ و چەند مایلێکمان لە دەشتی هەولێر تێپەڕاندبوو ، کە ئۆکۆرنەر کورتە نامەیەکی نارد تێیدا ئاماژەی بەوە دابوو کە لە ڕێگاکە دڵنیا نیە ، هەر بۆیە کەوتمە غار تا جەخت لەسەر ڕێگا راستەکە بکەمەوە ، وەختایەکی لە غاردابووم ، پێی ئەسپەکەم کەوتە قۆرتێکەوە و بەسەرا رۆیی ، هەرچەندە هیچ کامێکمان چ شوێنێکمان نەشکا ، بەڵام من تووشی راتەکانێکی توند بووم و کاتی هەستانەوەش ئەسپەکەم بەسەردا کەوتەوە ، وێڕای ئەوەش کەوتینە ڕێ و بە بەرزایی بەستۆرەدا تێپەڕین و ئینجا بۆ چیای پیرمام کە تەنیا قەدبڕێکی بەردەڵانی بۆ سەرکەوتن هەبوو کە هەر ریزێك سەربازی پێدا تێدەپەڕی . هەربۆیە دەبوایە کە لەسەر چیاکەوە چاوەڕێ بکەین تا هەموو سەردەکەون ، بەوەش کات لە ئێوارە نزیك بووەوە و بەو لوتکە بەفرینەوە زۆر سەرسام بوو . رۆژی دواتر کەوتینەوە ڕێ و کۆرە و شەقڵاوەمان تێپەڕاند و گەیشتینە زنجیرە چیاکەی دیکە کە لە پشتییەوە دەشتی حەریرە ، لەگەڵ سیساوا کە یەکەمین گوندی دەشتەکەیە و دواهەمین گوندە کە موڵکی عەشیرەتی خۆشناوە . ئێمە نزیکەی ٦٠ مایلێك رۆیشتبووین ، پێش ئەوەی لە گوندێك نزیك بینەوە دنیا بە تەواوی تاریك ببوو ، لێرەدا ئۆ کۆرنەر نووسراوێکی نارد تێیدا هاتبوو کە گوندەکە مەترسیدارە . ئەوەش سالدێر جاکسۆنی تووڕە کرد و گوتی: گوێم لە هیچ تەقەیەك نەبووە ، بە دەنگێکی بەرز و هاوار کردنەوە، مەترسییداری چی؟ ئەوەی گوت و منیش جارێکی دی کەوتمە ڕێ تاکو لە کۆتاییدا گەیشتمە بەردەرکی ماڵی سەرۆکی گوندەکە ، کە نمونەی ماڵە خانەدانێکی قایمە ، هەیوان ، ژووری بازنەیی و تەنیا دەروازەیەکی هەبوو ، ئەو ماڵە ماڵی عەبدولڕەحمان بەگی یەك لە بەگزادەکانی خۆشناو بوو . من لە دەرگاکەمدا و داوام کرد بیکەنەوە و خۆمم پێ ناساندن . پێش کردنەوەی دەرگاکە پسەپس و چرپەچرپێکی زۆر



سەرنجڕاکێش روویدا . ئینجا بە ئاستی چەند پەنجەیەك دەرگاکە کرایەوە کە پێشوازییەکی دۆستانە نەبوو ، منیش قاچم خستە نێوان دەرگاکەوە و دەمانچەکەم راکێشا . دەرکەوانەکە یەکێك لە پیاوەکانی بەگ بوو ، گوتی گەورەی لە گەڵ ژنەکانیدایە و ناکرێت بێزار بکرێت . هەروەها من پێمگوت کە گەورەی بانگ بکات و پێی بڵێت میوانی هەیە . ئینجا کۆڵۆنێل بە پرتاو بەدوامدا هات و چووینە ژوورەوە . هەر زوو عەبدولڕەحمان بەگ دەرکەوت و پێمگوت دوو مەڕ سەرببڕێت و برنجێکی زۆر بکوڵێنێت و جۆش بۆ وڵاخەکان ئامادە بکات . دیوەخانەکە کە خۆمان تێدا دیتەوە تاریك و دوکەڵاویی ، بەڵام گەرم بوو ، پاش کەمێك چارلس لەگەڵ هێزەکەی پاشقەڕەوڵ و پۆلیسەکاندا گەیشت . پێمگوت کە فەرمانم داوە خواردن دروستبکەن و پێویستە پاش دوو ساتی دیکە ئامادەبێت . چونکە زۆر ماندوو بووم چاوم چووە خەو لە پڕ پاش دوو سات بە دەنگی تەقەی حەوتتیر بەخەبەر هاتم . چارلس کە داوای خواردنی کردبوو ، کاتێك دەردەکەوێت کە هێشتا خواردن نەخراوەتە سەر ئاگر و پیاوەکەی بەگ گاڵتەیان پێدەکات ، چارلس دەستی دابووە دەمانچەکەی تەقەی لێکردبوون ، ئەوان خۆیان بە حەرەمخانەدا کردبوو ، ئێمەش بە دوای دا بەگمان دەستبەسەر کرد و پاش ئەوە خێزان بە پەلە کەوتنە خواردن ئامادەکردن .

هەر زوو کە رووناکی بەیانی دەرکەوت ، لەگەڵ سەربازێکی کوردیی بەردەستمدا چووینە دەر ، ئەو سەماوەرێکی دیتەوە و کەوتە چالێنان . لەپڕ بریسکەی تەقەی تفەنگێك لە چیاکەوە هات و گوللەیەك ئەژنۆی سەربازە کوردەکەی ئەنگاوت ، وێڕای ئەوەی ئێمە لەو دیوی دیکەی خانۆکەوە پەرێزمان گرت ، کەچی ئەو سەربازە بێ ئەوەی گوێ بداتە برینەکەی وازی لە چا لێنانەکە نەهێنا . پاش بەرچایی خواردنێکی خێرا کە پەنیر و نانی کوردیی بوو ، کۆڵۆنێل ئەفسەرەکانی کۆکردەوە و پلانەکەی بۆ روونکردنەوە .ئەفسەری پلە یەك (دیڤێنیش) دەستەیەك سەرباز لەگەڵ خۆی دەبات و بەرەو سەری چیای حەریر هەڵدەگەڕێن و تەواوی لوتکەکە ئەتەنن ، ئەگەر کرا ، دەچنە پشتی ئەو قۆڵەی کە تەقەیان دەستپێکرد . باقی دیکە کە کەمتر لە

دەستەیەکی هێزی یەدەك بوون ، بە شێوەی پیادەی بەربڵاو بەرەو باتاس دەجوڵێن تا لەگەڵ هێزەکەی کۆڵۆنێل بارك کە بەتالیۆنێکی لیڤیی ئاسورییە یەکدەگرنەوە . ئینجا بەرەو لای راست وەردەگەڕێن هێرش دەکەنە سەر گوند و باخەکانی حەریر . دیڤینیش ئەرکێکی زۆر گەورەی لە ئەستۆ بوو ، چونکە چیاکە زۆر سەختە و گابەردی گەورەی زۆرە کە دوژمن بە باشی خۆی تێدا دەشارێتەوە و دەیکاتە مەتەرێز . وێڕای ئەوەش دیڤینیش زۆر سەرکەوتووتنە ئەنجامدا . باقی دیکەی هێزەکە زۆر خاو بوون ، کاتێك وەختی پەلامار و هێرش هات ، ئەوان یاخیی بوون ، کۆڵۆنێل توڕە ببوو ، بەردی دەهاویشت و دەیقیژاند ، کەوتبووە دوای ئەوانەی ئامادەنەبوون بەدوای ئەفسەرەکانیان کەون لە کاتی پێشڕەوییدا . هەرچەندە پاش دواکەوتنێکی زۆر توانیبوویان لە کۆتاییدا بگەنە ئەوێ . لە راستییدا ئاسورییەکانی بارك زۆر باشتر و خێراتر هەر نارەزایەتییەکیان بێدەنگ کرد . پێش ئەوەی شەو دابێت فەرماندرا پاشەکشەبکەین پاش ئەوەی گەڕاینەوە دواوە بۆ سەر چیای باتاس کە لەگەڵ چیای حەریر دا بەرامبەرە ، لانی کەم کیلۆمەترێك لە قەدپاڵەکەیەوە ، هەردوو ئەفسەری پلەیەك (ئار.ئەی.سەردیك) و کاپتن (جەی.پی.کارفۆس) کە دوو ئەفسەری لاوی بەرچاوبوون ، پێکرابوون . دکتۆر کۆرنەر کە کڵاوێکی خاچی سووری کردبووە سەر ، بێ پەروا و بێگوێدانە هیچ مەترسییەك بە نێو گۆڕەپانی جەنگدا دەسوڕا و چارەسەری بریندارەکانی دەکرد ، ئەو شەو لە سیساوا لەلای دوو ئەفسەرە بریندارەکە مایەوە و زۆر لەگەڵیاندا خەریك بوو ، بەڵام حاڵەتەکەیان کەوتبووە بێهیوایی و پێش بەرەبەیانی ٢٧ی دیسەمبەری ١٩٢١ مردن . لە سۆنگەی ئەو راستییەوە کە بریسکەی تەقە زوو هەستی پێکرا لە کوێیەوەیە و لە نزیکترین حاڵەتدا دوژمنیش لانی کەم هەزار یاردێك لێمانەوە دوور بوو ، پێکرانی ئەو دوو ئەفسەرە حاڵەتێکی نائاسایی و بەدبەختیی بوو ، قەت لەوە دڵنیا نەبووم کە ئەو جووتە قوربانی گوللەی دوژمن بن . سەربازەکانیان نارازیی ، سەرکێش و ماندوو بوون و



جێگای باوەڕنەبوون . لە حاڵەتێکی وادا چی لەوە باشتر هەیە کە بۆ بێوەی بوون و خۆ لەمەترسیی بەدوورگرتن فیشەکێك بنێ بە فەرماندەیەکی بەریتانییەوە .

گەڕانەوەیەکی غەمگین بوو بەرەو کۆیێ ، لەوێ شەومان بەڕێکرد و رۆژی دواتر گەیشتینە هەولێر ، جگە لەو دوو ئەفسەرە بەریتانییە ، تەنیا قوربانیی بریتیبوو لە ئەفسەرێکی خۆماڵیی و شەش تا حەوت سەربازیی بریندار [17].

---

[17] لە دۆکیومێنتێکی بەریتانییدا کە لە بەرواری ١٩٢١/١/١٤ دا نووسراوە ، لە مەڕ ئەم رووداوە هاتووە:"هێزێکی بچووکی لیڤی و پۆلیس کە پارێزگاری هەولێریان دەکرد لە ١٩٢١/١٢/١٣ دا لە (بابا جیجیك) بەرەنگاری هەندێ چەکدار بوون بەڵام ناچار بوون بکشێنە دواوە بۆ ناو هەولێر و (٤) کوژراو و (٥) بریندارمان هەبوو لەو شەڕەدا ئەفسەرێکی بریتانیش بریندار کرا . دوژمنەکانمان لە سورچییەکان کە بە سەرکردایەتی عطاءالله ی کوڕی شێخ عبیداللەی سورچییە ژمارەیان (٦٠) تفەنگچی دەبوو .

پاش چەند رۆژێکی تر لە هەمان شوێندا دەس درێژی کرایە سەر هێزەکانمان کە لەو کاتەدا شێخ رەقیبی سورچی و شێخ عبیدالله لە (باتاس) بوون و هەردووکیان تورکیان هان دەدا کە ئەوانیش گوندەکان بگرن . هێزی تورك لەو ناوچانەدا لە بەینی ١٠٠–٢٠٠ پیادە و (١) طۆپ و (٨) رەشاش بوو وا دیار بوو بە تەمابوون بێنە (چیای بەستۆرە) بۆ ئەوەی بەسەر دەشتی هەولێردا بڕوانن .

دەنگ و باس وا دەگەیەنێت سورچییەکان دەیانەوێ بە یارمەتی زێباری و هەرکی عقرە بگرن و شێخ عبیداللە و هەرکی و باڵەکییان بە ئاشکرا بوون بە لایەنگری تورك بەڵام عەشیرەتەکانی تر ترسیان هەیە بۆیە هاوکارییان لە گەڵا ناکەن .

خەڵکی (دەرگەڵە) ، شیروان ، بالەکی ئەمانە ماوەیان داوە بە هات و چۆکردنی چەکدارەکانی دوژمن بەڵام خۆشناوەکان خۆیان دوورە پەرێز گرتووە .

زێبارییەکان بریاریان داوە مل بۆ هیچ حکومەتێك کەچ نەکەن ئەو حکومەتە چ تورك بێ یا ئینگلیزبێ یا عەرەب بێ ، لەگەڵ ئەوەشدا عملیاتێك بە پێویست دەزانرێ بۆ ئەوەی هاوکاری کورد لەگەڵ تورکەکاندا لاواز بکرێ و تێك بدرێ .

لە ٧/ی دیسمبری ١٩٢١ دا هێزێکی لیڤی و پۆلیس بە پاڵپشتی هێزی ئاسمانی توانییان تورکەکان و سورچییەکان لە دەشتی حریر دەربکەن و دوای وێرانکردنی دوو گوند هێزەکانمان گەڕایەوە هەولێر.

لەو شەڕەدا دوو ئەفسەری بریتانی لە هێزی لیڤی کە (کاپتن ل.ف.کارڤاسو) و لیفتنانت Burridge هەردووکیان لەو شەڕەدا کوژران ، جگە لەو دوو ئەفسەرە ئەفسەرێکی تری عەرەب و (٤) سەربازی عەرەبی کوژراو هەبوو لەگەڵ بریندارێکی تری عەرەب و ئێمەش (١٨) بریندارمان هەبوو و لەناو

ڕۆژی دواتر هەردوو ئەفسەرەکەمان لە گوندی عەینکاوەی کریستیانیی ناشت ، کە نزیکەی مایلێك لە باکووری بارەگاکەی منەوە بوو . ئەو یەکەیەش کە بۆ بەڕێوەبەردنی بۆنەکە هێنرابوون ، گەڕانەوە شوێنەکەی خۆیان . ئایا ئەو بەرواره شومە و ژمارەی ئەو ئەفسەرانەی کە بۆ شێو ئێوارەکەی کۆبووینەوە دەتوانرا شتێکی لەگەڵدا بکرێت و کاریگەریی هەبووبێ؟ نەمدەزانی . بەڵام سالدێر جاکسۆن کە ئاگری لێدەباری ، زۆر لە ئاست و توانای فەرماندەییەکەی ناڕازیی بوو . هەروەها زۆری نەبرد فەرماندەیی لیڤیی سوارە لە کەرکوك و هەولێر بە ئەفسەری نوێ سپێردرا. (ڤیکۆنت گۆوف) کە مێجۆرێکی چەکداری پاسەوانی ئێرلەندیی بوو ، یەکەی سەربازیی کەرکوکی گرتە دەست ، (مێجۆر وایڵد) یش کە خەڵکی ئۆکسفۆرد بوو ، تیپەکەی هەولێری گرتە دەست . لۆرد گۆوف لە خێزانێکی بەناوبانگی ئێرلەندیی بوو و بە لۆرد دەناسرا ، وایڵدیش کوڕی ئەریستۆکراتێکی ئۆکسفۆردیی بوو ، لە هەڵمەتی باکووری روسیادا لە ژێر سەرکردایەتیی ئێرۆنساید دا بەشداریی کردبوو .

ئۆپەراسیۆنەکە بە ئەستەم ئەتوانرێت بە ئەرێیی لەقەڵەم بدرێت ، لە دیدی منەوە کە ئەفسەرێکی سیاسیی بووم ، وەڵامێك بۆ گرفتەکەی ئێمە ئەوە بوو کە هێزی گونجاو و پێویست کۆبکرێتەوە بۆ دەرکردنی سەربازانی تورکیی باش بوزووق لە ڕەواندز و هەولێ سەرلەنوێ داگیرکردنەوەی هەرێمەکە بدرێتەوە . بەڵام هێشتا ڕێکەوتنی ئاشتیی لەگەڵ تورکەکان مۆر نەکرابوو ، چارەنووسی ویلایەتی موسڵ دیاریی نەکرابوو ، حکومەتی خۆجێ لە بەغدا خوازیاری شانخستنەبەر ئەرکی سەربازیی پتر نەبوو ، ئەوەش شوێنی خۆی لەسەر ئۆفیسی جەنگ و سەرکردایەتیی گشتیی لە بەغدا دانا ، ئەوانەی کە لە کۆکردنەوەی هێزی پێویست بەرپرسیاربوون .

---

هێزی پۆلیسدا ظابط صفێك بریندار کراو لێپرسراوێکی عەرەب لەناو هێزی لیڤیدا کوژرا " .

وەرگیراوە لە :

م.ر.هاوار ، سەرچاوەی ناوبراو ، بەرگی دووهەم ، ل ١٩٨-١٩٩ .



لەو کاتەدابوو ، پێش ئەوەی هەر گۆڕانێك لە تاکتیك و ستراتیژدا بێتە گۆڕێ ، مێجۆر مارشاڵ راوێژکاری لەشکری کەرکوك مۆڵەتی وەرگرتبوو و گەڕابۆوە بۆ بەریتانیا ، لەسەر راسپاردەی خۆی . فەرمانێکم بۆ هات کە سەرباری پۆستەکەی خۆم ، ئەوەکەی ئەویش بگرمە ئەستۆ . ئەمە بۆ من پێزانینێکی مەزن بوو ، بەڵام بۆ (پا.میللەر) کە یاریدەدەری مارشاڵ بوو نەخێر ، ئەو کە بە تەمەن لەمن گەورەتر بوو، زمانە تورکییەکەی پاراو بوو ، ئەو زمانەی کە چوار شارە سەرەکییەکەی ویلایەتەکە پێی ئاشنان . هەستم بە هەڵوێستێکی ناجێگیر کرد بەرامبەر من کە دەتوانرێت بە جۆرێك لە ئیرەیی لۆمەی بکرێت . ئەو نە بەکوردیی و نە بە عارەبیی نەیدەزانی قسان بکات . وێڕای ئەوەی ئەسپسوارییشی نەدەزانی و توانای ڕۆیشتنی تەنیا بۆ ئەو شوێنانە هەبوو کە ئۆتومبێلی دەگاتێ ، هەربۆیە بڕیارمدا کاروباری خێڵەکان خۆم بیگرمە ئەستۆ و کاروباری ئەنجومەنی شارەوانی و ئەوانەی تایبەت بە میللەر بوون بۆ خۆی جێبهێڵم . لە ئاکامیشدا کارەکە بە باشی ڕۆیشت . لەکاتی پەرەگرتنی نائارامییشدا کەسێك نەبوو کە پشتگیریی و وەفاداریی زیاترم پێبدات .

## بەشی سێهەم: راپەڕینە خێڵەکییەکان و هەڵمەتی سەربازیی دژی تورک ساڵی ١٩٢٢

جێگای وەبیرهێنانەوەیە ، دانیشتووانی سلێمانی چونکە کوردی نەتەوەیی بوون ،لە پاش شکستی شێخ مەحموودیش هێشتا لە رووی سیاسییەوە نارازیی بوون و لە هەڵبژاردنی مەلیك فەیسەڵدا راوێژیان پێنەکرا،لەکاتێکدا خەڵکی کەرکوك کە رەگەزە تورکەکەیان باڵادەست بوو ، بەئاشکرا فەیسەڵیان رەتکردەوە . راستە ژمارەیەك عارەب لە لیوای کەرکوك هەبوون — عەشیرەتی عوبێدی کۆچەریی کە لە دەشتی نێوان تەپۆڵکە کوردییەکان و دیجلەدا هەبوون ، هەروەها جەبوورییە سۆزەنەکاوییەکان کە تامەزرۆیی راوە جرجی رووبارەکە بوون و تا کەنارەکە نیشتەجێبوون— وێڕای ئەوەی کوردەکان ژمارەیان زۆر زیاتر بوو ، کەچی تورکەکان کاریگەریی سیاسییان بەهێزتر بوو ، بەوەش هەرچەندە ئەوانە کە بە تورکمان دەناسران ، لە کورد و عارەبەکان زێدەتر ملکەچی یاسا بوون ، بەڵام کەلێنێکی ئاشکرایان بۆ ئێمە سەبارەت بە بانگەشەمان بۆ هێشتنەوەی ویلایەتی موسڵ لە بندەستی خۆماندا پێکدەهێنا ، کە هێشتا ململانێ لەسەری بەردەوامبوو. هەرچەندە کەس لەسەر ئەو هەڵوێستەیان ناتوانێت لۆمەیان بکات کە حەزیان بەوە نەدەکرد لە ئەنەدۆڵ دابپچڕێن . ئەوان بەشێك بوون لەو دژە چالاکییە بەهێزەی لە پشتی هێڵە سیاسییەکانمانەوە بوون ، ئەوەش دەبوایە وریایانە مامەڵەی لەگەڵدا بکرایە . خۆشبەختانە لیوای کەرکوك سنوری نەبوو ، بەڵام لە رۆژهەڵاتەوە قەزای چەمچەماڵ و لیوای سلێمانی هەبوون ، لەوێش ، پێش ئەوەی من کاتێکم هەبێت بە دەورووبەردا رابگەم ، گرفتەکە دەستی پێکردبوو .

لەسایەی هاندانی ئۆزدەمیردا ، مەسەلەکە بەرەو هەرا وبیاسابەزێنی پەرەی گرت تا چەتەیی تاقمەکانی شێخ مەحموود لە خێڵەکانی هەورامان ، ئەوانەی رێگای کاروانی بازرگانییان شێواندبوو ، هەر لەوێوە تا دەگاتە سلێمانی خۆی . هەروەها سەرکوتکردنی ئەو چالاکییانە تاڕادەیەك راستیینەی ململانێ و هێزی



متمانەپێنەکراوی پۆلیسی خۆجێ و لیڤی دەردەخست . ئەفسەری سیاسیی (مێجۆر ئێچ.ئەی.گۆڵدسمس) ، داوای هاوکاریی لە تیپی سوارەی لیڤی کرد کە فەرماندەکەی (فیکۆنت گۆوف) بوو ، ئەو تیپە شاری کەرکوکی دەپاراست . ئەوە لە کاتێکدا بوو کە فیکۆنت بەدوای چەتەکانەوە بوو بەرەو بنکەکەیان لە گوندی بانی بنۆك کە دەکەوێتە چیا سەختەکانی هەورامان لە نزیك سنوری ئێران . لەوکاتەدا (کاپتن ئێڵ.ئۆ.بۆند) ئەفسەری سیاسیی قەزای چەمچەماڵ لە ناکاو لە کەرکوك دەرکەوت . ئەو بەو دوایییە مۆڵەتەکەی تەواو ببوو و لە وڵات گەرابۆوە،دەبینێ سەرۆکی خۆبەزلزان و سەرەڕۆی هەمەوەند لەدەست دەرچووە . هەمەوەندییەکان هەستابوون بە کوشتنی ئەفسەری خۆجێی ناحیە کە بۆند دایناوبوو . ئەوەش تاوانێك نەبوو هەروا تێپەڕێت ، بەڵکو پەلامارێکی مەترسیدار بوو بۆ سەر بەڕێوەبەرایەتیی و بۆند خۆی . ئەو داوای لێکردم هێزێکی پۆلیسی هەولێری بۆ بنێرم کە جێگای باوەڕبوون و لە لایەن کۆلۆنێل لیتڵدێڵەوە باش راهێنرابوون بەشێوەیەك کە باشترین هێزبوون لە وڵاتەکەدا . من داوای لێبووردنم لێکرد و پێمگوت کە ناتوانم داواکەت بۆ جێبەجێبکەم چونکە لیوای کەرکوك و هەولێر هەردووکیان ئەمێستا لە چوارچێوەی دەسەڵاتی وەزارەتی نێوخۆدان لە بەغدا ، بۆ ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنێکی بەو چەشنە دەبێت رەزامەندیی ئەوان وەربگیرێت . گوتم تۆ بە فەرمیی داوا بکە ، منیش پشتگیریت لێدەکەم ، بەڵام گوتی گەر چارەی عارەبێکی بوێت ئەوا داوا لە بەغدادەکات . لە جێی ئەوە دەیتوانی داوا لە فەرماندەکەی مێجۆر گۆڵد سمس بکات کە فیوکۆنت گۆوف بۆ بنێرێت ، ئەو کاتە فیوکۆنت لە پەلامارەکەی بانی بنۆك دەگەڕایەوە و دەبوایە بەهەر حاڵ لە چەمچەماڵەوە بهاتایەتەوە ، بە بڕوای من هیچ کەس هێندەی ئەو جەنگاوەرە ئێرلەندییە حەزی بە لێدانی هەمەوەندییەکان نەدەکرد . بەڵام نەخێر ، بۆند ئەوەندە شانازیی بەخۆوە دەکرد ئامادە نەبوو داوای هاوکاریی لە فەرماندەکەی بکات . لەبەرئەوەی قەزاکەی لە دەورووبەری لیوای کەرکوك و لەسەرە رێگای تاقە جادەی ئۆتۆمۆبێل بەرەو سلێمانی بوو ، مەسەلەکە پەیوەندیی بە

کورکوکەوە هەبوو و کاری تێدەکرد . من پێشنیازیی ئەوەم بۆ کرد کە لەگەڵ متەسەریفی کەرکوك فەتاح بەگ ، کە پیرە سەرهەنگێکی خانە نشینی سوپای تورك و بە رێکەوت لە دەورانی پێشووی راپەڕینی هەمەوەندەکاندا وەك ئەفسەرێکی لاو لە سوپای تورکدا بەشدار بووە و زۆریان لە بارەوە دەزانێت ، قسان بکات ، بەڵام بۆند زۆر لە خۆڕازییبوو ، هەربۆیە شێوم پێدا ، شەرابیشم پێدا ، پێخەفیشم بۆ شەو پێدا و بەیانی کە رۆژ بۆوە هیوای سەرکەوتنم بۆ خواست و رۆشت . دوای چەند رۆژێك بۆند بە هاوەڵی (کاپتن ئار.کەی.ماکنات) ی هێزی لیڤی سلێمانی ، هەروەها لەگەڵ جووتێك ئەفسەری یاریدەدەری خۆی ، دیدەنییەکیان لەگەڵ کەریمی فەتاح بەگ ، سەرۆکی تاوانباری هەمەوەند هەبوو ، کە تێیدا هەردوو ئەفسەرەکە واتە (بۆند و ماکنات) ی تێدا کوژران لە ١٨ی ژوئینی ١٩٢٢دا [18]. ئەوەش کێشەیەکی تۆڵەسێنی هێنایەکایەوە کە چەند ساڵێکی خایاند ، لەو رووەوە ،جگە لە دواییەکەی ، هەمەوەندەکان لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە راودەنران [19]، بەڵام هیچ کاتێك بە

[18] شایەنی باسە رووداوی کوشتنی کاپتن بۆند لە لایەن کەریم بەگەوە لە لەندەن دەنگی دابۆوە و ببووە باس و خواسی ئەندامانی مەجلیسی عمومی بەریتانیا و لەو بارەیەوە وینستۆن چێرچڵی وەزیری کۆڵۆنییەکانی بەریتانیا خراوەتە ژێر پرسیار و ئەویش ئەوەی راگەیاندووە کە لەگەڵ کۆمسێری باڵادا لە عێراق کەوتۆتە پەیوەندی و ئەویش لەوە دڵنیای کردۆتەوە کە لە رێگای هێزەکانی لیڤی و فڕۆکەکانی بەریتانیاوە بەدوای تاوانباراندا دەگەڕێن تاکو بە سزای خۆیان بگەیەنن ، هەروەها باسی لەوە کردووە کە کوردەکان سەر بۆ جکومەتی فەیسەڵ دانانەوێنن .بڕوانە: پێشکەوتن ، ساڵی ٣ ، ژمارە ١١٧ ، پێنجشەممە ، ٢٠ حزیران ١٩٢٢ .

[19] لە دەقی بروسکەیەکی بنکەی هێزی ئاسمانی بەریتانییەوە لە سلێمانی کە رۆژی ٢٦ی ئەیلولی ساڵی ١٩٢٥ دوایەتی بە فەرماندەی هێزی ئاسمانی بەریتانی لە بەغدا هاتووە:" چالاکییەکی فڕۆکەوانی ، سەعات پێنج و چلوپێنج دەقیقە بە کاتی ناوخۆ پێنج فڕۆکە چوونە سەر خانەقین و ناوچەی روباری تانجەرۆ بۆ گەڕان بە دووی کەریمی فەتاح بەگ و سابیردا . هیچ وەدی نەکرا . سەعات حەڤدە و نیو بە کاتی ناوخۆ سێ فڕۆکەی تر چوونە سەر کانی گوڵە و جێشانە و هەزارمێرد دیسان بۆ گەڕان بە دووی کەریمی فەتاح بەگ و سابیر دا . لە هەزارمێرد سێ ئەسپ بینران ، دەسڕێژیان لێکرا و یەکێکیان پێوە بوو " . وەرگیراوە لە:د.کمال مەزهەر ، چەند لاپەڕەیەك



تەواویی تەنگەتاونەکران ، ئەوە بوو کەریم بەگ ببووە پەناگای لەیاسا دەرچووانی ناوچەکە .

پاش ئەوە زۆری نەخایاند (لە جولای ١٩٢٢دا) تەقینەوەی دووەم روویدا ، ئەمەیان لە رانیە بوو ، قەزا کۆنەکەی (کۆکس) ، ئەمێستا (سی.جی.ئەدمۆندز) شوێنی گرتۆتەوە . ئەم قەزایە دوورترین قەزای لیوای سلێمانیە ، ماوەیەك لەولای پردەکەی سەر رووباری زێی بچووکە ، دەکەوێتە نێوان قەزای کۆیە و لیوای هەولێر و سنوری ئێران ، تەنیا بەسواری بارگیر دەتوانی بیگەیتێ ، لەپاش رەواندز ئامانجێکی دیکەی تورکە ئاژاوەچییەکان بوو .

دانیشتووانی قەزاکە کۆنفدراسیۆنێکی خێڵە بچووکە هەمە رەنگەکان بوو کە لە لایەن عەشیرەتی پشدەرەوە رێبەرایەتیی دەکران . ئەو بنەماڵە خانەدانە نەبەزە بەخۆنازەی موڵکەکانی هەر لەوێرا تا سنوری ئێران درێژ دەبۆوە . لە تەواوی ناوچە کوردییە سنورییەکاندا وا باو بوو خێڵە کوردییەکان لە رووی سیاسییەوە دابەش دەبوون . ئەوان لە راستییدا ئامانجی کوشتار و پەلاماردانی یەکتریان نەبوو ، بەڵام ئەوە سیاسەتێکی گونجاو بوو لە ناوچەیەکدا کە هێشتا دوا لایەنی براوەی ، چ ئێرانییەکان بن یاخود بەریتانییەکان ، تێدا دیاریی نەکرابوو . بەم چەشنە هەر یەك لەو دوو لایەنە باڵادەست بوونایە ، ئەوا ئەو بەشە خێڵەی کە لایەنگری براوە بوون لە هەلومەرجێکی وادا دەبن کە بۆ بەشە دۆڕاوەکەی دیکەی خێڵەکەیان ببنە نێوەند لەگەڵ دەوڵەتی سەرکەوتوودا ، ئەو بەشەی پشدەرییەکان کە بابەبکرئاغا سەرۆکیان بوو مامەڵەیان دۆستانە بوو ، یان بۆ ئەدمۆندز بێلایەن بوون ، لەکاتێکدا بەشەکەی تریان کە کوڕەمامەکەی واتە عەباسی مەحموودئاغا سەرۆکیان بوو بەربەرەکانییان دەکردین . هەروەها رەوشەکە هێندە تێکچووبوو تا مێجۆر گۆڵد سمس ناچار بووداوای یارمەتیی لە بەغداوە بکات . لەوەلامدا کۆلۆنێلی تورپە (هۆگس) لەگەڵ دوو

لە مێژووی گەلی کورد ، بەرگی دووەم ، بەرهەڤکرنا :عەبدوڵڵا زەنگەنە ، هەولێر ، چاپی یەکەم ،٢٠٠١ ، ل٤٧ .

دەستەی هێزی پازدەهەمی سیخدا کەوتە ڕێ ، بەشێکیش لە هێزی تۆپخانەی چیایی هەروەها هێزی لیڤییەکانی سلێمانی بۆ یارمەتیدانی ئەدمۆندز نێردران .

مەفرەزەیەکی سیخ بۆ حاڵەتی پێڕاگەیشتنی ناوەخت بە سواریی جێهێڵران تا چاودێریی ئاوی زێ بکەن بۆ دڵنیا بوون لە دابینکردنی ئاوی پێویست . ستونەکە کە ناوی (رانیکۆڵ)ی لێنرابوو ، پەڕییەوە و لە رانیە سەربازگەی هەڵدا کە مایلێك لە رۆخی راستی رووبارەکەوە دوور بوو . لە شەودا (٣١ی ئووتی ١٩٢٢) مەفرەزەکە لەلایەن چەتە خێڵەکییەکانی دوژمنەوە پەلاماردران ناچارکران بکشێنە دواوە ، رۆژی پاشتر هەلومەرجەکە خراپ بوو ، لەشکر رێگای چوونە سەر رووبارەکەی لێگیرا کە تەنیا دابینکەری ئاوی خواردنەوەیان بوو . دوژمن ورەیان بەو سەرکەوتنە بەرزبۆوە و لە لەشکر نزیك بوونەوە و تەقەیان لە سەربازگەکە کردبوو ، بەوەش فەرماندە بڕیاریدابوو کە شەوی دادێ پاشاکشە بکات ، بەڵام قەدبڕەکە بەنێو چەڵتووکجاڕێکی لیتاوییدا تێدەپەڕیی ، لە شڵەژاندا هێندێك لە بارگواستەرەوەکان رێگایان لێ هەڵە و پەرتەوازە ببوو ، یەك لە دوو تۆپخانەی چیاییش لەدەست چوو ، فیشەکێکیشیان نابوو بە کڵاوەکەی ئەدمۆندزەوە . کاتی خۆرهەڵاتن رەوەشەکە خراپ ببوو ، هێزی لیڤی چاوەڕێی باقی دیکەی ستوونەکەی کردبوو ، سیخەکان پێکەوە کۆبببوونەوە و لەگەڵ ئەو چەتە خێڵەکییانەی گەمارۆیان دابوون کەوتبوونە شەڕەوە . پاسەوانانی پاشقەڕەوڵیش بەمەبەستی تێپەڕین لە هەیبەت سوڵتان و گەڕانەوە بۆ کۆیسنجەق رێگایان بەنێو دەشتەکەدا دەکردەوە . لە کەرکوکەوە پۆلی ژمارە ٨ بە فەرماندەیی (بیری بۆمان) وەك هەنگ بەسەر دوژمنەوە دەسوڕا و بۆمبارانی دەکردن و بە دۆشکە دایدەبێژان ، ئەوەش پشتیوانییەکی ئاسمانیی رەخساند تا ستونەکە لە سایەیدا رێگای خۆی تەی کات .

وا رێکەوت من لەوکاتەدا لە کەرکوك بووم ، لەگەڵ یەك لە ئەفسەرە فڕۆکەوانکاندا سەرکەوتم ناوی (پێت) و نازناوەکەشی (شکێنەر) بوو . پاش ئەوەی چاودێریی ستونەکەمان دەکرد لە قەدپاڵی هەیبەت سوڵتانەوە دادەگەڕا ، داوام لە پێت کرد لە



فڕگەکەی هەولێر دامبەزێنێت تاکو بتوانم ئامادەکاریی پێشنیاز و دابینکردنی خواردن و ئازوخە و پێویستییەکانی هێزەکە لە کۆیسنجەق بکەم . دەرکەوت نازناوەکەی پێت هەروا خۆڕایی نەبوو ، دوای دووجار هەوڵی بێهوودە بۆ نیشتنەوە ، سێهەم جار خۆمان بە چاڵێکدا کێشا و کەوتینە سەرلا ، وێڕای ئەوەی فڕۆکەکە لەکارکەوت ، بەڵام هیچمان ئازارمان پێنەگەیشت . لەوێ کەوتمەکار بۆ ئامادەکاریی پێشنیاز و دابینکردنی ئازوخە بۆ لەشکر ، گواستنەوەی بریندارەکان بۆ کەرکوك ، کە ئەفسەرێکی پلەیەکیان تێدابوو کە ئێستا جەنەراڵی خانەنشینە ، چاوەڕێی بڕیاری سەرکردایەتیی بووم لە بەغدا . من دڵنیابووم لەوەی تەنیا بڕیارێك دەتوانێت چارەسەر بێت ، ئەوەش کۆکردنەوەی هێزێکی زۆرە کە کۆیسنجەق بکاتە بنکە و لەوێوە ، لەژێر چەتری هێزی ئاسمانیی پاشایەتییدا (ئاڕ.ئەی.ئێف)دا ناوچەی پشدەر کاول و وێران بکرێت . بەڵام ئەوەی سەرسامی کردم ئەو فەرمانە بوو کە داوای لە لەشکر دەکرد پاشەکشە بکات ، لەوێدا درکم بەو راستییە کرد کە پاش ئەو شکستەی رانیە ، گەر لەشکر کۆیسنجەق جێبهێڵێت ، هیچ کارێکم لەدەست نایەت تا لەدەستی دوژمن بیپارێزم ، ئیدی فەرمانمدا بە چارلس کە پشکنەرێکی پۆلیس لەگەڵ قۆڵێکی بەهێزی پۆلیس بنێرێت تا نووسراوەکان و گەنجینە بگوێزنەوە و بگەڕێنە دواوە پێش ئەوەی چەتە خێڵەکییەکان بێنە ناوەوە . ئەوە ئەنجامدرا و وەك چاوەڕێم دەکرد کۆیسنجەق لەدەستچوو. من لە تێکڕای ئەو رووداوانە زۆر بێزار بووم ، بەڵام لەوەش خراپتر ئەو هەواڵە بوو بە جفرە پێمانگەیشت ، ئەویش بریتیبوو لەوەی کە فەرماندەی سەربازیی دراوەتە هێزی ئاسمانی ئاڕ.ئەی.ئێف چیدی لەشکر ناتوانێت ستافی بەڕێوەبەرایەتیی بەریتانی و هیندی لە سلێمانی بپارێزێت ، ئەوانەی دەبێت هەموویان لەگەڵ خێزانەکانیاندا چۆڵی کەن و بە فڕۆکە بگوێزرێنەوە. سەرپۆل(ماکسوێل) کە بەو زووانە لە کابوڵ توانیبووی ستافی بەریتانی لە شاری کابوڵ بە سەرکەوتوویەکی مەزنەوە رابگوێزێت ، ئێستا گەیشتۆتە عێراق و هەمان ئەرك ئەنجامدەدات . لە رۆژنامە و بڵاوکراوەکاندا پرۆپاگندەیەکی زۆر سەبارەت بەو

ڕاگواستنە ئاسمانییە دەکرا ، بەڵام ئەوەی منی زۆر لە دڵەڕاوکێ خستبوو ئەوەبوو کە ئەمێستا تەواوی لیوای سلێمانیمان لەدەستدا ، دوژمن نزیکەی ٥٠ مایل لە شاری هەولێر و کەرکوکەوە دوورە ، ئەو دوو شارەی نێوەندی ئەو دوو لیوایە بوون کە من لێیان بەرپرسیاربووم.

لە سلێمانی ، گۆڵدسمس بەڕێوەبەرایەتی تەسلیمی شێخ قادر کرد ، کە برای شێخ مەحموود و کەسایەتییەکی لاواز و لەژێر کارتێکردنی ژنەکەی حەفسەخان دا بوو ، ئەو خانمەی کە زۆر پەیوەست بوو بە (مێجۆر ئەی.ئێم.دانلیس)ەوە لە دەورانی ڕاپەڕینەکەی شێخ مەحموود ساڵی ١٩١٩ [20]،بەمەبەستی چارەسەرێکی گونجاوتر ، کۆمیسێری باڵا بڕیاری گێڕانەوەی شێخ مەحموودی دا ، ئەمجارەیان بە هاوەڵی ڕاوێژکاری بەریتانی (مێجۆر نۆئێل) کە هیوادار بوو زیاتر لە ڕاوێژکارەکەی پێشووی لە جڵەوکردنی شێخ مەحموودا سەرکەوتوو بێت . بەڵام زۆری نەخایاند نۆئێل بۆی دەرکەوت کە مەسەلەکە بێ سوودە ، هەربۆیە بەرپرسیاریەتیەکەی بە (کاپتن ئەی.ئێف.چاپمەن) سپارد ، کە پاش ماوەیەکی کەم لای شێخ بووە بارمتە ، گەر زیندانی ڕاستەقینە نەبووبێت . ئەو شێخ مەحموودەی لە پێشوو خۆسەپێنتر دەرکەوت ، یاساشکێنیش بێ ڕێگرییەك درێژەی کێشا .

لەو کاتەدا (ئۆکتۆبەری ١٩٢٢) کێ گەیشتە ناوچەکانی سنوری هەولێر–ئێران ، جگە لە ئیسماعیل ئاغای بەدناو کە بۆ کورتکردنەوە بە سمکۆ دەناسرا ، ئەو سەرۆکی خێڵی شکاك بوو کە تاوانی کوشتنی مارشەمعونی ئەنجامدا و بە ڕۆژئاوای ئێراندا دەسوڕا و لەیاسادەرچووان و هەڵاتووانی سوپای ڕووس ، تورکیا ، ئێران هەروەها هیندی لە خۆگرتبوو کە ژمارەیان چەند هەزارێك دەبوو ، تەنانەت

[20] سەرچاوەیەك نیە جەخت لەسەر پەیوەندی دۆستایەتیی و عەشقبازیی حەپسەخان و مێجۆر دانلیس بکات ، بەڵام ئەوەی سەبارەت بە لاوازی شێخ قادر گوتراوە ڕاستە ، بەچەشنێك وەك دەڵێین شێخ قادر بێ حەپسەخان قامك بە ئاودا نەکات ، ئەوەی وای لە پێرەمێردی شاعیر کردوە کاتێك باسی ئەو دووانەی کردبێت هەمیشە بڵێت (شێخ حەپسە و قادرخان) . بۆ زیاتر :
م.ر.هاوار ، سەرچاوەی ناوبراو ، بەرگی دووەم ، ل ٥٣٩ .



تۆپخانەشی هەبوو . بێشك سمکۆ مەزنترین ڕێگری دەورانی هاوچەرخ و خاوەن تێفکرینێکی سیاسیی بوو ، ئەو ڕێبەرایەتیی جوڵانەوەی نەتەوەیی کوردیی دەکرد ، بە تایبەت کە سەیدتەهای لەگەڵدا بوو ، ئەو سەید تەهایەی کە باوکی ئاڵای ڕاپەڕینی کوردی لە هەرێمی بادینانی تورکیا هەڵکرد . بەڵام سمکۆ تەنیا بەرژەوەندیی لە تاڵانکردنی لادێیە ئێرانییەکاندا بوو ، لە ورمێیەوە بۆ سابڵاغ . لە کۆتاییدا ئەرتەشی ئێرانی بە فەرماندەیی جەنەڕاڵێکی ڕووسیی توانی سمکۆ تێکبشکێنێت ، ئەمێستاش کە لایەنگرانی بەجێیانهێشتووە و لەو تاڵانییەی دەستی دەکەوت بێبەشبووە ، خۆیی و پەنجاکەس یان زیاتر لە پاسەوانەکانی لە ئێران وەدەرنراون .

پاش ئەوەی ئیدی دەرکەوت شێخ مەحموود سەرکردەیەکە ناتوانرێت چاوی لێ بپۆشرێت ،لە لایەن نۆئێل و ئەدمۆندزەوە پێشنیاز درایە سێر هێنری دۆبسی کۆمیسێری باڵا سەبارەت بە سوودوەرگرتن لە سمکۆ و سەیدتەها وەك ڕێگایەکی گونجاوخۆ قوتارکردن لەو هەلومەرجە ئاڵۆزەی کورد و هەروەها قەزای ڕەواندزی لیوای هەولێرکە ئێستا لە لایەن کارمەندێکی تورکەوە بەناوی ڕەمزی بەگ ، کە بۆ هاوکاریی ئۆزدەمیر هاتبوو بەڕێوە دەبرێت . لەسەر ئەو بنەمایە سمکۆ و سەیدتەها بەمەبەستی گفتوگۆ لەسەر ئەو مەسەلانە بانگهێشت کران .ئیدمۆندس بە نوێنەری کۆمیسێری باڵا و چارلس لیتڵدیڵ و ئەحمەد ئەفەندی متەسەرفی هەولێر هاتبوون [21]،

[21] لەو بارەیەشەوە ئیدمۆندس نووسیویەتی :" ڕۆژی چواری نۆڤەمبەر بۆ گفتوگۆ لەگەڵ ((لاین)) بەسواری فڕۆکە چوومە کۆیە و ڕۆژی پێنجی نۆڤیمبەر بەرەو هەولێر وەڕێکەوتم . ڕۆژی شەشەم ، لەگەڵ لاین کە لە کۆیەوە بە ئۆتۆمبێل گەڕابۆوە و ئەحمەد ئەفەندی و لیتل دیل سواری ئۆتۆمبێل بووین بۆ دیتنی سمکۆ چووینە گوندی ((بەحرکە)) ی سەربە هۆزی گەردی لە دە مایلی قەراخ ڕێگای ((دێرە)) .سمکۆ لەگەڵ ئەحمەدی برای و دووسێ خزمی ردێن سپی و نزیکەی بیست هاوڕێی هاتبوو .ئاغاکان ، بەرگی فاسونیای بۆری یەك شکڵی ئینگلیزییان لەبەردا بوو ، چەکمەی لاسك درێژی ڕووسییان هەڵکێشابوو و کڵاوی تایبەتی شکاکیان لەسەر بوو و پێچکی توندیان لە دەوری هاڵاندبوو . کەواکانیان لە هەردوو لاوە دووگمەی هەبوو ، یەخەی کراسەکانیان عەرەبیی بوو و شاقەڵەکانیان وەك کەوای سوارچاکان فراوان بوو ، پانتۆڵی سوارەکانیان بەشێوەیەك بوو کە دەتگوت لە فرۆشگای ((ساویلرو)) ی لەندەن دووراون ...سمکۆ پیاوێکی باریك ئەندام و باڵابەرز و

من بەڕێکەوتم بۆ دیدەنییان لە دێرە ، گوندێکە بە بەرزاییەکەوە نزیکەی ٢٠ مایلێك لە هەولێرەوە دوورە . من ناوبانگی غەدداریی سمکۆم بیستبوو ، هەر بۆیە بەمەبەستی دابینکردنی پاراستنیان دوو مەفرەزە پۆلیسی چەکدارم هێنا ، وێڕای چاودێرییکردنی سەر تەپۆڵکەکانی شوێنی دیدارەکە .

هەروەها لە گەڵ پۆلە فڕۆکەکانی لکی موسڵدا لەسەر ئەوە ڕێکەوتین کە چەند فڕۆکەیەك بنێرنە فڕگەی هەولێر گەر بێتوو ئیدمۆندس سمکۆ و سەیدتەها بەمەبەستی وتووێژی زیاتر بەرێتە موسڵ و لەوێشەوە بۆ بەغدا . چارلس و من دەمانزانی کە هەردوو فڕۆکەخانەی موسڵ و بەغدا لەلایەن لیڤییە ئاسوورییەکانەوە پاسەوانێتی دەکران ، ئەوانەی هەر بەزانینی هاتنی سمکۆ ، زۆر بە دڵنیاییەوە لە تۆڵەی کوشتنی سەرۆکەکەیان ، سمکۆیان گولله باران دەکرد . بەڵام وامان بەباش زانی هیچ نەڵێین . ئیدمۆندس زۆر بەباشی دەچووە پێش . هەروەها دەگەڵ سەید تەها هیچ کێشەی خوێن نەبوو ، ئەو بەردەوام پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ ئاسوورییەکانی هەرێمی بادیناندا هەبوو ، ئەو هەرێمەی لەلایەن تورکەکانەوە سەیدتەهای لێدەرپەڕێنرابوو . ئێمە لەسەر ئەوە ڕێکەوتبووین کە مەسەلەکە گونجاوترین شێوەی لەنێوبردنی غەددارێکی دڵڕەق دەبێت کە دڵی ٤٠٠٠٠ ئاسوریی و تێکڕای کریستیانییەکانی عێراقی

خۆش سیمابوو ، روخساری زۆر لە ئەورووپاییان دەچوو ، سمێڵی قاوەیی و زبری دەبوونە هۆ و مایەی جوانیی ئەفسەرە ئینگلیزەکان ، زەردەخەنەیەکی دڵگوشاو و هێندێك بەشەرمەوە زنجیرەی ددانە ڕێکوپێکەکەی دەردەخست ...گوتی نارەحەتییەکی تایبەتی لە ئێرانییەکان نیە . ئەوەندەی کە لێیان داوە ، ئەوەندەشی لێ داون ، بەڵام دەیەوێت لە تورکەکان تۆڵە بستێنێتەوە ، چونکە بەڵێنیان پێدابوو یارمەتی بکەن ، کەچی پشتیان تێکردووە . لەوەی کە دیتی ئێمە بە پارێزەوە سەبارەت بە وروژاندنی هەستی دژایەتی ئێرانییەکان دەدوێین سەری سوڕما ، چونکە هەموو کەس بە درێژایی سنووری ئێران و تورکیا دەیانزانی کە تورك ئێمەی لە ڕەواندز و رانیە دەرکردووە و ئێستاش بە یارمەتی ئێران شەڕمان لەگەڵ دەکا .گوتی : بەم هیوایەوە هاتووم کە ئێوە بۆ ئازادکردنی گەلی کورد لە ژێر ستەمی ئەو دوو دەوڵەتەی کە دوژمنایەتی ئێوە دەکەن ، پشتم بگرن" بڕوانە:سیسیل جۆن ئیدمۆندس ، کورد و تورك و عەرەب ، وەرگێڕانی لە فارسییەوە :حامید گەوهەری ، چاپی دووەم ، هەولێر ، ٢٠٠٤ ، ل ٣٧٢-٣٧٣ .



پێ رازیی دەکەین [٢٢].هەروەها بیریشمان لەوە دەکردەوە ئەگەر چونەکەیان بۆ بەغدا رەتکردەوە بێنەوبەرەیەکی ئەوتۆی لەسەر نەکەین ، تەنیا چاوەڕێی رەحمەتی خوا بووین بۆ مەیسەربوونی کارەکە .

لە ٦ی ئۆکتۆبەری ١٩٢٢ بە ئۆتۆمۆبێل چووینە سەر چەمی بەستۆرە ، لەوێشەوە بەسواری ئەسپ کەوتینە ڕێ تا گەیشتینە گوندی بەحرکە لە نزیك دێرە ، بینیمان سمکۆ و سەیدتەها هێندە نیە گەیشتوون ، پاش چاکوخۆشییەکی ئاسایی ، ماجید ئاغا کە سەرخێڵێکی ناوچەکە بوو خواردنێکی ئاسایی بۆ ئامادەکردین و دەستمانکرد بە وتووێژ . لایەنەکەی بەرامبەر لە نزیکەی ٢٠ پیاوێکی خێڵەکی پێکدەهات ، کڵاوی درێژیان لەسەر بوو ، کورتەك وشەرواڵی دەستچنراوی دەرلنگپانیان لەبەردابوو لەگەڵ پشتێنی خوری ئەستوور کە خەنجەر و دەمانچە و فیشەکلغی پێوەبوو. هەموویان بەسواری ئەسپی باریك و رەقەڵەوە بوون کە نیشانەی بڕینی ڕێی دوور و ماندوێتی خاوەنەکەیان بوو . سمکۆ کەسێکی باریك ، ریش تاشراو ، سمێڵ قەیتان ، جووتێك بووتی قەوقازیی لێهەڵکێشابوو ، بەشێوەیەکی ئاسایی چەکداربوو . سەیدتەها پیاوێکی قەڵەو، باڵای نزیکەی ٦ پێ و ٤ ئینچ و کێشیشی ٢٥٠ پۆند دەبوو

[22] ئەم دانپیانانەی لاین سەبارەت بە گواستنەوەی سمکۆ و بەکوشتدانی بەدەستی ئاسوورییەکان ئەو نهێنییەی عیزەتی فاتەی خولە درێژ (عیزەتی تۆپچی ) پشتڕاست دەکاتەوە کە کاتی خۆی بۆ مامۆستا رەفیق حلمی ئاشکرا کردووە و چ های و چ ئیدمۆندس لە نووسینەکانیاندا هەوڵیان داوە خۆیانی لێ لادەن و بیشارنەوە . دیارە مەبەستی ئینگلیزەکان ئەوەبوو گەر سمکۆ پەسندی بکات بە پارە دوژمنایەتیی شێخ مەحموودی پێبکەن و بیکەنە داردەست دژی تورکەکان ، سمکۆ مەسەلەی سەربەخۆیی کوردستان و دانپیانانی ماڤ نەتەوایەتیی کوردی کردبووە مەرج بۆ هەر هاوکارییەك و پێکەوە کارکردنێك ، ئەوەی ئینگلیز نەدەچوونە ژێری ، کاتێك ئەوەیان بۆ نەچووە سەر ئینجا بڕیاریاندا سمکۆ بەرنە هەولێر و لەوێوە وەك لاین دانی پێدا ناوە بۆ رازیکردنی دڵی ئاسوریی و کریستیانییەکان بە کوشتی بدەن ، ئەوەی سمکۆ هەستی پێکرد و خۆی لە تەڵەکە رزگار کرد و لەو کاتەشەوە پەیوەندی لەگەڵ سەید تەهادا کە خۆی خستە باوەشی ئینگلیزەکانەوە ، گۆڕانی بەسەردا هات .سمکۆش گەڕایەوە بەحرکە و لەوێوە بۆ سەردانی مەلیك مەحموود هاتە شاری سلێمانی . بڕوانە :
رفیق حلمی ، یادداشت ، جزمی شەشەم ، ل ٥٩٧-٥٩٨ .

، ئاكاریشی نەرمونیان بوو ، بەپێچەوانەی سمكۆوە هەر لە سەرەتاوە پەشۆكاو و هەڵسوكەوتی سڵمینەوە و تورەیی پێوە دیاربوو.

قسەوباسەكان پتر بەزمانی فارسیی دەكران ، ئەو زمانەی من نەمدەزانی ، هەروەها پێویستە دان بەوەدا بنێم كە گفتوگۆكە بۆ من زۆر جێگای بایەخ نەبوو ، بەشێكیان لەبەر ئەوەبوو دڵنیيابووم لەوەی گەر سمكۆ بهاتبایە دەكوژرا ، بەشێكی دیكە لەبەر ئەوەبوو هیچ كاتێك پێم وانەبوو كە جگە لە بەكارهێنانی هێز شتێكی تر رەوشە ئاڵۆزەكە چارەسەربكات . كاتێك سەربكەوتیتایە لەشكرەخێڵەكییەكان چ بەلایەكیان نەبوو ، بە پێچەوانەشەوە كاتی لێقەومان هیچیان جێگای باوەڕومتمانە نەبوون . بەشێكی تریش ئەوەبوو لەوباوەڕەدابووم كە دانانی كەسێكی غەدداری تاوانباری وەك سمكۆ هیچ ئاكامێكی باشی بۆ ئێمە لێناكەوێتەوە . لە كۆتاییشدا مەسەلەكە لە بنەڕەتدا پێشنیازی ئیدمۆندس و نۆئێل بوو نەك من ، ئەوان هەردووك لەمن لەپێشتربوون ، ئەو دەمەش پۆستێكی تایبەتیان نەبوو ، لەكاتێكدا من بەرپرسیارێتی دوو لیوام لە ئەستۆ بوو .

بەهەرحاڵ ، كاتێك وتووێژ كۆتاییان هات سەیدتەها تا دوائاست لەباربوو بەڵام سمكۆ بە بێزارییەكی گەورەوە ئامادەیی دەربڕی لەگەڵمان بێت . دواتر لەسەر ئەو بنەمایە ئێمە لە مەفرەزەكە جیابووینەوە و بە ئۆتۆمبێل رێگامان گرتەبەر ، چەند مایلێك لە رۆخی چەمی بەستۆرەوە بە ئاراستەی هەولێر دووربووین ، ئەحمەد ئەفەندی متەسەرف هەولێرمان بەجێهێشت تاكو هاوەڵی میوانەكانی بكات . لەو رۆژەدا نەمزانی چی روویدا ، لە كاتێكدا سمكۆ بۆنی ئەوەی كردبوو كە ئاسورییەكان لە فرۆكەخانەكەن ، یاخود لەناكاودركی بەوە كردبوو كە دژی ئەو قسە دەكرێت و سزایەكی یەزدانی دەكرێت بۆ یەكەمجار ببێتە شتێكی بنیاتنەر لە ژیانییدا ، پاش ئەو ئاكامگیرییە ، هەرحاڵ سێ مایلێكمان مابوو بۆ هەولێر ، سمكۆ فرۆكەكانی بینی نیشتنەوە سەرزەوی ، هەربۆیە پشتی تێكردین و رووی ئەسپەكەی بە ئاراستەی سنور وەرگێرا ، جگە لە ئەحمەد ئەفەندی كەس نەبوو بڵێت سمكۆ دڵی گۆڕی ،



هەروەها هێنری دۆبسن و من زۆر بێئومێد بووین . وێڕای زۆر هۆكاری جیاواز ، بەڵام كاتێك دێتە سەر باسی سمكۆ پێویستە بەم دیمەنە كۆتایی بە چیرۆكەكەی بدەم .

سمكۆ دوای سەردانی زۆر لە سەرەك كوردە ناودارەكانی سنور لە هەردوو لیوای هەولێر و سلێمانی ، لەوانە شێخ مەحموود ، لە كۆتاییدا گەڕایەوە ئێران . لەوێ (ساڵی ١٩٣٠) لەلایەن فەرمانڕەوای قەزایەكەوە پاش بەڵێنی تەئمینی گیانیی داوای دیدەنی لێكرابوو ، خۆرشیدئاغای سەرەك خێڵی هەركیشی لەگەڵدا بوو [٢٣]، كاتێك

---

[23] بێگومان دەسەڵاتدارانی ئێران هەر لە ساڵانی جەنگی گەورەوە چەندین جار هەوڵی كوشتنی سمكۆیاندابوو بێ ئەوەی سەركەوتن بەدەست بهێن،بەڵام ئەمجارەیان پیلانی لەناوبردن و غافڵكوژی سمكۆ زۆر بەوردی داڕێژرابوو ، پاش ئەوەی لەلایەن تەیمور ناوێكەوە پەیوەندییان بە سمكۆوە كرد كە ئەو دەمە لەسەر سنوری ئێران توركیا بوو كە بۆ گفتوگۆ بێتە شنۆ و لەگەڵ فەرماندەی شیمالغەربی ئێرانی (حسن مقدم)لەسەر چارەسەركردنی كێشەكان گفتۆگۆ بكەن ، سمكۆ ئامادە نەبوو بە تەنیا بێتە شنۆ ، بە ڵكو ژمارەیەك لە سەرۆك خێڵە كوردەكانیشی لەگەڵ خۆی بردبوو كە كەریم خانی خێلانیی و عەبدوللا ئاغای هەركی و مەروان ئاغای گەردی و محەمەد ئاغای گەردی و خۆرشید ئاغای هەركی و تفەنگدارانی ئەو خێلانە و بەشێك لە سەرهاتییەكان ، وێڕای پاسەوانەكانی خۆشی لە شكاكەكان كە تێكڕا ٤٠٠ كەسێك دەبوون .سمكۆ پشت ئەستور بەو هێزەی لەگەڵیدا بوو و نیازیشی رێكەوتن بوو بۆیە تا دواسات هەستی بەو هێزكۆكردنەوەیە نەكرد كە ئێرانییەكان و پادگانی شنۆ بە فەرماندەیی (سەرهەنگ نەورۆزخان ) خەریكی بوون و لەماوەی یەكدوو رۆژێكدا لە چەندین لاوە هێزی ئێرانی بەشەو دەهاتنە پادگانی شنۆوە، پاشتر كە وەختی جێبەجێكردنی پیلانەكە هات ، پاش نیوەڕۆی رۆژی ١٩٣٠/٧/١٨ ، سەرهەنگ نەورۆزی داوای لە سمكۆ و هاوەڵانی كرد بۆ پێشوازی حسن مقدم بڕۆنە دەرەوەی شار ، بەڵام فێڵەكە لەوەدا بوو لەكاتی چوونە دەروەی ئەواندا هێزی ئێرانی ئامادەكراو لە دەرەوە و ناوەوەی مێوانخانەكەی سمكۆیان تەنی ، پاش ماوەیەك چاوەڕوانی ، بەدرۆ سوارەیەك هات و هەواڵی تێكچوونی ئۆتۆمبیلەكەی حسن مقدمیان گەیاند و سەرهەنگ داوای لە میوانەكان كرد بگەڕێنەوە بۆ شنۆ و چیدی چاوەڕێ نەكەن ، سمكۆ و هاوەڵانی بە چەند تاقمێكی بچووك بچووك خۆیان كردەوە بەشاردا ، لە كاتێكدا سمكۆ و پاسەوانەكانی گەیشتنە بەردەركی میوانخانەكەیان لە هەرچوارلاوە كەوتنە بەر دەسترێژ ، دەگوترێت لەیەكەم رێژنەی گوللەدا سمكۆ بەرنەكەوتووە ، بەڵام پەرۆشی بۆ خەسرەوی كوڕی وای لێكردوە بگەڕێتەوە و لەلایەن گروهبانێكی پلە یەك بە ناوی (محمد خان قرەچەداغی ) فیشەكێك لەسەر سنگی دراوە و كوژراوە . دەگوترێت كە لە نێو ئەو سەرەكخێلانەی لەگەڵ سمكۆدابوون تیایاندا بووە كە بە پیلانەكەی زانیوە و نەیدركاندووە ، بەڵام كاتی كوشتن

دەچنە حەوشی بارەگای فەرمانڕەوا ، دەرکەیان لێدادەخەن و بە گوللە دایاندەبێژن ...زۆر بەداخم بۆ خۆرشید ئاغا ، ئەو سەرۆکێکی زۆر شیاو و متمانەپێکراوی خێڵێکی گەورەی کۆچەریی بوو کە پتر لە ١٠٠٠٠٠ سەر مەڕیان هەبوو ، ساڵانە پاش ئەوەی زستانیان لە ناوچە بەرزاییەکانی هەولێر بەسەردەبرد ئینجا کۆچیان بەرەو لەوەڕگا چیاییەکانی ئێران دەکرد . ئەو لەقلەقێکی بەدبەخت بوو لەنێو پۆلە مراوییەکدا . سەبارەت بە سمکۆ وا باشتر بوو کە کوشتنی لە لایەن ئاسورییەکانەوە و لە پێناو رازیکردنی دڵی ئەواندا بووایە ، بەڵام بەهەرحاڵ ئەو سزایەی وەرگرت کە شایەنی بوو.

بە گەڕانەوە بۆ باسە بنەڕەتییەکە ، سەیدتەها لەگەڵمان هات ، پاش کۆبوونەوە لەگەڵ سێر هێنری دۆبس لە بەغدا و هێندێك پشتگیریی ماددیی، بڕیاریدا کە دەسەڵاتی خۆی بەکار بهێنێت بۆ ئەوەی خێڵەکان بە دژی تورك هانبدات و لە رەواندز دەریانکات . باوکی سەیدتەها پاش سەرکوتکردنی جوڵانەوەکەی لەلایەن تورکەکانەوە هەڵواسرابوو ، هەر بۆیە گەر ئومێدێکی ئەوتۆی گەڕانەوەی بۆ زێدی خۆی نەبێت ، خراپ نیە گەر زەویوزارەکەی لە رەواندز فراوانبکات و ئەوەی لە هیچ باشترە .نۆئێل و ئیدمۆندس بوونە راوێژکاری سەیدتەها و ناوی (رۆلاش) یان لە سەرجەم پلانی کارکردنەکەیان نا ، بایەخیان بە هێزی لەشکری خێڵەکەی دا و رەواندزیان کردە ئامانج . بەڵام بە پێچەوانەی ئەوەی چاوەڕوانی بوون زۆر کەم یان

ئێرانییەکان دەسیان لە هیچیان نەپاراست و کۆمەڵکوژییەکی گەورەیان ئەنجامدا .شێخ سەلامی شاعیر لەو بارەیەوە دەڵێت :

قەت بە بێباکی مەچۆ ناو لەشکری دوژمنتەوە
شێری بێ باکی شکاکت چوو بە دوو رێوی شکا
میللەتێکی کوردی مەزڵوم چارەیی هەر مردنە
پیاوێکی دیل و زەلیلە کێ سەلامی لێ ئەکا

بۆ زیاتر :

یاسین خالد حسن ، کردستان الشرقیة / دراسة في الحرکة التحرریة القومیة فیمابین الحربین العالمیتین (١٩١٨-١٩٣٩) ، رسالة ماجستیر غیر منشورة ، کلیة الاداب ، جامعة صلاح الدین ، ١٩٩٥ ، ص ١٣٠-١٣٨ .



هیچ سەرکەوتنێك لە وەدەستهێنانی پشتگیریی چالاکی خێڵە کوردییەکانی نێوچەکە نەهاتەدی .مەسەلەکە بەوە کۆتاییهات لەسەر داوای سەیدتەها نۆئێل هێزی ئاسمانی ئاڕ.ئەی.ئێف ی هێنایە خێڵی هەرکی و لە ئاسمانەوە بۆمبارانی کردن ، لە کاتێکدا من چوومە کەرکوك تا ئامادەکاریی بۆ فریاکەوتنی قەزای چەمچەماڵ بکەین ، کاتێك گەیشتمە ئەوێ ، پاساوێك نەبوو بۆ بۆمباباران ، ئەوەش تاوانبارانکردنێکی گەورەی لێکەوتەوە کە هێزی ئاسمانیی بە خولیاو ویستی سەیدتەها ئاراستە بکرێت ، متەسەرفی هەولێریش لەو بارەیەوە راوێژی پێنەکرابوو ، هەربۆیە راستەوخۆ چوومە بەغدا و ئاگادارییەکم بەرزکردەوە تێیدا داوام لە کۆمیسێری باڵا کردبوو گەر خوازیارن نۆئێل بخنە شوێنەکەم من زۆرم پێخۆشە ، ئامادەم دووبارە بگەڕێمەوە تیپەکەی خۆم لە هیند ، ئەگەریش دەیانەوێت بمێنمەوە نابێت رێگا بەو رمبازییە لە لیواکەدا بدرێت ، دوو کەڵەباب لە کولانەیەکدا شوێنیان نابێتەوە . هەربۆیە رۆلاش هەڵوەشێنرایەوە .ئیدمۆندس لە کەرکوك دانرا ، پاش ئەوەی مێجۆر مارشاڵ لە ٦ی دیسەمبەری ١٩٢٢دا لە بەغدا مرد پێش گەڕانەوەی بۆ کەرکوك و دوای تەواوبوونی مۆڵەتەکەی لە بەریتانیا . نۆئێلیش گەڕایەوە بۆ هیند . سەیدتەهاش گەڕایەوە بۆ ئەو چەند گوندە بچووکەی خۆی کە لەدیوی سنوری عێراق بوون .

لەوکاتەی لەبەغدا بووم ، بانگکرام بۆ دیداری فەرماندەی گشتی ، سوپا ئیدی تەسلیم بە هێزی ئاسمانیی کرابوو و عێراقیش یەکەمین فەرماندەی سەربەخۆی خۆی هەبوو کە (سێر جۆن سالمۆند) بوو.لەوێ جێگرێکی مارشاڵ زۆر سەرنجی راکێشام هەرگیز بە دیداری کەسێکی وریای وەك ئەو نەگەیشتبووم . ئەو زانیارییەکی وردی لەسەر هەلومەرجی کورد هەبوو ، خێڵەکان و شوێنی جوگرافییان ، بەدرێژایی ساتێك پرسیارگەلێکی زۆری لێکردم ، دواتر پێیگوتم کە نیازێتی تیپێکی لیڤی کۆبکاتەوە و بە پاڵپشتیی هێزی ئاسمانیی ناوچە لەدەستچووەکان بگێڕێتەوە ، لە کۆیسنجەقیشەوە دەستپێدەکات . سەبارەت بە بۆچوونی من پرسیاری لێکردم ، پێمگوت کە بە پشتگیریی لکێکی بۆمباوێژ دەتوانم سەرلەنوێ کۆیسنجەق داگیر

بکەمەوە بێ هێزی لیڤی ، تەنیا بە هۆی هێزی پۆلیسی هەولێرەوە . لەمەڕ ڕەواندز و سلێمانیشەوە ، لەو باوەڕەدا بووم کە ئەو هێزە لیڤییەی بەو شێوەیە هەیە دەستنادات ، چونکە جگە لە بەتالیۆنێکی ئاسوریی ، بەگشتیی زۆربەیان کوردن و جێگای متمانە نین . لە ڕاستییدا بەتالیۆنێکی عارەب هەبوون ، بەڵام ئەوانە بۆ شەڕی شاخ بەتەواویی نەشیاو بوون . ئەو توانی زیاتر قەزاوەت بکات پاش ئەوەی زانی مەسەلەکان لە کۆیسنجەق چۆن دەگوزەرێت. پاشتر سەبارەت بە پلانی گرتنەوەی کۆیسنجەق رای وەرگرتم ، منیش پێشنیازی ئەوەمکرد کە هەڵمەتەکە پێویستە سێ قۆناغ بگرێتە خۆ :

یەکەم:بڵاوکراوە بەسەر کۆیسنجەقدا بەربدرێتەوە داوا لە دانیشتووان بکات لە ماوەیەکی دیاریکراودا چەتەکانی تورك لە شارەکە وەدەرنێن بەپێچەوانەوە هەڕەشەی بۆمبارانیان لێبکرێت .

دووەم:تا هەواڵەکان روونتردەبنەوە ، قەڵا و سەرا بۆردومان بکرێت .

سێیەم:چارلس و من بە ١٠٠ پۆلیسێکەوە ، لەژێر چەتری هێزی ئاسمانیی دەکەوینە ڕێ ، لەکاتێکدا فڕۆکەکان بۆمبارانی رانیە بکەن ، نێوەندی قەزای دووەم کە ئیدمۆندس و رانیکۆڵ پاشەکشەیان لێکرد ، ئەو بۆمبارانە رۆژێك پێش هەڵمەتەکەی ئێمە و ئەو رۆژەش کە هەڵمەت دەبەینە سەر کۆیسنجەق بەردەوام بێت.

یەکەمجار سەبارەت بە ژمارەی ئەو هێزە زەمینییەی باسملێکردبوو بەگومان بوو ، بەڵام تێمگەیاند کە پۆلیسی هەولێر لەلایەن چارلسەوە زۆر بەباشی ڕاهێنراون و بۆ جەنگی شاخیش چاك بەکارهێنراون و لە هێزی لیڤی متمانەپێکراوترن . هەروەها خەڵکی کۆیسنجەقیش باش دەناسم ، دەشزانم هەر هێزمان نیشاندا دەستبەجێ هاوکاریمان دەکەن . جەمیل ئاغا قایمقامی شارەکە پیاوێکە جێگای بڕوایە ، هەروەها دۆستێکی نزیکی خۆمە و پێمخۆش نیە قوربانیی لە نێو خەڵکدا ببێت لە کاتێکدا دەتوانین خۆمان لە زیانگەیاندنی گشتیی بپارێزین .دیارە خەرجی ئەم پەلامارە کەمتریشە وەك لەوەی هێزی لیڤی بەکاربهێنرێت . لە کۆتاییدا رەزامەندیی دەربڕی ،



منیش بە ئاسماندا بەرەو هەولێر گەڕامەوە ، بە چارلسم گوت هێزی پۆلیس کۆبکاتەوە ، لە کاتێکدا لە بەغدا کاری فەرمیی بۆ پەلامارەکە و راگەیاندنی دەکرێت و فڕۆکە بۆمباوێژەکانیش لە بەغداوە دەکەونە جوڵە . زۆری نەبرد رۆژی پەلامار هات ، بەپتر لە ١٠٠ پۆلیسەوە ، سوارە و پیادە ، بەرەو کۆیسنجەق کەوتینە ڕێ ، بێتەلیشمان لەگەڵ خۆمان برد بەمەبەستی پەیوەندییکردن بەو فڕۆکانەی بەسەرمانەوە بوون ، دوو دۆشکەی گەورە ، هەروەها پسپۆڕێکی هێڵی تەلەگراف بەمەبەستی چاکردنەوەی هێڵەکانی پەیوەندیی و تەلەفۆن بە درێژایی ڕێگای کۆیسنجەق کە ٥٠ مایل دوور بوو، کە چلیان بە نێوچەیەکی بەرزایی و بەردەڵاندا تێدەپەڕیی ، لەو کاتەدا ڕێگای ئۆتۆمبێل نەبوو ، یەکەمین شەو کە دەرچووین لە گوندی (سێمەك شیرین) سەربازگەمان خست ، لەوێ داوامان لە ئاغای گوندەکە کرد (سەید کاکل ئاغا) شێوێکی باشمان بۆ ئامادە بکات ، لە هەمان کاتدا کەسێکم نارد بە دوای جەمیل ئاغای قایمقامی کۆیسنجەق تاکو بێت و چاوی پێمبکەوێت، ئەو لە کاتی خۆیدا ، نیوەشەو گەیشتەجێ و پێکەوە بە نهێنی کەوتینە گفتوگۆ ، سەبارەت بە هێزی نەیارانمان و هەڵوێستی خەڵکەکە پرسیارم لێکرد ، گوتی وێڕای ئەوەی دوژمن لە رانیە و رەواندز هێزێکی فرەیان هەیە، بەڵام ژمارەیەکی کەمیان لە شارەکەدان . گوتیشی کە دەتوانێت وا لە خەڵکی کۆیسنجەق بکات هاوکاریی بکەن بەمەرجێك کاتێك چوونە نێو شارەکە و شوێنی خۆتانگرت بمێنینەوە و بەرپێوەی بەرن و پشتی تێنەکەن ئاژاوەی تێدا رووبدات . لەو کاتەدا توانیمان بە تەلەفۆن لەگەڵ هەولێر پەیوەندیی بگرین ، جەختم لەسەر ئەوە کردەوە کە ئێمە پێشڕەویی خۆمان لەسەر زەوی دەستپێدەکەین و با هێزی ئاسمانییش وەك ئامادەکاریی بۆکراوە لە سەرەوە کۆمەکمان بن ، بە جەمیل ئاغاشم گوت بگەڕێتەوە کۆیسنجەق ، ئەشراف شار کۆبکاتەوە ، باسی گەورەیی و بەهێزی توانای ئێمەیان بۆ بکات و بە تورکخواکانیش بڵێت شارەکە چۆڵ کەن ، لەو بارەیەوە هیوای سەرکەوتنمان بۆخواست و ئێمەش چووین سەرخەوێك بشکێنین .

لەبەیانییدا کەوتینە خۆ ، هێزی پـۆلیس سـوارە لـە هـەردوو بـاڵی راستوچـەپ و پیادە و خۆشمان لە نێوەڕاستدا ، باڵی چەپ دەبوایە بە لاشانی خـوارەوەی چـیاکەدا بێتە بجولێت تا دەگاتە پشتی شارەکە ، باڵی راست بۆ فڕگەکە تەرخانکرابوو ، کاتێك دەچووینە پێش چەند تەقەیەکی کەممان لێکرا ، بـەڵام کـشانمان بـە هێڵێکـی راسـت بـەردەوام بـوو بـێ ئـەوەی وەڵامبدەینـەوە ، چـونکە نەماندەویـست هـیچ یـەکێك لـە خەڵکی شـارەکە بـە رێکـەوت بەرکـەون . هـەر زوو بـە دووربینـەکانمان توانیمـان ئـەو چەکدارە تورکخوایانە ببینین کـە بـە هەیبـەت سـولتاندا هەڵدەزنان و بـەرەو دەشـتی رانیە دەکشان . ئێمـە راسـتەوخۆ قـەڵامان گـرت و نیـشانەی (T) مـان لەسـەر هێڵـی نیشتنەوەی فڕگەکە دانا ، خێرا فڕۆکەیەك نیشتەوە و نیشانەیەکەم رەوانەی پـشتەوە کرد کە هەڵمەتەکە کۆتایی پێهات و هەموو لایەك بێ زیانین. تـەنیا قوربـانی ئێمـە کـە بەداخم باسی بکەم ، ئەفسەرێکی هێزی ئاسمـانیی بـوو (هـۆرۆکس) یـان پێـدەگوت ، کاتێك لە ئاسمانـەوە رانیـەی دابـووە بـەر گوللـە ، فڕۆکەکـەی پێکرابـوو و کـەوتبووە خوارەوە و سووتا بوو ، چەند مانگێك پاشـتر کـە رانیـەمان گرتـەوە ، گـەڕام بـەدوای لاشەکەی یاخود گۆڕەکەی بێ ئەوەی بیدۆزمەوە ، دانیشتووانەکە گوتیان کـە لـە نێـو فڕۆکەکەدا سووتاوە .

هەر زوو پاش ئەوەی بنکەی پۆلیس و قەڵاکۆنەکـەی تورکمـان گرتـەوە ، جـەمیل ئاغا ، قازیی ، کارمەنـدان و ئەشـراف هاتنـە پێـشوازیمان ، جـەمیل ئاغـا بـە رەواڵـی پێشووی نیودەرزەن خزمەتکاری بە خواردنی گەرم و چەورەوە بۆ ناردین ، خەڵکەکـە دڵشاد بوون بە کۆتاییهاتنی مەسەلەکە و لـەوە دڵنیامکردنـەوە کـە بـەریتانیا هـەرگیز پشتیان بەرنادات و هێشتا زۆر ماوە کە بۆیانبکرێت . شارەکە دوو بنەماڵەی سەرەکی تێدا بـوو ، حـەوێزیی و غـەفوریی ، ئـەوان هەمیـشە لـە ململانێیـەکی تونـدا بـوون ، هــەروەك (مۆنتــاگۆس و کــاپلۆتس)کــەی رۆمیــۆ و جــولێتی شکــسپیر ، هەرچــەندە پێکدادان و خوێنڕشتنیان لە نێوانـدا نـەبوو ، هەریـەك لەوانـە لـە ململانێـدا بـوون مـن



بـەرن دەگـەڵ خۆیـان و جـێ قـۆرتی بۆمباکـانم پێنیـشاندەن کـە شـوێنی زۆر لەسـەر دانابوون .

هەروەها بەڕیوەبەرایەتیی فەرمیی و هێزی پۆلیسی ئاسایی وەك پێویـست دانـران و ژیانی ئاسایی خەڵکەکە دەستیپێکردەوە و هەر چەند رۆژێك بەشـێکمان لـە پـۆلیس دەناردەوە شوێنە بنەرەتییەکانی خۆیان لە شاری هەولێر و پۆسـتەکانی لیواکـە ، لـە هــەمان کاتــدا پێــشنیازیی ئــەوەمکرد لیڤــی بنێردرێــت– لکێــك بــەس بــوو – بــۆ بەدەستەوەگرتن و پاراسـتنی شـارەکە.بـەڵام چـەندین رۆژ تێپـەڕی وەڵامێکـی ئـەرێم دەستنەکەوت . بەمانەوەم لە کۆیسنجەق ماندوو بووم ، لەکاتێکدا کـارم زۆر هـەبوون لەهــەر لایــەك رایانپــەڕێنم . داوای فڕۆکەیــەکم کــرد و هــەروەها دیــدەنی فەرمانــدەی گشتیی لە بەغدا ، کاتێك بـۆم دابینکـرا ، ئینجـا دەبـوو بـۆ دووەمجـار تاقیکردنـەوەی پرسـیار و وەڵام تێپــەڕێنم ، کاتێــك فەرمانــدەی گــشتیی ویــستی هۆکــاری داواکردنــی هێزی فریاکەوتن لەلایەن منەوە بزانێت ، پێمگوت کـە کۆیـسنجەق یەکێکـە لـەو چـوار قەزایەی لیوای هەولێر کە من لێیان بەرپرسیارم ، لـەو حاڵەتـە بـێ نەزمیـەی ئێـستادا خــراپترین لێکدانــەوە دەخرێتــە ئەســتۆی مــن و ئامادەنــەبوونم ، بــەوەش بەڕێوەبەرایەتییەکە لە ئاکامـدا تووشـی گرفـت دەبێـت.مـن بـەش بـە حـاڵی خـۆم لـە ئۆپەراسیۆنەکەدا بەشدار بووم و ئەرکی خۆم راپەڕاندووە ، بەڵام ناتوانم لـە حـاڵەتێکی نادیاردا بمێنمەوە ، هەروەها چارلسیش ناتوانێت ، ئەوەشم بۆ روونکردەوە کـە چـەند پۆسـتی پۆلیـسمان کەمکردۆتـەوە تـا ئـەو هێزەمـان بـۆ هەڵمەتەکـە پێکـەوەناوە ، نەگەڕانەوەی ئەوانە بۆ شوێنەکانی خۆیان بە زوویی کاردەکاتە سەر بێنـەزمیی . ئایا بەڕاستی لەو بڕوایەدام لکێکی لیڤـی بـەس بێـت ؟ ئـەو پرسـی . ئینجـا وا دەرکـەوت رەزامەندیی خۆی بۆ بۆ مەسەلەکە دەربڕیی ، پێمگـوت لەراسـتییدا بەشـێك لـە هێـزە پەیوەستەکانی پۆلیسی هەولێر و قەزاکە ، بە گشتیی گەڕاونەتەوە بنکەی سـەرەکیی هەولێر و ئێستا لە قشلە نیودەرزەن پۆلیسی سوارە و ئەفسەرێکی نیزامـی و چـارلس و منی لێین . بەدڵنیاییەوە لکێك بە ئاشکرا بەسـە . پێکـەنینێکی خۆشـی بەقسەکەم

هات و رازیی بوو . پێش ڕۆشتن مەسەلەیەكی دیكەی لەگەڵم هێنایە بەر قسەوباس ، ئاكامگیریی ئەوەم كرد تائێستا دووجاری بەدوامدا ناردبوو و بەوردی سەبارەت بە چەندین بابەتی جیاوازی نێوچەكە و كە پەیوەندییان بە هەڵمەتی پێشنیازكراوەوە هەبوو پرسیاری لێدەكردم و وەڵامی لێوەردەگرتمەوە . لەو كاتانەدا پێشوەخت ئاگادار نەدەكرامەوە یاخود كاتی تەواویان نەدەدامێ بۆ وەڵامی پرسیارەكان مەسەلەكە بە ئاسانیی ئەنجامدەدرا كە هێندێك وردەكاریی یاخود كاری دیكە دەگونجا لە یاد بچن و گەر كرابان سوودیان پتر دەبوو تا هەڵمەتەكە سەركەوتووتر بێت . زۆر زیاتر متمانەم بەخۆ دەكرد گەر پرسیارەكانی بۆم بناردایە و منیش وەڵامەكانم بۆ بناردایەتەوە .ئەوەم پێگوت ، سێر جۆنیش دەستوبرد مەسەلەكەی لەبەرچاوگرت و بەوەش لە ئایندەدا زۆر جار فڕۆكەیەك بە نوێنەرێك و فڕۆكەوانەكەیەوە دەنیشتنەوە و دەبوونە میوانم تا وەڵامی پرسیارەكانم بۆ ئامادە دەكرد و دەیانبردەوە .

دوای ئەوەی بە فڕۆكە گەڕامەوە كۆیسنجەق ، پاش چەند ڕۆژێكی كەم لكێكی لیڤی بە ئەفسەرێكی بەریتانییەوە دەركەوت ، چارلس و من دوو ڕۆژێك ماینەوە تا بە خەڵكی ناوچەكە و دەورووبەرەكەیان بناسێنین ، لە نێو قشڵەدا قولەیەك هەبوو كە كۆپی قورئانێكی تێدابوو ، لەسەردەمی توركدا وەك مزگەوت نوێژیان لێدەكرد ، لە نێو خەڵكدا وا بڵاوبوو كە خێوی ئەسحابەیەكی تێدایە ، هەرچەندە ئێمە لەوێ سەربازگەمان هەڵدا و چەند جارێكیش سەردانمان كردبوو ، هیچ كات خێوێكمان نەبینیی و هیچیشمان لێنەبیست ، لە شەوی یەكەمدا لیڤیەك پۆستەكەی بەجێهێشتبوو ، دەگریا گوایە خێوەكە سەری لێداوە ، ئەوەش مەسەلەیەكی مەترسیدار بوو ، چەنكە نزمی ئاستی پابەندیی سەربازیی نیشاندەدا ، كە گەر ڕێگای لێنەگیرێت زۆر بە ئاسانی تەواوی لكەكە دەگرێتەوە .ئەفسەرە لاوەكە نەیدەزانی چی بكا ، ڕاوێژی بە ئێمە كرد ، چارلس ڕەپوراست پێیگوت " فڕێی دەرە نێو ژووری پاسەوانەكان و بەیانی فەلاقەی كە ، دواتر فەرمان بدە هەركەسێك شوێنەكەی خۆی



لەبەر خێو چۆڵبكات فەلاقە دەكرێت و زیاتری تێهەڵدەدرێت ، فەرمانەكە بە باشی جێبەجێكرا و چیدی كەس خێوی نەدیتەوە.

بۆ دڵنیایی شەوێكی دیكەش ماینەوە و پاشان گەڕاینەوە هەولێر ، زۆر خۆشحاڵ بووم كە لەدەست كەركوك ڕزگارم بوو ، ئەمێستا ئیدمۆندسیان لێ داناوە و سەرقاڵی تۆڵەسەندنەوەیە لە كەریمی فەتاح بەگ سەرۆكی هەمەوەندەكان ، ئەوەی بۆند و ماكناتی كوشت . ئەمەش لە زۆربەی كاتەكاندا بەشێوەیەك بەڕیوەدەچوو كە هەر گوندێك پەنای كەریم خانی بدایە بۆردوماندەكرا . بێ ئەوەی هیچ پەیوەندیی و هەماهەنگییەك لەگەڵ هێزی زەمینییدا هەبێت ، كارێكی وا كە زۆر دڵخۆشكەر نەبوو ، بەڵام لەوەباشتر بوو كە هەر هیچ نەكرێت . بەم چەشنە نێوەڕۆیەكی مانگی دیسامبەر (٢٣ی مانگ بوو) لەناكاو فڕۆكەیەك لە هەولێر دەركەوت ، فڕۆكەوانەكە لایدا و نامەیەكی بەپەلەی مۆركراوی قورسی بۆ هێنابووم كە لە فەرماندەی گشتییەوە خۆی ڕەوانەكرابوو ، تێدا گوتبووی كە لە ٢٤ی مانگدا دەستەیەك ئەفسەری هێزی ئاسمانیی و هەمان ژمارەش سەر بە پۆستی دیكە شەو لەلاتان دەمێننەوە ، كە دەبێت من شوێنی حەوانەوە و خواردنیان بۆ دابین بكەم و نابێت ئەو هەواڵە بەكەس بگوترێت و فەرماندەی گشتیی خۆشی لە گەڵیاندا دەبێت .

پسوڵەیەكم دایە فڕۆكەوانەكە و هەڵفڕییەوە ، بە حامیدی چێشتلێنەرە هیندییەكەی خۆمانم گوت سێچوار عەلەشیش سەربڕێت لەوانەی كە زۆرمان هەبوون ، هەروەها بەشی دەستەیەكیش حەڵوای قۆخ بكات . ئەو چێشتلێنەرێكی چاك بوو ، لەهەر بۆنەیەكدا بێ منجەمنج هەڵدەسوڕا ، چارلس پێخەفەكانی بە تەختەكانی خەستەخانەكە و بەتانی گەنجینەی پۆلیس پەیوەستكرد ، ڕۆژی دواتر هەموومان ئامادەی كار بووین . تەنانەت بۆ ئێمەش نەماندەزانی چی بەڕێوەیە بەتایبەتی كە بەرەجەژنی سەری ساڵ بوو ، بەڵام خراپ لەوە حاڵی نەبووین كە ژمارەیەك ئەفسەر خەریكن دەگەنە ئێرە و هەریەكەیان سەر بە پۆلێكی جیاوازی بەغدا ، كەركوك و موسڵە ،ئەوانەی تەنیا پێیانگوتراوە بچنە هەولێر و چاوەڕێی فەرمان بن ، لە دواییدا

فەرماندەی گشتیی بە فڕۆکەکەی خۆی گەیشت کە جێگرەکەی (جۆن ولیامس) لێیدەخوڕیی . لەپاشان چەند بارهەڵگرێکی هێزی ئاسمانیی هاتن کە دۆشکە و فیشەکگر و شارەزای تایبەتیان بە مەبەستی ئامادەکردنی فڕۆکەکان پێ بوو ، بارهەڵگرەکان بۆمبیان هەڵگرتبوو مەزنترییینیان کە هێشتا بەکارنەهێنرابوو ٢٥٠ و ٥٠٠ پۆندی بوو .

ئینجا پێکەوە چووینە نێو نهێنی مەسەلەکەوە ، وادەرکەوت کە ستافی هێزی ئاسمانیی بیرێکی زۆر زیرەکانە و دەستبەجێیان هەبێت ، ڕۆژی ٢٥ی سێپتامبەر کە جەژنی سەری ساڵە ، شێخ مەحموود وابیر دەکاتەوە کە ستافی هێزی ئاسمانیی بە ئاهەنگی جەژنەوە سەرقاڵدەبن چالاکیان رادەوەستێت . بۆیە وا بڕیاردرا پۆلێك فڕۆکەی جۆری (دی هاڤیلاند ٩ئاس) بدرێتە چەند فڕۆکەوانێکی کارامە و لێهاتوو بە فەرماندەیی فڕۆکەوان (هاریس) کە بە هاریس بۆمبا ناسراوە ، ئەمانە پەلامارێکی لەناکاو دەکەنە سەر سلێمانی و بارەگای شێخ مەحموود بۆمباران دەکەن . ئیدی باقی ڕۆژەکە بە ئامادەکردنی پلانی هێرشی بۆمبارانێکی وێرانکەر کە بۆمبی قورسی تێدا بەکاربهێنرێت ، هێندێك لە فڕۆکەکان دوو بۆمبی ٢٥٠ پۆندی هەڵگرتبوو ، هێندێکیشیان بۆمبێکی ٥٠٠ پۆندی . ئەوان بڕیاریاندا لە هەولێرەوە پەلامارەکەیان بدەن ، هەرچەندە ماوەی ٤٠ مایل دوورترە وەك ئەوەی لە کەرکوکەوە بکرێت ، بەڵام پەلامارەکە لە هەولێرەوە کەمتر هەستی پێدەکرێت و ڕەگەزی غافڵگیریش بۆ پەلامارێکی وا بایەخی یەکەمی دەبێت .ئێمە خواردنی باشمان دایە تێکرایان ، پێخەفمان دانێ و چاوەڕێی سبەی بووین ، کە وا دەردەکەوت ساردوساماڵ بێت . پاش بەرچاییەکی زۆر زوو ، روومان لە فڕگە کرد ، دوو لە ئەفسەرەکان بێ پاڵتۆ هاتبوون ، هەربۆیە ئەوانەی خۆمانمان دانێ و لەبەریانکرد و ڕۆشتن .

لەو ڕۆژانەدا واباو بوو هەر فڕۆکەیەك لە کاتێکی تایبەتی خۆیدا هەڵدەسا، فڕۆکەوانە لاوەکان هەریەکەیان لەسەرزەوی چاوەڕێی ئەوەی پێش خۆی دەکرد تا بەسەرکەوتوویی هەڵفڕێت و سوڕێکی بازنەیی بڕوات و سڵاوی لە ئاسمانەوە لێبکرێت



تا هەموویان بەو چەشنە دەفڕنە ئاسمان و لەیەکتر ئاگادار دەبن ، ئێمە ئەو دەمە ترساین کاتێك فڕۆکەیەك پاش ئەوەی زۆر بەگران لە زەوی بەرز بۆوە ، دەنگێکی ئاشکرا لە مەکینەکەی هات و دوو مایلێك دوور کەوتبۆوە ، بەڵام فڕۆکەوانەکە بارەکەی کە بۆمبێکی ٥٠٠ پۆندی بوو لە نێو وشکە جۆگایەکدا بەردایەوە و بەناچاری گەڕایەوە فڕگە و نیشتەوە . هەڵەیەك لە تەقینەوەی بۆمبەکە رووی نەدا ،ناڵەی بۆمبەکە بە ئاسانی باشترین شت بوو کە بیستبێتمان و زۆر سەرسامی کردین ، هەرچەندە ئەم گرفتە لەسەرەتادا هاتە پێش بەڵام نەبووە رێگر ، سێ فڕۆکەکەی دی ، هەروەها فەرماندەی گشتیی هەڵسان و بە زوویی لە چاوان ون بوون ، جێگای خۆشبەختیش بوو کە فەرماندەی گشتییان لە تەکدا بوو ، چونکە شتەکە تێپەڕیوە هەر بۆیە وردەکارییەکەیتان بۆ دەگێڕمەوە .

بۆ جەختکردن لەسەر ڕەگەزی غافڵگیریی وا بڕیاردرا بوو فڕۆکەکان تا دواکات هێمنانە بفڕن و لەسەرە رێگای ئەزمەڕەوە کە دوو مایل لەشارەکەوە دوورە و ٥٠٠٠٠ پێ لەرووی دەریاوە بەرزە ، لەناکاو خۆنیشانبدەن . بۆ روونکردنەوە ئەوان لە کەشوبایەکی ساردا دەفڕین ، هەربۆیە کاتێك گەیشتبوونە سەر شارەکە بەستینەی بۆمباکان بەستبووی و نەکرابوونەوە ، فڕۆکەکان ناچار بوون بەسەر شاردا بسوڕێن ، لەو کاتەدا خەڵکی بە کۆمەڵ رادەکەنە سەر بانیژەکان هەرادەکەن و چەپڵە و فیکە لێدەدەن ، باوەڕبکرێت یان نا ، ئەوان لەو بڕوایەدا بوون کە بەریتانییەکان گەڕاونەتەوە خۆشحاڵی خۆیان نیشاندابوو ، بەخت یار نەبوو ، هەرچەندە ئەوەی لە بیرم مابێت قوربانییەکان زۆر نەبوون ، تەنیا بۆمب کە لە نزیك ئامانجەکەیەوە کەوتبوو ئەوەبوو کە لە باخچەکەی ئۆفیسی بەڕیوەبەرایەتییدا ، ئەو شوێنەی دواتر منی لێدامەزرام .

لە کاتی گەڕانەوەدا ، نزیکەی ١٠ مایل دوور لە سلێمانیەوە ، یەکێك لە فڕۆکەکان لە وشکە چەڵتوکجارێکدا ، کە تاکە پارچە زەوییەکی تەختانیی بوو لە ناوچەکەدا ، بەناچاریی نیشتبۆوە ، فڕۆکەوانەکە و هاوکارەکەی بێگومان بەدیل دەگیران ، بەڵام

سێر جۆن لە پاڵیان نیشتبۆوە و هەردووکیانی لەگەڵ خۆی هەڵگرتبوو ، دواتر دەرکەوت ئەو دەمە شێخ مەحموود هەر لە شاریشدا نەبوو ، بەڵام سێر جۆن ئەوەندە وریا بوو کە پاسەوانی بەدیار فڕۆکەکەوە دانابوو تا پاشتر لە شەش مانگی داهاتوودا ناوچەکە لە لایەن هێزەکانمانەوە داگیر کرایەوە . هەرچەندە هەڵمەتەکە لە بەدیهێنانی ئامانجە بنەڕەتییەکەیدا سەرکەوتوو نەبوو ، بەڵام بەدڵنیاییەوە ئۆپەراسیۆنەکە توانای هێزی ئاسمانیی نیشاندەدا ، بۆ کارمەندانی ئارِ.ئەی.ئێفیش هیچ شتێك هێندەی ئەو زانیارییە ورەی بەرز نەکردنەوە کە فەرماندەی گشتی خۆی لە ئەنجامدانی ئەرك و پەلامارەکانیاندا بەشدارە هەرچەندە مەترسیدار بێت و بوێرییەکی زۆری بوێت ، ئەمەش بە بەراورد لە گەڵ ئەزموونی سوپا لە ساڵەکانی جەنگی یەکەمی جیهانیدا کە ئەفسەرێك نەبوو هیچ کات پلەکەی لە سەرتیپ باڵاتر بێت و لە هێڵەکانی پێشەوەی جەنگدا ببینرێت . هەربۆیە بە ئاسانی تێدەگەی کە بە چ خێراییەك بڕواومتمانە لای هێزی ئاسمانیی زێدەبووە . فڕۆکەکان نەگەڕانەوە هەولێر ، بەڵکو هەر یەکەیان گەڕایەوە ئەو شوێنەی لێیهاتبوون ، دیارە چەند ڕۆژێکی خایاند تا هەواڵەکانمان بیست ، کە بۆ ئێمە چێژێکی تایبەتیی هەبوو ، چونکە لە پێناو کارە پاڵەوانییەکی سێر جۆن دا ، پاڵتۆکانی ئێمەی تێدا چوو .

فەرماندەی گشتیی ، وێڕای ئەوەشانازییەی پاڵی لێنەدایەوە و بۆ دەرکردنی چەتەکانی تورك لە ویلایەتی موسڵ کەوتەخۆی . هەربۆیە لەگەڵ هاتنی بەهاردا(مارتی ١٩٢٣) هێزی سەربازیی کۆکرایەوە کە ئەمجارەیان لە دوو تیپ پێکدەهات ، یەکێکیان هێزی لیڤی بوو کە لە کورد و ئاسوریی پێکدەهات فەرماندەکەی (سەرتیپ ئێچ.تی.دۆبن) بوو ، کە لە شوێنی (سالدەر جاکسن) دانرابوو ، ئەوی دیکەیان لە کامیرۆنییەکان ، پۆلی یۆرك شیر ، هێزی پازدەی سیخ و یەکەمین تۆپخانەی چیایی پێکدەهات بە فەرماندەیی (سەرتیپ بی.ڤینسنت) کە جەنگاوەرێکی دێرینی باشووری ئەفریقا بوو . هەر دوو تیپەکە دەبوایە لە شەرگاتەوە بەرەو موسڵ بکشێن و بەلەمە خۆماڵییەکان وەك پردێك بۆ پەڕینەوەی دیجلە



بەکاربهێنن ، ئەوانەی کە زۆر لاوازن و بەرگەی ئاستی بەرزی ئاوی بەخوڕ ناگرن . ئینجا بەرەو گوێڕ بجولێن کە ٣٠ مایلێکی دەمێنێ بۆ شوێنی پەڕینەوە لەسەر زابی گەورە . بەلەمەکان بە شێوەیەکی ئاسایی تاك بوون و بەدەست بەلەموانی عارەبەوە بوون کە چەند دانەیەکی دیکەشیان بۆ زیاد بووە ، وێڕای ئەوەش کاتێك ئاوەکە زیادی کرد ، کە ئێستا سەرەتای بەهار بوو ، ماوەی پەڕینەوە تا سێ کاتژمێری دەخایاند ، بەوەش تا هەمووان دەپەڕینەوە دە ڕۆژێك دوادەکەوتن . ئەم وەستانە کاتییە بێ گرفت نەبوو ، هەرچەندە خۆشحاڵم بەوەی کەس نەخکا ، ئەوەش دەستکەوتێکی بەرچاو بوو بەتایبەتی بۆ ئەو بەریتانییانەی گرفتیان لەگەڵ ئاوی تەنکیشدا هەبوو ، هەرچەندە دووان لەوانە بەشەو بەلەمێکی بچووکیان بە نیازی هەڵاتن بردبوو و گەیشتبوونە شەرگات پێش ئەوەی لە لایەن پۆلیسەکانمانەوە بگیرێن .

بەڵام ئەوە تەنیا هەوڵ نەبوو ، گروپێك لە کامیرۆنییەکان بە فەرماندەیی ئەفسەرێك بە بێگار سواری بەلەمێك بوون ، لەناکاو یەك لەوان بە ئەفسەرەکەی گوتبوو "مەلەوانی دەزانی؟" بێ وەرگرتنەوەی وەڵامێکی نەرێ،لەگەڵ قسەکەیدا پاڵێکی بە ئەفسەرەکەوە نابوو بە پشتا خستبوویە نێو ئاوەکەوە وگوتبووی"ئێستا دەتوانیت خۆت تاقیبکەیتەوە" ، لە چەند چرکەیەکدا نووقم ببوو و ئاوەکە پاڵی پێوە دەنا ، زۆر بە دڵنیاییەوە دەخنکا بەڵام ئەفسەرێکی ئەندازیاری خۆی بۆ هەڵدا و لە کۆتاییدا چەند سەد یاردێك لە خوارەوە هێنایە کەناری رووبارەکە .

کاتێك هەموو لە هەولێر کۆبوونەوە ، سێرجۆن هات و بنکەی هەڵمەتەکەی لە بارەگاکەی من پێکهێنا (٨ی مارتی ١٩٢٣) ، هەڵمەتەکە دەبوایە بکرێتە دوو بەشەوە : تیپی لیڤی (سنورکۆڵ) بەرەو دەشتی حەریر دەکشێ و لەوێشەوە بۆ رەواندز ، بۆ ئەم ستوونە (جاردین) کرایە ئەفسەری سیاسیی و چارلس لیتڵدیل بە رێنیشاندەری نێوچەیی . بەشەکەی تریش (کۆی کۆڵ) کە تیپێکی بەریتانی دەبوو لە یۆرکەکان ، کامیرۆنییەکان ، هێزی ١٥ی سیخ ، تۆپخانەی چیایی پێکدەهات و تێکڕایان لە ژێر

فەرماندەی (ڤینسنت) دا بوون . دەبوایە گروپەکانی تورک لە رانیە وەدەرنێن ، دواتر لە زێی بچووك بپەڕنەوە و لەو عەشیرەتانە بدەن ، لە نێویاندا تاقمی عەباس مەحموود ئاغای پشدەر کە چۆتە پاڵ تورکەکان لە کاتی شکستی رانیکۆڵدا ، منیش وەك ئەفسەری سیاسیی ستونەکە دانرام .

لەگەڵ خۆمدا دوو پۆلیسی خۆماڵیم وەك رێبەر برد و حەمەی مەیتەریش لەسەر یاتاغەکەم لەبان هێسترە بۆر دانیشتبوو . ئەو هێسترەی کە حەمە هەرکات سەفەرێکی لەگەڵدا بکردمایە سواری دەبوو . هەروەها لەبەر ئەوەی کە بەڵێندەرانی سەربازیی خۆیان لە چوونە شاخ بە دوور دەگرن ، لە گەڵ شێخی عەشیرەتی عوبێد دا رێکەوتم چەند سەد حوشترێك دابینبکات تا ئازوخە و کەلوپەلەکانی سوپا باربکەن . حوشترەوانەکان هەموویان پیاوەخێڵەکییەکان بوون ، ئەوەش زۆر بەسوود بوو ، چونکە ئەوانە لە باربەرە ئاساییەکان زۆر پارێزراوتر بوون ، لە بەرئەوەی کوشتنی ئەوانە مەسەلەی خوێنی دەهێنایە پێشەوە و بە پێی دابی خێڵەکیش نەدانی خوێن پەلامار و تۆڵەی بەرامبەری لێەکەوتەوە . بۆ پەڕینەوە لە زێی بچووك ، برادەرە کۆنەکەم (ئیبراهیم جیبسر) م بە کەڵەکوان و کەلوپەلەکانییەوە هێنا بوو کە لە چەند سەد مەشکەیەك ، تۆزی توێکڵە هەنار ، لە گەڵ بەستینەی پێست بۆ بەستنەوەی مەشکەکان ، ئەو دارانەی کە چوارچێوەی کەڵەکەکەیان پێکدەهێنا دەکرا لە نێوچەکەدا دەستکەون ، هەر نەبوایە کاریتەی بنمیچی ماڵەکان دەیتوانی فریامان کەوێت .

کۆبوونەوەی ستونەکە بێگرفت نەبوو ، کەشیشێك کە تازە بە تیپە بەریتانییەکەوە پەیوەست ببوو بە ئاشکرا دیار بوو کە زۆر شارەزای کارەکە نەبوو ، ئەو تەواو تورە ببوو کاتێك لە لایەن ئەفسەری گواستنەوەوە هێسترێکی درابوویە سواری بێت . گەر ئاگادارییەکی لەو وڵاتە هەبووایە کە پێیدا دەگەڕێت دەبوایە زۆر مەمنوون بوایە ، بەڵام نەفامێکەی زۆر لە پلەو مەقامەکەی زێدەتر بوو ، ئەو درکی راستییەکی وای نەدەکرد کە لە وڵاتێکی شاخاوییدا ، هێستر باشترین و گونجاوترین



ئامرازی گواستنەوەیە . لە کۆتاییدا پاش ئەوەی هەڕەشەی کردبوو کە شکایەتی خۆی دەباتە لای ئەفسەری ستون ، ئەفسەری گواستنەوە کە قسەلەروویەکی چەنەسووك بوو (جۆك کامپێڵ) ی ناوبوو ، پێیگوتبوو:" ئەرێ کاکی من ، گەر عیسای مەسیح بە سواری کەرێکەوە چووبێتە ئۆرشەلیم ، زۆر بە دڵنیاییەوە ئەم هێسترە بۆ تۆ سەروزیادەیە". پێموانیە کەشیش لەبەرامبەر ئەم تەشەرە شکێنەرەدا ورتەی لە دەم دەرچووبێت و سەری بەرزکردبێتەوە ، ئەو تەشەرەی کۆتایی بە دەمەچەقێکەیان هێنا بوو .

کاتێك ئازوخەی ستون بەشێوەی گواستنەوەی باری پێچراوە دەبێت ، بە تایبەتی کە بەشێکی زۆریان بەکرێ هێنرابن ، واباشە کە بە رەواڵی کاروانەکانی ئێران رەفتار بکرێت ، ئەوانەی رۆژی یەکەم چەند مایلێکی کەم دوور دەکەونەوە ، تاکو لە کەموکورتی و نارێکوپێکی کەلوپەلەکان ئاگادار بن و بتوانن زوو پێیدا رابگەن تا زۆر دوورنەکەوتوونەتەوە و لە شوێنی دەرچوونیانەوە نزیکن .سوپاکان دەبێت بزانن چۆن کەلوپەل و پێویستییەکانیان تێکدەپێچن و نیوەباریان دەکەن و لە دوو ریزدا رێکیان دەخەن ، بە چەشنێك ماوەیەکی گونجاو لە نێوان حوشترێك و هێسترێك و لغاوگیرەکانیاندا هەبێت تا بە زیاترین خێرایی و کەمترین بێنەزمیی بە رێگادا بڕۆن . ئەزموون سەلماندوویەتی کە سوپای بەریتانی بە کەمی لەگەڵ هێستر سەروکاریان هەبوو ، لەگەڵ حوشتر کە باشتر بوو ، کەمتر ماندوو دەبوون .

کەوتینە جوڵە و لەسەر چەمی بەنسلاوە کە چەند مایلێك دوور کەوتبووینەوە بارانێکی بەخوڕ دەستی پێکردوو تا دوو رۆژ خۆشی نەکردەوە ، کاتێك لە کۆیە نزیك بووینەوە ، سەرتیپ داوای لێکردم پێشکەوم بەڵکو چەند شوێنێکی حەوانەوە بۆ سوپا پەیدا و ئامادە بکەم ، هەروەها بەشێك لە سەربازە ناسپی پێستەکان لە گەڵ خۆم بەرم . بەرێکەوتم و بە هاوکاری جەمیل ئاغای قایمقام چەند شوێنێکم لە قشڵەی کۆن ، خوێندنگا ، خانەکۆنەکە و شوێنە وەرزییەکەی نرخاندنی توتن کە ئەو دەم چۆڵ بوو ، پەیدا کرد . جەمیل ئاغاش وەك ئاکاری بەرزی هەمیشەیی خۆی ،

میوانداریی ئەفسەرەکانی کرد . بۆ ئەفسەرانێکی لاو ، ئەو ژەمە خواردنە ئێرانی تورکییانە شتێکی نوێ بوو ، بۆ بەدبەختی لەو شەوەدا دەنگی تەقەی دوور دەهاتە گوێ ، ئەوەی رەوشەکەی پتر تێکدەدا وەڵامی سەربازانی هێزی پاسەوان بوو . لێرەدا درکم کرد لە نێو چ سەربازگەلێکی بێ ئەزموون و تازەکاردام ، سەبارەت بە تیپەکەی خۆم کە لە سنوری باکووری رۆژئاوای هیند بوو واڕاهێنرابوون کە وەڵام نەدەنەوە ، ئەوەی دەرفەتی زیاتری هەراسانکردنی رەخساند ، تەقەکان نەدەبڕانەوە ، لە کاتێکدا ناڵەوزرمەی وەڵامدەرانیش هەواڵی خەوزڕاندنی سوپاکەمانی بە دوژمن گەیاند .

بەیانییەکەی ، ئاسمان سامالٚ و رۆژێکی تاو بوو ، راستەوخۆ پاش بەرچایی ، ستونەکە بە شاخی هەیبەت سوڵتاندا هەڵگەڕا و گەیشتە گوندی سەرکومە کە نزیکەی ٢٠ مایلێك لە کەناری خوارەوەی دەشتی رانیە و نزیکەی ١٠ مایلێکیش لە ئامانجەکەمانەوە دوورە کە گوندی رانیەیە و چەتەکانی تورکی لێیە . دەستبەجێ گەمارۆی ئامانجەکەماندا ، بەشێوەیەك هەموو رێگایەکی هاتنەدەر و چوونەناوەوەمان لێ گرت . ئینجا سەرتیپ بە هاوەڵی ئەفسەرانی ستافەکە ، فەرماندەی هەرسێ بەتالیۆنەکە و من ، لەسەر گردێك کۆبووینەوە کە بەسەر ناوچەکەدا دەیڕوانی ، لەوێ کەوتینە باسکردن و روونکردنەوەی پلانی پەلامارەکە . ئامانجەکەمان کە لەسەر تەختایی قەدپاڵی شاخێکی بەردەڵان بوو و لەوێوە هەتا رووباری زێ سەرۆکاریی دەکرد ، دەتوانرا بەدووربین ببینرێت . راستە رێیەك هەبوو لە خوار گوندەکەوە بە نێو جۆگایەکدا تێدەپەڕی ، ئینجا لەوێوە بە هێڵێکی راست بەرەو دەشتەکە . ئەوەی روویدا ئەوە بوو لە کاتێکدا گفتوگۆمان لە مەڕ رێگاگە دەکرد ، کابرایەکمان بینی بەسواری کەرێکەوە لە جۆگاکە دەپەڕییەوە ، هەربۆیە سەرنجی ئەفسەرانمان بۆ ئەو بوارە راکێشا تاکو لێی بپەڕنەوە . یۆرکشیرییەکان دەبوایە دەوروبەری نیوەشەو لەو بوارەوە دەستیان بە جوڵە بکردایە و بە تەقە لە بانەوە بەرو گوندەکە هوروژمیان ببردایە ، سیخەکانیش دەبوایە بە کەناری راستی جۆگاکەدا هەڵکشانایە تاکو



دەگەیشتنە گوندی سەرکەپکان ، ئینجا لە جۆگەکە بپەڕنەوە و بەلای راستدا لابدەن و لاشانی شاخەکە بگرن کە بەسەر خوارەوەدا دەڕوانێت و لە پشتی رانیەوە پێشڕەویی بکەن تا بەسەر زنجیرەکەدا باڵادەست دەبن و لەوێ چاوەڕێی داگەڕان و گەیشتنی یۆرکشیرییەکان بکەن . ئەمەش شێوازێکی داونانەوەیە بۆ دوژمن لە کاتێکدا لە ژێر فشاری هێرشی پێشەوەدا هەڵدێت . دیارە ئەنجامدانی ئەم هەڵمەتە بەشەو گیروگرفتی و نارەحەتی زۆری بەدواوە بوو ، بەڵام بۆ سیخەکان کە هێزێکی گونجاو بوون و دەیانوویست قەرەبووی لەدەستچوونی هاوەڵانی رانیکۆڵیان بکەنەوە شتێکی زۆر ئەستەم نەبوو . لەوەش زیاتر کاتێك گەیشتینە سەرکەپکان ، مامەندئاغای سەرەك عەشرەتی ئاکۆم بینی ، سەردانێکی سوارەئاغای دەکرد ، ئەم راژەیەیم وەك رێبەریی و هاوەڵیی لە ستونی سیخەکاندا بۆ لە قەڵەمدا .

لەم جۆرە هەڵمەتانەدا پابەندبوون بەکاتەوە بایەخێکی سەرەکی لە پەشۆکاندنی دوژمندا هەیە ، خاوەخاو کاتی گونجاو دەداتە دوژمن تاکو پێش گەیشتنی هێزە کاریگەرەکان هەڵبێن ، دوای ئەوەی هەموو پێکەوە کاتژمێرەکانمان جێگیر کرد ، من و سیخەکان لە ساتی ١١ی شەودا کەوتینە جوڵە ، یۆرکشیرییەکانمان جێهێشت تا دواتر بکەونە رێ ، چونکە رێگەکەی ئەوان کورت و ئاسان بوو . هەموو شتێکی ئێمە باش چووەپێش و لەکاتی دیاریکراودا توانیمان بگەینە شوێنی دیاریکراو و زۆر نەچووینە پێش تا سەگەلی دێ پێمان نەوڕەن . بەڵام کە بەودیودا ڕوانیمان هیچ ئاسەوارێکی یۆرکشیرییەکانمان بەدی نەدەکرد ، ئەوەش جێگای بێئومێدیی بوو ، چونکە گەر ئێمە هەڵمەتمان ببردایەتە سەر گوندەکە ، یۆرکشیرییەکان لەوێ نەبوون تا دەمی گەمارۆکە دابخەن و دوژمن بخەنە داو و رێگای هەڵاتنیان لێبگرن . هەربۆیە دەبوو چاوەڕێ بکەین ، سەرئەنجام سات و نیوێکی خایاند ، یۆرکشیرییەکانمان دەبینی لە دەشتەکەوە دەهاتن ، هەروەها دوژمنیش چنگ لەسەر شان خەریکی هەڵاتن بوون ، ئێستا ئیدی روونبۆوە کە دوژمن هەڵدێت پێش ئەوەی یۆرکشیرییەکان دەمی گەمارۆکە دابخەن ، هەر بۆیە فەرماندەی سیخەکان فەرمانی پەلاماری دا ،

ئەوانیش بە ورەیەکی بەرزەوە هێرشیان برد . بڕوام وابوو لەو ڕۆژانەدا زۆر لەباربووم ، بەڵام هەموو ئەوەی دەمتوانی ئەنجامیدەم ، هەڵکردن و بەردەوام بوون بوو لەگەڵ سیخی هیندی کە تفەنگی ڤیکەرسیان پێ بوو . لە راستییدا وێڕای ئەو هێرشە باشەی ئەنجامدرا ، بەڵام سەرکەوتنێکی وامان گیر نەکەوت کە چاوەڕێمان دەکرد . سەرتیپ لە یۆرکشیرییەکان توڕ بوو کە ناشیانە لە بوارەکە پەڕیونەتەوە و نەیانتوانیوە لە کاتی دیاریکراوی خۆیاندا بگەنە جێ . بەشەو هەرچەندە بەهۆی توانای لە رادەبەدەری دەستەی ئەندازیاریی و مینهەڵگرتنەوە ، بەرەو گوندەکە کشابوون ، ئێمە لە حەوشی مزگەوتەکەدا تۆپێکی٧, ٣ ی شاخاویمان دۆزییەوە کە لە کاتی رانیکۆڵدا لەدەستچوو بوو ، خستبوویانە چاڵێکەوە ، تۆپهاوێژەکان بە زوویی کەوتنە پاکردنەوەی و لە چەند رۆژی دەاییدا بەچاکی کاری دەکرد . لە هەمانکاتدا سەردانێکی بوارەکەی زێمان کرد و گەڕینەوە سەربازگەکەمان لە سەرخمە (١٥ی ئابریلی ١٩٢٣) .

لێرەوە ئەو زانیارییەمان بیست کە تیپی لیڤی بەسەر چیای سپیلکدا سەردەکەوێت ، ئەو شوێنەی درێژبۆوەی باکووری زنجیرە سەختەکەی چیای حەریرە و تێپەڕین پیایدا دەچێتە سەر ئەو ڕێگایەی دەگاتە گەلی عەلی بەگ یاخود گەرووی رەواندز ، کە ڕێگایەکی زۆر تەسکە و سەرچاوەی روبارەکەی بەدوادادێت ، لە هێندێك شوێندا ڕێگاکە هێند تەنگەبەرە تەنیا هێسترێکی پێدا دەڕوا ، ئەویش زۆر بە هێواشی ، چونکە لاشانی ڕێگاکە دۆڵێکە هەزار پێ قوڵە ، لاکەی دیکەیشی بەشێکە لە شاخێکی بەرز کە چەند هەزار پێیەك بەرزە . ئەوەش ئاستەنگێکی مەزن بوو ، بەرگری ژمارەیەکی کەم لە سەربازانی تورك پێشڕەویی سوپای قەفقاسی رووسی وەستاندبوو . لە راستییدا یەك گۆشە هەبوو کە دوورترین خاڵی بوو ناویان لێنابوو شوێنی رووسەکان . هەربۆیە بڕیاردرا دەستکاری پلانەکە بکرێت تاکو یارمەتی پێشکەشی تیپی لیڤی بکەین . لەجیاتی پەڕینەوە لە زێوە بۆ ناوچەی پشدەر ، لە دەشتی رانیەوە هەڵدەگەڕێین دەچینە دۆڵی بالیسان ، لەوێشەوە بەرەو کۆتایی



ڕۆژهەڵاتی شاخی کۆرەك و تێپەڕین لە گەلی بێجانەوە بەرەوخوار تا دەچنە پشتی رەواندز . بەوەش خۆمان لە باڵی چەپی هێزەکانی دوژمن دەپارێزین و بەپشتیدا بادەدەینەوە . ئەو کشانە پێویستی بە ڕێکردنی ٥٠ مایلێك هەبوو بە نێوچەیەکی شاخاویی و سەختدا ، بە گەلی بێجاندا کە ٦٠٠ پێ لەسەر رووی ئاستی دەریاوە بوو و هێشتا بەفری زستانی نەتوابۆوە .

بەیانی رۆژی دواتر ، لەگەڵ یۆرکشیرییەکان ، کامیرۆنییەکان ، دەستەی تۆپخانە کەوتینە ڕێ ، سیخەکانمان لە سەربازگەی سەرکومە جێهێشت . کاتێك گەیشتینە دەمی دۆڵی بالیسان لە هەردوو لاوە بۆ تفەنگدارانی دوژمن بووینە نیشانە . سەرتیپ دەستبەجێ داوای لە تۆپخانە کرد پێچی بەردەم دەروازەی دۆڵەکە بکوتن و بەزوویی دوژمنیان کپکرد . پاشتر بۆمان دەرکەوت تۆپخانە تۆپێکی نابوو بەلای راستی بەشێك لە سەرکردایەتی دوژمن کە لەکاتی چاخواردنەوەدا بوون ، ئەوان لەوەدا بەهەڵەدا چووبوون چونکە لە لایەن ئێمەوە نابینرێن ئیدی پارێزرا و بێوەی دەبن .

ئەوشەوە لە نیوەرێی سەرەوەی دۆڵەکەدا سەربازگەمان خست ، بۆ سبەینی چاوەڕێی ئەوە بووین لە ئاسمانەوە ئازوخەمان بۆ بەردەنەوە ، فەرماندەی تۆپخانە داوای ژمارەیەکی زۆر ناڵی هێستری کرد ، لە ڕێکەوتێکی نائاساییدا ئەو سندووقەی ناڵەکەی تێدابوو ڕێك کەوتە نێو خێوەتەکەی ئەوەوە ، ئەوەندە بەختی هەبوو کە خۆی لە ناویدا نەبوو ، بەڵام کەلوپەلە تایبەتییەکانی لە نێو خێوەتەکەدا وردوخاش بوون ، زۆربەی ئەفسەرەکان ئەم رووداوەیان وەك نوکتە دەگێڕاوە ، هەرچەندە ئەوەندە دووربوون لێوەی کە بە چاوی خۆیان بینیبێتیان. لەبەر ئەوەی گۆشتمان کەمبوو ، دەمانوویست دەستی پێوەبگرین ، لەسەر پێشنیازی من داوامان لە هێزی ئاسمانیی کرد لە سەرەوە چاوی بە هەر مێگەلێك کەوت ئاگادارمان بکاتەوە تا دەستەیەکی بکەینە سەر و بیهێنین ، بەوشێوەیە ژمارەیەك مەڕوبزنمان کۆکردەوە کە هێندێکیان شیردار بوون، زۆر بەسوود بوون بۆ لایەنی فریاگوزاریی ، چونکە لە

کۆیسنجەق پەتای سکچوون بڵاوبێوە و بە تایبەت کەوتبووە نێو یۆرکشیرییەکانەوە .

رۆژی دواتر بەرەو سەری دۆڵەکە خۆمان کوتا ، لەوێش تووشی بەرگریی بووینەوە و نزیکەی ساتێك دواکەوتین ، پاشتر بەرەو سەری دۆڵەکە رۆیشتین و بەئاسانی گرتمان . تاکو پاسەوانی پێشقەرەوڵ گەیشتن ، تۆپخانە بەکەمی بۆمبارانی ئەو شوێنەی دەکرد گەیشتینە لوتکە . لەوێ تۆپ و حوشتر و یۆرکشیرییەکانمان جێهێشت و لەگەڵ کامیرۆنییەکان و ژمارەیەکی کەم هێستری بارهەڵگر بە رێگا شاخاوییە لێژەکەدا بەرەو رەواندز داکشاین کە ئەو کاتە کەوتبووە دەستی لیڤی . بادانەوەی ستونەکەمان لە پشتەوە ، دوژمنی لە چیای سپیلك ترساندبوو، هەروەها لیڤییەکان پاش ئەوەی لە گەرووی رەواندزەوە بێ بەرگریی زیاتر پێشرەوییان کردبوو (٢٢ی نیسان ١٩٢٣) ، تاقمەکانی تورك ناوچەکەیان چۆڵکردبوو ، لیڤییەکان دەستەیەکیان ناردبووە کانی رەش لەسەر سنوری تورکیا تا سەبارەت بە پاشەکشەی تەواوی تورکەکان دڵنیا بن . ئەوە بۆ پێنج ساڵ دەچوو کە من بە ماوەیەکی کەم دوای ئاگربەس بۆ هەمان ئەرك رێگای زاخۆم گرتەبەر . ئێستا دەرکەوت کە ئیدی دوا رووبەرووبوونەوە وپێکدادان دەبێت لە جەنگی نافەرمیی لەگەڵ تورکەکاندا .

سێر هێنری دۆبس ، کۆمێسێری باڵامان ، بڕیاریدا سەیدتەها بکاتە قایمقامی رەواندز و بەتالیۆنێکی لیڤی ئاسوری بۆ بنێرێت تا کاروبارەکانی بە تەواوی دابمەزرێت و پاڵپشتی پێویستی بکەن . ستونەکەمان چیدی ئەرکێکی ئەوتۆی نەمابوو ، لەبەر ئەوەی ئازوخەش زۆر کەمبوو ، کاتێکی زۆرمان لە گەڕانەوەماندا بە گەرووی رەواندزدا بە فیرۆ نەدا ، کە زۆر ئاسانتر بوو لە دابەزینمان بە رێگای نشێوولێژی گەلی بێجاندا .

لە رێگەی خۆماندا بەلای سەرچاوەی ئاوی بێخاڵ دا تێپەڕین . کانیاوێکی بەفرینی بلورین کە توانای فڕێدانی نزیکەی ٥م سێجا ئاوی هەیە لە چرکەیەکدا ، لەلاپاڵی



سەخت و لێژی چیای کۆرەکەوە و لە بەرزایی چەند سەد پێیەکی سەرووی رێگاکەوە دەردەپەڕێت . کاتێك بۆ حەوانەوەی سەربازەکان لەو سەرچاوەیە لاماندا ، هاژەی بەگوژمی سەرچاوەکە بۆ نێو دۆڵە تەسکەکە قەڵبەزەی گرتبوو ، پریشکی ئاوەکە بە تیشکی خۆری ئاسمان دەبووە پەلکەزێڕینە و تاجی سەرمان ، سەربازەکانم بانگ کرد و سەبارەت بە چیرۆکی ئەفسانەیی سەرچاوەی ئەو کانیاوە کەوتمەگۆ ، گوایە جارێکیان لەسەردەمانێکی کۆندا ، مەلایەکی پیاوچاك و پیرۆز و خواناس ، لە رۆژێکی گەرم و خۆرەتاودا بەم ناوەدا تێپەریوە ، کات نیوەڕۆ بووە ، مەلا بەرماڵەکەی داخستووە و پێش نوێژدابەستن داوای لێبوردنی لەخوا کردووە کە لەبەر نەبوونی ئاو دەستنوێژی هەڵنەگرتووە ، هێشتا بە تەواویی قسەکە لە دەمی دەرنەچوو بوو گرمە لە لاشانی شاخەکە هەڵسا و ئاو بە لێشاو هورووژمی کرد کە ئەم سەرچاوەیەی ئێستای پێکهێناوە . سەربازەکان زۆر بەهێمنی گوێیان بۆ شلکردبووم ، کاتێك عەریفێك لە نزیکەوە بە سکۆتلاندییەکی بێ گرێوگۆڵ گوتی:" گەورەم بەراستی رەحمەتە ، بەڵام هەر دەیکرد نەدەبوو لە جیاتی ئاو بیرە بووایە ! " .

دوای نزیك سێ سات لە گەرووەکە دەرکەوتین ، بەلای چەپدا هەڵگەڕاین بۆ لای چەمی ئالانە تا گەیشتینە ئەو بەرزاییەی کە لە دۆڵی بالیسانی جیادەکاتەوە و لێرەوە پەیوەندیمان بە باقی ستونەکەوە کردەوە، بەیانی رۆژی دواتر تاقمێکمان نارد تا گوندی بالیسان پاکبکەنەوە کە پێش دەرچوونمان شوێنی جرتوفرتی نەیارانمان بوو . لەبەر ئەوەی حوشترەوانەکان لە ژێر مەترسیی گوللەدا و بە باشی ئەرکی خۆیان راپەڕاندبوو ، پێشنیازی سەرتیپم کرد کە لەسەر حیسابی دوژمن پاداشتیان بکرێت ، پاش ئەوەی رازیبوو ، رێگام بە حوشترەوانەکاندا بالیسان تالان بکەن کە بەرهەمێکی زۆری توتنی ساڵی پاری لێبوو ، حوشترەوانەکان تامەزرۆی ئەو تالانیە بوون ، تێکرای ئەو حوشترانەی کە بار و ئازوخەیان پێنەمابوو بارە توتنیان لە خۆیان نا ، هەموو بە دڵخۆشییەوە گەڕاینەوە سەرخمە .

پاش ئەوەی گەڕاینەوە سەربازگە ،پلانەکەمان سەرلەنوێ گۆڕانی بەسەردا هات ، یۆرکشیرییەکان بەدەست سکچوونەوە پەرێشان بوون ، هەروەها نەخۆش و بریندارەکان دەبوایە بە ئاسماندا بگوازرێنەوە بۆ بەغدا . لەجیاتی ئەوەی وەك پێشتر دامانئابوو لە زێ بپەڕینەوە ، ستونەکە بە لای راستی زێی بچووکدا داکشا بەرەو ئاڵتون کۆپری ، کەوتمە پشکنینی حوشترەکان تا قەرەبووی زیان لێکەوتووەکانیان بکەمەوە ، هەیانبوو گوللەی وێ کەوتبوو ، هەیانبوو لە قوڕاودا خزابوو کۆڵەی سنگی شکا بوو . ئامۆژگاریی ئەوانەم کرد کە تالآنیان پێبوو پێش ئەوەی بگەنە ئاڵتون کۆپری بلآوەی لێبکەن ، مەگەر حەز بەوەبکەن باجی توتنەکەیان بدەن . پێویست ناکات بگوترێت ئەو قسەیەیان بەس بوو تا چۆڵی بکەن . کە گەیشتینە ئاڵتون کۆپری کرێی بارهەلگرەکانمدا ، دوای مەرەخەسم لە سەرتیپ کرد و گەڕامەوە بەر ئەرکەکەم لە هەولێر . زۆر بە داخەوە نەمانتوانی لەو پشدەرییانە بدەین کە پاڵیان بە دوژمنەوە دابوو. بەلآم ئێستا ستونەکە بەرەو کەرکوك دەڕوا و لەوێشەوە بۆ دووبارە داگیرکردنەوەی سلێمانی . ئیدمۆندس کە ئێستا لە شوێنەکەی من لە کەرکوك دانراوە ، ستونەکە لە لیواکەی ئەودایە . وەك دەرکەوت کە کاری سەربازیی دیکە بەڕێوە نیە . هەرچەندە ستونەکە پاش ئەوێ دەچێتە ناوچەی پشدەر ، نە سەری شکاو و نە ماڵی سووتاو و نە توتنی تالآنکراو دەبێت ، وێڕای ئەوەی سوپا ئارەزووی دەکا . ئیدمۆندس پیاوێکی بەسۆز و لێبوردەیە ، لەوانەیە شتێکی باش بێت کە لەوێ نیم .هەر زوو لە هەولێر گەڕامەوە بارەگاکەی خۆمان ، بنکەی پێشڕەویی ئار.ئەی.ئێف لەوێ نەمابوون . لەلایەن خزمەتکارەکانەوە بەخێرهاتنەوەیەکی گەرمم لێکرا ، هەروەها سەگە گوێڕایەڵەکەشم ، رۆپێرت...

ئێستا بەهار(١٩٢٣) زۆر بە خێرایی لە دەشتەکاندا دەچێتە پێش ، پاش ئەوەی دەستەکانی تورکمان لە خاکی عێراق وەدەرنا ، ئێستا دەتوانم ئەرك و راژەی بەڕێوەبەرایەتییم نوێ بکەمەوە ، بەلآم ئەوانە بێ بۆنە و دەرفەتی بەزم و رابواردنی لەبار نەبوو .ئێستا سیخەکان ڕۆیشتن و تیپێکی لیڤی کورد هاتنە شوێنیان کە



فەرماندەکەیان ئەفسەرێکی لاوی زۆر قۆشمە ئوسترالی بوو ناوی (کاپتن.ئێس.وایت) بوو کە لە بارەگای دەستەی سیاسییدا شوێنی خۆی گرت ، ئەو شوێنەی چارلس و دکتۆر ریچ جۆنسن و منی لێبووین . لەم کاتەدا بوو کە دەسەڵات لە بەغدا بڕیاریدا زانیارییەکانی رێکبخاتەوە و شێوازی دامەزراندن بە پێی ئەو بنەمایانە بێ کە لەسایەی حکومەتی عێراقدا سەبارەت بەهەلومەرجی نێوخۆ بەڕێوە دەچێت ،بە تایبەتی بۆ ئەو ئەفسەرانەی تا ئەو کاتەدا لەو ولآتەدا بوون و پێشنیازی دامەزراندنیان هەبوو . بۆ ئەم مەبەستە مێجۆرێکیان ناردبوو کە سەردانی ئەو پشکنەرانە بکات کە لە بنکە دووردەستەکان بوون . لەبەر ئەوەی ئەم مەسەلەیە بایەخی بۆ هەمووان هەبوو ، کۆمیتەیەکمان پێکهێنا و بڕیاری پلاتفۆرمێکمان دا کە تیشك بخاتە سەر ئازار و کێشەکانمان و چەختیان لەسەر بکات .

بارەگاکەمان نیمچە قەڵایەکی دابڕاوبوو کە نزیکەی کیلۆمەترێك لە شارەکەوە دوور بوو ، هیچ سەرچاوەیەکی ئاوی خواردنەوەمان نەبوو ، جگە لەوە بە کوندە و لەسەر پشتی گوێدرێژ دەهێنرێت ، دیارە نە شوێنی دەستشۆرین و نە ئاودەست ێ نە ئاوەڕۆ هەبوو ، نە نانی ئاردی سپی ونە شیر ونە کەرە ، نە چێشتخانە و نە تیاترۆخانە ، نزیکترین سینەما ٧٠ مایل لێمانەوە دوور بوو ، نە ئەلەتریك و نە ئافرەتی ئەورووپی لە باکووری بەغداوە کە ٢٥٠ مایل دوور بوو و لەوێش کەم بوو . تەنانەت پۆستە ناردنەوە بۆ ولآت شەش هەفتە زۆر جار پتری دەخایاند . وێڕای تێکڕای ئەوانەش ، مێژووی شەڕ و پێکدادان ، کوشتن و مردنی ناوەخت هەبوو ، لەوانە ئەو هەوڵەی بۆ کوشتنی ئەو ئەفسەرەی پێش من درابوو کاتێك لە بارەگاکەدا نووستبوو .

ئەوەی وەك پشکنەر سەردانی کردین مایجۆرێك بوو ، هەرچەندە ئەفسەرێکی خۆش ئەندام بوو ، بەلآم زۆربەی سالآنی جەنگی وەك ئەفسەرێکی ناوچەیی بەرتیلخۆر بردبۆ سەر . هەر بۆیە شایەنی رێزێکی کەم بوو لە لایەن ئەو چوارەمانەوە کە زۆرینەی راژەمان لە شەڕدا و دوای تەواوبوونیشی لە بەرەکانی جەنگدا بووە .

هەر بۆیە لەوانەیە لێکدانەوەکە وابێت کە پێشوازییەکی ساردی لێکراوە ، لە کاتێکدا ئەو تەواوی ژیانی لە خۆشگوزەرانییدا بووە .

دکتۆرەکە کاری بۆ ئەوە دەکرد کە ئاوی خواردنەوە بەدەر لە هەر پاکردنەوەو بێکلۆر و ئاوی خۆشتنیش تەواو قوڕاوی بێت . لە کاتێکدا چارلس کاری بۆ ئەوە دەکرد کە پاسەوانەکانی پۆلیس لەسەر ڕێڕەوە کۆنکرێتییەکەی بەردەم ژووری میواندا زرم و کوت پێبدەن بە زەوییدا ، واتیش خۆی بۆ ئەوە ئامادە کردبوو کە زەنگی مەترسیی درۆیینە لێبدرێت چالاکانە خۆی بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی هێرشێکی نادیار لە ساتی ٢ی پاش نیوە شەو ئامادە بکات . کارەکەی من زۆر گران بوو ، دەبوایە من تەواوی وردەکاریی ئەوەم بۆ حامیدی چێشلێنەر باسبکردایە کە چۆن خراپترین جۆری چێشت ئامادە بکات لە کاتێکدا ئەو هەمیشە بۆ ئەوە هاندراوە کە بە باشترین شێوە کارەکەی ڕاپەڕێنێت . ئەو تێنەدەگەیی کە بۆچی بارەکە پێچەوانە بۆتەوە ، هەرچەندە لە دواییدا حاڵی بوو کە مەسەلەکە گۆڵمەزێکی سەرپێیە و ئەویش بە جۆرە ساردییەکەوە تێکەڵ بە بەزمەکە بوو . عارەق تەنیا خواردنەوە دەبێت دەخرێتە بەردەممان ، هەرکەس ئارەزووی بە ویسکی یان ئاوە با لە ئۆفیسە تایبەتییەکەی خۆی داینێت...میوانەکەمان لەکاتی خۆیدا گەیشت و ئێمەش بەو کارانە هەڵساین کە بەدبەختیی و نارەحەتییمان نیشان دەدات و لەو بڕوایەشدا بووین کە کارمان لە مێجۆر کردبێت ، بە دڵنیاییەوە ئەو شەوێکی تا بڵێی ناخۆشی بردە سەر و سپێدەش دوای بەرچاییەکی بۆگەن پێشنیازی نەکرد بۆ فراوین بمێنێتەوە . کاتێکیش ڕۆیشت ، تاقمێکی مۆزیکژەنی لاتمان فڕێ دایە سەر ڕێگەی ، هەموو شتەکان بە پێی پلانەکە بە ڕێوەچوو .

پاش چەند ڕۆژێکی کەم ، ئەستەر ، بەیاوەری دادوەر پریتچارد وەك بەشێك لەو ئەرك و گەڕانەی هەیانبوو ، لای ئێمە مانەوە . ئەو زۆر شانازیی بە ئۆتۆمبێلە مۆدێل تی یەکەیەوە دەکرد ، پێشنیازمان کرد سەردانی کەرکوك بکەین و سڵاوێك لە پی.میللەر بکەین و هیوای چاکبوونەوەی بۆ بخوازین . ڕۆژە تاوێکی خۆش بوو ،



ئۆتۆمبێلەکەشی باش دەڕۆیی ، پی .میللەر بە ڕەواڵی میواندۆستی هەمیشەیی ، خواردنێکی نایاب و شەرابێکی زۆری خستە بەردەستمان و وەك باوە کەوتینە قسەوباس لەسەر بابەتە خۆییەکان ، لەوە دەچوو مێجۆر ئاستی لاوازی ژیانی ئێمەی لە هەولێر بە بەراورد لە گەڵ موسڵ و کەرکوکدا تێبینی کردبێت ، لە کاتێکدا میللەر وای پێباش بوو کە زیافەتێکی شایانەی مێجۆر بکەین و دەمی چەور بکەین ، ئەوەی ئێمە وا لێکمان دەدایەوە کە گەمەکەمان پوچەڵدەکاتەوە . سەرۆکەکەم لە بەغدا هەرچەندە بۆی ئەستەم نەبوو درك بەوە بکات کە مەسەلەکە جۆرێك گاڵتە و فریودان لە مەسەلەکەدا هەیە ، بۆیە لە کۆتاییدا نەمانتوانی هیچ زیادە و سەرموچەیەك بە ناوی سەختیی و مەترسیی سەر ژیانمان وەدەستبێنین .

پێش ئەوەی کەرکوك جێبهێڵین ، پاش چا خواردنەوەیەك ، هەوڵماندا کێسێك بیرە لە یانە سەربازییەکەوە بهێنین و لە ڕێگا هەڵیانپچڕین و بیانخۆینەوە . لە کۆتاییدا دوو سات پێش نیوەڕۆ گەڕاینەوە ، پاش چەند جارێك پەنچەر بوون ، کەوا بزانم هێدێکیان گەر بوێرم بڵێم بە هۆی گوللەی دەمانچەوە بوو کە لە کوشنەکەی پشتەوە دەردەچوو . پریتچار بە هیچ جۆرێك زەوقی نەبوو ، بەڵام حامیدی چێشتلێنەر خواردنێکی بەتامی بۆ ئامادەکرد بووین ، دوای ئەمە و بەڵێنی قەرەبوو کردنەوە ، توڕەییەکەی پریتچارد رەوییەوە .

لەم ماوەیەدا دەسەڵاتداران لە هیند هاتبوونە سەر ئەو باوەڕەی کە ئەفسەرێکی زۆر لە سوپای هیندا هەیە ، ئەوانەی پێش ڕاژەی قۆناغی هەڵایسانی جەنگەکەی ساڵانی (١٩١٤-١٩١٨) یان هەیە ، ئەوەش لە ئایندەدا ئاستەنگ لەبەر دەم سەرکەوتنی پلەی سەربازییان دادەنێت ، چارەسەرەکەشی تەنیا کەمکردنەوەی ئەفسەران و دەستبەرداربوونی هێندێکیانە ، هەربۆیە دەسەڵاتداران هەستان بە پلەبەندی و جیاکردنەوەی ئەفسەران لە خانەکانی أ ،ب و ج دا ، ئەوانەی خانەی أ دەهێڵرێنەوە ، ئەوانەی خانەی ج ، شتێك پارەیان دەدرێتێ و دەستبەرداریان دەبن ، ئەوانەی ب ، دەگونجێت بهێڵرێنەوە یاخود دەستبەرداریان بن ،بە پێی

هەلومەرجەکە . پاشتر وا بڵاوبۆوە ئەوانەی خانەی ج هەموویان وەدەردەنرێن . ماوەیەکی زۆر بوو تیپەکەم بۆ هیند گەڕابۆوە ، یەکەمین جار ئاگادارییەکیان بۆ ناردم و تێیدا منیان لە خانەی ب دانابوو ، کە خوێندمەوە واقم وڕما و زۆر تووڕە بووم ، چارەنووسی عێراق هێشتا بڕیاری لەسەر نەدرابوو ، کاتێك لیستی ڕاژەکەم دەگەڕایەوە ئەگەر لە شوێنەکەی خۆم باش هەڵنەسەنگێنرێم یاخود کارەکە بە تەواوی لە عێراق هەرەسبهێنێت . من لە تەواوی خول و تاقیکردنەوەکاندا بە شیاوی دەرچووم ، فەرماندەیی دەستەی چەکدارم کردووە لە فەرەنسا و میسۆپۆتامیا ، ڕاپۆرتی ساڵانەی هەڵسەنگاندم لە لایەن سەرتیپەکەمەوە بە چاکیی دەدرا ، کاتێك لە تیپەکەمدا بووم و هەروەها پاشتریش لە لایەن گەورەکەم سوپاسالاری گشتی (سێر پێرسی کۆکس) ەوە . سوپای هیند کە گوێزرایەوە بۆ دەزگای سیاسیی و ئەو خۆی ئەفسەرە سیاسییەکانی بۆ ڕاژە بانگکردن ، ئەوەش ڕەچاوکرا کە زیان بە شوێن و پلەی ئەو ئەفسەرانە ناکەوێت . بەڵام واپێدەچێت ئەمێستا ئەو مەسەلانە هیچیان لەبەرچاو نەگیرابن ، تێکڕای لەبیرکرابن . فەرماندەی نوێی تیپەکەم هیچ خزمەتێکی لەودیو دەریاوە پێ ڕەوا نەبینیبووم ، نە لەگەڵ تیپەکە و نە لە هیچ لایەکی دی ، بێ ئەوەی هەر چاوی بە من کەووتبێت فڕێیداومەتە خانەی ب وە .

دەستبەجێ نارەزایی خۆمم گەیاندە کۆمیسێری باڵا ، ئەویش لەلای خۆیەوە کێشەکەمی گەیاندە وەزیری دەرەوە لە حکومەتی هیند ، ئەویش یەکسەر بۆی دەرکەوتبوو کە غەدریان لێکردووم هەر بۆیە فەرمانێکی دابووە فەرماندەی گشتیی سەربازیی هیند بۆ ئەوەی ماف من و سێ ئەفسەری زیاندیتووی دیکەش لەبەر چاو بگرن . لەو فەرمانە کۆپییەکیان گەیاندە دەستم و بە خۆشحاڵییەوە روانیم کە کۆپییەکی دیکەشیان ناردۆتە تیپەکەم و فەرمانی پێویستیان پێدەرکردووە .

پاش ماوەیەکی کەم لە چەسپاندنی شوێنەکەم لە سوپای هیندا ، ئاکامی سەردانەکەی مێجۆر لەسەر شێوەی داواکارییەك هات کە ڕاژەکردنی حکومەتی عێراق بوو بۆ ماوەی دە ساڵ . تا ئەو کاتە من موچەیەکی ئاسایی کاپتنم وەردەگرت لە



سوپای هیندا ، کە دەکاتە ٨٠٠پۆوند و وێڕای ئەو بڕە پارەیەی کە بۆ ئازوخە و پێویستییەکانی ئەسپ و سەفەر و..هتد خەرجدەکران ، بەڵام بە پێی ئەو داوا نوێیە دەبێت ١٢٠٠ پۆوند ، بە زیادەی ساڵانەشەوە ، هەروەك حکومەتی عێراق ئەرکی موچەی خانەنشینیشم دەخاتە ئەستۆی خۆی ، ئێستا کەمن کاپتنم موچەی کۆلۆنێلێکی تەواو وەردەگرم . ئەوەی لەوە چاکتریشە مەسەلەی دەسەڵاتێکی زیاترە ، چونکە باڵاترین هێزی نزیك لە بەغدایە کە ٢٥٠ مایل لە منەوە دوورە ، جا چ بە ئۆتۆمبێل یاخود بە قەتار و بەلەم بێت . لەو شوێنە دوورەی من ، خەرجی بۆ خواردن و خواردنەوە و رابواردن کەمە...هەربۆیە دەتوانم نیوەی موچەکەم کۆبکەمەوە .

## بەشی چوارەم :سێر هێنری دۆبس ١٩٢٣-١٩٢٤

ژیان لە عێراق لەوە زۆر خۆشتر بوو لە سەربازگەیەکی تەپوتۆزاویی هیند دا راهێنان بە دەستەیەکی ئەفسەرانی خۆجێ بکەیت کە هێندێکیان بەر لەدایکبوونی من لەبەرەکانی جەنگدا جەنگاوەر بوون . لەبەرەوە کەوتبوومە ناسینی کەسایەتییە ناوچەییەکان ، دابونەریت و فۆلکلۆری خەڵکەکە . لەبەر ئەوەی تەنیا رێگایەکی هاتووچۆی ئۆتۆمبێل هەبوو ، زۆربەی کاری پشکنینم بە سواریی رادەپەڕاند و گەشت و گەڕان بەشێکی گرنگی ئەرکەکەمی پێکدەهێنا ، ساڵانە نزیکەی ٣٠٠٠ مایلێکم بە سواریی بەسەردەکردەوە ، بە پێچەوانەی ئەو سیستمەی کە لە هیند و ئەفریکا پیادەدەکرا ، زۆر بە جێگا لولکردن و جانتا رێکخستنەوە ماندوو نەبووم ، لەگەڵ خەڵکەکە تێکەڵاویمان هەبوو ، شەوم لەلایان بەسەر دەبرد ، راو ، نیشانەشکێنیی ، غارغارێن و پیادەگەڕانم لەگەڵ واندا بوو . ئەوان لەو کەشو بایەدا ئازادانەتر قسانیان دەکرد ، ئەوەی هەرگیز نەیاندەوێرا لە ئۆفیسی حکومەت بەو شێوەیە بدوێن . بە تایبەت کاتی راوکردن ، نیشانشکێنیی و ماسیگرتن ئیسراحەتی خۆیان وەردەگرت . لێرەدا پیاو فێری شتی وا دەبوو و زانیاری ئەوتۆی وەردەگرت کە دەگونجێت چەند هەفتەیەك بەرلەوە گرێکوێرەیەك بووبێت .

هێندێك جار ئەستەمە لەوە تێبگەیت چ هۆکارێك وا لەسەرۆك عەشیرەتێك دەکات کە رێچکەیەکی جیاواز لەوەی پێی رازیی بووە بگرێتە بەر . سەرەتا وا دەردەکەوێت کە مەسەلەکە پەیوەندیی بە لاوازی ئاکاری جوامێرییەوە هەبێت گەر نەڵێین دووڕوویی و غەدرێکی راستەقینەیە . بەڵام زۆرجار ئەو مەسەلەیە بۆ فشاری حەرەمخانە دەگەڕێتەوە ، هەموو کات بە ناڕاستم دەزانی ، بۆ یەکێك دەگونجێت لەگەڵ مێردەکەیدا ، بەڵام نەك بە هۆی ئەو ژنانەی کە لەپشت پەردەوەن . ئەوان لەبەر ئەوەی لەسەر تەختی شانۆکە نەبوون ، ئێمەی رۆژئاوایی وا هەڵکەوتبووین کە ئەوانمان لەبیر نەبێت ، بەڵام ئافرەتی رۆژهەڵاتی رۆڵێکی زۆر مەزنتر لەوە دەبینێت



کە ئێمە لێی رادەبینین، هەمووشی لەپشتی پەردەوەیە بێئەوەی ملکەچی لێپرسینەوەیەك بێت . پیاوی ئازای وام بینیوە بە پەلە خۆی لە سوچێکی ژوورەکەی توند کردووە تا لە چاوی ژنە جامبازەکەی بەدوور بێت . خانمی خانەدانی وام ناسیوە دەمانچەی راکێشاوە و تەقەی لە شوان کردووە هەر لەبەر ئەوەی گومانی ئەوەی کردووە مەڕی لێ دزیوە . ئەوان وەك خوشکانی رۆژئاوایان زیاتر بە توندیی پابەندی لایەنە پراکتیکییەکانی ئاینن ، کارمەندێکی دەسەڵاتدار لە مانگی رەمەزاندا زۆر بەوە خۆشحاڵ دەبێت کە چەند خولەکێك لەگەڵ کارمەندێکی بەریتانییدا بباتەسەر و تێیدا دوور لەچاوی خێزانەکەی و خەڵك ، بە نهێنیی سیغارێك پێکا یاخود پێکێك عارەق هەڵدا .

لەمەڕ مەسەلەی شەرەف ، هەرچەندە جیاوازیی مامەڵەکردن لە نێوان رەگەزەکاندا زۆر بەرچاوە ، دەگونجێت پیاوێك بە بەردەوامیی سەردانی خراپخانەکان بکات و کەرامەتی ژنەکەی بڕوشێنێت بێ هیچ سزایەکیش بۆی دەرچێت ، لە کاتێکدا لەسەر گومانێکی پڕوپوچ لە شەرەڤی ئافرەت ، خزمێکی نزیکی ، باوێك بێت یان برا ، هەڵدەسێت بە کوشتنی ئافرەتەکە بە ناوی پاراستنی ئابڕوی خێزانەوە ، کارەکە وەختێك کاریگەرتر دەبێت کە بە ئاشکرا ئەنجام بدرێت و راشبگەیەنرێت بێئەوەی بە پێی دابی کۆمەڵایەتی سزایەکی بدرێت .

بەڵام مەزنترین نەفرەت و دەردی کوردستان مەسەلەی خوێن و تۆڵەیە ، جێگای سەرسامییە کە بگوترێت زۆربەی جار ژنی کورد ئەم تۆڵەیە لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە هەڵدەگرن . شۆخە بوکێکی یەکشەوە لەوانەیە بە مێردەکەی بڵێت :" چۆن دەتوانم بە دڵێکی خۆشەوە لە پاڵتدا بنووم ، لە کاتێکدا خوێنی باوکم ، یان براکەم ..هتد ، هێشتا هاواری تۆڵەیەتی و بکوژەکەشی وەك کەڵەشێری بەڵقاسم لەو نێوەدا گێرەدەکا ". لەو چرکەساتەوە ئارامیی لە زاوا هەڵدەگیرێت هەتا مەسەلەکە یەکالادەکاتەوە و تۆڵە دەسێنێت ، بەڵام پاش ئەوەش ئارامییەکەی تا سەر ناخایەنێت ، چونکە بۆ خۆی دەستبەجێ لە لایەن نزیکانی کوژراوەکەوە دەبێتە

نیشانه ، گەر منداڵ بن ئەوا چەند ساڵێکیان دەوێت تا گەورە دەبن و دوایی لە لایەن دایکیانەوە ڕێنوێنی دەکرێن بۆ تۆڵەسەندنەوە و حەقیان دەسێنن . سەرۆکێکی خێڵەکی عەشرەتی زراریم دەناسی ، کە عەشیرەتێکی بچووک و لە ناوچە تەپۆلکەییەکانی هەولێر دەژیان ، ئەم پیاوە باوک و باپیرانی هەمووی بە هۆی ململانێ و تۆڵەسەندنەوە کوژرابوون ، وەك خۆشی پێیگوتم کە منیش هەر بەو دەردە تێدادەچم و هەر واش دەرچوو . لە شەوێکی سارد و نوتەکی زستاندا کاتێك دەیەوێت هەندێك دار بخاتە نێو سۆپەکەوە ، دوژمنەکەی کە خۆی مەڵاس داوە ،لە کونەرۆژنەی خانۆکەیەوە نیشانەی تفەنگی لێدەگرێتەوە و لەبەر ڕووناکی سۆپەکەدا زرمەی لێهەڵدەسێنێت و دەیکوژێت . هەموان تەواوی ڕاستییەکەیان دەزانی ، بەڵام نە بەڵگە نە هیچ بەدواداچوونێکی یاسایی .

هێندێك جار بواری ئەوە دەبێت کینەی تۆڵەسەندنەوە لە ڕێگای ژنوژنخوازییەوە دابمرکێتەوە ، ئەوەی دەبێتە ژیانەوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی ئەو دوو خێزانە ، خزمانی بوکێ دەچنە سەردانی ئەوان تا سەبارەت بە بەڕێوەچوونی کچەکەیان ئاگادار بن ، خزمانی زاواش سەردانی ئەوان دەکەنەوە و هەردوولا بەشیان بە منداڵەکانی خێزانەکەوە دەبێت و بەوەشەوە پێکەوە دەبەسترێن . ئەگەر ژنوژنخوازییەکە کینەی تۆڵەخوازییەکەی دامرکاندەوە ، ئەوە لەسەر حسابی مافەکانی کچە داماوەکە دەبێت .

کوردەکان باس لەوە دەکەن کە سەلاحەدین لە قەڵای دوێن کە قەڵای کوردە کۆچەرەکانە لەدایك بووە ، کاتێك ئەوە دەخوێنیتەوە کە ریتچارد شێردڵ ویستوویەتی بۆ ڕاکێشانی سەلاحەدین و کردنی بە هاوپەیمانی خۆی ، خوشکەکەی خۆی بداتێ . هەستدەکەیت بە هەمان داب‌وپێودانگی ئەمڕۆ هەڵسوڕاوە . هەرچەندە کاتی خۆی ئەو مەسەلەیە بەهۆی ملنەدانی خوشکەکەی ریتچاردەوە سەری نەگرت ، وەك خەڵکانێك کەحەزیان بە توندو تیژییەکە لەسەر بنەمای دادپەروەریی ئەنجامبدرێت ، چیرۆکی پاشای کۆر هەیە کە چەند ساڵێك بەر لە ئێستا ڕەواندزی بە



دەستێکی ئاسنین بەڕێوە دەبرد . لەو دەمەدا بازرگانێك هەبوو کە کاتێك لە بازاڕ بەرهەمی لادێییەکانی دەکڕی ، وا ڕاهاتبوو پێی دەخستە سەر قەپانەکە و سەنگی کێشەکەی بە قازانجی خۆی گران دەکرد ، بەوەش لادێییەکانی دەخەڵەتاند و ماف دەخواردن . لە کۆتاییدا ئەم ڕەفتارەی بازرگان گەیشتبووە گوێی پاشا ، ئەویش بازرگانی بانگکرد و پێیگوت :" وام بیستووە کە گوتوتە گوایەی کێشی پێم هۆقەیەکە (کێشێکی نێوچوییە و ٣,٥ پۆوندە) " شایەد بۆ ئەو مەسەلەیە بانگ دەکەن ، پاشاش ئاوڕ لە پاسەوانەکەی دەداتەوە و پێی دەڵێت :" پێی بقرتێنە با بیکێشن بزانن ڕاست دەکات هۆقەیەکە ". ئەوە کۆتایی کاری بازرگانەکە بوو .

هەروەك ڕەگەزە چیانشینەکانی دی ، کوردەکان زۆر بڵێ و چەنەباز نین ، پیاو دەتوانێت ئەو ڕاستییە لەوەوە درك بکات کە دانیشتنەکانیان بێغەڵبەغەڵب و گفتوگۆ و بیروڕا گۆڕینەوەیە ، لەکاتێکدا دەتوانیت بە سەرنجێك لەو ڕەوشە بگەیت کە هەمووان لە هێمنییەکی تەواودا پێکەوە کۆبوونەتەوە و سیغار دەکێشن و خەریکن بێکۆتایی لە پیاڵە بچووکەکانیاندا چا دەخۆنەوە . لەبەر ئەوەی موسوڵمانی ڕەپڕاستن و پەیوەستن بە بنەمای ئاینەکەیانەوە ، میوانداریيان ئاسانە ، پێش شێوخواردن هەموو قسەوباسێکیان سەبارەت بە سیغار و چایە ، پاش ئەوەی شێویش خورا ، هەر یەکە فنجانێك قاوە و جگەرەیەك دەگرن بە دەستیانەوە و دواتر هەڵدەستن دەڕۆن . وەك لە پەیامبەرەوە داکەوتووە کە کەس نابێت لە پاش شێو خۆی لە ماڵی خانەخوێدا ماتڵ بکات ، نەبا کابرای خانەخوێ پێیناخۆش بێت و حەزبکات بگەڕێتەوە لای ژنەکەی .

یەك لە سەرۆکەکانم دەناسی پێیاندەگووت کەریم خان لە عەشیرەتی خێڵانی کە کۆچەری تەواو بوون . لەبەهاردا بەرەو چیاکانی سنوری ئێران کۆچیان دەکرد و پاییزیش دەگەڕانەوە تەپۆلکەکانی هەولێر . ئەوەش دەرفەتێکی نایابی بۆ دەڕەخساند تا ماڵاتی خەڵك بداتە پێش خۆی و لەوبەر بیفرۆشێتەوە . دوو ڕێگای هاتووچۆ هەبوون کە کەریم خان تەواو شارەزایان بوو .خۆی جارێکیان پێیگوتم ،

پێش ئەوەی بەرەو ئێران بە ڕێکەون ، نەخۆش کەوتبوو پێی وابوو کە دەمرێت ، کوڕەکەی بانگکردبوو پێی گوتبوو کە ئەسپێکی ڕەسەنی ئەحمەدپاشا هەیە لە عارەبەکانی شەمەری کڕیوە ، بیدزێت و بیباتە سەرسنور لەوێ بیفرۆشێت و پارەکەی بکاتە خەرجی پرسەکە ، دیارە خەرجی پرسەکە زۆر دەبێت ، چونکە خواردنی بنەڕەتیی ڕۆژانی پرسەکە گیپە دەبێت . کوڕە داواکەی جێبەجێکرد و پێی وابوو کە ئەمە دوا ئارەزوویەتی ، بەڵام کەریم خان نەمردوو چابۆوە ، تەنیا بەشێکی پارەی ئەسپە دزراوەکەیان لە ئاهەنگێکی بچووکدا بە بۆنەی چاکبوونەوەی کەریم خاندا خەرجکرد و مردووش لەوە پاکتر ناشۆرێت ، هەر چەندە بە درێژایی ژیانی دزییەکی زۆری کردووە بەڵام هەمیشە گیرفانبۆش بوو ، لە کاتێکدا سامانی ئەحمەدپاشا تا دەهات زێدەتر دەبوو . ئێستاش وەك کەریم خان دەیگوت :" نازانم چی بکەم پارەیەکم دەستکەوێت سەرانەی مەڕەکانمی لێبدەم ، لە کاتێکدا باجگرەکان پێ لەسەر ئەوە دادەگرن کە پێش ئەوەی ماڵاتمان بەرینە سەر سنور ، سەرانەی خۆیان وەرگرن ، وا چاوەڕێ دەکەم کە بەو زووانە پارەیەکی مۆڵم بێتە دەست بەڵام ئەوەیانم بۆ خۆم داناوە .

بەهەرحاڵ ، داگیرکردنی ڕەواندز (ئەبریلی١٩٢٣) بەگشتیی هەلومەرجێکی باشتری لە ڕووی ئاسایشەوە لە لیوای هەولێر هێنایەدی ، بگرە لە تەواوی ویلایەتی موسڵیش دا . ئێستا بەرەو کۆتایی بەهار دەڕۆیشتین ، کۆمیسێری باڵا سێر هێنری دۆبس لەو باوەڕەدا بوو کە کاتێکی گونجاوە گۆڕانێك بکات لە ئۆفیسی کارەکەیەوە بۆ سەردانی کوردستان . ئەو کارمەندێکی بەرچاو و هەڵکەوتوو بوو ، پەروەردەی وینچیستەر و دەزگای مەدەنی هیند بوو ، لە تەمەنیدا زۆر ئەرکی جیاوازی لە ئەستۆ گرتبوو ، لە کابوڵ ژیابوو ، بەرزکابۆوە بۆ ئەوەی ببێتە وەزیری دەرەوەی حکومەتی هیند . زووجۆش بوو ، هەروەها ڕووخسارێکی توندی هەبوو کە تەواوی سروشتی بەهزییانەی ئەوی دەشاردەوە . فەرمانەکە بە شێوەیەك بوو کە گەشتەکە بە تەواویی نهێنییە و نابێت پێشوازیی فەرمیی بۆ بکرێت . ئەو بە قەتار دەچێتە



شەرگات ، بە بەلەم لە ئاوی دیجلە دەپەڕێتەوە و لەوێشەوە دەگەڵ ئۆتۆمبێلەکەی یەکدەگرنەوە و هەڵیدەگرێت بەرەو هەولێر و تەقتەق کە چەندین سەرچاوەی ئاویان دێتە ڕێ . زۆر چاکە، فەرمان فەرمانە ، هەر بۆیە نەجوڵام و بەمەبەستی پێشوازییکردن بەرەو سنوری لیوا کە لە بوارەکەی دیجلە بوو نەڕۆیشتم . بەڵام لەجیاتی ئەوە میستەر شیپارد کە ئەفسەری بنکەی پۆلیس بوو ناردرا تا پۆستەکەی پۆلیس بپشکنێت و لە گەڕانەوەیدا هاوەڵی کۆمیسێری باڵا بەرەو هەولێر بکات ، ئەوەش دڵنیاییەك دەبێت لە هەر ڕووداوێکی نەخوازراو .

سێر هێنری ، تەنیا ڤیڤیان هۆڵتەی سکرتێری لەگەڵدابوو ، خزمەتکارەکەشی لە کاتێکی گونجاودا کە چا دەخورایەوە ،گەیشت . کاتێك دۆبس گەیشتەجێ ، سەیرێکی حەوشەکەی کرد و چونکە بایەخی گوڵوگیای هەبوو ، دەستبەجێ گوڵە کێویلەیەك سەرنجیان ڕاکێشا و لێکردنەوە و کردنی بە کۆڵەکەی خێوەتەکەدا و چووین بۆ چاخواردنەوە . یەکەمین ڕووداوی نەخوازراو لێرەوە ڕوویدا ، نزیکەی دەرزەنێك هێستر بۆ گەشتەکە دەستنیشان کرابوون ، لە کاتێکدا خەریکی چاخواردنەوە بووین ، پشکنەران گەیشتن ، چونکە پێش هەر گەشتێك وا باو بوو کە تەواوی هێسترەکان ، پشت و قاچ و ژێرسکیان دەپشکنران ، تا بزانن کامیان برینێك یان ڕووشاوییەکیان هەیە . هەروەها قەیاسەیان لێبنێن بۆ بارکردن و ئامرازەکانی دیکەی خێوەتگا ..بەڵام وەختێك بە سندوق و خاکەنازی دەستییەوە هاتینەدەر تا نمونە لە گوڵ و گیاکە کۆبکەینەوە ، کە بینرا هیچیان لەوێ نەمابوون ، هێسترەکان هەموویان لووشدابوون . لە ڕاستییدا نەمانتوانی هیچ شتێك لەم بارەیەوە بکەین ئەوە نەبێت کە سێر هێنری دۆبسمان لەوە دڵنیا کردەوە کە ئەو نمونەی زۆر زیاتر و باشتر دەدۆزێتەوە پاش ئەوەی بەرەو ناوچە چیاییەکان دەچێتە پێش ، لەو شوێنانەی کانیاوی لێن و بەهاریان درەنگ دەگاتێ .

سبەینێ بەیانیەکەی هێستر و بارەکانیان لە پێشەوە ناردبوو تا لە دێرە چاوەڕێمان بکەن ، ئێمەش پاش بەرچاییەکی باش گەشتەکەی خۆمان دەستپێکرد و

لە کاتێکدا گەیشتینە دێرە دەمی خواردنی فراوینێکی کوردانە بوو لەو دەشتە کە بریتیبوو لە مریشك و برنج ، میوە و قاوەشی بەدواداهات ، لە ژێر سێبەری تووەکەی ماجید ئاغا . فراوینەکە لەلایەن ماجید ئاغاوە ئامادەکرابوو ، سێر هێنریش حەزیکرد بە ڕێزەوە مامەڵە بکات، پرسی ئەگەر زمانی فارسیی دەزانێت ، ماجید ئەوەی بە دەرفەتێك زانی تا لەگەڵ کەسێکی پایەبەرزدا بە شێوەیەکی تایبەت بکەوێتە گفتوگۆ . دەستبەجێ گوتی : بەڵێ ، هەرچەندە راستییەکەی ئەوە بوو کە شارەزاییەکی زۆر کەمی لەو زمانەدا هەبوو کە لەگەڵ کوردییەکەیدا تێکەڵوپێکەڵی دەکرد . سێر هێنری بەداخەوە دەرکەوت کە هەر وەك ئەو وایە ، ئەویش کەمێك فارسیی تێکەڵ بە بلوچییەکی توند دەکرد و لە یەکتری حاڵی نەدەبوون . ئێمە گازەندەمان لە ڤیڤیان هۆڵتە کرد چونکە ئەو توێژەر بوو لە فارسیی و کوردییشدا . بەڵام ئەو وای بیردەکردەوە کە وا چاکە واز لە سێر هێنری بهێنرێت قسان بکات مادام وای پێخۆشە ، بەڵام ئێمە داوامان لێکرد خۆی بهاوێتە نێوان و وەزعەکە چاك بکات پێش ئەوەی کار لە کار بترازێت . بەهەر حاڵ وەختی ئەوە هات کە دەست بە جوڵە بکەینەوە . چونکە سێر هێنری پیاوێکی درێژ و بەخۆ بوو ، لەلایەن چارلسەوە ئەسپێکی چاکی بۆری بۆ تەرخانکرا ، کە بەگشتیی چارلس خۆی سواری دەبوو . بەڕێکەوتین و چەند فرسەخێکی کەم نەبێت دوور نەکەوتبووینەوە . لەکاتێکدا سێر هێنری تێبینی ئەوەی کرد کە بە ئەزموونی ئەو وا باوە سەرخێڵ هاوەڵی میوانەکەی بکات لە کاتێکدا بە موڵکەکانی ئەودا ڕێدەکەن . لەبەر ئەوە ماجید ئاغا بە حەزی خۆی بانگێشت کرا و بە سواری ماینەکەیەوە لە نزیك سێر هێنری کەوتە ڕێ . بۆ نەگبەتیی ئەسپە بۆر وەختی خۆی بوو ، هەڵیساندبوو حیسابی بۆ کەس نەدەکرد ، پێش ئەوەی درك بە مەسەلەکە بکەین ، ئەسپەبۆر بەلەسە بوو ،ئامبازی ماینەکەی ماجید ئاغا بوو و پەڕییە سەری و کاری لە کار ترازان . بەراستی وەزعێکی زۆر نالەبار بوو ، بەڵام ئەوەی هێندێك بارودۆخەکەی ڕەواندەوە ، پۆلیسێکمان لەگەڵدا بوو ، کە یەك لە باشترین یاریزانەکانی پۆڵۆ بوو ، دابارییە سەر هەر دوو ئاژەڵەکە و لێکدی



جیاکردنەوە . پاش ئەوە ماجید ئاغا لە شەرمەزارییدا داوای مەرەخەسی کرد و کاروانەکەمان لە جوڵەی خۆی بەردەوام بوو . لە کاتی خۆرئاوابووندا گەیشتینە شەقڵاوە کە دەبوو ئەو شەوە و ڕۆژی دواتریش لەوێ بەسەر بەرین .

گوندی شەقڵاوە یەك لە جوانترین گوندەکانی کوردستانە ، دەکەوێتە باکووری ڕۆژهەڵاتی یاخود بەری سێبەری چیای سەفین ، زنجیرەیەکی درێژە کە ٦,٥٠٠ پێ لەسەر ئاستی رووی دەریاوەیە و سێچوار مانگی ساڵ بەفر دایپۆشیوە . ئەم گوندە بە کانیاوە بەفرینەکانی بەناوبانگە ، کە بە زیاتر لە هەزار کانی دەژمێردرێت ، کە ئاوی باخەکانی چنار ، بادەم ، توو ، گوێز ، بی و بەڕوو دەدەن کە دەوری گوندەکەیان داوە .هەروەها میوەیەکی زۆریش هەیە لە :ترێ ، هەڵوژە ، هەنجیر ، قەیسی ، کاڵەك و قۆخ کە هێندەی تۆپێکی هەوریی گەورەیە .

شەقڵاوە شوێنی میرانی عەبدولقادر بەگە ، سەرۆکی عەشیرەتی خۆشناو، پیاوێکی قەڵەوی کەتە و نمونەیەکی تەواوی کوردیی هێنری هەشتەمی پاشای ئینگلستانە ، بە جامانەکەی سەریشییەوە ، لەراستییدا ئێمە لە نێو خۆماندا هەمیشە بە هێنری هەشتەم ئاماژەمان بۆ دەکرد ، وەك ئەویش زل بوو ، چ لە جەستە و چ لە گیاندا . کاتێك بێزار دەبوو جامانە گەورەکەی ئەهێنایە سەر برۆی و وەك فیل دەیزوڕاند ، کاتێکیش دڵخۆش دەبوو ، دەیبردە پشت سەری و وەك فالستان (ئەکتەرێکی قۆشمەی قەڵەوە لە یەکێك لە کارە شانۆییەکانی شکسپیردا) پێدەکەنی . دیوەخانی هاوینەی لە دارستانێکدا بوو کە دەکەوتە خوارەوەی گوندەکە ، حەوزێك ئاوی تێدا بوو کە ٣پێ قوڵ و ٢٠ پێش پان بوو . سەکۆیەکی بە دەوردا دروستکرابوو کە لباد و ڕاخەری لەسەر داخرابوو ، لە سایەی کەپرێکدا کە سەرەکەی بە مێو گیرابوو .

هەر لە نزیك ئەو شوێنەوە ، ماڵێکی جوان هەبوو بۆ پێشوازی میوانەکان لە وەرزی زستاندا تەرخانکرابوو . خزمەتکارەکان هەمیشە ئامادە بوون ، سیغاری خۆماڵی و چای شیرینیان لە سەماوەرە ڕوسییەکەیانەوە تێدەکرد و دەیانگێڕا .

تەنانەت لە کاتێکدا خانەخوێ یان هیچ میوانێکیش لەوێ نەبووایە کە گفتوگۆیەکی ئارامی لە گەڵدا بکەیت ، دەتوانی لە ڕۆژانی گەرمادا سەرخەوێك بشکێنیت و دواتر خۆ هەڵدەیتە نێو حەوزەکەوە و وێڕای جریوەی و چریکەی باڵندەکانیش کە لەو نزیکانەکەدا دەیانخوێند و ئەم دار و ئەو داریان بوو .

بەر لەوەی خواردن پێشکەش بکرێت ، خانەخوێ لە میوانەکەی دەپرسێت ئایا ئامادەن بۆ خواردن ، پاش ئەوەی وەڵامی گونجاوی وەرگرتەوە ، خزمەتکارێك بە ئاو و لەگەنێکەوە دێت و سابون و خاولییش دەهێنرێت ، پاشان چەند خزمەتکارێکی دیکە دێن ، سینییەکیان بەدەستەوەیە ، مەڕێکی برژاوی لەسەرە لەگەڵ برنجی بەتام و کشمیش دا ،کولێنراون و ڕۆنی بەسەردا تواوەتەوە . بەدەوری ئەودا چەندین قاپی بچووکی پڕ گۆشت و مرەبا دانراون . یاپراخ کە برنج و وردە گۆشتە و لە گەڵادا پێچراوەتەوە و لەگەڵ پیاز ، تەماتە ، باینجاندایە . سپێناخ بە هێلکەوە ، گۆشتی مریشکی برژاو ، نانی گەرم کە تازە لە تەنورەکە دەرهێنرابوون ، ژاژی خۆماڵی کە لەگەڵ گژوگیای بۆنخۆشی چیادا تێکەڵ کراوە قاپی دیکەی بچووك کە شیرینییان لەسەرە وەك محەلەبی ، گاڵگاڵی . ئیشی هەویر کە لە شێوەی ئەڵقە و پەنجەدا ئامادەکراوە و بە گاڵتەوە بە " ناوکی بوکێ و کێری قازی"ناوی دەبەن .دوای شیرینیی گندۆرە و شووتی پێشکەش دەکرێت ، هەروەها میوەی وەرزیی . میوەی زستانە کە بە دۆ شۆردراوەتەوە و لە سندوقی تەختەدا هەڵگیراون و بە بەفری هەڵگیراوی زستان سارد دەکرێن . لە دواییشدا قاوە و سیغاری زۆر دادەنرێت .

بەرهەمی سەرکی شەقڵاوە بریتیە لە توتن ، تەختە ، میوە و بەفرە . لە مانگەکانی زستاندا ، بەفر لە نێو چاڵە بەفرەکاندا دەپەسترێتەوە ، لە هاویندا بە هێستر باردەکرێت و بەشەو دەگەیەندرێتە هەولێر کە ٣٠ مایلێك دوورە ، لەوێش دەفرۆشرێت ، یاخود بە سەوزە و دانەوێڵە بە پێی پێویست دەگۆڕدرێتەوە .

بەشێکی گوندەکە کلدانییە کریستیانییەکانی تێدا نیشتەجێن ، ئەوانەی کە ڕەعیەتی میرانی عەبداقادر بەگن ، کە دۆستانە مامەڵەیان لە گەڵدا دەکات و نرخی



یەك لەو کریستیانییانەی وەك نرخی هێسترێکی باش لەلابوو ، بەڕاستی بەرجەستەیەکی ئاشکرای فیوداڵەکان سەدەکانی ناوەڕاست بوو . ئەم سەرۆکە کوردە بە بەگزادە ناسراو بوو ، دەگوترا کە لە بنەڕەتەوە لە ئێرانەوە هاتوون و بە تەواویی لەو خێڵە کوردانە جیاوازن کە لەسایەی دەسەڵاتی ئەمانەدان . ئەمانە ژن و ژنحوازییان لە نێو خۆیاندا بوو و لە دەوری یەکدی گردببوونەوە ، وەك نێوبژیوانیش لەگەڵ دەزگا حکومییەکاندا مامەڵەیان دەکرد ، پێشوازیی هەموو جۆرە میوانێکیان دەکرد ، تەواویی باجەکانیان دەدا ، لەهەنگامەی لێقەومانی یەکێکیاندا تێکڕا بە دڵفراوانییەوە بەشداریی و هاوکارییان دەکرد . لەکاتی جەنگدا رابەرایەتییان دەکردن و لەکاتی هەر مەترسییەکیشدا بەرگرییان لێدەکردن .

لەگەل گەیشتنە شەقڵاوە ، پێشوازییەکی بەشکۆمان لە لایەن پیرەهێنری هەشتەمەوە لێکرا ، سێر هێنرییەکەمان زۆر سەرسام ببوو ، چ بە خانەخوێکە و چ بەو دەوروبەرو خواردنەخۆش و نایابەی پێشکەش کرا ، هەربۆیە ئەو شەوە کە چووە نێو پێخەفەکەی تەواو ئاسودە بوو . لە بەیانییدا پاش بەرچایی ، سێر هێنری بە نێو گوندەکەدا گەڕا ، کڵێسای کریستیانییەکانی ، دەرمانخانە و خوێندنگاکەی بەسەرکردەوە ، پاش ئەوە پێی داگرت کە بە تەنیا پیاسەیەکی نێو دارەکان بکات بە هومێدی ئەوەی چەند نمونەیەك لە گوڵ و گیا کۆبکاتەوە . پاش ئەوەی ئەو ڕۆیشت ، چاوپێکەوتنێکی کورتم سەبارەت بە مەسەلە بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکان لەگەڵ بەرێوەبەری ناحیەکەدا کرد و دواتر من گەڕامەوە دیوەخان ، هێنری هەشتەم ، ڤیڤیان هۆڵتە و چارلسیشم لەگەڵدا هاتن . لەوێ باقی بەیانی ڕۆژەکەمان بە گفتوگۆ و قسەی خۆش لە گەڵ خانەخوێکەمان و برا بچووکە گەنج و باریکەکەی ، ڕەشید بەگ بردەسەر . بەڕێوەبەری ناحیە و بەگزادەکانی دراوسێ لەوێ کۆببوونەوە . وەخت بەو چەشنە تێپەڕی و گەیشتە نیوەڕۆ ، کە خانەخوێکەمان خۆی بۆ نوێژ ئامادەکرد . پاش ئەوەی ئیدی هەست بەوە کرا کە پیاسەکەی کۆمیسێری باڵا زۆری خایاند و ەختی هاتنەوەی درەنگ بووە ، کاتیش کاتی فراوینە و ناشکرێت بە بێئەو داوای

خواردن بکرێت . هۆڵتە بۆ هۆی درەنگ کەوتنی سەرۆکەکەیەوە بێزار بوو ، بەڵام زۆر بەسەر ئەوەدا تێنەپەڕی کە راوێژی ئەوەمان دەکرد چی بکەین باشە ، سێر هێنری دۆبس لەناکاو لە نێو دارەکانەوە بە شپرزەیی و تووڕەیی دەرکەوت و تفەنگ بەشانێکی کوردیش لە نزیکییەوە دەڕۆیی ، هێنری گوتی :" لە خوارەوەی دارەکان چێژم لەو تەنیاییە دەبرد ، کاتێك لە ناکاو ئەم رێگرە دەستگیری کردم و چەندم حەولدا نەمتوانی وشەیەکیشی تێگەیەنم ، ئەو پێیداگرت بۆ ئێرەم بگێڕێتەوە ".

ئاوڕم لە چەکدارەکە دایەوە کە جلکی ئاسایی وەك خۆشناوەکان بوو ، فیشەکدانی بەستبوو ، خەنجەری لەقەد بوو ، یەکێك بوو لە پیاوەکانی میرانی عەبدولقادر بەگ . لێپرسینەوەیم بۆ گەورەکەی جێهێشت . ئەوەی گوتبوی :" لە خوارەوەی دارستانەکەدا بووم ، کاتێك ئەو پیاوەم بینی بە تەنیا و بێ پاسەوان و خزمەتکار دەسوڕایەوە ، بەخۆمم گوت هەبێ و نەبێ رێگای هەڵە کردووە ، ئەگەر تووشی هەر بەڵایەك بێت فڕۆکەکانی ئینگلیز دێنە سەرمان و بۆمبارانمان دەکەن و تەواوی گوندەکەمان وێران دەبێت ، بەڵام لە سایەی خوداوە من دیتمەوە و بۆ دیوانی بەگم هێناوە تاکو لەوێ چای شیرین بخواتەوە و سیغار پێکا و قسەی خێران بکات ، بەڵێ گێڕامەوە و تەواوی گوندەکەم لە بەڵا رزگارکرد و پاداشتێکی گەورەشم حەڵاڵ کرد ". باشە دەبێت لەبەرامبەر ئەمەدا چی بکرێت ؟ بێگومان هیچ ! هەر بۆیە داوام لە هێنری هەشتەم کرد خوانی فراوینمان بۆ راخەن . دوای فراوین و شکاندنی سەرخەوێك ، کۆمیسێری باڵا دڵشکاوییەکەی بەیانی چاکبۆوە و لایەنە قۆشمەییەکەی بەدەردەکەوت ، لە کاتێکدا خەریکی گێڕانەوەی ئەزموونەکانی رابردووی خۆی بوو ، سروشتی دڵچاکی خۆی بەرجەستە دەکرد .

لە نێو گەشتەکانی دیکەیدا ، یەك لەو گەشتانە بوو کە پێش جەنگی ساڵانی ١٩١٤–١٩١٨ ئەنجامیدابوو ، لە سوریاوە بۆ میسۆپۆتامیا بە سواری کەڵەك بۆ خوارەوەی فورات و لەوێشەوە بەسواری ئەسپ بۆ ئێران و هیند . ئەوانەی لەسەر کەڵەکەکە هاوەڵی بوون ، ژمارەیەك ئەفسەری تورکی لاوی ئازا بوون کە تازە لە



کۆلێجی سەربازیی لە ئەستەمبوڵ دەرچوو بوون و بە رێگاوە بوون تا پەیوەندیی بە یەکەکانیانەوە بکەن لە بەغدا . ئەوان زۆر بە پەرۆش بوون دەمانچەکانیان تاقیبکەنەوە ، هیچ نیشانەیەکیش لەو عارەبانەی لەسەر کەنارەکە بوون باشتر دەستنەدەکەوت . ئەوە گاڵتە خۆشییەکی زۆری بۆ پێکهێنا بوون ، بەڵام نەك بۆ عارەبەکان ، ئەوانەی خێرا لەبەر چاو ون بوون ، ئاوەکە بە هێمنی دەڕۆیی و لار دەبۆوە بە نێو دەشتێکدا کە دەگەیشتە کەناڵێك و بەرزاییەکی دەبڕیی ، ئەوەش دەرفەتی دا بە عارەبەکان خۆیان بگەیێننە ماڵ و تفەنگەکانیان بهێنن و لەودیو پێچەکەوە بەخێرهاتنێکی گەرمی کەڵەکەکە بکەن ، بە شێوەیەك هێندێك لە گەشتیارەکانیان بریندارکرد و چەند مەشکەیەکی کەڵەکەکەشیان تەقاند . پاش ئەوە ئیدی ئەفسەرەکان تەقەی خۆشیی و تاقیکردنەوەیان وەستاند . بەڵام ئەم رووداوە ئاستی سوکایەتی تورکی بەرامبەر عارەب نیشانداوە ، ئەوەی کە پاشتر ئێمە تێبینیمان کرد و لە جەنگی ١٩١٤–١٩١٨ دا لەلایەن سوپاکەمانەوە سوودی لێوەرگیرا .

چیرۆکێکی دیکەی گێڕایەوە سەبارەت بەو کاتەی لە کابوڵ بووە ، بە ناوەندی ململانێی کێشمەکێشی نێوان نوێنەرانی بەریتانیا و روسیا بوو . چونکە هەمیشە بە هەستیارییەوە دەیڕوانیە چاوتێبڕین و خواستی فراوانخوازیی روسەکان . رۆژێکیان ئەو تێبینی ئەوەی کردبوو کە دەرکەوانەکەیان لە رادەبەدەر بایەخ بەو پێپەڕانە دەدات کە فڕێدەدرێنە سەبەتەی خۆڵەکەوە ، هەر بۆیە گومانی ئەوەی لێکردووە کە دەرکەوان لە لایەن دەسەڵاتدارانی ئەفغانستانەوە بەکرێ گیرابێت ، هەروەها لەبەرئەوەی وابەستەی سەربازیی روسیا دڕکێك بووە لە پێی ئەودا ، هەر بۆیە بڕیاری داوە پیلانێکی چکۆلەی بۆ سازکات تاکو لەدەستی رزگاریی بێت . ئەو پەڕەیەکی دڕاوی چرچ و لۆچی خستبووە نێو سەبەتەی کاغەزە فڕێدراوەکانەوە ، کە نووسراوێکی هەڵبەستراوی تێدا نووسیبوو وەك نامەیەکی ئاگادار کردنەوە گوایە وابەستەی سەربازیی روسیا لە ئەفغانستان خەریکە پیلانی کودەتایەك دادەڕێژێت .

ماسییەکە قولاپەکەی بە دار و پەتەکەوە قوتدا ، لەماوەی هەفتەیەکدا وابەستەی سەربازیی روسیا لە ئەفغانستانەوە بەرو مۆسکۆ ملی رێگای گرت وەك کەسێك کە حکومەتی ئەفغانستان بە چاوی دۆستەوە لێی ناڕوانێت .

پاش ئەو چیرۆکە ، تێکڕا زوو دەستمان هەڵگرت ، چونکە رۆژی پاشتر گەشتێکی درێژمان لە پێش بوو ، بەدەشتی حەریردا بەروە ژوور تا چیای سپیلك تاکو شوێنی خێوەتهەڵدان لە دەروازەی گەلییەکەدا لە تەنیشت ئاوی خوڕی ئالانەدا ، ئەوە یەکەم جار بوو بێ تەقوتۆق بە نێو ئەم دەشتەدا تێپەڕم ، ئەو گۆڕانەی کە روویدابوو دڵخۆشکەر بوو ، کاتێك گەیشتین خێوەت و پێویستییەکان ئامادەکران و عەبدولحامیدی چێشتلێنەری هیندیی دڵسۆزیشمان خەریکی ئامادەکردنی شێوێکی باش بوو ، پاسەوانی پۆلیس لە شوێنی گونجاوی دەوروبەری سەربازگە دانران و شەوێکی زۆر خۆشمان رابوارد .

سبەی بەیانی چووینە گەلیی کە ئەوەندە شوێنی لەسەر هێنری دۆبس دانا بە تەواویی فەرمانە بنەڕەتییەکەی سەبارەت بە گەشتە نا فەرمییەکەی لەبیر چووبۆوە و زۆر خۆشحاڵ بوو بە دیدەنی ئەو نوێنەرانەی هاتبوونە سەر رێگاکە ، چونکە بەهار لەم دۆڵە نسێوقوڵەدا دوادەکەوت کە جۆرەها گوڵی رەنگاورەنگ لە کەلێنی بەردەکانەوە سەریان دەرهێنا بوو کە بە پریشکی ئاوی ئەو تاڤگەیە شۆڕابوونەوە کە سێ سەرچاوەی کانیاوی جیاوازی پێکدەهێنا و قەڵبەزەی دەبەست تا لە گەلییەکەوە یەکیان دەگرت و بەرەو چۆمی باڵەکیان ملی رێیان دەگرت . ئەوەش گەشتیاری هاندەدا بەرەو گەلییەکە مل بنێت و وەدوی ئاوی ئالانە کەوێت و بەو ئاراستەیە تا نیوەڕێ بڕوات .

ئا لێرەدا سێر هێنری دۆبس نهێنییەکی درکاند ، ئەویش هێنانی دوو کاتژمێری دیاریی بوو لەگەڵ خۆی ، یەکێکیان زێڕ و ئەوی دیکەیان زیو ، داوای ئەوەی لێکردم کە بە رای من چ کەسانێك زۆر شایستەن تاکو کاتژمێرەکانیان بدرێتێ . پاش تێفکرینێکی زۆر ، وەڵامم داوە ، گوتم :"پیاوە خێڵەکییەکان ژیانێکی دەشتەکیی و



نائارام لە ناوچە شاخاوییەدا بەسەردەبەن کە هێشتا کێشمەکێشی ئێمە و تورکەکانی لەسەرە ، ژیرترینیان و شایستەترینیان کەوتۆتە سەر ئاکامی ململانێ سیاسییەکە، دڵسۆزی ئەوان بۆ لایەك لە لایەکان ناتوانرێت پێشبینیی بکرێت و لە راستییدا هەر نیشە ، هەروەها ئەگەر ئەو وا دیاریی کاتژمێەکان دەبینێت کە پاداشتێك یاخود دانپیانانێك بێت بۆ دڵسۆزیی و خۆشخزمەتیی ، ئەوە تەنیا دوو کەس هەن ، چارلس ومن ، ئێمە ئارەزووی ئەوە دەکەین هەر یەکە و کاتژمێرێکمان هەبێت ئارمی پاشایەتیی لەسەر نەخشێنرابێت ، کاتژمێرێکی وا کە یادگارییەکی هەمیشەیی بێت بۆ گەشتێکی خۆش بە هاوەڵی شکۆدارێکی وەك جەنابیعالی کۆمیسێری باڵا . بەڵام ئەو وەڵامەکەی منی بە هەند وەرنەگرت و داوای لێکردم دووبارە بیر بکەمەوە ، ئینجا منیش گوتم سەید تەها قایمقامی رەواندز ، کە سێر هێنری خۆی دایناوە ، با زێڕەکەیانی بدرێتێ ، موحەمەد عەلیش ، سەرۆکی شارەوانیی رەواندز ، کاتژمێرە زیوەکەیانی پێ ببەخشرێت . با هەر یەکەشیان زیافەتێکمان لەو دەشتە بۆ ساز کەن تاکو دیارییەکانیان پێشکەش بکرێت . سێر هێنری دەستبەجێ ئەمەیانی پەسەند کرد .

رۆژی دواتر ، لە لایەن سەید تەهاوە شوێنی زیافەتەکە دەستنیشانکرا، کە پەڵەیەك چیمەن بوو لە تەنیشت رووبارەکەوە و لە خوارەوەی بنارێك کە لەسەرەوەی کاتی خۆی روسە قەوزاقەکان بە توندیی پەلاماری ژمارەیەك پیاوی دانیشتووی ناوچەکەیان داوە کە لە هەنگامەی نزیکبوونەوەی ئەوان هەڵنەهاتبوون . خواردنەکە زۆر نایاب نەبوو ، نەختێك سارد ببۆوە و چەوریش بوو ، لەبەر ئەوەی لە ماڵەوە لێنرابوو کە نیو مایلێك لە شوێنی دانیشتنەکەوە دوور بوو . وێڕای ئەوەش سەرمان تێکرد و خواردمان . ئینجا سێر هێنری دیارییەکەی پێشکەش کرد ، پاش ئەو ئیسماعیل بەگ هەستایە سەر پێ و گوتارێکی پێشکەش کرد تێیدا بەشانوباڵی سەید تەهادا هاتە خوار و لە باوکییەوە دەستیپێکرد کە لە سزای راپەڕینەکەیدا لە سێدارەیان داوە ، پاشتر کەوتە پیاهەڵدانی ئەو بەڕێوەبەرایەتییە ئاشتییخوازەی کە

بەرهەمی هەڵبژاردنی سێر هێنری بووە  کە قایمقامێکی وا باشیان بۆ دابنێت . ئینجا گوتی :" ئەمێستا نە گورگ دەوێرێت بەرخێك بەرێت نە چەتە و ڕێگریش تەقە لە تفەنگیانەوە دێت "، کاتێك ئەوەی گوت ، سەدای هاڕەی تفەنگ تەواوی گەرووەکەی پڕکرد و بە دوایدا ڕێژنەی گوللە ئاراستەی قەدپاڵەکە کرا ، ئایا ئەمە گاڵتە بوو ، یان ڕێکەوت بوو ، یاخود ئاگادار کردنەوەیەك بوو نوری باوێڵەوە بۆ ئیسماعیل بەگ ، بەراستی هەرگیز نەمانزانی چی بوو . پۆلیسە پاسەوانەکان هیچ کەسیان نەدیت و زۆر بە باشی دابەشکرابوون تا ڕووبەڕووی هەر پەلاماردەرێك ببنەوە . هەر بۆیە بایەخێکی ئەوتۆمان بە مەسەلەکە نەدا و حیسابی ڕێکەوتمان بۆ کرد ، بە تایبەت لەو لاوە چەند شوانێك سەرقاڵی تاقیکردنەوەی تفەنگەکانیان بوون . ئاهەنگەکە کۆتایی هات و گەڕاینەوە خێوەتگاکە .

زیافەتەکەی موحەمەد عەلی کە ڕۆژی دواتر ئەنجامدرا زۆر چاکتر بوو . گوندەکەی کەوتبووە نزیکەی مایلێك لە بەشی سەرەوەی ڕووبارەکەوە ، لە دامێنی چیای هەندرێن و لەسەرەوەی جۆبارە بەخوڕەکە کە ناوی جوندیانی لێنراوە ، کە مانای شوێنی جنۆکە یاخود خێو دەگەیەنێت . لەسەرەوەی باخەکە ئەشکەوتێك هەیە کە ئاوێکی بەفرینی بلورینی لێدێتە دەرەوە و ناوبەناو پەنگ دەخواتەوە یاخود دەوەستێت ، پاش ماوەیەك کە ساتێك یان دووانی پێدەچێت ، لەناکاو سەرلەنوێ دەستپێدەکاتەوە . لە دەروازەی ئەشکەوتەکە ، لە سەر سەرچاوەکە دەرگایەك هەبوو ، خوانەکەیان لەوێڕا داخستبوو . میوە ، گندۆرە ، هەروەها دۆ خرابوونە نێو ئاوە تەزیوەکەوە بۆ ئەوەی سارد بن ، ئەو ئاوەی لە چرکەیەکدا ٨پێسێجا ئاوی فڕێدەدا ، ئەوەندە بە خێرایی دەردەپەڕێت کە شنەیەکی سارد پێکدەهێنێت ، لە شوێنێکی ئەوتۆدا دانیشتووین کە خواردنە بەتامەکەی سەرۆکی شارەوانیی پێشکەش دەکرێت . ئەو شوێنەی هەڵبژێردرابوو خواردنەکەی لێدابنرێت بە زەحمەت دەتوانرێت بهێنرێتە پێش چاو ، لە کاتی دانیشتنی ئێمە ئاوەکە وەستا بوو ، چەکدارێك نێردرا تاکو لە قوڵترین بەشی ناوەوەی ئەشکەوتەکەدا فیشەکێك بە ئاراستەی ئەو کونە



بتەقێنێت کە ئاوەکەی لێوە سەر دەکرد . ئەم کارە هاوکاتە لەگەڵ پاڕانەوە لە خودا ، بەوەش ئاوەکە سەرلەنوێ دەردەپەڕێتە دەرەوە ، ئەو تایبەتمەندییەی وایکردووە کە ئەو ناوە لەم شوێنە بنرێت ، چونکە گوایە لەم شوێنەدایە جنۆکە خۆی حەشار داوە . لێکدانەوەیەکی ئاسایی هەیە کە زیاتر جێگای بڕوایە ، ئەویش ئەوەیە کە گەنجینەیەکی گەورەی ئاو لە نێو شاخەکەدا هەیە ، دەرچوونی ئاوەکە شێوەی سیفۆنێکی سروشتیی وەردەگرێت .

ئەمە خاڵی وەرچەرخاندنی گەشتەکەمان بوو ، ڕۆژی دواتر بەرەو کۆیسنجەق گەڕاینەوە ، کە دوو ڕۆژە ڕێ بوو ، دەکەوێتە لای باشووری چیای هەیبەت سوڵتانەوە ، کە بۆ خۆی کۆتایی ڕۆژهەڵاتی چیای سەفینە کە بەسەر شەقڵاوەدا دەڕوانێت . لە ڕێڕۆشتنەکەی ئەو ڕۆژەدا گەیشتینە کانیاوێك کە گۆگردیی و زۆر گەرم بوو ، سێر هێنری بڕیارییدا بۆ تەندروستی لەشی خۆی تێهاوێ ، هەربۆیە زەوییەکەمان پاککردەوە و پەردەمان گێڕا تاکو لادێیە ئەبڵەق و دەمداچەقیوەکان چاویان بە لاشەی ڕووتی جەنابیعالی نەکەوێت . ئەمە کارێکی باش بوو ، سێر هێنری خۆشتنی لەو ئاوە گەڕاوەدا فرە پێخۆش بوو .

ڕۆژی دواتر ، گەیشتینە کۆیسنجەق ، شارۆکەیەکە کەمێك لە سلێمانی دەچێت ، هەرچەندە بچووکترە ، لەولای ڕۆژئاوای شاخەکەوە بنیاتنراوە ، شوێنێکە بایەکی زۆر بەهێزی خۆڵاویی ڕووی تێدەکات کە لەگەڵ تیشکی خۆردا تۆوەژمێکی گەرما پێکدەهێنێت . هێندێك جار چەند ڕۆژێك دەخایەنێت و بە کوردیی پێیدەڵێن "ڕەشەبا" . لەو کەش و بایەشدا سەرکەوتووانە توانرا چاومان بە پیاوماقوڵان بکەوێت و بازاڕیش بەسەر بکەینەوە ، کە هەروەك سلێمانی ، ناوەندی توتنە ، ئەو توتنەی پاش ئەوەی لە خانی تایبەت و باوی خۆیدا فەحس دەکرێت ، لە هێستر باردەکرێت و ڕەوانەی تەق تەق دەکرێت کە نزیکەی ١٥ مایل لە زێی بچووکەوە دوورە ، لەوێوە بە کەڵەك ڕەوانەی بەغدا دەکرێت . کە گەیشتن ، توتنەکە ڕەوانەی کارخانە دەکرێت ، کۆڵەکەکانیش بۆ دارەڕای خانوو دەفرۆشرێن ، مشکەکانیش

فشدەکرێنەوە و کەڵەکوانەکان بە سواری هێستر دەیهێننەوە شوێنی بنەڕەتی خۆی . ئەم گواستنەوەیە بێگۆڕان لەسەردەمی نوح و لافاوە گەورەکەوە بەکارهێنراوە .

پیاوماقوڵانی کۆیسنجەق وێڕای کینە و کێشەی نێوخۆیان ، هەمیشە هەڵوێستیان لەمەڕ ئێمە دۆستانە بووە ...لە راپەڕینی ساڵی ١٩٢٠ دا ئەفسەرە سیاسییە بەریتانییەکەی خۆیان پاراست و گەیاندیانە شوێنێکی ئەمین [24]، تەنیا چەند مانگێکی کەم لەمەوپێش هاوکاریی منیان کرد بۆ دەرکردنی چەتەکانی تورك ، ئێستاش لەلایەن جەمیل ئاغای حەوێزییەوە کە قایمقامێکی کۆیی مەردەوە بەڕێوە دەبرێت . ئەوان پێشوازییەکی زۆر گەرمیان لە کۆمیسێری باڵا کرد ، ئەو پێشوازییەی لە لایەن جەنابیعالیەوە تەقدیرێکی گەورە کرا .

رۆژی دواتر ، بەرەو تەق تەق کەوتینە رێ ، کە دووڕیانی رێگاکەمان بوو، لێرەدا سێر هێنری لە زێی بچووك پەڕییەوە و لەگەڵ پۆلیسە پاسەوانەکانی کە لە کەرکوکەوە هاتبوون یەکیان گرتەوە ، چارلس و منیش سواری کەڵەك بووین و سەربەرەو خوار بەرەو ئاڵتون کۆپری . سێر هێنری دوا قۆناغی گەشتەکەی کۆتایی پێهێنا ، کە بێگومان یادەوەریی گەشتەکانی پێشووی لەلا زیندووکردبۆوە ، زۆر سوپاسی خزمەت و هاوەڵی ئێمەی کرد و سواری ئەسپەکەی بوو کە لەوسەر لەلایەن پا.میللەرە وە چاوەڕێ دەکرا تا سواری ئۆتۆمبێلەکەی بکات و بۆ کەرکوکی ببات .

کاتێك گەڕاینەوە هەولێر ، چاومان بە چی کەوت ، هێزێکی سەربازیی سەر بە سوپای تازە دامەزراوی عێراق لە موسڵەوە ملی رێگای گرتبوو بەرەو سلێمانی ، تاکو لەو شارەدا وەك هێزی پاراستن (حامیە) دابمەزرێن . ئەم هێزە لە لایەن عەلی رەزا عەسکەرییەوە سەرکردایەتی دەکرا ، کە برا گەورەی جەعفەر پاشا عەسکەریی بوو ، ئەو یەکێك بوو لەو کەسانەی کە پشتگیریی راپەڕینەکەی ئەمیر فەیسەڵدا دژی تورك کردوە ، هەروەك براکەی ، نەك تەنیا کابرایەکی زلە بوو ، بەڵکو کەسێکی ئازا و

---

[24] ئەو ئەفسەرە ناوی (کاپتن ئێف.سی.کیرك) بوو لە بەرواری ١٩٢٠/٩/٣ دا کۆیسنجەقی جێهێشت.بڕوانە :السر أرنولد ویلسن ، سەرچاوەی ناوبراو ، ل ١١٦ .



بوێریش بوو . ئەمە بە گشتیی مەسەلەیەك بوو لە باوکیانەوە بۆیان مابۆوە کە زۆرانبازێکی زۆر بەناوبانگی ئێرانی بوو ...عەلی رەزا زۆر بە متمانەوە پێیگوتم کە تەواوی لەشکرەکەی عارەبی دەشتەکین و ترسێکی سروشتییان لە ناوچە چیاییەکان هەیە ، هەروەك چۆن خەڵکە شاخاوییەکان ، لە دەشتەکاندا هەست بە مەترسیی دەکەن . هەربۆیە ئەوان چوونە سلێمانیان پێخۆش نیە ، هەر بۆیە سوپاسگوزار دەبێت گەر بتوانرێت هێزێکی پاسەوانی پۆلیسی وەدوبخرێت تا رێژەی راکردنی سەربازەکان لە رێگا کەمتر بێتەوە . ئەمە تارادەیەك وەیشومەیەك بوو ، چیرۆکی ئیجباریە جولەکەکانی وەبیرهێنامەوە کە لە کاتی جەنگدا لە لایەن تورکەکانەوە راهێنرابوون و چەکدار کرابوون . پاش ئەوەی دەیانویست بیانبەنە بەرەکانی جەنگ ، داوایان لە سەرکردەکانیان کردبوو کە پۆلیس بێت بیانپارێزێت ، لەگەڵ ئەوەش ، چارلس دەستەیەك پۆلیسی ئامادەکردبوو تا لە کاتی تێپەڕینی هێزەکە بۆ کەرکوك چاوێکیان لێیانەوە بێت .

رووداوێکی دیکەی سەرنجڕاکێش بریتیبوو لە ئاگادارییەك کە لە بەڕێوەبەرایەتیی کشتوکاڵەوە لە بەغدا هاتبوو ، باسی لەوە دەکرد کە ئەفسەرێکی کشتوکاڵی بە خۆی و ماشێنێکی دروێنەوە دەگاتە جێ ، تاکو سوودی بەکارهێنانی ماشێنی نوێ لە بەرامبەر شێوازی کۆنی دروێنەی دەستیی بە داس نیشانەی خەڵك بدرێت . لە کاتی دیاریکراودا (ئەلیك کینج) بە ماشێنێکی دروێنەی ئاساییەوە کە ئەسپ رایدەکێشا ، خرابووە پشتی لۆرییەکەوە ، پەیدا بوو . وا پێدەچوو نەیانتوانیبێت ماشێنێکی دروێنەی پێشکەوتوو بنێرن ، هەرچەندە ئەو ماشێنە بکەوێتە دروێنە ، بەسە بۆ ئەوەی بە چاکی سەرنجی خەڵکە خۆماڵییەکە رابکێشێت .

رۆژی پاشتر ، پیاوماقوڵان لە دەرەوەی بارەگای سیاسیی کۆبوونەوە تا چاویان بە نمایشەکە بکەوێت ، موڵکدارەکەی ئێمە ئەوەندە دڵفراوانە کێڵکەگەی کە لە دەوروبەری بارەگاکە بوو ، وەك نموونە پێشکەشی ئەو نمایشە مەزنە کرد ، لەگەڵ جووتێك هێستری کوردیی کە بە باشی لە سەر راکێشانی گاسن راهێنرابێت و بە

شێوەیەکی گونجاو بە ماشێنی دروێنەکەوە ببەسترێتەوە ، ئەلیك کینجیش ئەوەندە بوێرە دانیشتووە و ئامادەی لێخورینە . ئێستا هەرکەس ئەو ماشێنە ببینێت دەکەوێتە کار و گوێی لەو دەنگە سەیرە بێت کە زمانەی پاڵنەری چەرخەکانی دروستیدەکات، دەحەپەسێت . بەڵام بۆ بەدبەختیی هێسترەکان هەرگیز دەنگی لەو شێوەیەیان نەبیستبوو ، لەگەڵ جووڵەی هێسترەکان یەکەمین خێرایی ماشێنەکە ، تەقە تەقێك پەیدابوو ، یەکسەر بۆ گێڕی بەرز بازی دا و بە تیژترین خێرایی بەرەو حوارەوەی کێڵگەکە رۆیشت و هەرچیەکی هاتە سەر رێ قرتاندی . ئەلیك دوای هەوڵێکی زۆر ، جارێك رکێفەکەی ئەملا و دواتریش ئەوەکەی ئەولای راکێشا ، توانی دواجار بێئەوەی بکەوێتە دۆڵەکەوە پێچبکاتەوە ، ئەمێستا ئیدی مەسەلەکە ئەوە نەبوو ماشێنەکە بتوانێت گوڵەگەنمەکان و سروتەکان هەریەکە و لە لایەك جیابکاتەوە و بەشێوەیەکی تەریب مەلۆیان بکات ، بەڵکو بینەران کە بەسەرسامییەوە تەماشایان دەکرد ترسێکی گەورەیان لێنیشت . چونکە ئەلیك نەك هەر نەیتوانی پێچ بەو هێسترە سەرشێتانە بکاتەوە ، بەڵکو نەشیتوانی بیانوەستێنێت و ئێستا ئیدی راستوراست بەرەو لای ئێمە دێن . پیاوماقوڵان کە حەپەسابوون هەر یەکەو بەلایەکدا غاریان دا ، سەبارەت بە خۆشم بۆ یەکەمجار درکم بەوەکرد کە هەستی سەربازە رۆمانییەکان چۆن بووە لە کاتێکدا رووبەڕووی ئەو گالیسکە جەنگیانە بوونەتەوە کە چەرخەکانیان داسی پێوە بەسترابوو . لە کۆتاییدا هەموویان گەیشتنە سەری کێڵگەکە و چوونە سەر شەقامەکە ، کە رێگای چوونە ماڵەوەیانە و شۆڕبوونەوە و لە مژێکی خۆڵاوییدا ون بوون . وەك کارێکی هەژێنەر سەرکەوتوو بوو ، بەڵام وەك نمایشێکی کشتووکاڵیی ئابڕووبەر بوو ، ئەم بەزمە زۆر زیاتر لەوەی دوژمنەکانمان خەونیان پێوەدەبینی ، ئاستەنگی لەبەردەم بڵاوبوونەوەی بەکارهێنانی ئامێری مۆدێرن پێکهێنا .



## بەشی پێنجەم : سەردانی مەلیك فیسەڵ و کۆمسیۆنی کۆمەڵەی گەلان

## ١٩٢٤-١٩٢٥

ئێستا (دیسامبەری ١٩٢٤) کە نەزم و ئارامیی لە نێوچەکەدا هاتۆتەدی، لەلایەن دەسەڵاتدارانی بەغداوە وابە باش زانرا کە مەلیك فەیسەڵ سەردانی لیواکانی باکوور بکات ، بێ لە سلێمانی ، کە تا ئەو دەمە لە دەرەوەی دەسەڵاتی عارەبدا مابۆوە و لە سایەی بەڕێوەبەرایەتیی راستەوخۆی کۆمیسێری باڵادا بەڕێوەدەبەرا .

دانیشتوانی شاری موسڵ جگە لە گەڕەکە کریستیانیی و جولەکە نشینەکانی نەبێت ، بە رەگەز و زمان عارەب بوون و فەیسەڵیان قبوڵ بوو، هەر بۆیە وەك یەکەمین شار لە لیستی سەردانی مەلەکییدا دەستنیشانکرا ، هەولێر دانیشتوانەکەی کورد و تورکمان بوو ، فەیسەڵیان پەسەند کردبوو ، بەڵام پاش هاندان و ئەمسەر وئەوسەرێکی زۆر ، ئەگەر فشار نەبێت . کە دەبێت لەسەر ئەو مەسەلەیە من لۆمە بکرێم ، ئەویش دووەم شار بوو لە سەردانەکەدا ، ئینجا سەرەی کەرکوك دەهات ، کە زۆربەی دانیشتووانی شارەکەی تورك بوون و هیچ گوێیەکیان بە عارەبە زمان لوس و خۆبەرەپێشەکان نەدەدا و فەیسەڵیان رەتکردەوە ، بەڵام وێڕای ئەوەش لە سایەی حوکمی بەڕێوەبەرایەتیی عێراقدا بوو ، بەهەر حاڵیش ، دەکەوێتە سەرە رێگای گەڕانەوە بۆ بەغدای پایتەخت .

لە رۆژی دیاریکراودا ، ئەحمەد ئەفەندی متەسەرف و چارلس لیتڵدل ی فەرماندەی پۆلیس و من ، بەرەو دواسنوری لیوا بەرێکەوتین کە ئەوکات بوارە تەنکاییەکەی زێی گەورە بوو لە گوێر . متەسەرف بە هاوکاریی پۆلیس کەوتە کۆکردنەوە و ئامادەکردنی دانیشتوانی ناوچەکە و لە پێش بوارەکەی زێوە بە ریز وەستاندنی ، هەروەها لە دواشەوە لەسەر شەقامە سەرەکییەکە کە بەرەو هەولێر دەڕوات . لەوێ بە پێی دابونەریتی عارەب ، بەچکە حوشترێکیان لە دەروازەی شارەکەدا لەبەر پێی مەلیك سەربڕی . داواکارییەکانی دابینکردنی پێویستییەکانی جەنگ کە لە لایەن جەندرمە و سوپای تورکەوە بە درێژایی ٣٦ مایل زۆر لەسەر

لادێییەکانی ناوچەکە کەوتبوو ، هەر بۆیە بە درێژایی ڕێگاکە تەواوی گوندەکان دوور لە جادەن و هێندێك جاریش لە شەقامە سەرەکییەکەشەوە نابینرێن ، ئەوەی بێزارییەکی زۆری لە کۆڵ کردینەوە .

هاوەڵانی مەلیك بریتیبوون لە ستاف خێزانی و ئەمیر زەیدی برای ، کە کەمتر کەیفی بە سیاسەت و بەڕێوەبەرایەتیی و ئەو شتانە دەهات و دەستبەجێ چوو بۆ ڕاوەماسی لە ژێر چاودێری چارلس دا ، ڕاوەکەش بە بۆمب دەکرا و لەو بڕە بارووده کەمەی لە گەنجینەکەدا هەبوو دەردەهێنرا . هەروەها کۆلۆنێل کۆرنوالیس ڕاوێژکاری نوێی وەزارەتی نێوخۆ کە چووبووە جێگاکەی فیلپی ، ئەویش لەگەڵ ئامادەبووانمدا بوو . ئەو لەگەڵ ئێمە مایەوە لە کاتێکدا متەسەرف لەگەڵ کەژاوەی مەلیکدا سەرکەوت و بەرەو مەزڵەکەی ئەبوبەکر (مەلائەفەندی) کەوتنە ڕێ ، کەوەك باشترین شوێنی دابەزین و حەوانەوە و مانەوەی مەلیك هەڵبژێردرابوو .

ئەوە یەکەم جار بوو بۆ من کە مەلیك لەدەرەوەی شوێنە تایبەتییەکەی خۆی کە کۆشکەکەی بەغدابوو ببینم ، بەڕاستی ئەزموونێکی سەرنجڕاکێش و خۆش بوو . ئەو لە بنەماڵەیەکی ئاینیی ، نمونەی میرایەتیی عارەبی سەدەی نۆزدە پەروەردە ببوو کە حەوتساڵی یەکەمی لە نێو حەرەمخانەدا دەباتە سەر ، پاشان مێرمنداڵی لە نێو خێوەتەکانی بیاباندا دەگوزەرێنێت تاکو لە ژینی شێخەکان و پیاوە خێڵەکییەکان فێربێت ، لە کۆتاییشدا دوا خولی لە سەرای سوڵتانی لە ئەستەمبوڵ وەردەگرت ، تاکو شارەزایی لە تێکڕای ئەو پیلان و فێڵ و تەڵەکانە پەیدا بکات کە سەرەداوەکانی لە پایتەختی ئیمپراتۆریی عوسمانیی بە ساڵاچوودا دەچنرا . ئاکاری فەیسەڵ سەرنجڕاکێش و جوان بوو ، بێ ئەوەی زۆر لە خۆی بکات میوانەکانی خۆشحاڵ دەکرد . ئەگەر بۆ دیدەنی یەکێکی بۆ لای خۆی بانگ بکردایە ، کاتێك کەسەکە دەردەکەوت ، فەیسەڵ لەسەر کورسییەکەی خۆی هەڵدەستایە سەرپێ ، لەپاڵ کەسەکەدا بە هێمنی دادەنیشت ، تەنانەت سیغاری بۆ میوانەکەش دادەگیرساند ، ئەو کارەی نیشانەی خزمەتکارە بۆ گەورەکەی ، ئەو زیاتر چێژی لە ژن دەبرد تا



مەینۆشیی ، کاتێك ویستی چاوی پێمبکەوێت بانگی کردمە سەربانی بارەگای سیاسیی ، وێڕای ئەوەی لە دانیشتنەکە خۆشخاڵبووم ، زۆر بە کەمی پێکێك یان دوو پێکێکی لەگەڵمدا هەڵدا ، لە کاتێکدا بە پرسیار داباریبووە سەرم و دەیویست لەمەڕ ڕەوشی لیوای هەولێر و خەڵکەکەی بپێچێتەوە ، ئەو لە زمان لووسی و ماستاوچێتی کۆشك تێر ببوو ، دەیویست ڕاستی ڕووت بزانێت ، بێئەوەی بڕنجێت و بێهیوا بێت .

سەبارەت بە ڕەعیەتی خۆی هیچ کات میوانداریی ڕەتنەدەکردەوە ، پیرە خێڵەکییەکی چڵکن بۆی هەبوو بەسەریدا بنەڕێنێت بێئەوەی سزای خۆی وەرگرێت ، تەنانەت لە کاتی سەرخەوشکاندن و حەوانەوەشدا . بە پێچەوانەی کارمەند و خزمەتکارەکانی کۆشك کە لە هەموو چیزەیەك بوون و هێندێکیشیان ساختەچیی و خوێڕیی بوون . هێندێك لەسەرخێڵەکان بانگهێشت کرابوون بۆ شوێنی پێشوازیی مەلەکی ، لەپاشان دا هاواریان لێهەستا لەبەر ئەوەی کاتژمێرەکانیان دزرابوو .

کاتێك کەژاوەی مەلیك بە هاوەڵی متەسەرف و داروودەستەکەی بۆ نوێژی هەینی سەردانی مزگەوتی گەورەیان کرد ، مەلیك فەرمانی دا بە یاوەرەکەی وەك دابێکی فەرمیی لە بۆنەیەکی وادا ١٠٠ ڕوپیێ ببەخشێت بە هەژارانی شارەکە و بیداتە دەستی متەسەرف . کاتێك ئەحمەد ئەفەندی جانتاکەی کردەوە تەنیا ٥٠ ڕوپیی تێدا بوو ، ئەو بێئەوەی لە ئاکاری دەربار تێبگا ، کەوتبووە پرسینی ئەو ناتەواویی و دژبەیەکییە ، تاکو لەناکاو لەلایەن سەرۆکی دیوانی مەلەکییەوە دەمکوتکراو پێیگوت:" ماتوڵ مەلیك ١٠٠ ی فەرمووە جەنابت دەبێت هەرچەندە بێت بە حیسابی ١٠٠ وەریگریت " . هەروەك ئامادەبووان و نوێنەرە هەواڵنێرەکانیش گوێیان لە فەرمانەکەی مەلیك بوو ، هەر بۆیە تەنیا چارە بۆ پارسەنگی بڕە پارەکە دەبوایە لە بودجەی شارەوانییەوە دەرچێت .

چەند ساڵێك بوو لە هەوڵی ئەوەدابووم فەرمانی کردنەوەی خوێندنگایەکی نوێتر و گەورەتر بەدەستبهێنم ، بەڵام هەمیشە لە لایەن وەزارەتی داراییەوە لە بودجەکە ڕەشدەکرایەوە ، ئەمێستا مەلیك هاتۆتە ئێرە، ڕێگەکەم بۆ ئاسان بووە . بەرپرسی

بەشی گشتیی لە هەولێر ، ئەندازیارێکی بەریتانیی زۆر چاك بوو (مێجۆر دەبلیو.ئەی.پاڤەر) یان پێدەگوت ،راوێژم پێکرد ، ئەم پیاوە زۆر شارەزا بوو لە ئەنجامدانی کاری کتوپڕو سەرپێیدا ، دەستوبرد نەخشەیەکی بۆ خوێندنگاکە کێشا لە شوێنێکی وادا کە بەرامبەر سەرای حکومەت بێت . کارەکەشەی بەوە تەواوکرد کە بە چیمەنتۆ تابلۆیەکی وەك بەردی بناغە داڕشت و بە عارەبی لەسەری نووسرا :" ئەم بەردی بناغەیە لەلایەن حەزرەتی مەلیکی موعەزەم فەیسەڵی یەکەم و بەبۆنەی یەکەمین سەردانی بۆ هەولێر دانرا " ، مێژوو ...هتد .

لەیەکەم دەرفەتدا داوام لە مەلیك کرد ئەگەر قبوڵی بفەرموێت رەزامەندیی خۆی لەوبارەیەوە نیشانداد ، ئەویش بەوپەڕی خۆشحاڵییەوە مەسەلەکەی وەرگرت و بەڵام رۆژی دواتر فەرمانیدا ئەنجامبدرێت .

ئەحمەد ئەفەندی ئەوەی دەزانی کە زۆربەی منداڵەکان هەر ئەوەندە عارەبی دەزانن کە قوتابیانی ئینگلیزی قوتابخانەیەکی ئامادەیی فەرەنسیی دەزانن ، هەربۆیە بە وریایی منداڵێکی زیرەکی عارەبی هەڵبژارد کە خەڵکی شوێنێکی دووری وەك حیلە بوو (لەسەر فوراتە لە باشووری بەغدا) تا گوتاری بەخێرهاتنەکە پێشکەش بکات و بە باشی راهێنانی لەسەر کرد . کاتێك وەختی ئاهەنگەکە هات ، ژمارەیەکی زۆر لە منداڵەکان ریزیان بەستبوو ، لەپێشەوە پیاوماقوڵان لەسەر کورسی دانیشتبوون . خاوەنشکۆ زۆر دڵشاد بوو کاتێك گوێی لە گوتارەکە بوو بەو عەربیە پاراوە خوێندرایەوە ، هەرچەندە من لەوە بەگومانبووم کە مەلیك ئاگاداری ئەوەبێت جەماوەرەکە هیچ لە گوتارەکە تێنەگەیشتن . ئەویش هەستا وەك باوە ئاهەنگەکەی پیرۆز کرد . کاتێك بۆنەکە تەواو بوو مایەی شادیم بوو نووسینێك بۆ وەزارەتی دارایی بنووسم و سەبارەت بە هەواڵی ئاهەنگی دامەزراندنی قوتابخانەکە ئاگاداریان بکەم مل بە ملێی ئەویا لەگەڵدا بکەم ئەگەر دەوێرن با ئەمجارە لە بودجەکە بەشی قوتابخانەکە رەشکەنەوە . بەوەش مێژووی فەرمیی قوتابخانەکە دەستیپێکرد ، بەڵام لە پشتی دیمەنەکەوە رووداوێکی نەخوازراو روویدا .



کاتبێکی کریستیانی هەبوو کە لەلایەن ئەفسەری ئیستخباراتەوە لە هەولێر دامەزرابوو ، ئەم پیاوە برایەکی هەبوو عەقڵی نەختێك ناتەواو بوو ، بەتایبەتی کاتێك مانگ چواردە دەبوو ، ئەو ماوەیەی یەکسەر پاش سەردانەکەی مەلیك روویدا .وێڕای ئەوە ئەو کابرایە عارەقێکی زۆری خواردبۆوە ، ئەوەش وایلێکردبوو عەقڵی تا رادەی شێتی لەدەستبدات . ئەو بە پرتاو بەرەو بەردی بناغەکە خۆی کوتاو تاویدایە لە بنەوە هەڵیکەند و تا هێزی هەبوو تابلۆکەی فڕێدایە چاڵێکەوە کە لەو نزیکانەوە بوو ، لە گەڵیدا نەڕاندی : " فەیسەڵ کێیە ؟ من عیسای مەسیحم و لێرەدا رێگە بە دانانی بت نادەم " . پاش ئەوە رۆیشت و دیار نەما ، لەدوای سێ رۆژ لە سەربازخانەی ئاسورییە لیڤییەکان لە کانی وەتمان لەبەرامبەر دەروازەی گەرووی رەواندزدا، سەرووکەللەی دەرکەوت ، لەوێ رایگەیاند کە سیخوڕی تورکەکانە نەهاتەوە هۆش خۆی هەتا فەرماندەی سەربازخانەکە لەسەر مێزە درێژەکانی نانخواردن رایکێشا و بە تێلایەکی پۆلۆ شەش دانەی باشی تێسرەواند و حەسیر مەیانێکی چاکی کرد .

ئەو ئێوارەیەی پێش سەردانەکەی مەلیك بۆ شاری کەرکوك (١٩ی دیسامبەری ١٩٢٤) هەوا ئاڵۆز بوو ، باران دەستیپێکرد ، رێگاکان بوونە قوڕولیتە ، گۆلاو و ئەو سەرچاوە ئاوانەی رێگایان نەبوو سەربکەن گەڕانەوەو سێلاویان پێکهێنا ، خەڵکەکە بەو بارانە خۆشحاڵبوون و ئەوەیان بە مژدەی شینبوونی تۆوەکانیان دەبینی بە بەرەکەتێکی پێوقەدەمی مەلیکیان دەزانی . بەڵام بۆ ئەوانەی لە مەسەلەی گێڕانەوەی مەلیك بۆ دوا سنوری لیواکە بەرەو رێگای کەرکوك بەرپرسیاربوون مایەی بێزاریی بوو . وەك ئامادەکارییەکی سەرەتایی ، پۆلیس بە هێستر و کەلوپەلی راکێشانەوە لە دوای نیوەشەو رەوانەکران تاکو لە شوێنە مەترسییدارەکاندا چاوەڕێ بکەن و لە کاتی تێپەڕینی کەژاوەکەدا ئامادەبن هەر ئۆتۆمبێلێك چەقی رایکێشنە دەرەوە . هەموو ئۆتۆمبێلە تایبەتییەکانی شار کۆکرانەوە تا لە کاتی گەڕانەوەی مەلیك دا بەدوایەوەبن .

لە بەیانی ڕۆژی دواتر (٢٠ی دیسامبەری ١٩٢٤) باران هێشتا دەباری ، کۆرنوالیس پێشنیازی ئەوەی کرد گەڕانەوەی مەلیك دوابخرێت ، بەڵام من دژ وەستام ، لەبەر ئەوەی لەو وەرزەی ساڵدا یەکەمین باران دەگونجێت چەند ڕۆژێك بخایەنێت ، تەڕوتووشیی زیاتر ڕێگاکان بگرێتەوە ، تائەو کاتە ٦ئینچ بەرەوخواری زەوی وشك بوو . وێڕای ئەوەش هێشتا هاندەرێکی دیکە هەبوو کە پەلە لە گەڕانەوەی مەلیك دا بکرێت . لەکاتی سەردانەکەی مەلیك دا کەسوکاری زیندانییان لە دەوری مەلیك کۆبوونەوە ، دیارە بە پێی دابی مەلەکی ماوەی حوکمی ژمارەیەك زیندانیی کەمکردەوە . گەر مەلیك کەمێك زیاتر لە هەولێر بمابایەوە چاوەڕێی ئەوە دەکرا تەواوی ئەو دز و جەردانەی زۆر بەزەحمەت کۆکرابوونەوە لە زینداندا بێنەدەر و بگەڕێنەوە سەر ئیشەکۆنەکەیان . دواجار بڕیار لەوەدرا کە بەرنامەکەی مەلیك کۆتایی هاتووە ، ئەو چاوی بەو خەڵکانە کەوت لەوێ کۆببوونەوە ، هیچ شتێکی بۆ جێنەهێشتن کە بیکەن ، زۆرێکی واش بۆ وڵات خزمەتکارەکانی نەمایەوە بەفیڕۆیدەن . وێڕای ئەو هۆکارانە ، ئەوەمان بە تەواویی زامنکردبوو کە دەیگەێنینەوە شوێنی خۆی ئەگەر ناچاربووین ئۆتۆمبێلەکەی بە پاڵ بەرین ، ئەوەش شتێك بوو چەسپا .

بۆ ئالتون کۆپری نزیکەی ٣٥ مایلێکە ، کە لە حاڵەتێکی زۆر خراپدا تەواوی پێویستییەکانی حەوانەوەی لێبوو تا ئەگەر ناچاربوون مەلیك شەو لەوێ بمێنێتەوە . هەرچۆنێك بێت لەوێبەدواوە خاکی زەوییەکە تەنکترە تا ئەو قوڕە خەستەی دەشتی هەولێر ، هەربۆیە ڕۆیشتنیش لەسەری خۆشتر بوو .

کاروانەکە لە ساتی ٩ی پێش نیوەڕۆ دەستپێکرد ، چونکە ڕێگاکە قوڕونشێو بوو ، ماشێنی ئۆتۆمبێلەکان زیاد لە پێویست گەرمبوون و رادێتەرەکان دەیانکوڵاند . ئەوەش ناچاری دەکردن کە لە دواپلەی گەرمبووندا ئۆتۆمبێلەکان بکوژێنرێتەوە پێش ئەوەی بەرەوخوار بخزێتە لێواری ڕێگاکە و کۆنترۆڵی تەواوی بەسەردا نەکرێت . زۆر جار ڕێدەکەوت ئۆتۆمبێلێك لەسەر ڕێگاکە دەخزا یاخود قەڵەمبازێکی بۆ نێوگۆلاوێکی قەراغ شەقامەکە دەدا و سەرنشینەکانی لە لایەن ئەوانەی لە پشتەوە دەهاتن



هاوکاریی دەکران و پاڵ بە ئۆتۆمبێلەکەیانەوە دەنرا . جا یان تایە چەقیوەکەیان لە قوڕەکە دەردەهێنا ، یاخود بەرەوخوار دەڕۆیی و گێڕبۆکس و کلاچ و ئەکسلەکەی دەشکا . هەر زوو دەرکەوت کە ئۆتۆمبێلە قورسەکانی مەلیك و ئەندامانی خێزانەکەی هەرگیز بە ئاسانی تێناپەڕن ، هەربۆیە خۆی و دارودەستەکەی دەگواسترانەوە بۆ ئۆتۆمبێلێکی فۆردی مۆدێل تی گەر بهاتایە یەك لە ئۆتۆمبێلەکانیان بشکایە . بەوەش پاش لانی کەم شەش سات و دوای ئەوپەڕی ماندووبوون ، کە تێیدا لانی کەم شەش ئۆتۆمبێلمان بۆ مەلیك گۆڕی ، ئینجا توانیمان مەلیك بگەێنینە ئەو کاروانەی کە لە کەرکوکەوە هاتبوون و لەودیو ئالتون کۆپرییەوە چاوەڕێبوون . لە ڕاستییدا جگە لە چەقینی ئۆتۆمبێلەکان هیچ قوربانییەك نەبوو ، هەرچەندە دواتر بیستمانەوە کە پۆلیسێکی هاتوچۆ لەدەرەوەی کەرکوك لە ڕووبارەکەی یاروەلی ڕێنوێنی کاروانەکەی مەلیکی کردووە و ڕێگای لێتێکچووە و کەوتۆتە سێڵاوەکەوە و خنکاوە .

هەوڵی گەڕانەوەمان لەو شەوەدا زۆر بێسوود بوو ، هەربۆیە بەرەو گوندێکی نزیك کە ناوی باشتەپە بوو بەڕێکەوتین و شەمان لەگەڵ خدربەگی کوڕی ئەحمەدپاشا دا بردەسەر . خۆشحاڵییەکی گەورە بوو جارێکی دی ئەرکەکەمان لە کۆڵ بۆوە و دەستو پێمان کرایەوە چۆنمان دەوێت وا هەڵدەسوڕێین ، بەڵام ئەوە زۆری نەخایاند . پێش ئەوەی درێژە بە گێڕانەوەی ڕووداوەکان بدەین ، دەرفەتێکی گونجاوە ئاماژە بە کورتە مێژوویەکی ساسیی نوێی عێراق بکەین ، ئەو ناوە فەرمییە نوێیەی لە لایەن (تۆمایسی) بەریتانییەوە بۆ ئەو هەرێمەی پێشووی تورکیا کە میسۆپۆتامیایە ، ئاماژەی پێدرا.

لە ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩١٨ دا ، سوپاکەمان بە تەواوەتی لەشکرێکی تورکیی لە شەرگات تێکشکاند ، تەنیا بۆ دۆزینەوەی تیپێکی سوپای تورکیی کە لە ئەنەدۆڵەوە بەو زووانە گەیشتبوونە ئەو ناوە و لە نێوەندی شاری موسڵدا سەربازگەیان خستبوو . لەو کاتەدا ئاگربەست لە فەلەستین ڕاگەیەندرا و فەرماندەی تورك ئاشکرای کرد کە ئێمە پاش ئاگربەستەکە ئیدی مافی پێشڕەوییمان نیە . لەبەرئەوە مەسەلەی

چۆڵکردنی موسڵی ڕەتکردەوە . جێگری فەرماندەی گشتیمان (ژێنراڵ سێر.دەبلیو.ئار.مارشاڵ) وێڕای ئەوەی لە بەغداوە فڕی و بەفەرماندەی تورکی ڕاگەیاند کە ئێمە بەڵێنمان داوە تەواوی میسۆپۆتامیا بە ویلایەتی موسڵیشەوە ڕزگار بکەین . هەر بۆیە گەر بێتو تورکەکان شارەکە و تەواوی ویلایەتەکە چۆڵنەکەن ، ئەو واتە مارشاڵ هێرشەکانی خۆی دەستپێدەکاتەوە و بەشەق لە ناوچەکەیان دەردەپەڕێنێت . لەسەر ئەوبنەمایە ڕۆیشتین ، بەڵام هەرگیز بە شێوەیەکی فەرمیی ئەو مافەیان بۆ ئێمە نەسەلماند ، ئەوەی ئێستا بابەتی ململانێیەکەی ڕاگەیاندن و گفتوگۆیە لە پاریس و فاکتەری کردنەوەی مەیدانی جەنگێکی غەیرە نیزامی سەر سنورە لە ماوەی شەش ساڵی ڕابردوودا .بەڵام دواجار گەیشتنە ڕێکەوتن کە سەر بۆ بڕیاری کۆمەڵەی گەلان دانەوێنن ، ئەوەی کۆمسیۆنێك بۆ لێکۆڵینەوەی کێشەکە لە ماوەیەکی دیاریکراودا پێکدەهێنێت. ئەو کۆمسیۆنەی ئێستا (یەنایەری ١٩٢٥) لەناکاو گەیشتە موسڵ . کۆمسیۆنەکە لە سێکەس پێکهاتووە ، سەرۆکەکەی بە (ئی.ئەف.ویرسن) ناودەبرا ، کابرایەکی ئێسکگرانی لووتبەرزی لەخۆبایی فووتێکراوی سروشت جەرمانیی بوو . بڕواناکەم کەسێك هەبێت لەوەگەیشتبێت کە ئەو کابرایەیان بۆ هەڵبژاردووە ، یاخود چ هونەرێکی جیاواز لەم کابرایەدایە هەیە و لە خەڵکی ئاسایی سەرجادەدا بەدیناکرێت . زۆر ئەستەم بوو باوەڕ بەوە بکرێت کە سوئێد پیاوێکی لەمە باشتری بۆ ئەم ئەرکە تێدا هەڵنەکەوتووە . ئەندامی دووەم بریتیبوو لە (کۆنت پاول تلکی) ، ئەریستۆکراتێکی هەنگاریی بوو ، وەك وەزیری دەرەوە وڵاتەکەی خۆی سەراپا یەکخستەوە و لە ڕژێمی کۆمەنیستی بلاکۆن ڕزگاری کرد . لە ئەنجامی ڕێکەوتننامەی ئاشتییەوە ، موڵك و باخەکەی کە لە ترانسلفانیا بوو ، لەدەستدا . ئەو شوێنەی کلێسای بنەماڵەکەی و ئارامگای باووباپیرانی لێبوو . ئەو پرۆفیسۆرێکی گەورەی جوگرافیا بوو ، لایەنگرێکی سەرسەختی کۆمەڵگای تۆرانییەکان بوو ، ئەو گروپە زانستییەی بانگەشەی ئەویان دەکرد کە ڕەگەزی تورك و هەنگارییەکان لەیەك بنەماوە سەرچاوە دەگرن . لەدەستدانی موڵك و باخەکەی



کەسەرێکی خستبۆ دڵییەوە کە تا دواتەمەنی لێی جیانەبۆوە ، سۆزیشی بەلای تورکەکاندا دەیکردە کەسێکی سەرسەخت و نەبیست . وێڕای هەموو ئەوانە ، کابرایەك بوو بە ئەزموون مێباز بوو . سێهەم ئەندامیان (کۆلۆنێل ئەی.پاولس) ئەفسەرێکی بێلژیکی و خاوەن ئەزمومێکی گەورە بوو لە کۆنگۆ ، کە ڕوخسارێکی جوان و سەرنجڕاکێشی هەبوو .

کۆمسیۆنەکە وەرگێڕ و سێهەڵسەنگێنەر یاخود فس فس پاڵەوانی تورکیشی لەگەڵ بوو . سەرۆکەکەیان جگە لە ژێنراڵ جەوادپاشا جێگری فەرماندەی گشتیی سوپای تورك ، کەسێکی دیکە نەبوو ، ئەو کەسەی کە لە گالیپولی بەرنگارمان بۆوە . دووهەمیان نازم بەگ ئەندامی بنەماڵەی نەفتچیزادەی کەرکوك بوو ، ئەوەی پێشتر و دوای داگیرکردنی ناوچەکە لە لایەن ئێمەوە ، هەڵات بۆ تورکیا ، سێهەمیان فەتاح ئەفەندی خزمی شێخ مەحموود بوو لە سلێمانی ، ئەو شێخەی کە ئێستا وەك یاخییەکەك لەسەر سنوری ئێرانە .

گەیشتنی کۆمسیۆنەکە بۆ موسڵ شتێکی نالەبار بوو . دەسەڵاتداران ئامادەکارییان نەکردبوو ، پێشوازییەکە کاڵوکرچ بوو . مەلیك چەند ئەفسەرێکی عارەبی بە جلی دەشتەکییەوە ناردبووە موسڵ تا خەڵکە ڕەشۆکەکە هانبدەن بە قازانجی عێراقییبوونی ویلایەتی موسڵ خۆپیشاندان بکەن . هەروەها پۆلیسیش کارێکی قۆڕیان ئەنجامدابوو ، بەوەی کەلوپەلی کۆمسیۆنەکەیان بە نهێنیی پشکنیبوو ، ئەو کۆمسیۆنەی بەهۆی تایبەتمەندیی دپلۆماسییەوە مافی پارێزراوی خۆی هەبوو ، پاش ئەوەی بەو کارەشیان زانی بێزاریان نیشاندا . موسڵ شیکاگۆی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە ، شارەکە خەڵکەکەی چەکدارە و زووخرۆش و ترسناکن ، تێکڕای هەلومەرجەکە نالەبار و ناجۆر بوو .

لە حاڵەتێکی بەو شێوەیەدا ، بێهیچ ئاگادارکردنەوەیەك ، بەیانیەکیان بەفر دەباری ، فڕۆکەیەك نیشتەوە و فەرمانێکی بەپەلەی پێبوو تاکو خۆم کۆکەمەوە و بەرەو بەغدام بەرێت . بێ کات بە فیرۆدان هەڵفڕیین ، بەڵام بەفرەکە ئەوەندە توند

دەباری ناچار لە کەرکوك نیشتینەوە و فراوینم لە گەڵ ئەفسەرانی پۆلەکەدا خوارد چاوەڕیی ئەوەبووین کەمێك خۆشبکاتەوە ، ئەوەش ساتێ یان دووی خایاند . پاش ئەوەی هەڵفڕینەوە سەرسام بووم چاوم بەوەکەوت کە تەواویی وڵات لەخوار بەغداشەوە تارایەکی زیوینی بەفر داپۆشیبوو . لە زستاندا هەمیشە بەفر لە باکووری وڵات دەکەوێت بەڵام کەسێك ئەوەی نایەتە یاد هیچ کاتێك بەفر تا بەسرەی گرتبێتەوە . بە بێوەی نیشتینەوە ، چوومە نێو ئۆتۆمبێلەکەی کۆمیسێری باڵا کە چاوەڕێ بوو ، بەزوویی بردینییە ئۆفیسی (بەرنارد لویس) سکرتێری یاریدەدەری کۆمیسێری باڵا کە دەستبەجێ پوختەی هەلومەرجەکەی بۆ روونکردمەوە تا ئەو کاتەی سێر هێنری دۆبس خۆی دەیویست چاوی پێمبکەوێت ، بەڵام لەبەر ئەوەی بارودۆخەکەی موسڵ ئاڵۆز بوو ، هەر بۆیە بە پەلە بڕیاریدا خۆی بچێتە ئەوێ . ئەو بە وریاییەوە گوتارێکی ئامادەکردبوو لەوێ بۆ کۆمسیۆنەکەی بخوێنێتەوە ، بەڵام بەهۆی نیشتنەوەی خراپی فڕۆکەکەی زمانی گەستبوو ، نەیتوانیبوو قسان بکات ، ئەو تا ئەو کاتەی لەوێ بوو سەرقاڵی ڕێکخستنی تیمەکان بوو .

کۆمسیۆنەکە دوای یەکەم ئەزموونی لە موسڵ ، بڕیاریدابوو ببێتە سێبەشەوە ، هەر ئەندامێك بۆ لیوایەك ، لە تەواوی بوارەکانی ژیانی گشتیی، ڕەگەزی خەڵکەکە ، ئاین ، زمان ، کشتوکاڵ ، بازرگانیی ، هاتوچۆ بکۆڵنەوە و دواتریش بە نهێنی خواستەکانیان سەبارەت بەو حکومەتە ئایندەییەی دەیانەوێت ، تورکیی بێت یان عێراقیی ، بزانن . دوای کۆتاییهاتنی لێکۆڵینەوە یەکلایەنەکەیان ، سەرلەنوێ کۆدەبنەوە و لە تێبینیەکانی هەر یەکەیان دەکۆڵنەوە و پاشتر دووبارە پێکەوە سەردانی لیواکان دەکەن تا بۆ دواجار مەسەلەکان تاوتوێ و گەڵاڵە بکەن ، پێش ئەوەی بە یەکجاریی بۆ سوێد بگەڕێنەوە و ڕاپۆرتەکەیان ئامادەبکەن و دوا پێشنیازبکەن . لیوای هەولێر بۆ کاونت تلکی تەرخانکرا ، لیوای موسڵ بۆ وێرسۆن و کەرکوك و سلێمانیش بۆ کۆلۆنێل پاولس . سەبارەت بە ئێمەش ، جاردین بۆ موسڵ دانرا ، من بۆ هەولێر ، ئیدمۆندسیش بۆ کەرکوك و سلێمانی . چونکە سێر هێنری



دۆبس لەوێ نەبوو ، لەلایەن کۆنسوڵەوە دیدەنی کرام و ئەرك و کارەکانی بۆ روونکردمەوە ، دواتر بردمیە ماڵی خۆیان ، شێوی دامێ و هەر لەوێ خەوتم . بەیانی بە فڕۆکە ڕاست بۆ هەولێر گەڕامەوە .

کاتێکی کەم بەدەستەوە مابوو کە ئامادەکاریی تێدابکرێت بۆ کۆنت تلکی و هاوەڵەکەی ، یەکەم شت کە دەبوایە بۆ خۆی و وەرگێڕە هۆڵەندییەکەی (جی.ئێچ.کرامەرز) بکرێت . دابینکردنی شوێنێکی باشی مانەوە و حەوانەوە بوو . پاراستنیان بوو لە دز و خۆپیشاندەری ئاژاوەگێڕ ، بەڵام دەبوایە ئاسانکاریشیان بۆ بکرێت تا پەیوەندیی بەو خەڵکانەوە بکەن کە حەز دەکەن بیاندوێنن ، یان ئەو حەز دەکات قسەیان لەگەڵدا بکات . پۆلیسێکی لێهاتووش تەرخانکرابوو کە شەوورۆژ پاسەوانیان بکات ، بە وریاییەوە هەواڵەکان هەڵگرێتەوە و تێبینی هەر هاتووچۆیەك بکات و حکومەت و منی لێ ئاگادار بکاتەوە ، هەروەها دار ونەوتیش بۆ خۆگەرمکردنەوە . ئەوان خزمەتکاری خۆیان ، کەلوپەل ، شەراب ، میوەجات و تەختەوجێگای خۆی هەبوو ، کە دەبوو سەربەخۆ بن .

لەراستییدا یەکەمین کاری گرنگ دەبوایە بۆ ئەوە بێت کە تلکی لە کەشوبایەکی وادا رابگرین تێیدا هەست بە ڕێز و ئازادییەکی ئاشکرا و خۆشییەکی تەواو بکات . هەر چەندە بۆ یەکەمین شەو بڕیارمدا کە میوانداریییان بکەم . تورکەکان و هەموو ئەوانی دیکەش ، بە هیوای ئەوەی پاش نەرمکردنیان بە شێو و شەرابخواردنەوە ، بگەمە ئەو سەرەداوەی کە لە ململانێی داهاتوودا باشترین فریادڕەسمان بێت . ئەحمەد ئەفەندی ، چارلس و من ، تیمێکی نزیك بووین و باشترین پەیوەندیی هاوڕێیەتیی لە نێوانماندا هەبوو . سەبارەت بە چارلس و من ، مەسەلەکە چێژ و خۆشییەکی گەورەی تێدابوو ، بۆ ئەحمەدیش مەسەلەکە زۆر گرنگ بوو ، چونکە گرەو لەسەر وڵاتەکەی دەکرا و ئەگەر ئێمە گەمەکەمان بدۆڕاندایە ، ئەگەری ژیان و بەردەوامیی ئەویش زۆر لاواز بوو . ئەو ئەوەی دەزانی کە من هەمیشە باشترین هەوڵی ئەوەم دەدا دڵی ڕاگرم و ئەویش بە ڕێزێکی زۆرەوە پێزانینی خۆی دەردەبڕیی

و زووش هاته نێو گەمەکەمانەوە ، ئەو پەیوەندی بە مەلا ئەفەندیەوە بوو ، مەزنەمەلا و ئاراستەکەری هۆشیاریی خەڵك و باوکی بڕواپێکراوی لیواکە و ئامۆژگار و راوێژکاری زۆربەی پیاوماقوڵان و سەرخێڵەکان ، هەربۆیە بێ نیشاندانی هەراوهوریایەکی ئاشکرا ، بێ دانان و بەکارهێنانی هیچ کوسکەشێك یان سیخوڕێکی پسپۆڕی دووسەرە ، دەستبەجێ دەمانزانی چی لە شارەکەدا روودەدات ، تەنانەت لە پشت پەردەی حەرەمخانەشەوە .

یەکەمین شت ئاشکراکرا بریتیبوو لە هاتنی ژمارەیەك ئەفسەری سوپای عێراق بە جلوبەرگی ئاساییەوە . ئەوان بانگکرانە ئۆفیس و سەبارەت بە هاتنیان بۆ هەولێر پرسیاریان لێکرا ، ئەوان بە شانازییەوە دانیان بەوەدانا کە لەلایەن کۆشکەوە نێردراون تا هانی خەڵکە رەشۆکەکەی هەولێر بدەن دژی تورك ، سەرەتاش ئەوەیان پێشنیازکردبوو لە یەکەم دەرفەتدا تف بکەنە نێوچاوی تورکەکان . ئەمە تەواو پێچەوانەی بۆچوونەکەی ئێمە بوو ، چاوەڕێی چاکەیەکم لەم جۆرە هەڵسوکەوتانە نەدەکرد و بە پێچەوانەوە پێموابوو زیان لە کێشەکەمان دەدات ، هەربۆیە پێیان گوترا دەستبەجێ بگەڕێنەوە بۆ بەغدا [٢٥]. ئەو دەمە هەستم بە حەوانەوەیەك کرد کە چارلس ئاگاداری کردم کەوا ئەو تاقمەی بینیوە لە هەولێر دەرچوون .

[25] لە راستییدا هەریەکە لە حکومەتی دەسەندەخۆری ئینگلیز لە عێراق و تورکەکانیش کەوتبوونە جموجۆڵێکی ئاشکرا بۆ ئەوەی سەرنجی گەلی کورد بەلای خۆیاندا رابکێشن ، هەر لە بڵاوکردنەوەی پرۆپاگەندە و پەیوەندییکردن بە سەرۆك خێڵ و کەسایەتییە متمانە پێکراوەکانیان و پارە و بەخشینەوەی بەڵێن تا دەگاتە چاوسوورکردنەوە و هەڕەشە و گرتن و زینداننییکردن . بە تایبەتیی ئینگلیزەکان لە هەولێر و سلێمانیش لە راوەدوونانی نەیارانی خۆیان و ئەوانەی کە پێیان وابوو کە نابێ کۆمسیۆنەکە ببینن کەمتەرخەمییان نەکرد .یەك لەوانە شاعیری بەناوبانگی کورد (ئەورەحمان بەگی بابان) بوو کە گیراو خرایە زیندانەوە . دیارە تورکەکانیش لەو بوارەدا دەستەوسان رانەوەستان . لەو رووەوە تورکەکان لە سەرەتای هاتنی کۆمسیۆنەکەوە و لە رێگای لایەنگرانیانەوە بەیاننامەیەکیان لە شاری هەولێردا بڵاوکردەوە کە دەڵێت:" ئەی موسوڵمانانی کورد ئینگلیزەکان وا دەزانن ئەنگۆ پیرۆزی و بەرزی ئاینی موحەمەد نازانن ...لە پێناوی هەڵگیرساندنی جەنگ و دوژمنایەتیی لە نێوان دوولایەنی(کورد و تورك) هەڵساون بە دامەزراندنی حوکمدارییەتێکی خۆجێ



رۆژی دواتر ، هەرسێکمان چووینە بوارەکەی گوێڕ لەسەر زێی گەورە بەمەبەستی بەخێرهاتنی کۆنت و تاقمەکەی لەسەر سنوری لیوا . کۆنت تلکی پیاوێکی چلساڵانە ، بەڵام ناوەنجی ، باریکەلە و بە ئاشکرا ژیر و بیرفراوان بوو . ئەحمەد ئەفەندی زۆری پێسەیر بوو ، بە تایبەتی ناوەکەی ، چونکە تلکی لە تورکیدا بە واتای رێوی دێت ، ئەوەش جێگای پێکەنینی خۆشی هەمووان بوو کاتێك بۆ کۆنتم لێکدایەوە . واپێدەچوو گەرمیی پێشوازیی و بەپیرەوەچوونەکەمان سەرسامی کردبێت و شوێنی لەسەریان بەجێهێشتبێت . هەر زوو دەرکەوت کە تلکی پیاوێکی چەند وردە . ئەو بە تێبینیکردنی ئەو بەرگ و خۆڕازاندنەوەیە دەستیپێکرد کە کوردە خێڵەکییەکانی پێدەناسران و سەرنجی ئەوەشی دابوو چەند لەوانە دەچێت کە لە تورکیا هەن و لە رێگای هاتنیاندا لەوێ بینیونی ، بەوەش پیاو تەنیا سەرنجێکی لا دروست دەبوو ، ئەویش ئەوەبوو کە تلکی بە جۆرێك بیری دەکردەوە و لەو بەڵگانە دەگەڕا کە پاساو بۆ تیۆرەکەی دەهێننەوە . وام بە باش زانی کە سەبارەت بەو مەسەلانە لە گەڵی گفتوگۆ نەکەم و لێیگەڕێم ، ئاشکرایە کە ئەزموونەکانی لەو سەردانەی موسڵ کە بەو زووانە کردبووی تێپەڕی نەدەکرد . هەر بۆیە بەوە وازم نەهێنا کە داوا لە ئەو و وەرگێڕە هۆڵەندییەکەی و هەر دوو تورکەکە ، نازم بەگی نەفتچیزادە و ژێنراڵ جەواد پاشا بکەم بۆ شێو بێنە لامان . داواکەمان زۆر بە رێزەوە پەسەند کرا ، لەکاتێکدا

تەنیا بۆ بەرژەوەندیی خۆیان ، خۆیان لەوە گێل کردووە کە کورد و تورك برای ئاینیی یەکترن و یەك ئوممەتن . کاتێك بەریتانییەکان ئەو راستییەیان درك پێکرد حوکمدارییەتەکەیان خۆجێیەکەیان هەڵوەشاندەوە و ناوجەرگەی سلێمانییان دایە بەر بۆمبا، رۆڵەکانیان کوشتن و ماڵومولکیشتانیان وێران کرد ...وا تورکەکان دەگەڕێنەوە تاکو لە دەست کافرانتان رزگار بکەن ...بە کۆمسیۆنەکە بڵێن ئێمە موسوڵمانین و هەر لەگەڵ تورکانی موسوڵمانیشدا دەمێنینەوە ، ئەوانەی خزمەتی ئیسلام دەکەن ، نامانەوێت لەگەڵ عارەب و کافران بژین ...ئەگەر پشتگیریی حکومەتی عێراق بکەن دەبنە هاوپەیمانی عەرەب و کافران ...و چیدی پەشیمانیی دادتان نادات "بڕوانە :
الدکتور عثمان علي ، دراسات في الحرکة الکوردیة المعاصرة ١٨٣٣-١٩٤٦ ،تقدیم الدکتور محمد هماوندي ، اربیل ، ٢٠٠٣ ، ص ٤٦٣ .

ئێمە خۆمان بۆ نالەبارترین حاڵەتی سیاسیی ئامادە دەکرد ، چێشتلێنەرە هیندییەکەمان خواردنە خۆش و بەتامەکەی ئامادە دەکرد .

دوای خواردنی شێوێکی خۆش کە گۆشتی برژاوی کەو بوو ، گەروومان بە چەند پێکێکی ویسکی تەڕکردەوە و لە دەوری ئاگرەکە کۆبووینەوە و لەسەر مەسەلە جیاوازەکان قسەمان دەکرد ، تەنیا بازاڕ و کڕین و فرۆشتن نەبێت . کۆنت لەبەر گەرمای سۆپەدارەکەدا قاچی راکێشا ، سەرنجڕاکێشترین شت کە هزری داگرتم ئەوە بوو کە کۆنت نمونەی کۆنە ئەریستۆکراتێك بوو کە سەدەها سەپان و هەزارەها هێکتار زەوی هەبێت کە راو و نیشانشکێنی لەسەر بکات . هەروەها ماف و دابە پیادەکراوەکانی بارۆن هەر لەوێدا نەوەستاوە ، بەڵکو لە پراکتیکدا لەوەش زیاتر بووە و لە بەریتانیا سنوری بۆ دانەنراوە . ئەوەم بیرچوو بیڵێم ، کۆنت تلکی لە چیای ئەلپ راوە کەڵەکێوی کردبوو ، زۆریش خۆشحاڵبوو کاتێك پێمگوت لە ناوچەکەدا ئاسك و بزنەکێوی هەن . ئەو بە هەر دوو زمانی فەرەنسیی و ئینگلیزیی دەدوا ، زۆر بە نایابیی دەچووینە پێش ...پێش هەستان گوتی حەز دەکات سبەینێ بەیانییەکەی چاوپێکەوتنێکمان هەبێت تا بنەمای کارەکان و پرۆگرامی مانەوەیان دابنێین . هەروەها منیش دڵنیامکردەوە کە هەر کەموکورتییەکی لە شوێنی حەوانەوە ، خزمەتکردن ، ئارامیی و هێمنیاندا هەیە ، ئاگادارم بکاتەوە بە هەموو توانامەوە هەوڵی نەهێشتنی دەدەم ، ...جیابوونەوەمان شێوازی هاوڕێیەتیی وەرگرت .

سەرلەبەیانی رۆژی دواتر ، یەکەم دانیشتنی خۆی کرد ، کە هەردوو راوێژکارە هاوکارەکەشی ، تورکەکە و من ئامادەی بووین ، کۆنت لەو دانیشتنەدا بنەماکانی کاری دارِشت . ئەو دەبوایە لیستێك ناوی پاوماقوڵان و سەرخێڵەکانی لە هەردوولا وەرگرتایە و بەراوردی بکردنایە و بڕیاری دیاریکردنی کاتی چاوپێکەوتنی لەگەڵ بدانایە . هەردوو راوێژکارە هاوکارەکە دەیانتوانی ئامادەبن یان ئامادەنەبن ، بەڵام دەبوایە هەردووکیان بوونایە یاخود هیچیان . کاتێك دەگاتە ئەو خاڵەی کام حکومەتتان پێباشە ، هەردوو راوێژکارەکە دەبوایە پاشاکشە بکەن و وەڵامەکەش



نهێنی دەبێت . ئەو دەیویست ئازادانە لە هەر کاتێکدا هەر شوێنێکی بوێت سەردانی بکات ، بۆ هەر مەڵبەندێکی لیواکە ، بۆ دیدەنی و وەرگرتنی رای خەڵکەکە لە شوێنی خۆیان . هەروەها داوای پێشنیازی هەردوولای کرد سەبارەت بەو شوێنە گونجاوانەی دەبێت سەردانیان بکرێت یاخود ئەو رێگایانەی کە دەبێت بگیرێنەبەر . ئەمەیانم پەسەند کرد و داوامکرد لیستێکیشی سەبارەت بەو خەڵك ،شوێن و رێگایانە بدرێتێ . بەڵام پێمخۆش بووئاگاداربکرێمەوە کە ئامادەبم گەر بێتوو تورکەکان بێنە ئەو شوێنانە . هەروەها سەبارەت بەو خەڵك و کەسانەی کە ئاسانکاریی گەڕان و دیدەنیەکانیان بۆ دەکەن یان وەك پۆلیس لەگەڵ دەستەکەدا دەبن و سەلامەتی دەپارێزن . ئەو تەواو ئازادە بۆ کوێ دەچێت ، بەڵام پاراستنی لە ئەستۆی ئێمەدایە . ئەو زۆر سوپاسی کردم سەبارەت بەو ئامادەکارییانەی بۆ مانەوە و حەوانەوەی ئەنجامدراون . ئەوەش هەموو کارەکانی یەکەم رۆژ بوو .

رۆژی دواتر ، یەکەمین خاڵم دژی تورکەکان تۆمارکرد ، کاتێك نەیانتوانی ناوی هیچ نوێنەرێکی جولەکە و کریستیانیی پێشکەش بکات . لەکاتێکدا من نوێنەری خۆمانم دەستنیشان کردبوو . ئەوەش بەسەر کۆنت تلکی دا تێنەپەڕی . هەر زوو زانیاریی ئەوەمان پێگەیشت کە تورکەکە بەمەبەستی پرۆپاگندە بۆ خۆیان چۆتە دەوروبەری شاری هەولێر . لە لایەکی دیکەوە ئەحمەد ئەفەندیش ئەرکی خۆی بە گونجاوترین شێواز رادەپەڕاند . چی بەسەر ئاینەکەیان دێت گەر تورکەکان بگەڕێنەوە ؟ ئەوە وای لێکردن بۆ ماوەیەك رابمێنن ، لایەنەکەی من هەوڵی هاندانی ئەوانەی دەدا کە بیریان لە لە ئامۆژگاریی پێشنیازکانی من کردبۆوە ، سەبارەت بەوانەی پرسیاریان کردبوو ، گوتم :" ئایا ئێمە تورکەکانمان بە زەبری چەك لەم ناوچەیە نەکردە دەرەوە ؟ ئایا ئەوانیش ئێمەیان دەرنەدەپەڕاند گەر بەهێز بیانتوانیایە ، لە جیاتی ئەوەی ئێستا ئەم ئەفەندیە ئەوروپیە بهێنن کە ئامانجەکەیان بهێننە دی ؟! ئەوە دەرئەنجامێکی حەتمیە ..هتد .

لەکاتی گەڕانمان بەو دەشتودەرەدا ، ئاسك و گەورەپۆرم بۆ دەدیتەوە تا نیشانەیان لێبگرێتەوە ، ئەو نیشانگرلاێکی باش نەبوو ، بەلاّم ئەوە دۆستایەتییەکەمانی پتەوترکرد ، ئەوەش تەنیا شتی بنەڕتیی بوو کە بووەهۆی ئەوەی خەڵك ببینن و ببیستن کە تا چ ئاستێك لە گەڵمدا دۆستە . ئەوەش بە شێوەیەکی سەرەکیی وایلێکردبوون ئەو باوەڕەیان لادروستبێت کە کارو ئامانجەکەی ئێمە زۆر باش دەچێتە پێش . تلکی داوای تەواوی وردەکارییەکانی لیواکەی کرد ، ڕێژەی سەدی عارەب ، کورد ، تورك ، جولەکە و کریستیانییەکان ، کشتوکاڵیان ، بازرگانییان ، ڕێگاوبانیان ، گواستنەوە ، سیستەمی زمانی حکومەت کە لە قوتابخانەکاندا بەکاردەهێنرێن ، هەروەها من ئامارێکم پێشکەشکرد و داوالمێکرد بەراوردێك بکات لەگەڵ هەریەك لەوەی تورك پێشکەشی دەکات ، ئێمە زانیاریی باشمان هەبوو سەبارەت بەو شێوازەی تورك بۆ دەنگ کۆکردنەوە گرتبوویانەبەر . لە کاتێکدا بە پێچەوانەوە ئێمە زۆرمان لەکەش نەکرد و لە چوارچێوەیەکی ئازاد و متمانە بەخۆدا هەڵدەسوڕاین و چەند کارتێکی زۆر باشی بردنەوەمان لەبەردەست بوو :

١–ئێمە لە حاڵەتێکی وادابووین ، لە زۆربەی شوێنەکانیدا جێگیر و ئامادە و خاوەن بڕیاربووین ، لە ڕۆژهەلاّتی ناوەراستدا چەندجار زیاتر لە شوێنەکانی دی .

٢–تورکەکان ئاینی ئیسلامیان توڕدابوو ، لە راستییدا تێکڕای ئاینەکانی دیکەش . لەکاتێکدا لەلای ئێمە ئاینی ئیسلام ، ئاینی فەرمیی ولاّت و پاشای ولاّت لەنەوەی پەیامبەر بوو[٢٦] ، وێڕای دابینکردنی ئازادی پەرستن بۆ تێکڕای ئاینەکانی عیسایی و موسایی .

٣–تورکەکان بەو نزیکە شۆڕشی کوردەکانیان لە هەرێمەکانی ڕۆژهەلاّتدا بە دڵڕەقییەکی زۆرەوە سەرکوتکرد . هەزارانیان کوشت و شێخ سەعیدی پیرۆزیان

[26] شێخ سەلام لەم شیعرێکیدا دەڵێت: قەزیەت کورد و فێڵی مامە ئینگلیز

درۆو ئاینــه ،چاوو ڕاوە مــەزهەب



لەدیاربەکر هەڵواسی . لەکاتێکدا ئێمە شۆڕشەکەی شێخ مەحمودمان بە کەمترین زیانی گیانییەوە کپ کردەوە[٢٧] و تەنانەت هێنامانەوە و دەرفەتێکی دیکەمان خستەبەردەست . لیوای هەولێر ئاگاداری تەواوی ئەو شتانە بوون ، ئە لیوایەی ٨٥لەسەدی کورد بوون . هەروەها ئاسانە بۆ کەسێك کە ئەو زانیارییانەی بیرچووبێتەوە بهێنرێتەوە یادی .،

٤–تورکەکان نە لە دادگا و نە لە قوتابخانە ڕێگایان بە هیچ زمانێکی دیکە نەدەدا ، لە کاتێکدا لە عێراق زمانی کوردی دانی پێدانرابوو کە لە دادگا و قوتابخانەکانی ئەو شوێنانەی زۆربەی دانیشتووانی کوردن بەکاربهێنرێن . هەروەها هەمان ماف بۆ ئەو شوێنانەش دابینکرابوو کە زۆربەی دانیشتووانەکەی بە تورکمانی دەدوان .

[27] ئەوەی سەرچاوە مێژووییەکان و بەڵگەنامەکان سەبارەت بە دژایەتییکردنی بەریتانیا بۆ جولاّنەوەی سەربەخۆخوازیی کورد بە رابەری شێخ مەحموود بخوێنێتەوە بۆی ڕووندەبێتەوە کە ئەم پاساوهێنانەوانەی لاین چ درۆیەکی گەورەن . ئینگلیزەکان لە باشووری کوردستان هیچ ڕێگەیەك نەما بۆ ملکەچکردنی کورد و سەرکوتکردنی خەباتی ئازادیخوازیی نەتەوەیی ئەو گەلە نەیگرنە بەر،هەر لە بەکارهێنانی گەورەترین و مۆدێرنترین چەکی کوشندەی وەك تۆپ و فڕۆکە و بۆمبا لە بەرەکانی جەگ، تا کوشتنی دیل و سووتاندنی سەدەها گوند و کۆمەڵکوژی خەڵکی بێدیفاع و پاکتاوی رەگەزیی ، تا ئەنجامدنی تیرۆر و غافڵکوژی و چەندەها کاری ناجوامێرانە و نامەردانە کە بۆ هەتا هەتایە پەڵەیەکی رەشە بە تەوێڵی ئەو دەوڵەتە و زوڕناژەنەکۆن و تازەکانی .شێخ سەلامی شاعیر دەڵێت :

خوێنی ملیۆنێ کورد ئەرژێنی
بۆئەوەی تۆزێ تورك بترسێنی

هەروەها (حەمدی ) دەڵێت:

وەك برێشکە قرچەقرچی جەرگی سك سووتاوە دێ
یا گوڕەی مەترەلــــۆزە قرمـــە قرمــی طۆپــەکان
ئەم هەموو لاوە نەمامـــن نێژران لـــەم باخـــچەیە
ریشەی کوردایەتی بوو یەعـــنی بۆمان نێژران...
بۆچ مەغۆل هەڵساوە یاخود دەوری نەحسی جەنگیزە
قەتڵ و عامی ئەرمەنە یان حادیثە ی رۆم و بەبان

٥- تەواوی بازرگانیی بە پراکتیك ، چ بە هاوردن و چ ناردنە دەرەوە ، چ بە قەتار یان بە ڕێگای وشکانی یاخود ئاوی ، لەگەڵ باشووردا بوو . لەگەڵ ئێران و سوریاش شتێکی کەم هەبوو ، بەڵام بە پراکتیك هیچ بازرگانییەك لەگەڵ تورکیادا نەبوو .

لە تەواوی ئەو جێگایانەی گروپەکەی تلکی سەردانیان کردبوو ، شەقڵاوە خۆشترین شوێنیان بوو ، ماڵی میرانی عەبدولقادر بەگ ، سەرۆکی گشتیی عەشیرەتی خۆشناو ، بەفر ڕێگای گوندەکەی گرتبوو ، هەرچەند بەرەو شاخەکە سەرکەوتیتایە هێشتا ڕادەی بارینی بەفرەکە زێدەتر دەبوو . بەڵام هەروەك پێشوو ئەو پیرە سەرۆکە سۆپەدارێکی گەورەی لە دیوەخان هەبوو کە خزمەت و میوانداریش پێشکەش دەکرا . ئەو تەواوی سەرۆکەکانی لە دیوەخانەکەی خۆی کۆکردبۆوە بۆ ئەوەی چاویان بە کۆنت تلکی بکەوێت .

کۆنت تلکی تووشی گرفتێکی مەزن هات کاتێك ویستی سەرنجی ئامادەبووان ڕاکێشێت و گرنگی کارەکەیان بۆ ڕوونبکاتەوە . ئەو پێش ئەوەی بە متمانەیەکەوە دەمیان سەبارەت بە کام حکومەت تاقی بکاتەوە ،دەیویست تێیانبگەیەنێت کە ئەو تەنیا نوێنەری دەوڵەتێکی دیاریکراو نیە، بەڵکو ئەو نوێنەری ئەو پەنجاودوو دەوڵەتەیە کە دادگاکەیان بۆ کێشەکە پێکهێناوە . لەمەڕ ئەم مەسەلەیە پیرەسەرۆك پرسیارێکی زۆر ساکاری لە تلکی کرد و گوتی:" تلکی دەتوانێت چەند تفەنگ کۆبکاتەوە تا بڕیارەکەی بسەپێنێت ؟" لە ڕاستییدا وەڵامێکی ئاسان بۆ ئەم پرسیارە نەبوو ، چونکە کۆمەڵەی گەلان چ تفەنگێکی نەبوو ، هەربۆیە تلکی وەڵامی گونجاوی نەدایەوە . کەمێك گەڕایە دواوە و پاش وەستانێکی کەم کەوتە باسی سەنگی ڕای جیهان و کاریگەریی سەرتاسەریی و ..هتد . پیرەپیاو زۆر بە هێمنییەوە گوێی گرتبوو بێئەوەی هیچ سەرسامییەکی پێوە دیاربێت ، گوتی :" ئێمە تفەنگ لەبەر چاو دەگرین چونکە بێتفەنگ هیچ کەس مافەکانی چنگ ناکەوێت " . ئەو قامکی خستە سەر بێهودەیی کۆمەڵەی گەلان -ئەوەی دوای دوازدە ساڵ بۆمان



دەرکەوت لە مەسەلەی ئەسیوبیا -هەربۆیە قسە و گفتوگۆی زیاتر دەستکەوت و ئامانجێکی وەبەرنەهێنا ، هەربۆیە پێشنیازی ئەوەمکرد بچینە شاخ و بەدوای بزنەکێوییدا بگەڕێین . ئەو زۆر بەپەرۆش بوو ، لەبەر ئەوە جووتێك ڕێبەرم لە قادربەگ خواست و سەرلەبەیانی ڕۆژی پاشتر بەرەو شاخ کەوتینە ڕێ .

ڕێگاکەی سەرەوە زۆر سەخت و هەوراز بوو ، ئێمە بەولایەدا سەرکەوتین کە زیاتر بەفر گرتبووی ، تلکی هەر زوو ماندووبوون بە ڕوخسارییەوە دیاربوو ، کاتێك بەرەو لوتکە بە بەرزایی ٣٠٠ و چەند پێیەك هەڵدەگەڕاین ، وەستانی تلکی و پشوودانی چەندبارە دەبۆوە . بەڵام کاتێك گەیشتینە سەرێ تلکی ئەوەندە ماندوو بوو نەیدەتوانی زۆر بەدوای بزنە کێویدا بگەڕێت . بۆ ماوەی ساتێك لەو ناوەدا سوڕاینەوە ، بەڵام تەنیا نیشانەیەك ڕامانکێشێت جێپێی پڵنگێك بوو لە نێوبەفرەکەدا کە لەوسەری بەردەڵانەکەدا بەخێرایی ون ببوو . بینینی دەشتی هەولێرو شارەکە لە دوورەوە دیمەنێکی زۆر دڵفڕێن بوو . بەڵام تلکی ئەوەندە ماندوو بوو خۆشیەکی زۆری لەو دیمەنە نەبرد ، ڕوانیم بەو خێراییەی پێیدەڕۆین تا دەگەینە گوندەکەی خوارەوە دنیا تاریك دادێ ، هەربۆیە کەوتینەخۆ و لە شاخەکەوە دابەزین . لەڕاستییدا گەڕانەوەکەمان هێواش و نارەحەت بوو ، دەبوایە لە زۆربەی ڕێگاکەدا یارمەتیی تلکیم بدایە . کاتێك گەیشتینە خوارەوە بە تەواویی شەکەت بوو ، لێرەدا دانی بەوەدا نا کە گرفت لە میزەڵدانیدا هەیە و ناتوانێت بمیزێت . ئەم نەخۆشییەی تلکی کۆن بوو ، لەسەردەمی ژیانی چۆڵنشینی لێی دەرکەوتبوو ، بە ئاشکرا چاوەڕواننەکراو نەبوو . هەربۆیە جانتاکەی کردەوە و سۆندەیەکی باریکی دەرهێنا و بەدەست خەریکی بوو ، پاش ئەوەی دواجار لە کونی چوکیەوە بردیە ناوەوە و گەیشتە شوێنی تایبەت ، بە سەرسامییەوە تەماشای کرد ، لەگەڵ یەکەم دڵۆپی میزدا کرمێك هاتە دەرەوە ، ئەمە زۆر ترسناك بوو ، پێیگوتم دەبێت چی بێت ؟ لەوەڵامدا گوتم من زۆر لەو شتانە نازانم ، بەڵام دەگونجێت گەرابێت و لەشوێنێکدا لە نێو لەشی دانرابێت ، هەرچیەك بێت ، ئەوە بە کەسێکی شارەزا چارەسەر دەکرێت .

بەیانی ڕۆژی پاشتر ، بەهیچ شێوەیەك چاك نەببوو ، تای لێهاتبوو ، داوامکرد چەند کەسێك بە نۆرە هەڵیگرن و ١٠تا١٢ مایل هێنامانە خوار بۆ لای کەناری دەشتەکە کە ئۆتۆمبێل چاوەڕێی دەکرد . هێزی ئاسمانی وەك پێویست بەدەنگەوە هاتن ، فڕۆکەیەکیان نارد لە هەولێر ڕاستەوخۆ بیفڕێنێت بۆ خەستەخانە لە بەغدا .

جفرەیەکم بۆ کۆمسێری باڵا کرد و لە ڕووداوەکە ئاگادارم کردەوە و ئەوەشم زێدەکردبوو کە دەتوانێت تەواو دڵنیابێت کە هیچ دڵەڕاوکێ و ترسێکمان لە تلکی نەماوە . پاش ئەوەی هەستایەوە . تلکی گەڕایەوە و لەگەڵ ئەو نوێنەرانەی مابوونەوە دەستیان کردەوە بە کاری پشکنین و لێکۆڵینەوەیان . ئەو سەبارەت بەو چارەسەرییانەی بۆیکرابوون زۆر سوپاسگوزار بوو . لایەنگرییەکەی پێشووی بۆ تورك نەمابوو ، چەند مانگ پاش ئەوە ، ئەنجامەکان بڵاوکرانەوە و تێیدا هاتبوو کە زۆرینەیەکی باشی لیواکە دەنگیان بۆ بۆ عێراق و ماندێتیی بەریتانیا دابوو .

هەرچەندە پاشتر کۆنت تلکی تووشی چارەنووسێکی تاڵ بوو ، نزیکەی پازدەساڵ دواتر ، کاتێك هێتلەر خەریکی فراوانکردنی ئیمپراتۆریەکەی بوو، تلکی سەرلونوێ لە فیکری موڵك و باخە لەدەستچووەکەیدا بوو لە ترانسلفانیا ، ئەو کەوتە داوی زمانلووسی هێتلەر و لەبەرامبەر گەڕاندنەوەی ترانسلفانیا بۆ هەنگاریا ، ڕێگای بە داگیرکاریی ئەڵمانەکان دا . زۆر درەنگ بۆی دەرکەوت کە دووگی بە پشیلە سپاردووە و وڵاتەکەشی تێدارۆیوە ، لە حاڵ و وەزعێکی وادا تەنیا چارەیەك بۆ خانەدانێکی جوامێری ئابڕوداری هەنگاریی وەك ئەو ، خۆکوشتن بوو ، هەربۆیە فیشەکێکی نا بە سەرییەوە .

دوای ڕۆیشتنی کۆمسیۆنی کۆمەڵەی گەلان ، هێمنییەکەی سیاسیی هاتەئارا ، هەروەها کاتێك بڕیارەکە لەلایەن ئەنجومەنی کۆمەڵەوە بە قازانجی ئێمە لە ١٦یدیسامبەری ١٩٢٥ بڵاوکرایەوە ، گۆڕانێکی بەرچاوی ئەرێنی، لانیکەم لە لفە لیوای هەولێردا هاتەدی کە وایلێکردم کاتێکی زیاتر بۆ چاککردن و چاودێرییکردنی بەڕێوەبەرایەتیی و هەڵسەنگاندن و پێداڕاگەیشتنی هەلومەرجی ناوچە سنورییەکان .



لەم کاتەدا بوو کە کاپتن هاملتۆن دەستیکرد بە کارە بەناوبانگەکەی (ڕێگایەك بە نێو کوردستاندا) کە هەولێری بە شەقامێکی ڕاستەوخۆ لە گەرووی ڕەواندزەوە بە ئێرانەوە دەبەستەوە . ئەوەش بۆ یەکەمین جار لە مێژوودا دەرفەتی هاتووچۆی ئۆتۆمبێلی بەو ڕێگایەدا دەدا . لە هەمانکاتدا ئەندازیار مایجۆر دەبلیو.ئەی .پاڤەر پرۆگرامێکی بۆ چەند کار و تەلاری نوێ دەستپێکرد ، لەوانە چاکردن و نۆژەنکردنەوەی ئەو ڕێگایەی بۆ ئاڵتون کۆپری و کەرکوك دەچێت . هەروەها پردێك لەسەر زێی گەورە کە شوێنی بوارەکە بگرێتەوە .

خێڵەکان بە شێوەیەکی گشتیی زیاتر ملکەچ بوون ، بەڵام ئەم مەسەلەیە لە لیوای سلێمانیدا هەمیشە بەو چەشنە نەبوو ، لەوێ ، وێڕای داگیرکردنی لەلایەن ئاسورییە لیڤییەکان بە فەرماندەیی (کۆلۆنێل جی.جی کامیرۆن) و زێدەباری هێزی سەربازیی عێراق ، واپێدەچوو ئەفسەری سیاسیی بەریتانی لە هەلومەرجێکی ناهەمواردا بێت .شێخ مەحموود لە چیاکانی هەورامانی سەرسنوری ئێراندا خۆی حەشاردابوو . یاخیی ، بێئەوەی بە دوورخستنەوەکەی بۆ هیند تەمێ بووبێت . ئەو هێشتا خەریکی باج سەندن بوو لەوانەی نەیاندەتوانی بەرامبەری بوەستنەوە . سەرئەنجام ببوو بە پەناگای ئەو یاخی و یاسا شکێنانەی هەرێمەکانی دەوروبەر . کەریم بەگی فەتاح بەگ ، بکوژی کاپتن بۆند و ماکنات ، هێشتا لە ناوچە دووردەستەکاندا دەسوڕایەوە ...لیڤییەکان و هێزی ئاسمانیی بەدوایەوە بوون بێئەوەی بتوانن سەرکەوتووبن [28] . خێڵی بەهێزی پشدەر لە سۆنگەی دابی خێڵەکیی و لە سایەی فشاری ململانێ

[28] شایەنی باسە سێر پێرسی کۆکس بە واژۆی خۆی و لە بەرواری ١٩٢٢/٧/٥دا ، لە تەلەگرافێکیدا کە بۆ باڵادەستانی حکومەتی بەریتانیای ناردووە نووسیویەتی :" ناوچەی سلێمانی کەرکووك لەگەڵ ئەو هەموو هەڕەشە و فشارەی کە هێزی لیڤی خستییە سەر پیاو کوژەکان کە کەریمی فەتاح بەگ و تاقمەکەی لێ بوو ، ئەو گوندانەی یارمەتییان دابوو هەموو سزادران و هێزی ئاسمانی دەوری خۆی بینی . بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کەریم بەگ پەلاماری هێزێکی بچووکی هێزی لیڤیی دا لەسەر ڕێگەی کفری–کەرکوك کە لەو شەڕەدا چوار لیڤی کوژرا ..."وەرگیراوە لە :
دارا ئەحمەدکەریم بەگ ، سەرچاوەی ناوبراو ، ل ١٤١ .

سیاسییەکەدا بەسەر دوو بەرەدا دابەش بوون . یەکێکیان نیوە لایەنگری حکومەت و ئەوی دیکەش یارمەتیدەری شێخ مەحموود بوون . لە راستییدا وا دەردەکەوت کە تاقمی بەکر ئاغا (لە بەڵگەنامەکاندا هێندێك جار بە کاپیتان بەکر ناوی دێت/سەردەشتی )تەنیا دەستە بن لە پشدەرییەکان کە لایەنگریی و هاوکاری بەڕێوەبەرایەتیی بەریتانیی بوون و بۆ ئەوەش موچەیان دەدرایە . بۆ کەسێکی ڕەشۆك بابەکرئاغا تەنیا رێبەر و فریشەی ئیلهامبەخش بوو بۆ پەیوەندیی لەگەڵ دەسەڵاتدا ، ئەوەش بۆ من وەك پارادوکسێك دەهاتە بەرچاو و دەستکەوتێکی کەم بوو بۆ هەوڵ و ماندووبوونەکەمان کە بەو زووانە تاجی سەرکەوتنمان لەسەر نا . هەروەها چونکە لیوای سلێمانی هێشتا پەناگایەکی لەباری ئەوانە بوو کە لە پۆلیسی هەولێر هەڵاتبوون . لەخۆم رابینی کە بیرخەرەوەیەك بنووسم و سەرنجی خۆم لەسەر بابەتەکە دەربڕم . بەڵام ئەوەیان پاش گەڕانەوەم لە پشووەکەم بۆ بەریتانیا سازکردبوو. چوارساڵ دەبوو کە سەردانی ماڵەوەم کردبۆوە ، لە کۆتایی بەهاری ١٩٢٥دا رۆیشتمەوە . گەشتەکەم ئێستا ئاسانتر بووە ، چونکە برایانی (نایرن) کۆمپانیایەکی گواستنەوەیان دامەزراندبوو بە نێو بیابانی سوریادا ، لە بەغداوە بۆ دیمەشق و بەیروت . بە کادیلاکی دوازدە سلیندەر،ئەوەش ئەو رێگەیەی کورتدەکردەوە کە لە بەسرەوە دەچوو بۆ بۆمبای...



## بەشی شەشەم: هێنانی سلێمانی بۆ ژێر فەرمانڕەوایەتیی عێراق ١٩٢٥-١٩٢٦

دوای گەڕانەوەم بۆ هەولێر (لە کۆتایی ١٩٢٥) دا ، شتەکان هەر وەك خۆی مابوون ، جگە لە پارچە زەوییەکی گشتیی نزیکی قەڵا کە لە لایەن ئەحمەد ئەفەندی متەسەریفەوە دەستی بەسەردا گیرابوو و ریزە دوکانێکی لە سەر دروستکردبوو . من پابەندم کرد بە کرێیەکی زۆر ، بۆ ئەو شتێکی زۆر ئاسایی بوو کە هیچ دەرفەتێك بۆ فراوانکردنی موڵکەکانی لەدەست نەدات ، ئەو نە دزی کردبوو ، نە زۆریشی لە خەڵك کردبوو ، بە هەموو پێودانگێکی خۆماڵی کابرایەکی سەر راست بوو ، هەر بۆیە چاوپۆشیم لێکرد.

لە لیواکانی کەرکوك و سلێمانی هاوسێدا ، رەوشەکە هەموو شتێك بوو ئارام نەبێت . لە شاری کەرکوك نائارامییەکی کتوپڕ و مەترسیدار لە ئەنجامی دەمەقاڵەیەکی ساکاری نێو بازاڕ سەریهەڵدا . لەو کاتەدا دەستەیەك لیڤی ئاسوری کە بەنیاز بوون بەرەو سلێمانی برۆن ، بۆ حەوانەوە لە شاری کەرکوك مابوونەوە ، ئەم دەستە سەربازە هەرچەندە کریستیانی بوون،بەڵام پەروەردەی شاخ و جەنگاوەرێکی دڕ بوون ، زۆر لە کلدانییە ترسنۆك و خەساوە خۆماڵییەکانی نێوچەکە جیاواز بوون کە هەر موسوڵمانێك دەتوانێت لە نێو بازاڕدا سوکایەتییان پێبکات و کەسیش پێی نەڵێت پشتی چاوت برۆیە . لە راستییدا هەڵوێستی باوی پیرە تورکەکان لە هەمبەر کریستیانییەکان بە جۆرێك بوو کە بەگشتیی دەگوترێت ئەگەر تورکێك بیویستبایە لووتی داتەکێنی و پاکی بکاتەوە ، پەڕۆی سەری نزیکترین کریستیانی بەکار دەهێنا ، خۆ ئەگەر کابرای تورك تۆزێك بەکەیف و زەوق بووایە ئەوا پەڕۆکەی دەدایەوە دەنا بە پێچەوانەوە بە چڵمەکەوە توڕی دەدا . دانیشتووانی موسوڵمانی کەرکوك زۆر بە ئاسورییەکان ئاشنا نەبوون . کێشەکە لە شەڕە چەقەیەکەوە دەستی پێکرد کە لەسەر نرخی چەند پۆوندێك گۆشت کەوتەوە کە دواتر شەڕی لێپەیدا بوو پاش ئەوەی دوکاندارەکە بە سەربازەکەی گوتبوو :" کاتێك دەڕۆن بۆ سلێمانی ، ژنەکانتان بۆ

ئێمە دەمێنێتەوە " . شەڕەکە وەك ئاگری نێو کا پەرەی گرت و پۆلیسیش تەقەیان کرد . لە ژێر تیشکی لێکۆڵینەوەکانی دواتردا دەرکەوت کە چەند کردارێکی نابەکام و سەرەڕۆیانەیە کە قەرەباڵغییەك بە بەکارهێنانی خێرای کوتەك بڵاوەی دەکرێت . بەڵام ئاکامی پێکدادانەکە لە شەڕە دار و بەردەوە گۆڕدرا بۆ شەڕە تفەنگ ، چونکە هەموویان چەکیان هەبوو و زۆربەشیان پێیان خزایە شەڕەکەوە ، هەلومەرجەکە بە زوویی بۆ کۆمەڵکوژیی کریستیانییەکان گۆڕدرا . سەربازە ئاسوورییەکانیش بە هەڵەداوان خۆیان گەیاندبۆوە بنکەکانی خۆیان و چەکەکانیان تاودا و بەپراکتیك حاڵەتی نائاساییان ڕاگەیاند و سەرکەوتنە سەر شوێن ستراتیژییەکانی شارەکە و گرتیان ، کە سەرەکیترینیان ماڵی میناس ئەفەندی بوو کە کریستیانییەکی ناسراو بوو . ماڵەکەیان لە بەررزترین شوێنی قەڵا وە یاخود بەشە کۆنەکەی شار بنیاتنرابوو . لەو شوێنەوە دەستییان دەڕۆیشت بەسەر پردەکەی سەر ڕووبارەکە و ئەو ڕێگایانەی بەرەو باکوور و باشوور دەڕۆیشتن و هەرکەسێکیان بدیتبایە تەقەیان لێدەکرد ، چەکدار بووایە یاخود بێ چەك [29].

---

[29] ئەم هەرایە لە ١٩٢٤/٥/٤دا قەوما . ڕووداوێکە لە ئەنجامی ناکۆکییەکی قوڵی مێژوویی ئاینیی و نەتەوەیی و سیاسەتی داگیرکاریی بەریتانیا بۆ قۆزتنەوەی لە پێناو هێنانە دی بەرژەوندییەکانییدا تەقییەوە .نەستورییەکان پاش ئەوەی لە دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەر و کشانەوەی سوپای روس پشتگیرییەکی گەورەیان لەدەستدا و بەدەستی خوێناوییەوە بە تەنیا لە گۆڕەپانی جەنگدا بەجێمان و دوای ئەوەی کەوتنە بەر تۆڵەی سوپای عوسمانی داخ لەدڵ و خەڵکی ناوچەکە ، ئینگلیزەکان هەوڵیاندا ئەو دەرفەتە بقۆزنەوە و بەناوی پاراستنیان و سەندنی مافی (نەتەوەیی ئاشووریی ) بۆ یان هێنانیانە هەمەدان و لەوێشەوە بۆ میسۆپۆتامیا و کردیاننە داردەست بۆ بەدیهێنانی ئامانجە داگیرکارییەکانیان دژی گەلانی ناوچەکە بە کورد و عەرەبییەوە . لەو ڕووەوە کلدانییەکان عاقڵانەتر جوڵانەوە و سەرۆکەکانیان دژی ئەوە وەستانە وەك نەستورییەکان بکەونە داوی ئینگلیزەوە و خۆیان پاراست ، ئەمەش ئەوە دەردەخات بۆچی لاین وا دابەزیوەتە سەر کلدانەکان و کریستیانییەکانی دیکەی ناوچەکە و بە( ترسنۆك و خەساو ) ناوزەدیان دەکات . پاش ئەوەی ئینگلیزەکان ئامانجەکانی خۆیان هێنایە دی ئنجا کەوتنە خۆدزینەوە و پشتکردنە هەر بەڵێنێکیان کە بە نەستورییەکانیان دابوو و بە تەنیا لە بەرامبەر کاردانەوەی دڵرەقانەی خەڵکەکە و بگرە سوپای عێراقیش سیستمی پاشایەتی بەکرێگیراوی خۆیان بە تەنیا جێیانهێشتن . شێخ سەلامی



دەستەی ئاسوورییەکان تەنیا دوو ئەفسەری بەریتانیان لە گەڵدابوو ، گەورەکەیان نەخۆش بوو تای لێهاتبوو ، هیچ شتێکی پێنەدەکرا ، ئەوی دیکەشیان تازە گەیشتبووە وڵاتەکە و نە زمانی خەڵکەکەی دەزانی و تەنانەت نەیدەزانی لەشکرەکەی کەوتۆتە کوێشەوە . ئەو ئەفسەرە ناوی (پێرسی کینگ) بوو کە دوای بووە ژنبرام ، ئەو گیانی خۆی خستە مەترسییەکی گەورە و بە نێو ویزەی گوللەی هاوڕێ و نەیارانییدا چووە سەر پردەکە و سەربازەکانی گێڕابۆوە بۆ بنکەکانیان ، لە کاتێکدا پۆلەکەی هێزی ئاسمانیی کە لە نیشتگەکە بوون بەسەر شارەکەوە هاتووچۆیان بوو . زۆربەی مێدالیاکانی ئازایەتیی بە نیشاندانی ئازاییەکی کەم وەرگیراون ، بەڵام ئەوەی کینگ وەریگرت تەنیا ئەرکی شایەدییەك بوو کە پاش ڕووداوەکە بە قازانجی ئەفسەرە حۆماڵییەکەی دای ، ئەو شایەدییەی بەوپەڕی

---

شاعیر یەك لەوانەیە کە بە شیعر ئەو سیاسەتە دووفاقیەی ئینگلیز و نوێنەرەکانی لە (کۆمەڵەی گەلان) یان بە قەولی شاعیر (کارخانەی فەساد) بۆ نەخشاندووین کە دەڵێت:

بۆ ئەقەلیات کەوتیتە سەما
خزمی نەستووریت لەکویٚ بنیات نا؟..
نفووسی ئێمە کەم ئەکەیتەوە !
وەها نەستووری ڕێك ئەخەیتەوە ؟..
غایە ئاسووری ناوی کورد بردن
لایق بە خۆتە پێچ و ناو ئاخن ...
تۆ نەبی نایکا دوژمن بە دوژمن
حەق بۆ نەستووری ئێمە بۆ کوشتن .
ناترسی تەئریخ لەعنەتت بکەن
(کوتەکی دەستی میستەر هەندرسەن ).

بۆ زیاتر سەبارەت بە هەراکەی کەرکوکی ساڵی ١٩٢٤ ، بڕوانە:
پشکۆ حەمە تاهیر ئاغجەلەری ، شاری کەرکوك ١٩١٧-١٩٢٦ ، سلێمانی ، ٢٠٠٧ ، ل ٢٩٣-٣١٤ .،ریاض رشید ناجي الحیدري ، الاشوریون في العراق ١٩١٨-١٩٣٦ ، القاهرة ، ١٩٧٧، ل ١٩٤-٢٠٠.

دڵسۆزیی و راستگۆییەوە شوێنی خۆی لە نێو هەموو چاکەکانیدا گرت و بێگومان گەردنی رزگارکرد .

فەوجی سەربازانی سوارە کە موسوڵمان بوون و لە سەربازخانەکە جێگیر بوو ، بەکارهێنانی لە کێشەیەکی وادا نەشیاو بوو ، ئەوان لە راستییدا کەوتنە تاڵانی کەلوپەلی ئاسورییەکان کە لە سەربازخانەکەدا دایاننابوو . هەر بۆیە پۆلێك سەربازی بەریتانی فەوجەکەی کینگ خۆی ، لە بەغداوە بە فڕۆکە هاتنە کەرکوك و بەسەر شەقامەکاندا بە تفەنگە نێزەدارەکانیانەوە بڵاوبوونەوە و متمانە و نەزم و ئارامییان گێڕایەوە . دوای گەیشتنی ئەوان ، سەربازانی ئاسوریی بەرەو هەوراز کشان بە ئاراستەی سلێمانی ، لەوێ لە لایەن کوردە خێڵەکییەکانەوە بە توندی پەلاماردران ، ئەوانەی پێشوازییەکەی گەرمیان لێکرا ، دوای ئەوەی زیانێکی قورسیان وێکەوت بە خێرایی پەرتەوازە بوون .

سێر هێنری دۆبس ئەوجا لە بەغداوە فڕی بۆ کەرکوك ، دیدەنی ئەشرافی شاری کەرکوکی کرد و بەڵێنی پێدابوون کە نەزم و ئارامی دەگێڕێتەوە و دادیش دەچەسپێنێت . بەوەش رووداوەکە کۆتایی پێهات کە شارەکەی بۆ ماوەیەك ورووژاندبوو . لە رووداوێکی وەهادا قوربانییەکان ئەستەمە دیاریی بکرێت . ئەوانەی کە بەشدارییەکی گەرموگوڕیان لە رووداوەکەدا کردبوو لە بێنەوبەرەی پۆلیس دەترسان و مردووەکانیان خێرا دەشاردەوە و بریندارەکانیش لە ماڵەوە تیمار دەکرد تا ئەوەی رەوانەی خەستەخانەیان بکەن . بەڵام بڕواپێکراوترین ئامار وا مەزەندە دەکات کە نزیکەی ٨٠ کوژراو و ٢٠٠ بریندار هەبوون .

لە راستییدا هەواڵی ئەم پێکدادان و کوشتارە بە هەموو لایەکدا بڵاوبۆوە و بووە هۆی سەرلەنوێ چالاکبوونەوەی سەرکردەی لە یاسا دەرچووی هەمەوەند و شێخ مەحموود ، کە لە بێشەکەیەوە لە چیاکانی هەورامانەوە سەری دەرهێنابوو و خەریکی کۆکردنەوەی باجوسەرانە بوو لە ناوچەی شارباژێڕ و لیوای سلێمانی . ئەوەش لە لایەن ستونێکی لیڤی ئاسورییەوە وەڵامدرایەوە . بەوەی هێرشێکی کردە



سەر گوندی کەناروێ کە هەواڵەکان وایان دەگەیاند شێخ مەحموودی لێبێت . ئەو پەلامارەی هەرچەندە لە بەدیهێنانی ئامانجە بنەڕەتییەکەیدا کە گرتنی شێخ مەحموود بوو سەرکەوتوو نەبوو ، بەڵام بێگومان چالاکییەکانی پەکخست و بێ رووداوی سەرنجڕاکێش نەبوو[30] .

ئەفسەری ئیستخبارات (مك گریگۆر) کە لە گەڵ ستونەکەدا بوو ، فەرمانی لێبڕاوی دابووە وەرگێڕەکەی کە بە ماوەی دوو ئەسپ لە پشتییەوە بڕوات . لەشکر پێشڕەویی کرد ، هەموو شت بە باشی چووە پێش و هەروەها گەیشتنە شوێنی مەبەست ، بەڵام هەروەك ئاساییە لە شەڕی شاخدا نێوەڕۆکی کەسەکان زیاتر دەردەکەون ، لە کاتێکدا پیاوە خێڵەکییەکان لە حەشارگەکانیانەوە تا دوا تینیان تێدەکۆشان . ئەو دەمەی وردە وردە رێژنەی گوللە زیادی کرد ، وەرەی کابرای وەرگێڕ هاتە خوار تا ئەو شوێنەی نەیتوانی لەوە زیاتر خۆبگرێت و لووتی بەسەر ئەسپەکەیدا داژەنی و کەوتە غار ، لە هەمان کاتدا تفەنگەکەی لە پشتی سەرییەوە و روو لە دواوە فیشەکی دەتەقاند ، بێئەوەی گوێبداتە ئەو هەموو هاوارەی لێیدەکرا

[30] شێخ لەتیفی کوڕی شێخ مەحموود لە یادداشتەکانیدا سەبارەت بەو شەڕە دەڵێت:" لەسەرەتای بەهاری ١٩٢٥ دا ، بە فەرمانی شێخ مەحموود ، لەشکرێکی زۆر کۆکرایەوە و بەرەو ناوچەکانی سلێمانی و کەرکوك بوونەوە ، بە ئامانجی هێرش بردن و پەلاماردان هێزێکی لیڤی گەورە ، بە یارمەتی چەند فڕۆکەیەك ، دوای شەڕێکی سەخت هاتنە چوارتا و لەوێشەوە هێرشیان هێنا بۆ (کەناروێ) ، کە بارەگای شێخی لێ بوو، پاش شەڕێکی خوێناوی ، فڕۆکەیەکی دوژمن پێکرا و ، خرایە خوارەوە و زیانێکی زۆر لە سوپای دوژمن کەوت ، زیانێکی زۆر لە سوپای دوژمن کەوت و سوپای کوردیش دەستکەوتێکی باشی هەبوو ...لەشکری داگیرکەر بەشکاوی بەرەو چوارتا گەڕایەوە ...بەڵام بە داخەوە ، هەست بە ئازایەتی کردن ، وای لە (کەریم بەگی فەتاح بەگی هەمەوەند) و (شێخ محەمەدی سەییدە بچکۆلە ) کرد ، کە رێگای ئەزمەڕ ، لە سوپای دوژمن بگرن و ، دوای سێ رۆژ شەڕی خوێناوی ، لەشکری کورد کشایەوە ، و دوژمن (کەناروێ) ی سووتاند .لەم شەڕەدا دوژمن گەمارۆی شێخ مەحموودیان دا . ماجید مستەفا و یوونس عەبدولقادر ، داوایان لێکرد بچێتە دواوە ، تاکو ژیانی لە مەترس رزگار بێت . دوای ئەم شەڕە شێخ گەڕایەوە بۆ دێی (کەندە سوورە ) .یادداشتەکانی شێخ (لەتیف) ی حەفید ، شێخ مەحموودی شێخ کاوەی حەفید پێشەکی بۆ نووسیوە ، کەمال نوری مەعروف ساغی کردوەتەوە ،چاپی یەکەم ، ١٩٩٥ ، ل ١٣٠ .

بگەڕێتەوە . لە راستییدا گوللەکانی ئەو زۆر مەترسیدارتر بوون بۆ لەشکر تا ئەوەکانی دوژمن ، دواتر وەرگێڕەکە تەواو دوور کەوتەوە و دیار نەما و سەری لە سەربازخانەکە هێنایە دەر . پاش ئەوەی لەشکر لە کۆتاییدا گەڕایەوە ، وەرگێڕەکە چووبووە بەردەم ئەفسەرەکەی مك گریگۆر ، ئەویش پێیگوتبوو :" ئای یەحیا ئەفەندی ، پێمنەگوتی بە ماوەی دوو ئەسپ لە پشتمەوە بڕۆ" ، یەحیاش گوتبووی:"گەورەم تۆ کاتی پاشەکشە لە کوێ بوویت ، تۆ منت نەبینی چۆن بە تەنیا هەتا فیشەکم پێمابوو دژی هەزار چەکداری خێڵەکی دەجەنگام ! !ئەو لە سایەی یاسای پاشایەتییدا نەبوو هەر بۆیە نەدەتوانرا بە پێی یاسای مەدەنی هیچی لێبکرێت . هەروەها مك گریگۆری نازناوی (رۆدریکی ئازای) لێنا ، ئەو ناتۆرەیەی پڕ بە پێستی خۆی بوو و هەتا لە راژەدا بوو پێوەی لکا بوو .

لەو بۆنەیەدا وەك باو بوو بەشێك لە پشدەرییەکان پشتگیریی شێخ مەحموودیان دەکرد ، لە کاتێکدا ئەوانەی دیکە لایەنگری حکومەت بوون و هیچ کام لەو دوو تاقمە تەقەیان لەیەکتری نەدەکرد و هەر بۆیە زۆر ئەستەم بوو لە یەکدی جیابکرێنەوە . ئەوەی من چەند مانگێك لەوەوپێش تێبینیم کردبوو . ئەوەی لێرەدا روویدابوو ئەوە بوو لە کاتێکدا لەشکر لە کەناروێ لەشەڕدا بوو ، پێرسی کینگ کە بەتالیۆنەکەی بەرپرسی گەیاندنی ئازوخە بوو ، لەو کاتەدا بە ئازوخەوە گەیشتبووە سەربازگەکە و لە دوورەوە گوێی لە دەنگی تەقەیەك بوو ، پرسیاری لە ئەفسەری ئاسورییەکانی ناو سەربازگەکە کردبوو کێ دژی کێ شەڕدەکات ؟ ئەویش گوتبووی:"گەورەم ئێمە دژی شێخ مەحموود و پشدەرییەکان دەجەنگین " ، پێرس گوتبووی :"باشە ئەی ئەو چەکدارانە کێن کە دەیانبینم وا لەوێوە دێن ؟". ئەفسەرەکە گوتبووی: " ئەوانە پشدەرن گەورەم " ، ئینجا پێرس گوتبووی :"چەند ریزێکی یەك بەدوا یەکیان گوللە پێوەنێن " ، ئەوانیش زۆر بە دڵگەرمییەوە ئەو کارەیان ئەنجامدابوو ، پیاوە خێڵەکیەکانیش هەر زوو پەرتەوازە ببوون ، بەڵام پاشتر دەرکەوت ئەو چەکدارانە لەو تاقمەی پشدەر بوون کە دۆستولایەنگرمان بوون و هاتبوون چاویان بە متەسەرف



بکەوێت . ئەوەش تێکڕا ئەوەی نیشاندەدا کە بەکارهێنانی خێڵەکان چ گرفت و نارەحەتییەکی پێکدەهێنا .

لە هەمان کاتدا فەوجێکی سوارەی کورد بە فەرماندەیی کۆلۆنێل لۆرانس بەمەبەستی دانانی هێزی پاراستن و مانەوە ئەرکی کشانی بەرەو هەڵەبجە پێسپێردرابوو . لۆرانس کە بە پلەی سێرجنت ئەفسەری تیپی ١٨ی هەسارس بوو ، مەدالی (ڤی.سی) لە باشووری ئافریقادا وەدەستهێنابوو . وەك راهێنەرێکی ئەسپ نایاب بوو ، سواربوونی ئەسپێك کە ئەو رامیی کردبوو خۆش بوو ، بەڵام ئەفسەرە خۆماڵییەکانی یەکەکەی ئەو بە پێچەوانەوە بێبایەخ بوون و ئەسپەکانیان برینداویی و خۆشیان توندورەق مامەڵەیان دەکردن . لۆرانس کابرایەکی بوێر بوو ، بەڵام کاتێکی زۆری نەبوو بۆ ئەوانەی لەگەڵ بیروبۆچوونەکانیدا کۆك نین ، هەربۆیە نازناوی (ترش رووی) بە نسیب بوو . ئەو لەسەر رێگای هەڵەبجە بە رۆخزاییەکان دەستی پێکرد کە بەشێك بوون لە خێڵی جاف . ئەو تەنیا شەڕی بە ئاراستەی رێگاکە دەکرد و لێی دەرنەدەچوو ، چونکە پیاوەکانی ئەوندە لە خۆی و دەستەکەی دەترسان کە بۆ گرتنی هەڵاتووان داینا بوو ، هێندە لە دوژمن نەدەترسان .تەنانەت ئەو کاتەشی ئۆتۆمبێلەکەی لەدەستچووبوو ، ئەو ئۆتۆمبێلەی کە سەندووقی پارەکەی تێدا بوو و بۆ خەرجی فەوجەکە دانرابوو .

دروست لەو دەمەدا بوو (کۆتایی ١٩٢٥) کە فەرمانم بۆ هات کە دەستبەجێ بە فڕۆکە بەرەو سلێمانی بڕۆم و ئەرکی ئەفسەری سیاسیی لەوێ بگرمە ئەستۆ . من بۆ رۆیشتنە ئەوێ هێندە دڵگەرم نەبووم ، چونکە لیوای هەولێر کەوتبووە حاڵەتێکی جێگیر و هێمنیی و بەرەوپێشەوە دەڕۆیشت و دەرفەتی گەڕان و کەیفیشی تێدا زیاتر بوو . بەڵام درکم بەوە کرد ئەوەی منی تووشی گواستنەوە کردووە ئەو رەخنانە بوون کە لە بەڕێوەبەرایەتیی سلێمانیم گرتبوون (بڕوانە بەشی پێنجەم) ، هەر بۆیە بە جانتا و یاتاغ و سەگەکەمەوە چاوەڕێی فڕۆکەم کرد و لە ئاسمانەوە خوداحافیزیم لە هەولێرکرد .

له سلێمانی کەوتمە لێکۆڵینەوە بۆ ئەوەی بەرنامەیەك بۆ گێڕانەوەی یاسا بۆ لیواکە ئامادەبکەم ، بەڵام پێش ئەوەی لە دەوروبەر بڕوانم ، لە کۆلۆنێل لۆرانسەوە داوایەکی بەپەلەم ئاراستە کرا کە سەردانی هەڵەبجە بکەم و ئەو گیروگرفتانەی بۆ هەموارکەم کە رووبەڕوویان دەبێتەوە . لە راستییدا ئەوە کارێکی ئاسان نەبوو ، چونکە رێگەکە ئارام نەبوو ، نزیکەی هەفتەیەك دەبوو کە خۆی بە شەڕ لەگەڵ جافەکاندا پێیدا تێپەڕیبوو . نیشتگەکەی هەڵەبجەش هێشتا بە تەواوی بۆ نیشتنەوەی فڕۆکە هەموار نەکرابوو . هەروەها پۆلیسی سوارەی راهێنراوی ئەوتۆش نەبوو کە لە هەولێر بەکارم دەهێنان . لە (کۆلۆنێل کامیرۆن )م گێڕایەوە هاوەڵیم بکات کە ئەو دەمە پەیوەندیی کردبوو بە بەتالیۆنێکی ئاسورییەوە کە لە ژمارەیەك ئاسوریی خۆبەخش پێکدەهات و تێکڕا سیونۆ کەس بوون ، هەموویان پاڵتۆی درێژی تا سەر ئەژنۆیان لەبەردا بوو و بەسوار ئەسپەوە بوون ، ئەوانەی لەگەڕان و سوڕانیاندا چنگیان کەوتبوو . ئەوانە لە لایەن (راب ئەمما) ی ئاسورییەوە فەرماندەیی دەکران یان لە لایەن ئەفسەرێکی پلە یەکەوە کە(مەکسوس) یان پێدەگوت ، لەگەڵ ئەفسەرێکی پلە دوو (رائوول)ی ناوبوو .هەموو ئەوانە بەتەمەن بەڵام دڵگەرم بوون ، ئارەزووی سەرەکیان تاڵان بوو . گومانی ئەوەیان بکردایە نەیارەکانیان شتێکی هەیە شایەنی بردنە هەتا مردن بەدوایەوە دەبوون و گەڕانەوەیان زۆر ئاسان نەبوو. کامیرۆن ئەوانەی دا بەمن و منیش ناوی هێزی غەیرەنیزامیی ٣٩هەمم لێنان ،ئەوانە ئەوەبوون کە من دەمویستن ، چونکە لە پیادە خێراتر دەرۆشتن و نەبوونیشیان لە بارەگای گشتیی هیچ لە ئەرك و توانای هێزی پاراستنی کەم نەدەکردەوە . هەروەها لەگەڵ ترش روودا واتە لۆرانس پەیوەندی کرا کە پۆلێك سەرباز بنێرێت بۆ ئەوەی رۆژێك پاشتر لە نیوەی رێگادا پێمبگەن ، لەگەڵ ئەو لاوە ئازایانەدا کەوتمە رێ ، ئەوانەی تەسلیمی پۆلەکەی لۆرانسیان کردم کە بە فەرماندەیی (ئێس فۆسدیك) بوو.



کاتێك گەیشتمە هەڵەبجە کۆلۆنێلم بینییەوە لەماڵێکی گەورەدا دامەزرابوو ، کە ماڵی عوسمان پاشا و عادیلەخانمی ژنی ، شازادەی هەڵەبجە بوو . ئەو لەو کاتەدا هەڵاتوویەکی گرتبوو ، دادگای سەربازیی سزای مەرگیان بەسەردا دابوو ، پێش ئەوەی سزاکە لە بارەگای گشتییەوە جەختی لەسەر بکرێت ، ئەو سزاکەی بەسەردا جێبەجێکرد و کوشتی . ئەمێستا ئەو سەرقاڵی بەرنامەی لەناوبردنی سەگە بەرەڵاکان بوو ، ئەو سەگانەی هەر زوو هەڕەشەی سەر خۆیان هەست پێکردبوو ، ئەوەی کە من زوو پێمزانی . یەکەمین بەیانی کە لە سەربان خەوتبووم ، بە دەنگی تەقەیەك وەخەبەر هاتم ، لەو دەوروبەرەوە کە دەبینرا ژمارەیەکی زۆر سەگی بەرەڵا بە هەموو لایەکدا بۆ دەرەوەی شار هەڵدەهاتن . گەیشتمە ئەو بڕوایەی ئەو سەگە بەرەڵا فێڵبازانە ئەوەندە وریا بوونەتەوە کە چەند مانگێکیان دەوێت تا بە تەواوی لەناوببرێن ، ئەگەر بەر لەوە خۆڵوخاشاکەکان کۆبکرایەتەوە کە بایەخێکی بنەڕەتیی نەبوو . کاری بەپەلە دابینکردنی کرێکار بوو بۆ هەموارکردنی نیشتگەکە کە تەنیا هۆکاری پەیوەندییکردن بوو بە بارەگای گشتییەوە ، تا کەموکوڕیی گەنجینە سەربازییەکە پڕبکاتەوە . داوا کۆنەکەی ترش روو بۆ جێگرتنەوەی داروقولاپێکی نوێ کە لەلایەن هێرشێکی دوژمنەوە لە دەستچووبوو ئەوەندە پێی گرنگ نەبوو . بە بێتەل پرسیارێکمان لەوێوە پێگەیشت کە چۆن یەکەیەك خۆی ئامادەکردووە بێ هیچ زین و رەشمە و لغاوێك بەرەو ئێرە بێت ، هەرچەندە لۆررانس پێویستی بە کەلوپەلی خۆماڵی ، پارەی کاشی گەنجینە ، زانیاریی سەبارەت بە شوێنی جیاجیای عەشرەتی کۆچەریی جاف هەبوو ، هەروەها ناوی قایمقامەکان و شوێنەکانیان ، لە حاڵەتێکدا گەر پێویست بوو داوای بارمەتییان لێبکرێت ، هەروەها رێنمایی مامەڵەکردن لەگەڵ فەرمانڕەوای خۆماڵی و یان هەر هاوڵاتییەکی سیڤیلەوە کە لە لایەن لەشکرەوە دەستگیر دەکرێن . هەروەها پێویست بوو کە هەلومەرجی گشتیی هەڵسەنگێنم و چاوم بە قایمقام بکەوێت تا ئەو مەسەلە گشتییانەی روونبکەمەوە کە شوێن لەسەر لەشکر دادەنێن ،چۆن لەگەڵ ئەو کۆلۆنێلە توڕەیە مامەڵە دەکات ، هەروەها

پێویستی پێدانی ئاگاداریی ناوبەناو لە هەر جموجۆڵێکی خێڵەکان کە کار لە هێمنیی و ئارامیی دەکات .

قایمقامەکە حامیدبەگ ، برازای شازادەی هەڵەبجە بوو ، لە نێوخەڵکدا بە کابرایەکی رژد لەگەڵ رەعیەتەکەیدا ناوبانگی دەرکربوو ، بەڵام وەك من بینییم وریا ، ئازا ، هەروەها کابرایەکی خۆش مەشرەف و حەزی بە راو و نیشانشکێنی بوو ، لەگەڵیدا پاشتر چەند رۆژانی خۆشمان رابواردووە . ئەو نیودەستەیەك تانجی و بەچکە گورگێکی رامکراوی هەبوو کە راوە بەرازی پێدەکردن . زۆریشی حەز لە تولەکەی من بوو ، هەربۆیە توتکێکم بۆ لێگرت و پەروەردەم کرد ، ئەوەش زۆر دڵشاد و خۆشحاڵی کرد ، چوونکە کاتێك لەگەڵ خزمانیدا دەچوونە راوە کەو ، گرنگ نەبوو کێ تەقە دەکات و کەو دەپێکێ ، تولەکەی دەستبەجێ دەچوو کەوەکەی دەهێنایەوە و تەنیاویەنیا دەیخستە بەردەم حامیدبەگ و هیچ کەسێکی دیکە نا . ئەو چەند ژنێك و هۆردوویەك منداڵی هەبوو ، کە دواتر یەکێکیان بوو بە باڵیۆزی عێراق لە ئیسپانیا .

پاش ئەو ماوەیەی کە لە هەڵەبجە بووم ، ئەوەی توانیم جێبەجێم کرد و گەڕامەوە بۆ سلێمانی بە هەمان شێواز کە پێی چووبووم بۆ هەڵەبجە ، بێ هیچ رووداوێکی نەخوازراو ، هێزی ٣٩ هەم هات و لە نیوە رێگا بەمن گەیشتن کە رێگای ٥٠ مایلە . بۆ ماوەی مانگێك یا دووانی داهاتوو سەرقاڵی دیدەنی بانگێشتکراوان بووم ، بینینی ژمارەیەکی زۆر لەوانە کاتکوشتن بوو ، بەڵام وەك باوە بە قاوە و سیگار پێشوازییم لە هەموو ئەوانە دەکرد و بە ئارامییەوە گوێم لێدەگرتن تا لە ناخەوە بیانناسم و بە باشی گرفتەکانیان بزانم ، بۆ ئەوەی لەسەر ئەو بنەمایە پێشنیازەکانی گێڕانەوەی نەزموئارامیی ناوچەکە دابڕێژم .

تا ئەو کاتە سلێمانی لیوایەکی تایبەت بوو کە لە ژێر سەرپەرشتیاری راستەوخۆی کۆمیسێری باڵادا و لە دەرەوەی دەسەڵاتی حکومەتی عێراقدا بوو . لە بەر ئەوە ناوەندی نەتەوایەتیی کوردیی بوو ، چەند هەوڵێك درا بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی



کوردیی کە بێئاکام بوو ،دەوڵەتی کوردستان لە رێکەوتننامەی سیڤەردا ساڵی ١٩٢٠پێشنیاز کرابوو . هەرچەندە کوردستان لە دەریاوە دوور بوو ، ئەو راستییەش هەیە کە گەلی کورد لە سنورەکانی ئێران ، تورکیا ، روسیا ، سوریادا هەن ، ئەوەی مەسەلەکەی زۆر ئاڵۆز کردبوو ئەو پەیمانە ئاشتییە بوو کە لەگەڵ تورکەکاندا بەو دواییە مۆرکرابوو.

حکومەتی بەریتانیا زۆر نەبوو خەریکی کارێکی ئاستەم و گران بوو ، هەرچەندە مەسەلەکە دەیهێنا ، ئەویش ئەوەبوو لیوای سلێمانی وەك لیواکانی دیکە حیسابی بۆ بکرێت ،بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی زمانی خوێندنگا و دادگاکان لە تێکڕای ئەو شوێنانەی کورد زۆرینەی پێکدەهێنن کوردیی بێت . پێشنیازەکانم بۆ راپەڕاندنی چەند کارێکی پێویست وەك لای خوارەوە بوو :

پێویستە پۆلیس فەرمیی نیزامیی هەبێت ، سوارە و پیادە ، بە باشی لەسەر بەکارهێنانی چەك راهێنرابن ، هەروەها پێویستە تێکڕای بەش و پێکهاتەکانی بەڕێوەبەرایەتییەکی ئاسایی هەبێت کە لە لیواکانی دیکەی عێراقدا هەن .

هەروەك لە تەواوی بەشودەزگاکاندا ، سلێمانی لە لیواکانی هەولێر و کەرکوکی هاوسێ لاوازترە ، هەربۆیە دەبێت هەوڵبدرێت لەرووی بەڕێوەبەرایەتییەوە باری سەرشانی سووك بکرێت و بەشێوەیەکی کاتیی قەزای چەمچەماڵ و رانیە بخرێتە سەر کەرکوك و هەولێر . لەڕووی جوگرافییەوە زنجیرەی قەرەداغ ، چەمچەماڵ لە سلێمانی دادەبڕێت ، ئەو زنجیرەیەی کە سێ دەربەندی هەیە لە درێژایی ١٠٠ مایلی خۆیدا کە تەنیا یەکێکیان بە کەڵکی ئەوە دێت ئۆتۆمبێلی پێدا تێپەڕێت . رانیەش پردەکەی سەر زێی بچووك جیای دەکاتەوە .

نائارامیی رێگاکان بازرگانیی ئاسایی وەستاندووە و کاروانەکان بە هاوەڵی هێزە سەربازییەکان نەبێت ناتوانن تێپەڕن ، هەربۆیە پێویستە پۆستی پۆلیس لەسەر خاڵە ستراتیژییەکانی رێگەکە دابنرێن کە پۆلیسەکان بتوانن ئیشارەت لەگەڵ یەکدی بکەن ، هەروەها لەگەڵ بارەگای گشتییدا ، ئەویش بە بەکارهێنانی رووناکیی خۆر لە رۆژ و

چراش له شەودا . فەرمان بۆ هەموو راهێنراوە لێوەشاوەکان دەربکرێت کە مووچەی زیاد له بەرێوەبەرایەتیی پۆلیسەوە وەربگرن . هەروەها سەندوقی ئازوخە و تانکی ئاویان بۆ دابنرێت تاکو لەبەرامبەر هەر پەلامارێکدا خۆڕاگرن تا هێز فریایان دەکەوێت . کاروانە بازرگانییەکان له کاتی روودانی هەر پەلامارێکی لەناکاودا پەنا بەرنە بەر ئەو پۆستانەی بە درێژایی رێگاکە دادەنرێن .

رێگەسەرەکییەکەی لە کەرکوکەوە دێت بۆ سلێمانی ئەوەندە خراپ بوو کە لەکاتی باران و رەهێڵەدا کاروانێکی ئۆتۆمبێل شەش رۆژی دەویست تا ماوەی ٧٠ مایل ببڕێت . یەکەمین ئەو کارە بنەڕەتییانەی دەبێت بکرێن دروستکردنی پرد و چاککردنی ئەو رێگایە بوو . دوای ئەوە پێویستە هەمان کار بۆ پاراستنی رێگاکانی دیکە بکرێت ، بە ئاراستەی باشوور بۆ هەڵەبجە ، پاش ئەویش بۆ ناحیەی پێنجوێن لەسەر سنوری ئێران لە رۆژهەڵاتەوە ، هەروەها بۆ سورداش و شارباژێڕ لە باکوور .

ئاساییە بەرنامەی رێگرتن لە شێخ مەحموود و پەلاماردانی هەمەوەند لە رێگای فرۆکە و هێزەکانی لیڤییەوە بەردەوام دەبێت ، بەڵام دانانی تۆڕێك لە بازگەکانی پۆلیس دەبێت هۆی پەکخستنی جوڵانەوەکەیان و دەرفەتی سەرکەوتنیان کەمدەکاتەوە ، زانیاریی زووتر چنگ دەخات کە بۆ مەسەلەی وەدوکەوتنیان نرخی خۆی دەبێت .

سەرباری ئەوانە ، حکومەت پێویستە بە شێوەیەکی فەرمیی دەست بەسەر هەموو موڵکەکانی شێخ مەحموود دا بگرێت ، و لەوەش دڵنیا بێت کە موڵکانەی زەوییەکانی وەك کارێکی بنەڕەتیی کۆبکاتەوە . ئەگەر شێخ مەحموودیش هەوڵیدا موڵکانەکانی کۆبکاتەوە دەبێت رەعیەتەکەی ئەوە بڵێن کە موڵکانەیان داوە .

ئەو کارانە زۆریان خایاند کە بیریان لێبکرێتەوە ، زیاتریشیان پێدەچوو تا بڕیاریان لەبارەوە بدرێت ، هێشتا زۆرتریشی دەویست تا پیادە بکرێن و کاریگەرییان دەرکەوێت . بەڵام هێنرانە دی ، هەروەها پێش ئەوەی چوار ساڵێك دواتر سلێمانی جێبهێڵم (١٩٢٩) بە شێوەیەکی فەرمیی سوپاس و پیرۆزبایی کرام بەوەی کە ببووە



یەك لە هێمنترین لیواکانی . ئەمەش بێ ئەنجامدانی ژمارەیەکی زۆر پێکدادان نەهاتەدی ، بەڵام هێدی هێدی کە بەرێوەبەرایەتیی پێی چەقاند و خۆی چەسپاند ، یاخییبووان لاوازبوون و بۆیان ئاشکرا بوو کە هەروا بە ئاسانی بۆیان ناچێتە سەر .

بۆ ئەوەی نەزم و ئارامیی سەرکەوتووانە پارێزراو بێت ، پێویست بوو متمانەی خەڵکەکە بەدەستبهێنین . بێ ئەوە هیچ بەڵگەیەك بۆ پێشەوەچوون دەست نەدەکەوت و پرۆسەی یاساسەپێنیی بەدینەدەهات . هەروەها پێویستە پۆلیس دۆستانە مامەڵە بکات و لێوەشاوە بێت ، ئەو حاڵەتەی کە بە خەڵکی رۆژهەڵات نامۆیە . لەبیرمە لە بۆنەیەکدا تێبینی ئەوەم کرد دەستەیەك سوارەی خێڵەکی رێگەیان کەوتە گوندێکەوە ، مریشکەکان خێرا کەوتنە چنینەوەی ئەو دەنکە جۆیانەی لە تەرسی ئەسپەکاندا ساغ مابوونەوە ، بەڵام کاتێك ژمارەیەك جەندرمە روویان لە گوندەکە کرد ،هەر ئەو مریشکانە بە پرتاو بەرەو کولانەکانیان هەڵاتن و خۆیان حەشار دا . بێگومان ئەوانە چارەنووسی ژمارەیەك لە هاوجنسەکانی خۆیان بینیبوو کە چۆن لە جارەکانی پێشوودا بەدەستی ئەو جەندرمانە چییان بەسەر هاتووە . لەبەر ئەوە رێژەیەکی گونجاو لە ئازوخە و موچەی زێدە بۆ پۆلیسەکە و ئەسپەکەی ، لە هەموو حاڵەتەکاندا بیانوویەك بۆ خۆ قەڵەوکردن لەسەر ورگی برسیی خەڵکی لادێ ناهێڵێتەوە .

ژیان لە سلێمانیدا بۆ دوو ساڵی داهاتوو (١٩٢٥–١٩٢٧) چەندین وێنەی ئاڵۆوالای جیاواز و شەبەنگی هەمەجۆری نیشاندا ، هێرش و پەلاماری ناوبەناو یاخود بێ ئومێدییە ناوبەناوەکان تێکڕایان گۆڕانی پلەبەپلە و بەرەو باش ، بەڵام پڕخرۆش بوون...

خۆشترین ساتی خەڵکەکە ئەو کاتە بوو لەسەر سەکۆی بەردەم قاوەخانەکان دادەنیشتن و خەریکی قسەوباس بوون ...لەکاتێکدا یەك بەدوایەك چای شیرینیان دەخواردەوە ...هەروەها مۆزیقای قەوان هەبوو کە لە جۆری کۆن بوو ، لوولەیەکی دەمپانی وەك سەری زورنای پێوە دەکرا کە لە دەمەکەیدا بە چەند تۆڕێك پارچە

کاغەز دەڕازێنرایەوە ، ئەوەی سەرنجی منی ڕاکێشا . هەروەها بۆ وردبوونەوەی زیاتر ئەم ڕوونکردنەوەی خوارەوە دراوە . کاتێك بۆ یەکەمجار قەوان لە کوردستان دەرکەوت ، مەلاکان کە ڕابەری ئاینی ئیسلام بوون دەستبەجێ وا تێگەیشتن ئەو داهێنانە نوێیە هانی خەڵك دەدات لە چایخانەکان کۆببنەوە لە جێی ئەوەی وەك باوە زۆربەی کاتەکانیان لە نێو مزگەوتەکاندا بە خواپەرستییەوە بەرنە سەر .چونکە لەو ڕۆژانەدا مزگەوت مەڵبەندی کەلتور و زانیاریی و فێربوون بوو . هەروەها مەلاکان کە دوا زانیارییان لەسەر بازاڕ هەبوو ، کردبوویانە پیشە و ئامۆژگاریی ئەو لادێییە نەفامانەیان دەکرد کە لەگەڵ یەکێك لە مجێوری مزگەوتەکەیاندا بڕۆن و بچنە لای ئەو فرۆشیارەی دۆستی خۆیەتی ، لەوێش پێیان دەگوترا کە سەرڕاستانە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکەن و خاتریان دەگرن ، ئەو مامەڵەیەی پارووییەکی چەوری بۆ مەلا تێدا بوو ، لادێیی داماوی قوڕبەسەریش کە بە پارچە کوتاڵە عەمارەپۆ و کورتوکوێرەکەیەوە بۆ ماڵ دەگەڕایەوە دەکەوتە بەر پەلامار و تەشەری ژنە کڕوساوەکەی کە ماوەیەکی زۆر لە خانەی چاوەڕوانیدا دەیخولاندەوە .

هەروەها مەلاکان فەتوایەکیان دەرکرد کە قەوانیان تێدا قەدەغە کرد گوایە دەبێتە هۆی ئەوەی خەڵکی ئارەزووی مۆزیقا و کەلتوری کافران بکات . بەڵام یەکێتی مەلایان بازاڕێکی داخراو نەبوو ، یەك دوویەکیان لە گەنجە مەلا کەمدەرامەتەکان تێدا هەڵدەکەوت و دەرفەتیان دەقۆزتەوە ، بە بەخشیش و سەرقەڵەمانەیەکی باش چەند ئایەتێکی قورئانیان دەنووسی کە بە دەمی لوولەی قەوانەکەدا هەڵدەواسران ، ئیدی دەبووە فلتەرێك و هەر دەنگێك لەو فلتەرەوە دەرچووایە بۆ گوێی موسوڵمانان پاك و بێخەوش‌و بێزیان بوو .

پۆلی هێزی ئاسمانیی بۆمباوێژ لە باکووری عێراق لە هەر یەکە لە موسڵ و کورکوك جێگیر بوو . لە کاتێکدا لە سلێمانی فڕۆکەی تاك کورسیی هەبوو کە ڕەشاشێکی بچووکی دەستیی لەسەر بوو بۆ ئەوەی پەیوەست بێت بە ستونی سەربازییەوە ، ئەو فڕۆکانە لە لای خۆشمان ئەوەی بۆ زیادکرابوو کە بتوانێت



پێویستیی و سەندوقی ئازوخە و باڵندە ماڵییەکان بەرداتەوە . سەیرکردنی ئەو مریشکانە شتێکی عەنتیکە بوو کە هەوڵیان دەدا لە ئاسماندا بێهودە هاوسەنگیی ڕابگرن بەڵام وەك بەرد بەردەبوونەوە . هەرچی مراوییە دەیانتوانی بخزێن و بێئەوەی بریندار بن بێنە سەرزەوی .

هەروەها گروپێکی بێتەل لە تەیارەخانەکە هەبوو کە گروپێك لە پیاوانی هێزی ئاسمانیی سەرۆکارییان دەکرد ، ئەوانەی ژیانیان لەو شوێنە لاپاڵ و چەپەکەدا وشك و بێزارکەر بوو . ڕۆژێك بە سواریی دام بەلای مزگەوتی گەورەدا ، بە ئاشکرا بینیم سەگێك لەو جۆرە دووڕەگانەی کە هەمیشە خۆیان بە سەربازانی بەریتانییدا هەڵدەواسی لە دیوی دەرەوەی دەرکەی حەوشی مزگەوتەکەدا هەڵتوتی بوو . دیارە هیچ سەگی موسوڵمانێك یاخود سەگێکی بەرەڵا لە شوێنێکی وادا ڕێی پێنادرێت . دابەزیم تا زیاتر لە مەسەلەکە بکۆڵمەوە ، تەواو لەوە دڵنیابووم کە لە دەرکی دووەم و لە دیوی ناوەوەی حەوشی مزگەوتەکە سەگێکی دیکەی لە هەمان جۆر لێبوو کە لە پەنا حەوزی دەستنوێژەکەوە وەستابوو ، لەوێ دوو کارمەندی بەریتانیی لێبوون و قولاپیان خستبووە حەوزەکەوە چاوەڕێی ڕاوێکی بێ مایە بوون . ئەو دووانە کە لە خۆشییاندا شاگەشکە بوون لە سروشتی پیرۆزی دەوروبەرەکەیان بێئاگا بوون ، ئاخود ئەو ڕاستییەی کە هەریەك لەو ماسییانە دەگونجێت بەرجەستەی گیانی ژمارەیەك لەو کەسایەتییە پیرۆزانە بکات کە هاتووچۆی مزگەوتیان کردووە و لە ژیاندا نەماون . ئەو دووانە بە دڵنیاییەوە تەواولەو ڕاستییە بێئاگابوون کە ڕێگە نادرێت سەگ بێتە حەوشی مزگەوتەوە و ئەو ماسییانەش لە حەوزەکەدان بەدەست تێیخراوە و بەخێودەکرێن . کە بیرم دەکردەوە ڕادەچڵەکیم لەوەی ئەگەر ئەو دووانە لە مزگەوتێکی شیعەکاندا ئەو کارەیان بکردایە چی دەقەوما ؟ ، کە پێش ئێستا لە یەکێك لەو مزگەوتانە بە قەولی خۆیان دوو کافریان کوشتبوو تەنیا لەبەر ئەوەی بۆ وێنەگرتن چووبوونە مزگەوتەکەوە ... بە مجێوری مزگەوتەکەم گوت بۆچی ڕێگەی لێنەگرتوون ، لە وەڵامدا گوتی کە هیچ زمانی ئینگلیزیی نازانێت و ئەگەر کارێکی

بەوجۆرەشی بکردایە ئەوان تێنەدەگەیشتن و هەرایەك دروست دەبوو کە ئەوی تێدا پیاوخراپ ئەبوو . هەردوو کارمەندەکەی هێزی ئاسمانیی پاش ئەوەی لە وەزعەکە تێگەیشتن داوای لێبووردنیان کرد . دوایی رێکەوتین کە رۆژێك پێکەوە بچینە دەرەوەی شار تا راوێکی باشتریان نیشانبدەم .

لەگەڵ ئەوەی وەرزی زستان بەرەو نزیکبوونەوە دەهات ، کەوتبووینە ئەوەی کە بەدوای جۆری دیکەی گەمە و رابواردندا بگەڕێین کە شوێنی پۆلۆ بگرێتەوە . ئەگەر بکرێت خەڵکەکە و پیاماقوولان و ئەشرافیش تێیدا بەشداربن . چونکە هەر شتێك خزمەتی تێکەڵیی توێژی ئەفسەرانی بەریتانی بکردایە زیاتر هاوکاریی بەدەستهێنانی بڕوا و دۆستایەتیی و پشتگیرییانی دەکرد . ئەوەم هێنایەوە بیر کە پاش ئاگربەستەکە ، سریەی گواستنەوەی ۱۱۰هەم گەلەیەك سەگیان پێکەوەنا کە لە دواییدا مایەوە و پاش گەڕانەوەیان بۆ هیند پەرەی پێدرا و پەیوەستکرا بە تەویلەکانی پاشایەتییەوە . ئەو جۆرە سەگانە (ئیکسۆدەس)یان پێدەگوتن کە بە هیندی واتای ۱۱۰ دەدات . هەروەها بۆ دابینکردنی ئەو جۆرە وازییانە بۆ سوپا ، هێزی ئاسمانیی و خەڵکی لە بەغدا بەکاردەهێنران . هەر بۆیە پێشنیازی من ئەوەبوو کە گەلەیەك سەگ دابمەزرێنین و دەستبەجێ قبوولکرا .

لەراستییدا ، یەکەمین شت دەبووایە سەگەکانمان دەستکەوێت ، سەگی جۆری (فۆکس هوند/راوەڕێوی) یش نەبوو ، هەربۆیە دەبووایە بەو جۆرە سەگە قەناعەت بکەین کە لە هیند پێیدەگوترێت (بۆبەری) کە لە پەڕاندنی تانجی و ئەو جۆرە سەگە دڕەی کە شوانەکانی کورد بۆ پاسی ران‌وماڵات رایانگرتبوو ، پەیدا دەبوو ، کە زۆر حێراو دڕ و بەهەڵمەت بوو . گەڕۆك نێردرایە لای زۆربەی پیاوماقوولان و سەرخێڵەکان و پێشنیازیان پێکردبوون کە پەیوەندیی بکەن و بە دابینکردنی چەند سەگێکی راو هاوکاریی بکەن . زۆرمان پێخۆش ئەبێت پەیوەندیی بە وازییەکەوە بکەن و هیچ ئەرکێکی مادیشیان لەو بارەیەوە ناکەوێتە ئەستۆ . خواردنی سەگەکانیش لە



بەرماوەی بەتالیۆنەکە دەبێت . زیادیشدەکرێن ، کاتێك پێویستی کرد بەو بەشدارییە بچووکەی لەئەفسەرەکانەوە دێت .

بەباشی بە دەنگمانەوە هاتن ، زۆری نەبرد بووینە خاوەنی شەش جووت لە دڕندەترین جۆری سەگ کە هەرشتێك بە لایاندا بڕۆشتایە راویان دەکرد . کرێکاری خۆماڵی بەکرێگیرا تا کولانەیان بۆ دروستبکەن ، بە تێکڕاش ئەفسەرێکی لاو و خوێنگەرمی (هێزی پیادەی بەرزاییەکان) کە بە (براس نێك/ملدرێژ) ناوی دەبرا ، وەك راهێنەر بۆ دانان . ئەو ناوەی لەوەوە بەسەردا دابڕابوو کە شەوێکیان زۆری خواردبۆوە و بە خەیاڵ خۆی هاویشتبۆ چاڵاوی مەلەکردنەوە ، بەڵام لە راستییدا کۆنکرێتێکی وشك و رەق بوو ، وێڕای ئەوەی تووشی ئازارێکی زۆر نەببوو . ئەو ئەفسەرێکی بەجەرگ بوو ، گەلە سەگەکەی ناوی (دۆڵی سلێمانی لێنرا) . لە یەکەمین خولی تاقیکردنەوەیدا گورگێك ، حەوت چەقەڵ ، سێ‌ڕێوی ، مانگا و پیرەژنێکی کوشت ، ئەوەی دوواییان لە ترسان تۆقییبوو . تا لە کۆتایی و لە خولی سێهەمدا دەردی هاری[31] لە نێو گەلەکەدا بڵاوبۆوە و پێویستیکرد لە ناو ببرێن.

بەڵێ ، ژیان هەمووی کەیف و بەزم و رابواردن نیە ، کارێکی زۆری پشت مێزمان لە ئەستۆ بوو ، وێڕای بنیاتنانی دابودەزگای بەڕێوەبەرایەتیی و خزمەتگوزاریی کە یاسا و نەزم و هێمنییان دەچەسپاند .چەندین جار هەواڵ دەگەیشت کە چەتەکان پەلاماریان هێناوە و رێگرییان لێکراوە و هەرچەندە زۆربەی جار هەڵدەهاتن . بەڵام

[31] وادەردەکەوێت کە لاین لەگەڵ سەگ و دەردی هاری سەگدا سەروکار و شارەزایی باشیی هەبووبێت و ئەوەش لەسەر هەڵسوکەوت و بڕیارە بەڕێوەبەرایەتییەکانی رەنگیدابێتەوە ، چونکە لە بەرواری نۆڤەمبەری ۱۹۲۵ شێخ مەحموودی بەرزنجی رابەری جوڵانەوەی سەربەخۆخوازیی کورد لە باشووری کوردستان نامەیەکی بۆ ناردبوو تێیدا داوای لە کاپتن لاین کردبوو کە هەوڵبدات بۆ ئەوەی حکومەتی بەریتانیا بە چاوێکی دادپەروەرانە بڕوانێتە هیوای ئازادیخوازیی گەلی کورد و بۆ کۆتاییهێنان بە خوێنڕێژیی و ماڵوێراکردنی کوردی هەژار تێبکۆشێت. هەموو وەڵامێکی کاپتن لاین کە لە فێبرایەری ۱۹۲٦ بە واژۆی خۆی بۆ شێخ مەحموودی ناردبۆوە تەنیا پەندێکی کوردیی بوو کە دەڵێت :" سەگی هار چل شەوی عومرە" . بڕوانە :م.ر.هاوار ، شێخ مەحمودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان ، بەرگی دووەم ، لەندەن ،ل ٥٦٤–٥٦٥ .

ئەمە راهێنانێکی باش بوو بۆ سوپا ، لەگەڵ ئەوەی بە درێژی ئەو ماوەیەش پۆلیسی ناونووس دەکرا و رادەهێنران ، قولە و پۆستەکان لەسەر رێگاکان دادەمەزران و بەهێزدەکران . ئەوکارانەی لە دوو ساڵی داهاتوودا سەرقاڵیان کردم (١٩٢٥–١٩٢٦) . پێش ئەوەی سەرەم بگات بۆ پشوو و سەردانی ماڵ بکەمەوە [٣٢] .

[32] لەمەڕ رۆیشتنەوەی کاپتن لاین بۆ بەریتانیا ،کۆمەڵەی زانستی لە سلێمانی ئاهەنگێکی خوداحافیزی بۆ سازدابوو. رۆژنامەی (ژیان) لە ژمارە (١٩) ی بەرواری ٣ حزیران ١٩٢٦ و لەژێر سەردێڕی "لە جمعیتی زانستیدا رسم وداع" باسی لەو ئاهەنگە کردووە و نووسیوویەتی:" بە شرفی رویشتنی مفتشی اداری جناب کاپیتان لاین بە رخصت بو انکلترە ١ حزیران کە موافقی رۆژی سیشەممو بو لە طرف هیئتی جمعیتی زانستی کوردانەوە لە بنای جمعیتدا بەناوی رسم وداعەوە احتفالیکی مطنطن اجراکرا . بو ام احتفالە بالعموم رؤسای دوائر و مامورین ، اشراف و تجار مملکت و کلی کسی تر لە کل طلبە کانی هرد و مکتب و هیئت تدریسە یان بانك و دعوت کرابون .لە سعات دەونیوی غروبیدا مفتشی اداری جناب کپیتان لاین و سعادت متصرف غیور لکل مفتش اداری تازە جناب کپیتان گاون تشریفیان هینا .لە طرف طلبە کانی مکتب و حاضرونەوە رسم سلام و تعظیمیان بو کرا .لپاش دانیشتن لە جیکەی تایبەت یان جگرە و قاوە تقدیم کرا . امجا سعادتی متصرف بە نطقیکی بلیغ حفلەکەی گشاد کرد . مشار الیە تأثیرات و اسفی لە روی مفارقت و غیبویتی جناب مفتش اداری کە کلی خدمات و کردەوەی چاکی بو ولاتەکەمان سبقتی کردوە بیان کرد . و بە زبانیکی شیرینەوە فرموی لە گل امەی مە متاثرم لەم مفارقتە فقط مادامکە مومی الیە لەم رویشتنەی ممنونە چونکە اچیتەوە بو وطنی خوی و ملاقاتی خزم و عائلەی اشتراکی ام سرورەی اکەم ...لەدوای امە لە طرف جناب حاجی توفیق بك بە ناوی جمعیتەوە شیعریك و لە طرف جناب جمال بگی بابانەوە نطقیکی پر معنا و فصیح خویندرایەوە مآلەکەی لەسر موضوعیکی روحدار بە شیوە و ادایەکی جوانەوە لە تعداد و تقدیری خدمات برگزیدە و اخلاق و حسن معاشرتی جناب مفتش اداری عبارت بو .
جناب مفتش اداری بالمقابلە هلسا تشکراتی زوری تقدیم حاضرون کرد و تمنی ترقی جمعیت پیشکوتن و موفقیتی سلیمانی و ملت کورد کرد ...".



## بەش حەوتەم : سلێمانی ، شێخ مەحموود و کۆمەڵگای نێوچەیی ١٩٢٦-١٩٢٩

( لە پشووی ساڵی ١٩٢٦ دا لاین چاوی بە ڤێراکینگ ، خوشکی پێرس کینگ کە لە بەشی پێشوودا ئاماژەی بۆکراوە ، دەکەوێت و نیشانەی دەکات. ئەوان لە بەهاری ساڵی ١٩٢٧ دا زەماوەندیان کرد . سەرەتا لە بێروت هاوسەرگیریی مەدەنییان راگەیاند و پاشتریش لە کڵێسا لە ئۆرشەلیم پیرۆزکرا ، پێش ئەوەی بگەڕێنەوە سلێمانی / فیلڈهاوس ) .

...هەر زوو پاش گەڕانەوەم لە بەهاری ١٩٢٧ دا[٣٣] بڕیاری گرتن و پاراستنی پێنجوێن درا کە ناوەندی ناحیەیەکە لەسەر سنور کە رێگای بازرگانی بۆ ئێران پێدا

[33] سەبارەت بە هاتنەوەی کاپتن لاین رۆژنامەی (ژیان) لە ژمارە (٤٣) ی ٢٥ی تشرینی دووەمی ١٩٢٦ لەژێر سەردێڕی "تشریف هینانەوە" نووسیویەتی :" مفتشی اداری پیشومان جناب کپتان لاین کە لە احوال روحیە و اداریە لواکەماندا شارەزاییکی تواوی پیدا کردبو و چند مدتی لمو پیش بە اذن تشریفی بردبوە انگلترە . روژی یکشمەی رابردو لەگل جنابان مفتش اداری کپتان گاون و مفتش پولیس کپتان شەپرد کە چند روژی لمو پیش چوبونە کرکوك تشریفیان هیناوەتەوە سلیمانی ، اقتدار و حسن ادارە و مزیات عالیەی جناب کپتان لاین وارستەء ایضاحە ، عرض بخیر هاتن و تمنی موفقیتیان اکەین ."
شایەنی باسە کاپتن لاین لەم ماوەیەدا بەکاری ژنهێنانەکەیەوە خەریك بووە ، پاشتر لەگەڵ خێزانەکەیدا هاتوونەتەوە شاری سلێمانی . (ژیان) لە ژمارە(٦٠) ی بەرواری ١٤ی نیسانی ١٩٢٧دا لەژێر سەردێڕی "احتفال بە تشریف هینانەوەی مفتش اداری" دا نووسیویەتی :" دوینی کە موعدی تشریف هینانەوەی مفتش اداری جناب کپتان لاین و رفیقەی محترمەی میسس لاین بو لەسر تنسیب سعادتماب جناب متصرف بو استقبالیان همو رؤسای دوائر و مأمورین و گلی لە اشراف و تجار مملکت لەگل قوتابییان مکتب کوران و کچان لەسر جادەی مشیرآوا لە سعات پینج عربیەوە همو گردبونەوە و لەمبر و لەوبری ری کە چاوەروانی هاتنیان کرا.مدتی انتظار بە گوی گرتن لە صدای اهنگدار و گورانی ملی طلبە کانی مکتەبەوە رابویررا.
سعات هشت او اتومبیلەی کە میستر لاین و میسس لاینی هل گرتبو لە ناو چپلەریزانیکی بە حرارتدا لە بر دمی مستقبلیندا عرضی وجودی کرد . لە طرف قوتابیەی مکتبی کچان پری خان عزیزەوە دەستە گلیکی جوان و رازاوە تقدیم و عرض بەخیرهاتنی کرا ..."

تێپەڕدەبێت . دەبوو لە گەڵ ستونێکدا بچم ، هەر بۆیە خۆم ئامادەکرد و ڤێرام گەڕانەوە بۆ کەرکوك تا ئەو کاتەی لە سلێمانی نابم ئەو بۆخۆی لەگەڵ مس لۆید دا بێت (ژنەکەی کاپتن ئێچ.ئای.لۆید)ی پشکنەری بەڕێوەبەرایەتی کەرکوك بوو) ، هەروەها مس کۆرنەر یش .

ستونەکە بە پێی بەرنامەیەك بەرەو پێنجوێن کەوتە رێ و بێ هیچ رووداوێکی نەخوازراو گەیشتە ئەوێ . بەڵام لەبەر هێندێك هۆکاری بەڕێوەبەرایەتیی کە ئێستا لە یادم نەماوە ، نەمنتوانی لەگەڵ ستونەکەدا بچم. بەڵام رۆژی دواتر لەگەڵ ستونێکی کەلوپەل و ئازوخەدا کەوتینە رێ کە لە سەدەها بارگیر پێکهاتبوو کە بۆ گواستنەوەی ئازوخە و تەقەمەنییەکان بەکرێگیرابوون و ئەرکی پاراستنیان بە پۆلێك ئاسوریی لیڤی سپێردرابوو کە ببوونە چەند بەشێکەوە ، لە هەردوو لاوە پاسەوانی باڵەکان ، لەگەڵ پاشقەڕەوڵ و پێشقەڕەوڵ . لەبەر ئەوەی رێگاکەی ئەودیوی دەربەندی گۆیژە و بەرەوسەر تەسك و سەختە ، کاروانەکە بە درێژایی ئەو رێگایە رێچکەی بەستبوو ، لەگەڵ هەوڵێکی زۆریش نەدەتوانرا کۆبکرێتەوە . وێڕای ئەوەش هەموو شتەکان لە رۆژی یەکەمدا بە باشی بەڕێوە دەچوون ، دەمەو زەردەپەڕ گەیشتینە جێگایەکی لەبار ، لەوێ بارگیرەکانمان وەستاند ، بارەکانیان داگیرا و بەشەو سەربازگەمان خست . رۆژی دواتر کاروانەکە بە ناوچەیەکی بەرزونزمدا رێیدەکرد کە بە داربەڕوو داپۆشرابوو ، بەو نیازەی کە پێش تاریکیی بگەینە دواپێچی زنجیرە چیاکە کەبەسەر دەشتی ئاوەڵای پێنجوێن دا دەڕوانێت . دوای نیوەڕۆ ، سەربازەکان لە کەشوهەوایەکی تاقەتپڕوکێندا دەڕۆیشتن و شارەزای دەوروبەرەکەی خۆیان نەبوون و بۆ چەند جارێك ئۆباڵی بێزارییەکەی خۆیان خستە ئەستۆی کاپتنە بەریتانییەکەیان ، لەو کاتەدا لەناکاو دەنگی ئەسپ غار و رێژنەی گوللە هات ، دەستبەجێ رەوشەکەی گۆڕیی و سەری سەربازەکانی گەرمکرد . بۆ ئەو پیاوە چیاییانەی کە خەڵکی ناوچە سەختەکانی هەرێمی تیارێن و جەنگاوەری شاخاوین و پێش پەیوەندیکردنیان بە سوپاوە هونەری جەنگ و پەلاماریان پیادەکردووە ،



ئازایەتیی و بەجەرگیی ئەوانە ئامادەبوو ، بێ ئەوەی چاوەڕێبن و هیچ فەرمانێك لە فەرماندە بەریتانییەکەیانەوە وەرگرن ، کاردانەی خێرای خۆیان نیشاندا و لە هەردوو لاوە خۆیان دایە کەنار و دامەزران . لە کاتێکدا پاشقەڕەوڵ لە نزمایییەکەوە رێگای داخست هەتا کاروانە پەرتەوازەکە پەنا بدات و ئەو بارگیرانەش بگرێتەخۆ کە بەهۆی تەقوتۆقەکە دەسڵەمنەوەو هەڵدەتیزێنن .

شێوازی پەلامارەکە لەو جۆرە بوو کە هەمەوەندەکان پیادەیان دەکرد ، هێرشهێنان لە باڵەکانەوە تیرەندازیی لە ناوەندی لەشکر بە ئامانجی سەرلێشێواندن و ترساندنی ئەسپەکان و سوارەکانی . هەرچەندە کاردانەوەی خێرای باڵەکانی لەشکر ، پەلاماردەرانی تووشی راچەنینێکی چاوەڕواننەکراو کرد ، هەربۆیە بایان داوە و سەربازەکانیش بەگەرمی لەنزیکەوە دوایان کەوتن .

تەقوتۆق بە خێرایی تەواوبوو ، ئەگەر رەخنەیەك هەبێت لە سوپا بگیرێت ئەوەبوو کە زۆر پەرۆش و خێرا بوو لە راونانی پەلاماردەراندا ، ئەو ئاسورییانە رقیان لەوە دەبێتەوە روو لە نێچیرەکانیان وەرگێڕن و ئەگەری دەستکەوتنی تاڵانیش بۆخۆی دەرفەتێکە . لە کاروانەکە جگە لە گوێدرێژێکی بریندار ، قوربانییەك نەبوو . بەڵام سوپا زیانێکی قورسی گەیاندە دوژمن و چەند تەرمێکی لێهەڵگرتنەوە ، تاکو بتوانین لە کاتی گەڕانەوەماندا بۆ شوێنەکانی خۆمان بیانناسینەوە [٣٤].

---

[34] لە ژمارە٦٥ی ١٢ی مایسی ١٩٢٧دا رۆژنامەی (ژیان)دا سەبارەت بەم رووداوە لە ژێر سەردێڕی " لە سر ری پینجوین" دا نووسیەتی :" رۆژی یکی مانك مفرزەیکی عسکری و قافلەیك کە ششصد بار ارزاقی پی ابی رو بە پینجوین حرکت اکن بو دوم روژ لە نزیکی بادانە توشی طاقمیکی اشقیا دبن کە بو تعرض عسکر خویان لەناو دارو درختدا شاردبوەوە بدبختانە نازانن کە سلاحشور و پلانگیریکی وەکو کپتان لاینیان لەگلایە کە حیاتی خوی لە میدان حری و جدالدا رابواردوە ، لە همو لایەکەوە قوەتەکە ادنە بر دەست ریژ . عسکرکان هیچ اهمیت نادن بەم تەقانە دەست بە جی لەسر امر و ترتیب جناب مفتش بو دفعیان بیست نفریك لە عسکر لوی اثوری جوی ابیتەوە بی امەی اهمیت بدەنە گوللەی تفەنگی اشقیا هجوم اکنە سریان ، نقاط حاکمەیان لی اگرن و ایاندنە بر تفنك، لە نتیجە اشقیاکان تارومار بون و چوار کسی مناسیبیان لی کوژراوە کە عبارەتن لە شیخ رشید

بەداخەوە ئەم بەزم و پەلامارە و خۆدواخستنەکانی دوایی بووە هۆی زوو ڕێکنەخستنەوەی ئەو سەربازە دڵگەرمانە . ئەوەش بووە هۆی ئەوەی کاروانەکە نەتوانێت تا دەمی ئێوارە بگاتە دواپێچی زنجیرەکە ،کە هەورازێکی جوان و بە دیمەنە و ٥٠٠٠ پێ بەرزە . هەربۆیە بڕیاردرا کە لە نزیکترین شوێنی گونجاودا کە سەرچاوەی ئاوی لێبێت سەربازگە بخەین . ئەوەکرا ، بێتەلێکیشمان بۆ پێنجوێن کرد و ڕەوشەکە و هۆکاری دواکەوتنەکەمان بۆ ڕوونکردنەوە . لەبەر ئەوەی ڕۆژی دواتر ئەگەری پەلاماری دیکە لە ڕێ دا بوو ، هەربۆیە هێزەکەی پێنجوێن دەستەیەکیان بۆ پاراستنی دوا پێچەکە ناردبوو ، بەوەش بێ ڕێگریی و پێکدادانێکی زیاتر گەشتەکەمان کۆتایی هات . دوای ئەوەی هێزی پاراستن و بەڕێوەبەری ناحیەمان بۆ پێنجوێن دانا،گەڕاینەوە بۆ سلێمانی ، لەوێ تەرمەکان لە لایەن پۆلیسەوە ناسرانەوە کە سەر بە هەمەوەندەکانی تاقمی کەریمی فەتاح بەگ بوون [٣٥] و سابیری کوڕی فەرماندەی دەستە پەلاماردەرەکە بووە .

---

دباغ، شیخ نوری قزلر ، دو کابرای چنکنیانی . لە عسکر قطعیا تافیات نبوە لە پاش دفع و تنکیلی ام نختە مانعەیە دیسان اکەونەوە ری و اچنە پیینجوین.

حکومت هر لە سلیمانیەوە هتا پیینجوین لە مواقع مهمەدا دەستی کردوە بە درستکردنی نقطەء پولیس ، ام نقطانە بو تامین اسایش و محافظە ی حقوق اهالی و سربستی تجارت و امد و شد بۆ پیینجوین پرە لە پولیس ، امید اکین کە حکومت لمودوا بەربستی شقاوت و راووروتی جردەکان بکا تاوکو ملت لە ژیر سیبری امنیت و اسایشدا بحەویتەوە ".

[35] شایەنی باسە کەریم بەگ لەم ماوەیەدا نزیکەی دە مانگێك دەبوو کوژرابوو ، ڕۆژنامەکانی بەغدا وایان بڵاوکردبۆوە گوایە بەدەستی سوپا و لەکاتی تێکهەڵچووندا کوژراوە ، بەڵام کوشتنەکەی پاش ئەوە بووە کە سەردانی گوندی قەرە طامور ی نزیك چەمچەماڵی کردبوو لەوێ لەگەڵ کوێخای دێکەدا (یونس ئاغا) لێیان دەبێتە شەڕ و بریندار دەکرێت و پاشتر دەمرێت . حەمدی ڕاستیی فەرمووە کە دەڵێت :

ناقڵیشێ دار ، پوازی تا لە جینسی خۆی نەبێ

پشتی کورد کوردی شکاندوویە وەها بوو هەر قەدەر .

بۆ زیاتر بڕوانە ژمارە ٢٤ ی ژیان لە ١٥ی تموز ١٩٢٦ ، سەردێڕی "کوشتنی کریم بك".



ئەمە خاڵی وەرچەرخان بوو لە چالاکییەکانی پەلاماردەرە هەمەوەندییەکان ، هێندەی ئەوەی لیوای سلێمانی سەرقاڵ بوو ، سەبارەت بە بەرنامەی دامەزراندنی بنکە و پۆستەکانی پۆلیس کە خەریك بوون تەواو دەبوون و هێندێکیشیان پۆلیسیان تێدا نیشتەجێ ببوو ، هەواڵی هاتووچۆی چەتەکان دەتوانرا بە ئاسانی بگەیەنرێت ، کاروانەکان ئاگاداردەکرانەوە و وەدوکەوتنی پەلاماردەران جێبەجێ دەکرا . ڕێگای سەرکیی کەرکوك دوای دانانی پرد چاککرابوو ، تەنیا لە کەشەوبایەکی زۆر خراپدا نەبووایە دەتوانرا پێیدا بڕۆیت ، پارەش بۆ تەختکردنی ڕێگای ئۆتۆمۆبێل بۆ هەڵەبجە و جادەیەکیش بۆ پێنجوێن تەرخانکرا . هێندێك لە نێو شاری سلێمانی نیشتەجێبوون ، درێژبوونەوەیان بۆ نێو تەپۆلکەکان ، کاریگەریی مەدەنییانەی خۆی هەبوو کە نیشانەی هێز و دەسەڵاتی حکومەت بوو . سەرخێڵەکان کە پێشتر بێ سوپایەکی چەکدار هەرگیز نەیاندەتوانی سەردانی ئەملاولا بکەن ، ئێستا زۆر خێراتر و بەوپەڕی ئاسودەیی دەتوانێت بێتە شار ، بێ ئەوەی خەرجییەکی ئەوتۆی لەکیس بچێت . دەستەی گەورە لە سوارە و لەدەرەوەی شار بە گەشەکردنی متمانەی گشتیی پۆلیس دەیتوانی زیاتر ئاگاداریی گروپ و شوێنە بچووکەکان بکات .

بەو چەشنە وێڕای ئەوەی شێخ مەحموود هێشتا لە ناوچە سەختەکانی هەوراماندا خۆی مەڵاس دابوو ، جارێك لەبەری سنوری ئێران و جارێکیش لەبەرەکەی دی ، جوڵانەوەکەی ئێستا بەرتەسك کراوەتەوە و سەرچاوەکانی پشتگیریی لێدابڕاوە . هەمەوەندییە لە یاسا دەرچووەکان کە ماڵوجێگایان لە مەڵبەندی چەمچەماڵە ناچارن بە ناوچەکەدا تێپەڕن کە چاودێری پۆلیسی تێدا بەهێز و لەزۆربەی دەرە سەرەکییەکانی زنجیرە چیای قەرەداغدا پۆست و بنکەی پۆلیسی لێ دامەزراوە . ئەو ناوچەیەی کە چەمچەماڵ لە باقی دیکەی لیوای سلێمانی دادەبڕێت . کاربەدەستەکانی شێخ مەحموود تا دەهات مەسەلەی کۆکردنەوەی موڵکانە و پیتاکیان لەو گوندانەی کە حکومەت لێ کۆکردبوونەوە لە لا ئەستەمتر دەبوو ، بایەخ و بانگەشەی شێخیش بۆ دامەزراندنی مەملەکەتێکی کوردیی تا دەهات بێهێزتر و

کاڵتر دەبۆوە . لە کۆتاییدا شێخ نامەیەکی نارد تێیدا هاتبوو کە جارێکی دی دەیەوێت گوێڕایەڵ بێت و وەك نیازپاکییەکیش بابەعەلی کوڕی دووەمی خۆی لەگەڵ سەرکردەی هێزەکانی ماجید بەگ نارد کە لە پێنجوێن من ببینن. من بە فڕۆکە رۆیشتم تا بیهێنمە سلێمانی کەوتینە ئامادەکاریی پێویست بۆ وەرگرتنی شێخ مەحموود [٣٦].

باوکی شێخ مەحموود ، شێخ سەعید ، رێبەری سەیدەکانی بەرزنجەیە و گوایە لەنەوەی پەیامبەرن ، لەبەر ئەوە بە چەند پشتێکی دوور دەبوونە خزمی فەیسەڵ . بەڵام پەیوەندییەکە کۆتایی هاتبوو ، چونکە ئەو یەکەمین و دواکەس بوو کە

[36] لە ژێر سەردێڕی "مسئلەی شیخ محمود دوایی هات و بە تواوی عرض انقیادی بە حکومت کرد"دا رۆژنامەی ژیان نووسیویەتی :" لە پاش تشریف هینانی فخامتماب مندوب سامی عراق و عودت فرمونیان ، لەو روژەوە لە بینی مقام عالی متصرف مفتش اداری و جناب شیخ محمود افندیدا بو دوایی هینان بەم اختلافە مخابرات بە کمال گرمی جریانی کردوە ، لەسایەی حسن نیت و تدبیر خیرخواهی سعادتماب جناب متصرف و مفتش اداریەوە بە هل گرتنی ان اختلافە موفقیت پیدابو و دوایی ام مسئلەیە هات ، بو تأیید و تحکیمی ام خصوصە سە ٣ روژ لەموپیش جناب مفتش اداری بە طیارە تشریفیان بو پینجوین چوە لەوی لە گل ماجد افندی روانەکراو ملاقات کرد ،و لە طرف جناب شیخ محمود افندی یەوە بو قبول و امضاکردنی ، معاهدیکی تودیع بە ماجد افندی کردبنا بە تلغرافیك کە لە پینجونەوە هاتوە معاهدەء مذکور لە طرف جناب شیخ محمود افندیەوە قبول بە امضاکراوی بە شیخ بابە علی کوریاندا بو ینجوین روانە کراوتەوە . وا بە تماین کە روژی شمە شیخ بابە علی بە خوی و معاهدەکەوە بو ایرە حرکات بکات ".بڕوانە پاشبەندی ژمارە ٦٨ ،٣١مایس ١٩٢٧ .

هەروەها لە ژمارە ٦٩ ی ٧ی حزیرانی ١٩٢٧ دا لە ژێر سەردێڕی " هاتن" دا رۆژنامەی ژیان باس لە هاتنی بابەعەلی و ماجد ئەفەندی دەکات بۆ سلێمانی و دەڵێت:"روژی دوشمە دوینی کە مصادف ٦حزیران ١٩٢٧ بو، شیخ بابەعلی افندی کوری شیخ محمود افندی لگل جناب ماجد افندیدا بەو شرائط حکومتیەوە کە لە طرف جناب شیخ محمود افندیەوە امضا کراوە تشریفیان هاتە سلیمانی و لە مالی سعادتماب جناب متصرفدا میوان بون. هروەکو خبرمان وەرگرتوە جناب شیخ بابە علی افندی تشریفیان بو بغدا اچی و جناب ماجد افندیش بو اودیو دگریتەوە لبرامە ام هاتنە استراحت و منافعی ملت تیا متصورە بخیرهاتنیان اکەین ".



سەرگەرمی قۆناغێکی کورتی نیشتمانی کوردیی بوو ، لە کاتێکدا فیسەڵ سەرەنێزەی سەربەخۆیی عارەب بوو .

شێخ سەعید لە موسڵ لەسەردەستی هێسترسوارەکان و پۆلیسی ئاژاوەدامرکێنی تورك ، ئەوانەی سواری هێستر دەبوون و تورکەکان زۆر بەکاریان دەهێنان ، هەروەك چۆن روسە تزارییەکان قۆزاقەکانیان بەکاردەهێنا . ئەوانە تەنیا کەسانێکی دڵڕەق بوون . شێخ سەعید لە مزگەوتی گەورەی سلێمانی نێژراوە و وەك کەسێکی پیرۆزی نەتەوەییش لەقەڵەمدەدرێت . شێخ مەحموود لە کاتی کوشتنی باوکیدا مێرمنداڵێکی بچووك بوو ، ئەو هەڵات و لەژێر عەبای ئافرەتێکی موسڵاویدا خۆی حەشاردا [٣٧]، بەڵام لەو ساتەوە ئاگری گڕوتۆڵەی داگیرسا و رقی لە کاربەدەستە بەڕێوەبەرەکانی تورك دەبۆوە .

شێخ مەحموود لە رووی جەستەییەوە زۆر بەهێز بوو ، بەڵام لەو خەسڵەتە مەزنایەتییە بێبەش بوو کە فەیسەڵی پێدەناسرا ، ساکار و بێ پێچوپەنا دەدوا ، سێبەری کەسایەتیی فالیستافی شکسپیری لەسەر بوو ، خۆم چەندین جارم گوێ لێبووە بە گاڵتەوە باسی بەزمی بەکارهێنانی ئاودەستی سەرپێی دەکرد کە وەختێك بۆ هیند دوورخراوەتەوە فێری بەکارهێنانی ببوو . بەڵام وێڕای هەموو

[37] لەراستییدا لاین لەم رووەوە بەهەڵەدا چووە و بەهۆی ئەوەی کە خۆی لەو دەمەدا لە ناوچەکە نەبووە و رووداوەکەی پیلانی کوشتنی شێخ سەعید و خزمەکانی لە شاری موسڵ پاش چەندین ساڵ لەملاولا بیستۆتەوە هەر بۆیە پێوستە ئەوە بگوترێت کە شێخ مەحموود لە کاتی کارەساتەکەی موسڵ کە لە ١٩٠٩/١/٦دا روویدا مێرمنداڵ نەبووە و تەمەنی ٢٤ ساڵێك دەبوو ، هەروەها وەك دەگوترێت کێشە و پیلانەکەش لە بنەڕەتدا بەهۆی هاتوهاواری ژنێکی موسڵاوییەوە دەستی پێکردوە گوایە لە لایەن خزمانی شێخەوە سوکایەتیی پێکراوە ، هەریۆیە ئەوەی لاین دەیڵێت زۆر لە راستییەوە دوورە . بە پێی سەرچاوە و گێڕانەوە مێژوویەکان شێخ مەحموود لە رووداوەکەدا بریندارکراوە و بەهاوکاری هێندێك لە دۆستانی توانیویەتی خۆی رزگاربکات و خۆی بگەیەنێتە ماڵی (مەحموود خدر هەمەوەندی ) و لەوێشەوە بۆ ماڵی (حاجی محەمەدی چەلەبی جادر) .بۆ زیاتر:عبدالمنعم الغلامي ،الضحايا الثلاث ، الموصل ، ١٩٥٢ .هەروەها:رفیق حلمی ،یادداشت.کوردستانی عێراق و شۆڕشەکانی شێخ مەحمود ، بەشی یەکەم ،بەغدا ، ١٩٥٦ .

کەموکورتییەکی وەك فەرمانڕەوا ، مرۆڤێکی بوێر و جەنگاوەرێکی جوامێر و بێغەل‌وغەش بوو ، هەر بۆیە مایەی ڕێزی تێکڕای ئەو ئەفسەرە بەریتانییانە بوو کە لە دژیان جەنگا بوو [٣٨]. یەکێك لە فێڵەکانی ئەوە بوو چەند فیشەکێکی دەخستە گیرفانی و لەکاتی جەنگ و ئاگربارانیدا فیشەکەکانی دەردەهێنا و نیشانی پیاوەکانی دەدان گوایە گوللەکان لە خواوەندەوە جەستەی پارێزراوییان نەبڕیوە . ئەوەی جێگای سەرساماییە ئەوەیە زۆربەی پیاوەکانی باوەڕیان پێدەکرد و ئەو ڕاستییەیان لەبیرچووبۆوە کە پێشتر گوللە جەرگی بڕیبوو کە ئەگەر نەشتەرگەریی سەربازیی بەریتانیی نەبووایە بێگومان گیانی لەدەستدەدا .

[38] شایەنی باسە کاپتان (ڤیڤیان هۆڵت) یش لە ڕاپۆرتێکی نهێنییدا بە ویژدانەوە باس جوامێری شێخ مەحموود دەکات و دەنووسێت:" شێخ مەحمود ئازایانە ، خاوێن و مەردانە دەجەنگی ...دۆڕاندنی لە شەڕدا ناوی لەناو کوردی باشووردا نەزڕاند . دوای ئەوەی لە پێنجوێن خۆی دا بەدەستەوە بە دەسبەسەریگواستمانەوە ، کوردی گوندەکانی دامێنی چیاکان بە لێشاو بەسەریا دەڕژان ، بە پەرۆشەوە دەستیان ماچ دەکرد ، گەلێکیان بەچاوی پڕ فرمێسك و هەنسکەوە ماڵ ئاواییان لێ ئەکرد...باسی دڵ ڕەقی ئەکەن ، بەلاّم کێ شایەتە؟ ، لە ناو لادێیەکاندا شایەتێکی وا نیە ، ئەوان لە کاتی بەزینیدا پاڵەپەستۆ بۆیان بوو تا فریاکەون دەستی ماچ کەن . شایەتێکی وا لە ناو فڕۆکەوانەکانی هێزی ئاسمانی مەلەکیشدا ، کە دژی جەنگین ، چنگ ناکەوێ ، دوانیان لای شێخ دیل بوون ، ئەوانیش هەموویان بەدڵ دەیانویست لەکاتی شکستییەیدا دڵ نەوایی بکەن .کەس لاری لەوە نییە شێخ طموح خاوەن کیبریا بوو ، بەلاّم هەردووکیان بۆ نەتەوەکەی بوون نەك تەنها بۆ خۆی ، زۆر کەسی تریش وەك ئەو طە موح خاوەن کیبریا بوون و ئەوەیان پێ شەرم نەبوو .با نازناوی چەتە و یاخیگەری لە ئاستی یاسادا پێ ببەخشین ،ئەی غاریباڵدی و مستەفا کەمالیش وەك ئەو نەبوون. خۆ ئەگەر بێتوو هەر دووك لایەنی مەسەلەکە لەبەرچاو بگرین ئەوساکە دروستترین حوکم بەسەریا ئەوەیە کە گەورەترین هەڵەی شێخ بریتی بوو لەوەی سەدەیەك درەنگتر لەوەی دەبوو لە دایك بووە ". وەرگیراوە لە :د.کمال مەزهەر ، سەرچاوەی ناوبراو ، ل٦٣-٦٤ .



یەکەمجار بوو لە تێکڕای ئەو دیدەنیانە کە پاش ئەوەی گەیشتە سلێمانی [٣٩] بۆ چاخواردنەوە هاتە لامان و ژنەکەم زۆر شادمان بوو کە میوانداریی بکات . کوڕەگەورەکەی کەسایەتییەکی ئەوتۆی نەبوو پاشتر بووە نوێنەر لە پەرلەمانی بەغدا ، کوڕەناوەنجییەکەی بابەعەلی کەسایەتییەکی سەرنجڕاکێشی گەورەبوو ، ئەو چووە کۆلێجی فیکتۆریا کە بۆ کوڕە خانەدانەکانی ڕۆژهەلاّتی ناوەڕاست تەرخانکرابوو ، کە دواتر چووە ئەسکەندەریە ، پاشتریش چووە زانکۆ لە ولاّتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا . سێهەمین کوڕی کە شێخ لەتیف بوو ، ئەو دەمە بەژنی لە تفەنگەکەی شانی تێپەڕی نەدەکرد ، حەسرەتێکی لەدڵ بوو ، هەربۆیە تا دوا ژیانی دڕکێك بوو لە پێی حکومەتی عێراق چەقیبوو .

سروشتییە خۆشحاڵبم بە سەردانەواندنی شێخ مەحموود چونکە من لەو ڕۆژەی گەیشتبوومە سلێمانی بایەخی یەکەمم مەسەلەی نەزم و ئاسایش بوو . بەلاّم زۆری پێنەچوو کە هەستم بە جۆرە سۆزێك کرد . هەروەها لە شێوێکی گشتییدا کە تەواوی ئەفسەرانی بالاّی حامیەی تێدا ئامادەبوون ، هەروەها ئەفسەرانی هێزی ئاسمانیی ، لیڤی ، سوپای عێراقی ، پۆلیس و شەفسەرانی مەدەنیی لێبوون ، داوای ئەوەمکرد کە بە هیوای تەندروستیی شێخ مەحموود پێکەکانمان هەڵدەین . لەسەرەتادا ئەفسەرە عارەبەکان سڵەمینەوە و چاوەڕێی شتێکی وایان نەدەکرد . دەمتوانی بە ئاسانی ترس و تۆقین لە زۆربەی ڕووەکاندا ببینم ، هەتا پەندە کۆنەکەم بۆ هێنانەوە کە دەڵێت" ڕێوی کە گیرا ڕاو کۆتایی دێت " ، ئەوە کە بۆ هەمووومان جێگای بایەخ

[39] ڕۆژنامەی (ژیان) لە ژێر سەردێڕی " هاتنەوەی جناب شیخ محمود افندی بو سلیمانی و بو بغدا رویشتنی " نووسیویەتی :" لە پاش مقاومت و ثباتیکی سە سالی ، جناب شیخ محمود افندی تی گەیشت و لیی معلوم بو کە بر امبر بە قوت و عزمی لا یتزلزل حکومتی لەسر او نوعە احوالە لە دوام و اصرارکردن نە بو خوی و نە بو ملتەکەی خیریك نابەخشی و فائدەیکی تیا نیە ...بو تأیید ام خصوصە روژی شمە کە مصادفی دوی مانگ بو تشریفیان هاتەوە ایرە .ماجد افندی و گلی لە پیاوەکانی خۆی لە خذمتا بوو .یك دو روژ لیرە مانەوە و لە پاشدا بە اوتومبیل بو بغدا تشریفیان رویشت ". بڕوانە ژمارە ٧٢، ٥تموز ١٩٢٧.

بوو ، ئایا ئەو بەرپرسیارنیە لە چاکبوون و چالاکبوونی توانای سەربازیمان بەو ململانێ وپێکدادانانەی جاروبار روویدەدا ؟ لەبەر ئەوە لەسەری رۆیشتم " چەند کەس لە ئێمە بە نەمانی شێخ بێکار دەبێت ؟" ئەفسەران بە زوویی گاڵتەکەیان هەستپێکرد و ئەوانیش پێکەکانیان هەڵدا .

بەڵام هێشتا زۆری مابوو بکرێت لە پێناوی ئەوەی پێیدەگوترا (سیاسەتی پێشکەوتن) کە پێشتر لە کۆنفرانسێکدا لە ئۆفیسی کۆمیسێری باڵا لە بەغدا بڕیاری لەسەر درابوو و بەرنامەی کاری بۆ دانرابوو .هەروەها دوا ناوچە کە لە ژێر دەسەڵاتی خێڵکیدا بێت مەڵبەندی پشدەر بوو . ئەم عەشیرەتە بە هەر دوو لای سنوری ئێراندا بڵاوببوونەوە و سەرۆکەکانیان بە تەواویی گوێیان بە هیچ نەدەدا و دژی هەر هەوڵێك بوون چ لە لایەن ئێرانەوە یان حکومەتی عێراقەوە بۆ چەسپاندنی دەسەڵاتی خۆیان بە سەریاندا بدرێت . تەنیا ساڵێك پێشتر ، ئەوان نزیکەی شەست سەربازی ئێرانیان دیل کردبوو ، ناردیانن بۆ سلێمانی و لەوێشەوە وەك پێویست لە رێگای خانەقینەوە بۆ کرماشان نێردرانەوە .

هەروەك زۆربەی خێڵە سنورییەکان ، سیاسەتییان چەشنێك بوو دەستەیەکیان لەگەڵ حکەمەتدا مامەڵە دەکەن و دەستەکەی دیکەشیان دژی دەوەستنەوە . هەر دەستە و سەرۆکێکی لاوی وەك بەڕێوەبەر هەبوو ، پارە و سەرمووچەیان لە حکومەت وەردەگرت و هیچیشیان بە حکومەت نەدەدا ، چاپۆلسیی نەبێت . من گومانم نیە ئەوانە چەندیان توانیبێت لە کشتیارە رەش ورووتەکانیان کۆکردۆتەوە و هیچ شتێکیشیان رەوانەی گەنجینە نەکردووە ، بەڵام ئەمێستا ئیدی کە شێخ مەحموود لە سەر رێگاکە نەما ، لەو بڕوایەدا بووم کە گونجاوترین دەرفەتە هەنگاوێك بنرێت کە نیشانەی دانپیانانی پشدەرییەکان بێت بە دەسەڵاتی حکومەتدا . ئاسانترین رێگاش داواکردنی مەڕانە بوو . لەو بارەیەشەوە ئاگاداری دەسەڵاتدارانی بەغدام کردەوە و بە پێی پلانێك دەستم پێکرد . نزیکەی دوای مانگێك کاتێك کۆپی راپۆرتی سیاسییم دەخوێندەوە کە لە ئۆفیسی کۆمیسێری باڵاوە بۆ ئۆفیسی



کۆلۆنیالی ، حکومەت و فەرماندەی گشتیی سەربازیی لە هیند ، هەروەها ئاژانسە جۆربەجۆرەکانی کەنداوی فارس ، نێردرابوو ، چاوم بە چەند دێڕێك کەوت تێیدا رەخنە لە ئەفسەری سیاسیی سلێمانی گیرابوو بەوەی سەرە رۆیانە پێشنیازی باج کۆکردنەوەی لە عەشیرەتی پشدەر کردووە ، بێ لە بەرچاوگرتنی ئەو مەترسییانەی تووشی سوپای تازەدامەزرا و بێ ئەزموونی عێراق دەبن گەر لەگەڵ عەشیرەتێکی بەهێز و بەخۆنازی وەك پشدەر تێوە گلێن . ئەوە تورەی کردم و دەستبەجێ داوای مۆڵەتم خواست تا بەمەبەستی چاوپێکەوتن بچمە بەغدا . لەوێ لە لایەن (مێجۆر بی.ئێچ.بۆردیلۆن) ی راوێژکارەوە پێشوازیی کرام و گوێی لە گازندە و بێزارییەکانم گرت . روونمکردەوە کە من دەسەڵاتدارانم لەو مەسەلەیە ئاگادارکردۆتەوە ، چ کۆمیسێری باڵا و چ حکومەتی عێراقیش ، ئەوانە هیچیان نەیانگوتووە کە بووەستم و چاوەڕێکەم ، پێشنیازەکەی منیش لەسەر بنەمای (سیاسەتی پێشکەوتن) بووە ، ئەو رەخنەیەی لێمگیراوە هیچ پاساوێکی نیە و وەك ئەفسەرێکی سوپای هیند ناو و شۆرەتم دەزڕێنێت . وێڕای ئەوانەش باجەکە تەواو کۆکراوەتەوە و لە خەزێنەی سلێمانیە بێ ئەوەی لەشکر لەو مەسەلەیەدا بەشدارییەکی بووبێت ، لەبەرئەوە من داوای پۆزشهێنانەوە دەکەم . ئەو گوتی کە هاوسۆزە لەگەڵمدا ، بەڵام ئەستەمە چاوەڕێی ئەوە بکرێت کۆمیسێری باڵا پۆزش بهێنێتەوە و داوای لێبووردن بکات ، چونکە نوێنەری پاشاکەمانە . ئەو گوتی کە بۆخۆی مەسەلەکە بۆ کۆمیسێری باڵا رووندەکاتەوە من بڕۆم بە پەی کاری خۆمەوە ، گوتیشی دڵ لە دڵ نەدەم هەوڵدەدات کە لە راپۆرتی داهاتوودا بەشێکی وای تێدابێت باس لەوە بکات وەك پێویست باج کۆکراوەتەوە بێ ئەوەی هیچ گرفتێك رووبدات .

سێر هێنری ، وێڕای ئەوەی لە دڵەوە بەسۆز بوو ، بەڵام تا رادەیەك زووجۆش بوو . بەگشتیی دەیانگوت کە بەیانیانی رۆژانی یەکشەممە داخی دڵی خۆی بە باخەوانەکەیان دەڕشت . لە یەکێك لەو جارانەدا ژنەکەی خۆی تێکەڵ بە کێشەکە کرد و گوتبووی :" هێنری گەر پێویست دەکات لە باخەوانەکە هەڵدە ، بەڵام گوڵدانەکان

بۆ فڕێ دەدەیتە ئاوی دیجلەوە " . پاش ئەوەی ئاگادار کرابۆوە ، چوومە نێو ئامادەبووان و ئەویش بە روویەکی خۆشەوە هات ، پیرۆزبایی کارەکەی لێکردم ، بەوەش شتێکم لە دڵدا نەما . ئەو هەمیشە لەگەڵ من رووخۆش و بەسۆز بوو ، هەر جارێك بانگیکردبێتم بۆ بەغدا ئۆتۆمبێلەکەی خۆی دەنارده فڕۆکەخانە تا چاوەڕێم بکات . هەر زوو دوای ئەوەی دەگەیشتم خۆی بەخێرهاتنی دەکردم و ئەگەر ژنەکەی لەوێ نەبووایە خۆی خۆی رێنوێنی جێگەکەی دەکردم و گەر گەرم بووایە لەسەریان دەیخەواندم ، ئەو کتێبانەی نیشاندەدام کە حەزم لێدەکردن، بەستەرەکەی نیشاندام تا بێئەوەی زەنگ بۆ خزمەتکارەکە لێبدەم بتوانم بیرەی تەزیوی لێدەربێنم .

لێرە بەدواوە ئاگادارکردنەوە و کورتەسەردانەکانم کەمبۆوە و توانیم خۆم بۆ کاری رۆتینیی ئاسایی بەرێوەبەرایەتیی تەرخانکەم ...ئەو کاتە کە لە بەهاری ١٩٢٩دا بووین ، هەشت مانگ مافی ئەوەم هەبوو پشوو وەرگرم ،ژنەکەشم سکپڕبوو ، هەربۆیە نەدەکرا پەلە لە رۆشتنەکەمان بکەین ، توانیمان دوو جێگای پلەیەك بەکرێبگرین و لە هەر رێگایەکەوە دڵمان گرتی بۆ وڵات بگەڕێینەوە [40].

[40] شایەنی باسە تەواوی ژمارە ١٧١ی رۆژنامەی (ژیان) تایبەتە بە رۆیشتن و گەڕانەوەی کاپتن لاین ەوە کە لە بەر گرنگیی مێژوویی لێرەدا رایدەگوێزین . ژیان لە ژێر سەردێڕی " بە مناسبت رویشتن سعادت مفتش اداری کاپتان لاین ەوە " نووسیویەتی :" خوشەویستی همو قومی کورد مفتش اداری غیورمان کاپیتان لاین کە لە سال ٩٢٥ وە تشریفی هیناوەتە ام لیوایە و کە لەم مدەیەدا بە هەمو هیز و تەواوی توانیایەوە بو بەرزی و بلندی ولاتەکەمان تی کوشاوە بە نەوعیك کە ولاتەکەمانی بەم حالە گەیاندوە هەمو عیلەکە دل خوش و پی خوش حال کردووە ، ئەم جارە بە مناسبتی رویشتنەوە کە بە مأذونیت بە جی مان ئەهیلی و عراق ترك ئەکات و تشریف ئەباتەوە بریطانیا ، بو ئەوەی بەرام بەر او خدمەتە چاکە کە بوی کردوین اهالی و مأمورانیش مقابلتا بیانی ممنونیت ، عرض تشکر و خواخافظی لی بە کەن روژی لە پیس تشریف بردنیا کە تصادف روژی شەموی ٢٧-٤-٢٩ ی ئەکرد بە شرف مشار الیە وە سعادت متصرف اکرمی و خوشە . ویستمان بو قاوەلتی و بو ئەوەی پیکەوە نان بخون دعوتی هەمو امرای حکومت فخیمەی بریطانیا و جیش و رؤسای دوائر ، اشراف و تجاری فەرمو، جگە لەمەیش هەر بەو شرفەوە بەجیا دعوت قسمیك مأمورین داخلیە سائیرەیشی فەرمو بو ، لە عنی خویا بانك کراوەکان لەسەر خوانی –سفرەی



سعادت متصرف اکرمی کە عبارەت بو لە سفرەیەکی چل کسی کوبونەوە و بە انواع گفتوگوی خوش ، نان خواردن وقتیان رابوارد .

لە عین روژدا هەر بە شرف مشار الیە بو حفلە یکی وداعیە کە لە باغ شاردا لە لایەنی دائرەی بلدیەوە ترتیب کرابو هەمو صاحب منصبان حکومت فخیمە ، امرای جیش ، رؤسای دوائر ، هەمو مأموران ، علما اشراف و تجار دعوت کران . مدعوین لە میعادی خوی دا کە ساعت چوار و نیوی انگلیزی –١٠ی عربی لەو جیگایەدا کوبونەوە ، لە دوای چا،قاوە،دوندرمە و شربت خواردنەوە گفتگوی خوش دائر بە خدمات برگزیدەی مشار الیە کاپیتان لاین لە وکالتی سعادت متصرف اکرمی یەوە لە طرف احمد افندی مأمور اوراق داخلیەوە نطقیك خویندرایەوە ...

ای حضار کرام : بە مناسبت ام حفلەیەوە کە بە شرف جیابونەوەی مفتش اداری خوشەویست سعادت کاپتان لاینەوە دراوە امەوی چند کلمیك بیان بکەم .لەم کوبونەوەیەدا لە ژیر دو تأثیری مثبت منفی دا خوم ابینم . اولا لەبەر لە شخصیکی شریف رفیقیکی جدی ، ذاتیکی مقتدر و اداری جیا ابمەوە زور متأثرم فقط لە عین زمان دا لەبەر اوەی ام اجتماعە فرصتیکی پی بخشیم کە تحسسات خوم برامبر بەم ذاتە محترمە اظهار بکەم محظوظیتیکی وجدانی حس اکەم .لە پیش همو شتیکدا تمنام امەیە کە بە کمال فرح و سرورەوە بە ولاتی خوی بە خزم و کس و کاری شاد بیت لە محلی وظیفە تازەیدا هر وەك مواقعی سائرە مشاهدە کراوە .موفقیتی کاملە نصیبی بیت .خوم زور بە مسعود و دل خوش ازانم کە لە سال ١٩٢١ ەوە هتا ١٩٢٩ بە فاصلە مدەتیکی یك سال دە مانگی لە گل ام ذاتە محترمە بە یکەوە رامان بوارد و وە لە ظرف ام مدتە مدیدەدا لەهمو کاروباریکی رسمی و خصوخصی ، یك دل ، یك زبان، و یك روح بوین . اگر فرضا بعضا اختلافیکی جزئیکی لە مسائلی ادارەدا لە بین واقع بوبیت هر لە بینی خومان دا ماوەتەوە و قطعیا تأثیریکی نەبووە بە سر رابطەی جدیەی هردوکمانەوە . وکذا موجب ممنونیت عظیمەیە کە لە حین مفارقتیش دا هەر وەك برا جیا ابینەوە .ای حضار کرام : بە فکری من چە لە انگلیز و چە لە وطنی کەم کس هەیە کە بە قدر ام ذاتە مبارکە خذمتی بو کوردستان بوبیت و منافعی پی گەیاندبی .لە سال ١٩٢١ دا لە بدایت تعین مشار الیە بو هولیر ، قووتیکی جزئی تورك هاتبوە رواندز لە مبدئەوە هر چندە ام قوتە شایانی اهمیت نبو فقط لە سال ١٩٢٢ دا لە ژیر قوماندەی "اوزدمیر" ناویکدا قوتیکی مناسبی ترش هاتە رواندز . قضای رواندز کاملا استیلا کرا و بالنتیجە سببیت دا بە تخلیە سلیمانی . حتی لەو اثنایەدا بعضی لە اقضیە موصلیش لە حالیکی پاشا گردانی دا مابووە .ام شخصە محترمە بە جسارتیکی مردانە و سیاستیکی عاقلانەوە بە قوتیکی جزئی پولیس مرکزی لیوای هولیر قضای کویە و رانیەی محافظە و ادارە کرد و لەم ریگەیەدا متعدد جار حیات خوی خستە تهلکە ، من جملە لە دربندی باباجی جك دفعە یك لە طرف ٣٠٠ تا ٤٠٠ نفر اشقیاوە ریکایان پی اگیریت ، قوات مشار الیە تنها ١٥٠ کسیك سواری غیری منتظم بو . مع هذا بە شجاعتیکی قهرمانانەوە مقابل بم دشمنە وەستا و خوی و قوتەکەی لە تهلکەیەکی محقق نجات دا.

لەپاش مدتیك قوت تورك لە رواندز دركراو بە سایەی سیاستیكی عاقلانەوە و ادارەیكی رشیدانەوە كە مشار الیە نواندی اداریكی قانونی منظم لەویدا تأسیس كرا اعتماد بە حسن ادارە و كیاستی حكومت لە لیوای هولیر مشار الیهی هلگرت و هینایە سلیمانی .

لە بر اوەی هموتان وضعیت اوسای سلیمانی ازانن ایجاب ناكات تفصیلات بدەم فقط اوەندە الیم لەو اثنایەدا حتی محلەی چوارباغ وە در گزینیش لە تحت تأمیندا نەبو و بو تنزە كس نەی ئەتوانی بچیتە قراغ شار خدمات و فعالیت مشار الیهی او زمان هموی معلوم حضار محترمەیە ...لە سایەی همت و شجاعت فوق العادە مشار الیە وە امرو لیوای سلیمانی هاتوتە درجیكی وا كە لە همو نقطە نظریكە وە لە امنیت ، اسایش ، توزیع عدالت و تطبق قوانیندا لە الویە سائرە عراق لەالحمد لە پیشترە .

آرزو اكەم نبذەیەك لە خصائل و اخلاق حمیدە مشار الیە بیان بكەم . علاوەی اوەی كە مشارالیە بو تطبیق عدالت و قوانین بە همو موجودیتیەوە تی اكوشیت برامبر بە رعیت ، مسكینومظلوم حسیكی شفقت و عنایتیشی هیە كە زور جار واقع بوە كە بالذات تعقیب ایشی مسكینی لە دوائردا كردوە و لە داخل امكاندا مانع تأخیر بونب معاملاتی فقیر و هژار بوە .

لە حین دور و تفتیشدا كە لە لوادا اجرای اكرد همو غایە و هدفی تدقیق و تحقیق احوال و اوضاعی مسكین و ترفیهی معیشتی اوان بو قطیا اهمیتی بە ارباب نفوز نە ادا .

ای حضار كرام : مقابل بم خدمت و همتەی كە بو كورد كردویەتی و لە كوردستان دا نیشانی داوە و مقابل بە همو فضائل خصائیلیكی حمیدە كە مشارالیە هیەتی ابی كوردەواری ابدیا مدیونی شكر او بن و لە صمیمی قلبماندا خاطرەی قیمتداری بە حرمت و محبتەوە حفظ بكەن .ایتر بە كومل و بە خلوصەوە تمنای موفقیت جناب كاپتن لاین اكەین .هر بژی جلالتماب ملك خوشەویستمان .هر بژی حكومت فخیمە ء بریطانیا .

كە دوایی هات همو حاظرون بە چەپلە لی دان و هەربژی كاپیتان لاین مقابلەیان كرد .

لە دوایی دا نطقیك كە سعادت مفتش اداری لە جوابا حاضری كردبو ، بۆ ئەوەی حاضرون چاك تی بگەن لە وكالت مشار الیهە وە لە طرف مدیر تحریرات جلال صائب افندی وە خویندرایەوە كە بە تەواوی لە خوارەوە درج كرا:

حضرات كرام: لە پاش گوی لی گرتنی ئەم نطقە جوانانە خوم بە غیری مقتدر ئەزانم كە جوابیكی لایق بدەمەوە ، لەبەر ئەوەی بە شدت سەرمام بوە و دەنگم نوساوە تكلیفم كرد لە جلال افندی خطابكەی منتان عرض بكات .

ارزو ئەكەم قصە لەوە بكەم چەند بە سرور و خوشی یەوە ئەم مودەتە لیرە رام بواردووە كە تقریبا چوار ساڵی گرتوتەوە .در خاطر ئەكەم ، لام وایە لە ضابطانی بریطانیایی هەر من بوم كە نائلی ئەو شرفە بوبیت كە مدتیكی وا لیرە مابیتەوە و وەها بە چاكی شارەزای هموتان بوبی .



تشكری هموتان ئەكەم ، بو سعادت متصرف ، مأموران حكومت ، ظابطان جیش و لیڤی ، اشراف و اهالی ، مقابل بەم شفقەتە گەورەیە و ئەو معاونەتەی كە دائما حسم كردووە و پیم گەیشتووە .

من امینم كە سلیمانی استقبالیكی روناكی هەیە بە وداعەوە تمنای سعادت و رفاهیتتان ئەكەم.

ئەمەیش بە چەپلەریزان بەرام بەریان كرد.

*****    *****  *****    ********    *******

دیسانەوە بە ناوی مأمورینەوە و لە وكالتی اوانەوە لە طرف احمد افندی مأمور اوراق داخلیەوە لەبەر نطقیك خوینرایەوە كە سراپا مآلەكەی عبارت بو لە ممنونیتی همو مأموران برامبر بە مشارالیە كاپیتان لاین كە لەو دیوەوە مندرج كراوە:

ای حضار كرام : لە فرمووەی سعادت متصرف دا درحق بە فضائل و علویت و مكارم اخلاقی سعادت كاپیتان لاین اوی پی ویست بی بیان فرموراوە .هیچ شتیك بو ایمە نەماوە ئەوە كە عرض و بیانی بكەین بندەش بە ناوی مأموران لواوە بە عدالت و حقیقت پرستی مشار الیە تشكریكی ابدی عرض اكەم .

اگر بە سائقەی وظیفە وە ظبط ر ربطی ادارە بعضا شدتیكی جزوئیش نیشان دابی ،بلام دیسان ئەوە لە همو معاملەیەك دا لەگل مأموران بە رفق شفقت معاملەی فرمووە و بە چاویكی خۆشەویستی و حرمت تماشای مأمورانی لیوای كردووە و اكثریا بە انواع قصە خوش مأمورانی لاواندوتەوە . بناء علیە بە ناو همو مأمور لواوە تمنای سعادت و خواحافظی لی اكەین لە هر جیگایك بی ، لە هر ایشیكدا بی خوا صحت و موفقیتی بداتی هر بژی سعادت كاپیتان لاین.

*****    *** *****    ********    *******

لە دوای ئەمەیش بە ناوب اهالی یەوە لە وكالتی رئیس بلدیەوە لە طرف شیخ مجید افندی باشكاتب بلدیەوە در حق بە خدمات برگزیدە مشارالیە كە لەم ولاتەدا ابرازی فرمووە نطقیك خوینرایەوە كە لە خوارەوە درج كرا:

بە مناسبتی مفارقتی مفتش اداری خوشەویستمان جناب كاپیتان لاینی محترمەوە لەم حفلەیەء وداعیەدا كە بە شرف مشار الیهەوە ترتیب كراوە ئەمەوی بە ناوی خوم و هاوولاتییەكانمەوە چەند كلمەیك عرض و بیان بكەم لەو خدمتانەی كە مشارالیە بو ولاتەكەمانی كردوە هموان زور چاك لە خاطرمانایە و ئەیزانین وەقتی كە ئەم ذاتە محترمە لە سال (٩٢٥) دا تشریفی هینایە سلیمانی و مباشرتی كرد بە ایش محیط لواكەمان سراپا لەناو اگریكی اغتشاشدا هرج و مرج بو ، امنیت و اسایش لە هیچ گوشەیەكی ولاتەكەماندا موجود نەبو طرق مواصلات و نجات كاملا مسدود بو لە روی ام حالەوە فلاكتیكی عمومی هاتبوە وجود ، هیچ كس دستی نەداچوە كار وصنعت و تجارتی ،وقتی كە ئەم ذاتە تشریف هینایە ایرە بە همو هنر ،قوتیەوە سعی و اقدامی كرد بو رفعی ئەم حالە،لە نتیجەی ئەم سعیەدا لە ظرف مدتیكی كەمدا موفق بو بە اعادە كردنەوەی امن و اسایش لە

داخل عموم لواکەدا بە درجەیك کە ئەمرو ئەو امنیتەی لە داخلی لیوای ایمەدا هەیە لە هیچ لواکانی عراقدا بەم درجەیە امنیت تصور ناکری کە لەم روەوە رفاهیتیك بو عموم هاتە پیشەوە ، دیسان لە خاطرمانایە وقتی کە ام ذاتە تشریفی هینایە سلیمانی غیر از مکتبیکی ابتدائی نەبی کە ئەویش لە هەمو وسائط تدریسیە معلمین محروم بوە لە مرکز و خارجی لوادا مکتبیك نەبو بە واسطەی سعی تشبثات ئەم ذاتەوە لە ظرفی ئەم مدەتەدا لە مرکز و ملحقات لوادا متعدد مکاتب تأسیس و گشادکرا و لە مرکز دا دو صنف ثانویش هینرایە وجود سرای سلیمانی ، قرەداغ ، چوارتا، پنجوین ، سورداش ، متعدد مراکز و نقاط پولیس کە لە ملحقات لوادا درست کراون و هر یك عاملیکی زور مؤثرن بو تأمینی امن و اسایش لواکە کە همویان اثری سعی تشبثاتی ئەم ذاتە محترمەیە .

بە لسانیکی شکر و ممنونیتەوە یاد و تذکاری اکەم ام باغچە لطیفە کە ایستا ام هیئتە محترمە اجتماعی تیا کردوە و جادەء صابونکران کە رونقیکی داوە بە مملکت ، داپوشینی شیوەکان کە خذمتیکی زور گورەء کردوە بو صحت اهالی و تحسین منظرەء شارەکە، کشروعی الکتریك کە هنگاویکی زور گەورەیە هاویژراوە بو اعمار و تزینی بلدە همویان لە اثر ارشاد و معاونتی ام ذاتە محترمە پیك هاتووە . حاصلی بە چاوی تقدیر و ممنونیتەوە هومومان ایبینین و تقدیری اکەین کە احوال و وضعیت اهالی و ولاتەکەمان لە ظرفی ام مدتەدا کە ام ذاتە مهام اموری ادارەء گرتوتە دست لە همو خصوصیکەوە زور ترقی و کسب صلاحی کردوە غیر از ام خذمتانە کە تعدادم کرد زور خذمت تریشی بو ولات و ملتەکەمان سبقتی کردوە کە احتیاج بە ذکر و بیان ناکا لە بر امە تأثراتی کە لە مفارقتی مشار الیە بو عموم حاصل بووە علنا اظهارکردنی بە لازمەیەکی قدرشناسی ازانم مقابل بم مساعی و خذمەتەیان کە بو ولاتەکەمانی کردوە همو فردی لە افراد ام ملتە دائما خوی بە مدیون شکران ازانی و برامبر بە مشارالیە حسیکی احترام و تقدیر لە خاطریانا پروەردە اکەن . لە پیش اوەدا کە خاتمە بدەم بە قصەکەم بە حسیکی عمیق و منت داریەوە بەناوی خوم و هاوولاتیەکانمەوە بو ام ذاتە محترمە عرض تشکر و لم سفرەیان دا تمنای صحت و سعادتیان اکەم.هر بژی محترم کاپتان لاین ".

هەروەها لە هەمان ژمارەدا لە ژێر سەردێڕی " ضیافتیك کە بە شرفی کاپیتان لاین ەوە لە لاینی جیش عراقەوە کرا " هاتووە:" وابواری عین روژ هر بەو مناسبتەوە بە شرفی خوشەویستی همو لایك سعادت (کاپیتان لاین) وە بو نان خواردن لە طرف امر منطقە شرقیەوە لە نادی عسکری ضیافتیك درا کە سعادت متصرف اکرمی و امرای حکومت فخیمەء انگلیز و جیش مدعو بون .دیسان او روژە کە یك شمەی ٢٨ی نیسان بو مشار الیە کاپیتان لاین بە ری کرکوك دا بە اتوموبیل عودت و مفارقتی فرمو ە دیسانەوە لە طرف سعادت متصرف اکرمی و قایمقام هلبجە محترم حمید بك وە هتا کرکوك و لە طرف رأوسای دوائر و رئیس بلدیە و اشراف شارەوە هتا مرکز ناحیە بازیان روانە فرمورا.